وێنەیەکی پیتەر بروک

# پیتەر بروک
# لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

# پیتەر بروک

# لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

**«لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنیە سەبارەت بە ڕەوتی شانۆی پیتەر بروک لە قۆناغەکانی شانۆی جیهانیدا»**

**نووسینی: دانا ڕەئوف**

**ستۆکهۆلم** 2004

ژمارەی کتێب: ISBN 91-631-3109-9
ناوی کتێب: پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا
نووسینی: دانا ڕەئوف
وێنەی بەرگ: دیمەنێک لە شانۆنامەی «کۆستیم»، وێنەگری: Mario Del Curto
تایپ و مۆنتاژ: عەبدوڵا قادردانساز
چاپ: لە بڵاوکراوەکانی گرۆی شانۆی نێونەتەوەیی پڕیشک.
چاپی دووەم: سوید ـ ستۆکهۆڵم.

٢٠٠٢/٩/١٧

بەڕێز کاک دانا
من زۆر هەژام بۆ خەمخۆری ئێوە لە سەرقاڵبوونتان بە کارەکانی منەوە . هیوادارم ئەو کارە شتێکی بەسوود بووبێت بۆ ئێوە، هەروەها تەمەنادەکەم کتێبەکەش سەرکەوتن بەدەستبهێنێ لە کاتی بڵاوبوونەوەی دا .

لەگەڵ سڵاوێکی دۆستانەدا
پیتەر بروک

دەقی نامەکەی پیتەر بروک بە ئینگلیزی

**پێشکەشە**

**بە هونەرمەند «کەریم عثمان» کە یەکەم وشەکانی شانۆی فێرکردم. تۆ هەمیشە لە دڵی مندا زیندووی.**

بەپێی چیرۆکە مێژووییەکان...
لەکاتێکدا خواوەند لە ڕۆژی حەوتەمی خوڵقاندندا بینی هەموو وەرس و بێ هیوان، هۆشە خواوەندییەکەی بەجۆرێک خستەکار تا بەبێ سنوور هەر درێژ و درێژدەبێتەوە، بۆئەوەی شتێکی تر بدۆزێتەوە و بیخاتە سەر ئەو شتە تەواوەتیەی درکی پێکردبوو.
لەپڕ ئیلهامی تا کەوشەنە دیارینەکراوەکان بڵاوبووەوە، لێرەوە مەودایەکی تری بۆ واقیع دۆزییەوە؛ کە توانای گێڕانەوەی خودی خۆی بوو. بەم شێوەیەش شانۆی داهێنا .
هەموو فریشتەکانی کۆکردەوە و ئەم وشانەی پێ ووتن کە تائێستاش لە ڕاپۆرتێکی سانسکریتی کۆندا پارێزراوە: «شانۆ دەبێتە ئەو بوارەی کە خەڵکی دەتوانن فێری ئەوە بن چۆن لە نهێنیە پیرۆزەکانی گەردوون بگەن. هەروەها لەهەمانکاتدا دەبێتە جێیەک بۆ داڵدەدانی مەست و تەنهاکان.»

**پیتەر بروک**
**لە ((خاڵی گۆڕانکاریەکان)) ەوە**

**ناوەڕۆک:**


**پێشەکی** ............ ١٩
**پێشەکی چاپی دووەم** ............ ٢٣
**بەشی یەکەم** ............ ٢٥
دەروازەیەک بۆ جیهانی پیتەر بروک ............ ٢٧
پەراوێز و سەرچاوەکان ............ ٣٣
**بەشی دووەم** ............ ٣٥
چەردەیەکی کورت لە ژیانی پیتەر بروک، بیۆگرافیا ............ ٣٧
پەراوێز و سەرچاوەکان ............ ٤٣
**بەشی سێیەم** ............ ٤٧
پیتەر بروک و شەکسپیر ............ ٥١
خەونی نیوەشەوێکی هاوین ............ ٥٩
ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا ............ ٦٤
ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا لەنێوان مەشقی ڕاگوزاری و سەرچاوەکانی شانۆی توندوتیژدا. ............ ٦٩
پەراوێز و سەرچاوەکان ............ ٧٣
**بەشی چوارەم** ............ ٧٩
پیتەر بروک و ئەنتۆنین ئارتۆ ............ ٨٣
ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ............ ٨٤
ئەزموونێکی توندوتیژ ............ ٨٥
ئۆدیب ............ ٨٩

مارا ـ ساد، خاڵێکی گرنگی گۆڕانکاریەکان ........................................ ٩٢
ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی ................................................................ ٩٧
شۆڕشی فەرەنسی ............................................................................ ٩٨
بنەمای سێکوچکەیەکی مێژوویی ................................................... ١٠٣
مارا ـ ساد و پیتەر بروک ............................................ ........ ١٠٤
ئێستاتیکا و دیدی چارەسەرە هونەریەکان ... ................................ ١٠٧
بەفیلمکردنی مارا ـ ساد .............................................................. ١١٠
ئێمە و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا...! ........................................ ١١١
ئەنتۆنین ئارتۆ / پیتەر بروک
دوا ویستگە و بەرەنجام ................................................................ ١١٧
پەراوێز و سەرچاوەکان .................................................................. ١٢١
**بەشی پێنجەم** ................................................ ........................ ١٣٣
مەڵبەندێکی نێونەتەوەیی ................................ ........................ ١٣٧
بەرەو شانۆیەکی میتۆلۆژی ................. .................................... ١٤٣
ئۆرگاست ......................................................................................... ١٤٤
ئۆرگاست لە ئێران .......................................................................... ١٤٧
ئۆرگاست و ئاڤێستا ........................................................................ ١٤٩
گەشتێک بۆ کیشوەرە ڕەشەکان ............................ ....................... ١٥٢
کۆنفرانسی باڵندەکان ...................................................................... ١٥٧
کۆنفرانسی باڵندەکان باسی چی دەکات؟ ......................................... ١٦١
زەمەنی میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخ ..................................................... ١٦٢
ئامرازە خۆرهەڵاتیەکان ..................................................................... ١٦٤
مەهاباهاراتا ......................................... ....................................... ١٧٣
مەهاباهاراتا مانای چی دەگەیەنێت؟ ................................................. ١٧٥
ناوەڕۆکی مەهاباهاراتا ..................................................................... ١٧٨
لەسەرەتادا ........................................................................... ...... ١٧٨

سێ کوچکەی مەهاباهاراتا ........................................................... ١٨٠
پەراوێز و سەرچاوەکان ........................ ................................... ١٨٣
**بەشی شەشەم** ............................ ........................................... ١٩١
پیتەر بروک و هونەری ئۆپێرا .................................................... ١٩٥
گەڕانەوەیەکی مێژوویی ........................................................... ١٩٦
پێناسەیەکی تری ئۆپێرا .......................................................... ١٩٨
تراژیدیای کارمن ...................................................................... ٢٠١
چیرۆکی کارمن باسی چی دەکات؟ .............................................. ٢٠٢
کارمن و پیتەر بروک ................................................................ ٢٠٣
دۆن جیۆڤانی ........................................................................... ٢١٥
داستانی دۆن خوان .................................................................. ٢١٥
بەسەرهاتی دۆن جیۆڤانی ........................................................ ٢١٧
بەشی یەکەم ............................ .............................................. ٢١٧
بەشی دووەم ............................................................................ ٢١٨
پیتەر بروک و مۆزارت ....................... ....................................... ٢١٩
ئۆپیرای دۆن جیۆڤانی لە پانتاییەکی بۆشدا ........................ ......... ٢٢٢
مەرگ وەک هاوکێشەیەکی گرنگی ژیان ...................................... ٢٢٥
پەراوێز و سەرچاوەکان ........................................................... ٢٢٧
**بەشی حەوتەم** ...................................................................... ٢٣٣
فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی کارکردن ................................ ٢٣٩
کۆستیم ........................................ ........................................ ٢٤١
هەڵوێستەیەک لەتەک «کۆستیم»دا ............................................. ٢٤٩
کۆستیم باسی چی دەکات؟ ....................................................... ٢٥١
کۆستیم لەنێوان ڕیتواڵ و فۆرمێکی ساکاردا .............................. ٢٥٣
ڕیتواڵی نەمایشەکە ................................................................. ٢٥٥
تراژیدیای هاملێت ...................................... ........................... ٢٦٣

چارەنووس و تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەردەمە ................................ ٢٦٣
کێ لەوێیە؟ .................................. ............................................ ٢٦٤
دەسەڵاتی تارمایی ........ ................................................................. ٢٦٥
جەستەی هاملێت ............................ .................................................. ٢٧٠
هاملێت پاڵەوانێکی پۆست مۆدێرنیزمە ........................................... ٢٧٤
هاملێت و پرۆسەیەکی بەردەوام ...................................................... ٢٧٦
کێ لەوێیە؟ ............................................................................... ٢٨٠
هاملێت و چەمکی پانتایی بۆش ........................................................ ٢٨٤
پەراوێز و سەرچاوەکان ................................................................... ٢٩٣
**پاشکۆ**
کرۆنۆلۆگی بەرهەمەکانی پیتەر بروک ............................................. ٣٠٣

# پێشەکی

لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا، لە کوردستان زنجیرە ووتارێکم بەناوی «لە زنجیرەی دەرهێنەرە جیهانیەکانەوە» بڵاوکردەوە. ئەو زنجیرە ووتارەش تیشکێکی خێرا بوو بۆسەر ڕیژیسۆرە گەورەکانی هەزارەی ڕابردووی شانۆی جیهانی.

دواتر نووسینی ئەو زنجیرەیە هانی ئەوەی دام لە یەکێک لەو ڕیژیسۆرانە زیاتر بکۆڵمەوە، بەرەنجامیش ئەو لێکۆڵینەوەیە بووە کتێبی «شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا». کتێبەکە لە ساڵی «١٩٨٨»دا بڵاوبووەوە و کە تایبەت بوو بە «ئەنتۆنین ئارتۆ» و شانۆی توندوتیژ. هەر لەو قۆناغەدا «پیتەر بروک»یش ناوێکی گەورە و ڕیژیسۆرێکی ئامادە و گرنگی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی بوو. بەڵام هەرگیز ڕێکنەکەوت ووتارێک سەبارەت بەم ڕیژیسۆرە بنووسم.

نووسینی ووتارێک، یان ئاشنابوونێکی زیاتر بە شانۆی پیتەر بروک، وەک پرۆژەیەکی گرنگ هەر لەلام مایەوە.

کە گەیشتمە وڵاتی سوید ئەو فرسەتەم بۆ ڕەخسا لە نزیکترەوە لە پرۆژەکانی پیتەر بروک نزیکبمەوە. هەندێ سەرچاوەی گرنگم بەردەستکەوت، هەروەها توانیشم گەلێک لە پرۆژەکانی ئەم ڕیژیسۆرە گرنگە ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ ببینم.

دواتر هەندێ بابەتم لە ڕۆژنامەی پەیام، گۆڤاری سەردەم، گۆڤاری ڕامان، گۆڤاری ڕەهەند و گۆڤاری زانستی شانۆدا لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی شانۆی پیتەر بروک بڵاوکردەوە. گەڕانەکانیشم

بەدوای نهێنی و ڕەووتە شانۆییەکەی پیتەر بروک ڕێچکە و مەودایەکی تری لەخۆگرت. بەتایبەتی کە توانیم بەشێکی زۆری پڕۆژەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی پیتەر بروک ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ ببینم. هەروەها (دەزگای ئەرشیف و لێکۆڵینەوە) لە ستۆکهۆلم، دەرفەتی بینینی بەشێکی زۆری نەمایشە کۆنەکانی هەزارەی ڕابردووی پیتەر بروک، هەر لە شەستەکانەوە تا دەگاتە هەشتاکان، بە تۆمارکراوی بۆ ڕەخسانم. ئەم هەلەش ئەو دەروازە گرنگەی بۆ کردمەوە کە لەنزیکەوە لە پرۆسە و هێلی بەرەوپێشەوەچوونی دید و فەلسەفەی شانۆیی پیتەر بروک بگەم.

لەپاڵ ئەمانەشدا، کتێب و نووسینەکانی پیتەر بروک خۆی بووە پاڵپشتێکی گرنگ و دیکۆمێنت و سەرچاوەیەکی بەسوود و هەمیشەیی ئەم نووسینەم. نووسینی ئەم کتێبەش کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کتێبەکە بەشێکی زۆری ڕەووتی شانۆی پیتەر بروک لەخۆدەگرێت. تائێستا سەدەها کتێب، لەسەر پیتەر بروک و بەزۆربەی زمانەکانی جیهانی نووسراوە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک بە زمانی کوردی نییە، هەروەها هیچ کتێبێکیش، بەم شێوە چڕ و درێژە ڕەووتی شانۆی پیتەر بروکی نەگرتۆتەوە.

من لەم بەرهەمەدا هەوڵمداوە، بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو، باسی بەشێکی گەورەی پرۆسە و ڕەووتی شانۆیی ئەم هونەرمەندە بکەم. هەروەها هەوڵمداوە بۆ هەر سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراو، نمونە لە پرۆژە و بەرهەمە شانۆییەکانی بهێنمەوە، بەمەش زیاتر لە تیئۆر و بۆچوونە کردەییەکانی پیتەر بروک نزیک دەبینەوە.

بەم شێوەیە بوارێکی گەورە بۆ خوێنەران دەرەخسێت، تا وێنەیەکی گشتگر و تێگەیشتنێکی، تا ڕادەیەک تەواوەتی سەبارەت بە پیتەر بروک هەبێت. کۆمەڵێ سەرچاوەم ڕاستەوخۆ لە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسیەوە بەکارهێناوە. کۆمەڵێ هاوڕێ و دۆستی نزیکی

هونەرمەند، بەردەوام ئەو سەرچاوانەیان لەو زمانانەوە بۆ وەرگێراومەتە سەر سویدی، هانیانداوم، گفتوگۆیان لەگەڵ کردم و بۆچوونی بەنرخیان هەبووە، ئەمەش کتێبەکەی زیاتر دەوڵەمەند کردووە.
خێزانەکەی نووسەری گەورەی ئەڵمانی پیتەر ڤایس، خاتوو «گونیلا ڤایس» دەستی یارمەتیەکی گەورەی بۆ درێژکردوم، بەتایبەتی ئەو بەشەی کتێبەکە کە سەبارەت بە شانۆنامەی «مارا ـ ساد»ە. هونەرمەند خاتوو «گونیلا» خۆی جلوبەرگ و سینۆگرافیای نەمایشی «مارا ـ ساد»ی پیتەر بروکی لە ساڵی «١٩٦٦»دا لە لەندەن کردووە.
«پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا» تەنها کتێبێکی تیئۆری نییە، بەڵکو لەپاڵ فەلسەفە و دیدە تیئۆرییەکانی پیتەر بروکدا، هەوڵمداوە تەقەلا کردەییەکانیشی بخەمەڕوو، تیشکی سەرنجیان بخەمە سەر و لایەنە جۆراوجۆرەکانیشی شیبکەمەوە. بەم شێوەیە تیئۆریی و پراکتیک پێکدادەچن و یەکتری تەواودەکەن. بەم چەشنە هیوادارین وێنەیەکی گشتگر و تەواوەتی سەبارەت بە پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهاندا پێشکەش بکەین.

دانا ڕەئوف
٢٠٠٢/١٠/٢٢
ستۆکهۆلم

## پێشەکی چاپی دووەم

نووسین پرۆسەیەکی بەردەوامی لێکۆڵینەوە و گۆڕانکارییە. لەنێوان چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە کوردستان و چاپی دووەم لە سوید ماوەیەک تێپەڕیووە. لەم ماوەیەشدا چەند جارێک چوومەتەوە بەسەر ئەم کتێبەدا و لەم ڕووەوە کۆمەڵێ گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا هاتووە. گۆرانکارییەکان لە هەردوو ڕووی «زمانەوانی و ناوەڕۆک»ەوەیە. بۆیە بە پێویستم زانی لەم پێشەکییە کورتەدا ئاماژەی بۆ بکەم، لەگەڵ سوپاسێکی زۆری هەموو ئەو برادەرانەی لە کوردستان و لە سوید هاریکارییان کردووم لە بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبەدا.

دانا ڕەئوف

# بەشی یەکەم

# دەروازەیەک بۆ جیهانی پیتەر بروک

## دەروازەیەک بۆ جیهانی پیتەر بروک

پیتەر بروک یەکێکە لە ناوە گەورەکانی جیهانی ئەمڕۆی شانۆ. ئەفسونی دید و شانۆکەی ئۆقیانووسێکی گەورەیە. دارشتەی ئەو جیهانە پانتایی و سترکتورێکی گەلێک بەرینە و هەموو سنوورەکانی بەزاندووە. ئەو گۆڕانکارییانەی پیتەر بروک لە شانۆدا بەدیهێناوە گەلێ گەورەیە. لەبەرئەوە ناوی پیتەر بروک هاوکێشەیەکی گرنگ لە سەراپای پرۆسێسی شانۆی هاوچەرخی جیهاندا پێکدەهێنێت.

پیتەر بروک بەردەوامیەکە بۆ تازەبوونەوە و نەمری شانۆ، بۆ خوڵقاندنی تیئوری نوێ و پانتاییەکی شانۆیی نوێ. پیتەر بروک لە خودی پرۆسەی کاری شانۆیی دەکۆڵێتەوە، بە شێوەیەک لەلای هەموو مرۆڤێک ـ لە هەر شوێنێکی جیهاندا نەمایشبکرێت ـ بەبێ گرفتی زمان، ئاشکرا و ئاسان بێت. لەم ڕووەوە تەقەلاکانیش بۆ گەیشتنە ئاستێکی بەرزی کارتێکردن و نزیکبوونەوەیە لە خودی مرۆڤەوە، بە کەمترین ئامرازە بەکارهێنراوەکان.

لەم دەروازەیەوە پیتەر بروک بەم شێوەیە ئاماژەی قۆناغەکانی پرۆسەی بەرجەستەکردنی کارەکانی دەکات:

«پرۆسەی کارکردن لەلای من بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ: یەکەمیان خۆئامادەکردنە، دووەمیشیان لەدایکبوونە. ئەوەی گرنگە دەبێت خۆئامادەکردنەکە مانای لێکۆڵینەوەیەکی هۆشیارانە، وورد و ڕاستەوخۆ بگرێتەوە، وە بۆ هەموو

کۆسپ و گیروگرفتێک ڕێگا چارەی ئاسان و ئاشکرا بدۆزێتەوە.»‹١›

بیر و دیدی ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەدایکبووی سەدەیەکی نوێیە، سەدەی جەنگ و گۆڕانکاریە گرنگەکانی ئەوروپا و جیهان. لەبەرئەوە کاریگەری پڕۆژە و ئەزموونەکانی پیتەر بروک تەنها بەسەر شانۆی ئەوروپای ڕۆژئاواوە نییە، بەڵکو بەشێکی گەورەی شانۆی جیهانی بێبەری نەبووە لەو کاریگەریە ڕاستەوخۆیە.

گرنگی کاریگەری ئەزموونەکانی ئەم کەڵە ڕیژیسۆرە لەوەدایە کە هەموو پڕۆژەیەکی میتۆلۆژیایەکی قەشەنگە، ڕەتکردنەوە، دارمان و بنیاتنانێکی نوێیە، بەتایبەتی لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوو، تەنانەت تا ئەمڕۆش. لەو پانتایانەی پیتەر بروکدا هیچ ساتێکی دیاریکراو ڕێسایەکی تایبەت لەخۆناگرێت و هەمیشە لە گۆڕاندایە. لەو پڕۆژانەدا تەنها مرۆڤ چەقە و هونەریش یاسا و ڕێبازە. هیچ یاسا و چوارچێوەکارییەک سنوورەکانی شانۆ لەخۆناگرێت. هەموو پڕۆژەیەک ڕێبازێکی تازەترە و دەبێتە میتودێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی شانۆ.

«ئێمە لە تەقەلای ئەوداین «پەیوەندیەکی نوێی ئێلیزابیسی» دروستبکەین: شتە تایبەتییەکان ببەستینەوە بە گشتییەکانەوە، نزیک و هاودەمەکان بە گەورە و فراوانەکانەوە، نهێنییەکان بە ئاشکراکانەوە، سووک و ڕەزیلەکان بە ئەفسوونیەکانەوە. لەبەرئەوە ئێمە دەمانەوێت جەماوەرێکی زۆر لەسەر شانۆ کۆبکەینەوە، جەماوەرێکی گەورەش بینەران بێت. لەنێو ئەم شانۆ قەرەباڵغەشدا تاکەکان ڕاستییە زۆر تایبەت و نزیکەکانی خۆیان

دەخـەنەڕوو بۆ تـاکـەکـانـی تر لەنێـو ئەو بینـەرە گـەورەیەدا .
بەمـەش پێکەوە زانیـاریـە گرنگـەکانی ژیان لەگەڵ یەکتـریدا
دەگۆڕنەوە.»<٢>

پیتـەر بروک ئامـاژە بە شانـۆیەکی چاک بەوە دەکات کە ئێستـە و لەم هـەنوکـەیەدا دەژی و هـەوای ئەم سـاتەوەختـە هەڵدەمژێت: گرنگ نییـە چ پیـەسـێک پێشکەشـدەکرێت، کـلاسیکی یاخود نوێ؛ گرنگ ئەوەیە دڵی پڕۆژەکە لە جەستـەی ئەمڕۆدا لێبدات، لەم هـەنوکەیـەدا . پیتـەر بروک لە کـتـێـبی Threads of time دەڵێت: «هـەمـوو فـۆرمـێک مـانای خـۆی لەدەسـتـدەدات، گـەر پڕیشکێک لە ژیانـی ڕاسـتـەقـینـە لەخـۆنـەگـرێت؛ پێویستـە نەمـایشـەکە لەم ساتەوەختـەدا، لەم چاوتروکاندنەی ئێستـادا بژی.»

تەنهـا لـەو کـاتانەدا شـانۆ بـوونی هەیە کـە دوو جیـهـان بـەیەکـتـری دەگەن. «جیـهـانی ئەکتـەر و جیـهانی بینـەران، بەمـەش کۆمـەڵگایەکی بچـووک دروسـتـدەبێت.» شـانۆ دەتوانێت لـە چرکـەسـاتێکدا حـەقـیقـەتی بوون بەرجەستەبکات:

«لەمـاوەی دوو کـاژێر یـان کـەمـتـردا دەکـرێت هـەوای
جـیـهـانێکی پاک هـەڵمـژین و لە گـەورەیی گـەردوون
بگەین.»<٣>

ئەمـڕۆ پیـتـەر بروک لە فـۆرم و شـێوازێکی زۆر سـادەدا کـاردەکـات. سـاکاری فۆرم و شـێوازەکانـی کارکردن قـوڵبـوونەوە و تێگەیشـتنێکی بەرزە لە ژیان، لە شـانۆ، لـە دەوروبەر و گـەردوون. زەمـەنیش لەم فـۆرم و شـێـوازە سـاکـارەدا دەبێـتـە خـاڵێکی گـرنگ بـۆ ڕاڤـەکـردن و بەرجەستەبوونی؛ زەمەن تەنها وێنەی زەمەنە تەقلیدیەکەی ژیانی ڕۆژانە

نییە، بەڵکو زەمەن لەلای پیتەر بروک زەمەنی هزرە، زەمەنێکی چڕە لە دید و تێڕامان، زەمەنی گێڕانەوەی چیرۆکەکانە. لەدایکبوونی ڕووداوی شانۆیی و خوڵقاندنی فۆرم و شێوەش، دوو توخمی گرنگی بوونیادی نەمایشە شانۆییەکانیەتی.

لە ڕوانگەی پێکداچوونێکی هارمۆنی و پێگەیشتنێکی تەواوەتی ئەم دوو توخمە لەگەڵ یەکتر، دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی یەکەی توخمە هونەری و فۆرمە شێوازئامێزەکان کە هزر و بیرۆکە شانۆییەکانی لەخۆگرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەلای پیتەر بروک:

> «دەتوانم لەماوەی چەند کاژێرێکی کەمدا هەموو ئەو شتانەی فێری بووم سەبارەت بە تەکنیک و ڕێبازەکانی شانۆ، فێری هەرکەسێکی بکەم کە دەیەوێت؛ بەڵام ئەویتر پڕۆژە و و پراکتیکە ئەوەش بەتەنها باڵیناکرێت.»‹٤›

پیتەر بروک لە ساڵی دوو هەزاردا بە شانۆیی (کۆستیم)‹٥› کە یەکێکە لە دوا پڕۆژەکانی، سەردانی وڵاتی سویدی کرد. کۆستیم چیرۆکێکی پەنجاکانی خوارووی ئەفریقایە. چوار ئەکتەری ئەفریقیش کارەکتەرەکان بەرجەستەدەکەن.‹٦›

نەمایشەکە دواتر لە ستۆکهۆڵمەوە دەچێت بۆ وڵاتی فینلاند. پێشوەخت پیتەر بروک دەگاتە هێلسینکی پایتەختی فینلاند و لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا دەربارەی هونەری شانۆو و هۆکارە گرنگەکانی گۆڕانکاری و کارتێکردن قسەدەکات.

ئەم هونەرمەندە بەرلەوەی پێبنێتە تەمەنی بیست ساڵیەوە، هاتۆتە جیهانی شانۆووە. لەو تەمەنەدا ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە شانۆی شەکسپیر و هونەری ئۆپێرا. دەزگاکانی بەرهەمهێنانی نەمایش و هونەری ئۆپێرا دەبێتە جێگای سەرنج و بیرکردنەوەی. لە

یاداشتەکانیدا بەم شێوەیە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەدوێت: (ئەم دامودەزگا کۆن و خەواڵوە دەبێت بە کۆمەڵێ ڕاچڵەکاندن ووریابکەیتەوە، بەشێوەیەکی بەهێز ڕایچڵەکێنین و فڕێیبدەیتە ئەم زەمەنەوە.)

پیتەر بروک هەمیشە لەگەڵ شانۆدا ژیاوە. شانۆ خەون و فەلسەفە و دیدی ئەون بۆ ژیان، بۆ بوون و لەیەکتری گەیشتن. شانۆ دەبێت هەموو ساتێک نوێبێت، بە چاوێکی ورد و دەرونێکی پڕ لە هەناسەوە تەماشابکرێت. پیتەر بروک شانۆیەکی تەبا بە شێوازە تەقلیدی و سیما زەخرەفیەکانیەوە، ئەو شانۆیەی کە دەیەوێت بینەران بخاتە گریان یان پێکەنین، لە کتێبە گرنگەکەیدا (پانتایی بۆش) بە شانۆیەکی مردوو ناودەبات.<٧>

«شانۆ لەلای من بە هیچ شێوەیەک لە ژیان جیاناکرێتەوە. نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو دادەنرێت بە بەشێک لە ژیان، لەڕێگای شانۆوە فێری ئەوە دەبین چۆن بژین. لەبەرئەوە هیچ جۆرە هزر و بیروباوەڕێک دامەڕێژە گەر لە ئەزموونی ژیان خۆیەوە سەرچاوەی وەرنەگرتبێت.»<٨>

ئەوەی لە چاوتروکانێکدا گرنگ و پڕ لە ژیانە، ڕەنگە لە چاوتروکانێکی تردا مردوو بێت. هەروەک ئەوەی تۆ لەماڵەوە چەندەها شتی کۆن و بێکەڵکت کۆکردۆتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا بۆ ماوەیەک دەژیت، بەڵام ئەوەش باشدەزانێت کە ڕۆژێک دێت هەموو ئەو شتانە فڕێیبدەیتە دەرەوە.

پیتەر بروک شانۆی لەناو خانووبەرەی شانۆ باو و تەقلیدیەکاندا گوێزاوەتەوە. بەبڕوای ئەو خانووبەرە و هۆڵی شانۆکان سیفاتە سەرەکی و گرنگەکانی هونەری شانۆیان لەخۆنەگرتووە. بەڵکو پانتایی

شـانۆکـان بە شـێـواز و شـێـوەیەکی هەڵە و ناشـانۆیی دابەشکراون. لەبەرئەوە پیتەر بروک هەر زوو ئەو شانۆیانە بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە پانتـاییە جـیـاوازەکـان، بـۆ نمونە: پانتـایی پاک، شـوێنی بـەجـێـهـێلراو، گۆڕەپانی سێرک، گەراج، سەرشـەقامەکـان، کـارگەکـان، نەخـۆشـخـانە، گۆڕەپانە گشتییەکان، قوتابخانەکان و زۆر شوێنی تر. ئەم هونەرمەندە لە ئـەنجـامـدا خـانووبەرەیەکی سـوتاو، کـۆن و بەجـێـهـێلراوی وەک Bouffes du Nord لە پاریس دەکـاتە مـەڵبەندی شـانۆیەکی گـرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و نەمایشەکانی.

پیتـەر بروک بیرۆکەی شـانۆیەکی نەتەوایەتی و زمانێکی تایبەتی بەرز و جـوانـی ئەدەبی، بە مـانا تەباکـەی، تێکدەشکێنێت. لەلای ئەو شـانۆ جـێگای خـسـتنەڕووی ڕووکـاری سـاکـار و بەخـتـیـاری و نمـونە کۆمـەڵایەتیـیە بەرزەکانی گەل نییە. هەر لەو ڕوانگەیەوە، پیتـەر بروک، هەموو هزر و دیدە تەباکانی کۆمەڵ و دامودەزگا هونەری و شانۆییەکان بەتـەواوەتی وەلاوەدەنێت. شـانۆ دەبێـتـە پانتـاییـەکی بۆش، هـەمـوو چرکـەسـاتەکـان، لێـرە و لەوێ و لە هەمـوو جـیـهـاندا دەگـرێتـەخـۆ. بۆ بەدیهـێنـانی ئەم مـەبەسـتـەش هەر لە سـەرەتای سـاڵەکـانی حـەفـتـاوە ناوەنـدێکی گـرنگی شـانۆی نێـونەتـەوەیی بـۆ لێکۆڵینـەوە لە پـاریس دادەمەزرێنێ.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


<1> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.7.

<٢> هەمان سەرچاوە. ل. ٤٠

<3> Skawonius, Betty, Det enkla ska börja i överflöd, Dagens Nyheter, 11 september 2000.

<4> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterlingproduktion, Stockholm, 1969. S.99.

<٥> کۆستیم بە مانای «چاکەت و پانتۆڵ و جلوبەرگ» دێت. Le Costume بە فەرەنسی و kostymen بە سویدی. من وشەی «کوستیم» وەک زاراوەیەک زیاتر بەشیاو زانی لە وشەی چاکەت و پانتۆڵ.

<٦> دواتر لە بەشێکی سەربەخۆدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم نەمایشە.

<٧> پیتەر بروک لە کتێبە گرنگەکەیدا «پانتایی بۆش» کە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاویکردۆتەوە، شانۆ دابەشدەکات بەسەر چوار جۆری جیاوازدا: مردوو، پیرۆز، زبر و ڕاستەوخۆ. پیتەر بروک ئاماژەی ئەوەش دەکات کە هەندێ جار، لە یەک نەمایشدا، هەر چوار جۆرەکەی شانۆ کۆدەبێتەوە.

<8> Skawonius, Betty, Det enkla ska börja i överflöd, Dagens Nyheter, 11 september 2000.

# بەشی دووەم

## چەردەیەکی کورت لە ژیانی پیتەر بروک، بیۆگرافیا

## چەردەیەکی کورت لە ژیانی پیتەر بروک

پیتەر بروک یەکێکە لە شانۆکارە بلیمەت و هەڵکەوتووەکانی ئەم سەدەیە. ئەم هونەرمەندە لە ساڵی «١٩٢٥» لە ئینگلستان و لە خێزانێکی بەنەژاد ڕووسی لەدایکبووە. لە بواری شانۆ، ئۆپێرا و سینەمادا کاردەکات. وەک ڕیژیسۆر لە شانۆ گرنگەکانی لەندەن و پاریس و نیۆرک پرۆژەکانی پێشکەشکردووە. پیتەر بروک لە کۆلێژی Magdalen لە ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی. هەروەها ئەم هونەرمەندە تا ئێستا دادەنرێت بە بچوکترین قوتابی لەو کۆلێژەدا کە بڕوانامەی لە ئەدەبی «بەراوردکاری»دا وەرگرتبێت. پیتەر بروک هەر لەم کۆلێژەدا یەکەم تەقەلای شانۆیی خۆی بە شانۆنامەی «دکتۆر فاوست»ی نووسەری ئینگلیزی کریستۆفەر مارلۆ‹١› «١٥٦٤ـ١٥٩٣» دەستپێدەکات. هەر لەم ساڵەدا، واتە ساڵی «١٩٤٤» یەکەم تەقەلای سینەمایشی بە فیلمی Journey دەستپێدەکات. پیتەر بروک سیناریۆی ئەو فیلمەی لە گەشتنامەیەکی لۆرانس سێرنێس «Laurence Sternes»ی ساڵانی «١٧٠٠»ەکانەوە وەرگرتووە.

پیتەر بروک لە ساڵی «١٩٤٨»دا دەبێتە بەرپرسیاری ئۆپێرای Royal Opera Convent. بەڵام تەنها دوای دوو ساڵ لەو دەزگا هونەرییە گرنگە دەستدەکێشێتەوە. لە ساڵی «١٩٦٢»ەوە تا ساڵی «١٩٧١» دەبێتە یەکێک لە بەرپرسیار و ڕیژیسۆرەکانی شانۆی شاهانەی شەکسپیر لە ستراتفۆرد‹٢› «Royal Shakespeare Theater».

لە ئینگلستان لە ڕوانگەی خوڵقاندن و خوێندنەوە جیاواز و دیدە

نوێیەکانیەوە بۆ شاکارەکانی شەکسپیر ناوبانگ دەردەکات. پیتەر بروک بۆ خوێندنەوەکانی شەکسپیر دەکەوێتە ژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگری پۆلۆنی «یان کۆت» و کتێبە گرنگەکەیەوە «شەکسپیر هاوچەرخمانە»<٣>. بەڵام لەهەمانکاتدا دراماتۆرگی و ستركتوری شانۆییەکانی «ساموێل بێکێت»<٤> «١٩٠٦ ـ ١٩٨٩» ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە بەرجەستەکردنی دیدێکی مرۆڤایەتی و خوڵقاندنی تەکنیکێکی جیاواز لە پرۆژە و ئەزموونە شەکسپیریەکانیدا.

شانۆی شاهانەی شەکسپیر هەموو خەون و خولیا هونەریەکانی پیتەر بروک ناهێنێتەدی، لەبەرئەوە لە ساڵی «١٩٧٣»ەوە بەتەواوەتی واز لەو دەزگا تەقلیدیە مەزنەی شانۆی ئینگلیزی دەهێنێت. دوای ئەوە دەچێتە پاریس و لەوێ بەتەواوەتی جێگیردەبێت.

پیتەر بروک تەنها نابێتە ڕێژیسۆرێکی تایبەتمەندی شانۆنامەکانی شەکسپیر، بەڵکو لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا، زیاتر لە شەست پیەسی نوێ و نووسەرانی «١٩٠٠»ەکان و شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەهێنێتە بەرهەم: ئاندریا رۆسین، ژان پۆل سارتەر، پێتەر ڤایس، فردیش دۆریمان، ژان ئانۆی، ئارتۆر میللەر، هێنریک ئیبسن، ئەنتوان چیخۆڤ، بێرناردشۆ، ژان ژینیە، بێکێت، کریستۆفەر فرای تەنها هەندێکن لەو نووسەرانە.

پیتەر بروک کاتێکی زۆر لە فەرەنسا تەرخاندەکات بۆ لێکۆڵینەوەی هونەری نواندن و ئەکتەر لە شانۆدا، لەهەمانکاتدا گرنگیەکی زۆریش دەدات بە لێکۆڵینەوە و بەرجەستەکردنی داستان و میتۆلۆژیا گرنگ و گەورەکانی ڕۆژهەڵات. یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی تری پیتەر بروک نەمایشکردنی هەندێ لەو پیەسانەی شەکسپیر بوو کە لەوەوبەر بەها و گرنگیەکی ئەوتۆی لە بواری شانۆدا نەبوو. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو پیەسانە بەتەواوەتی لە فەرهەنگی ئەدەب و شانۆی جیهانیدا بیرچووبوونەوە، بۆنمونە شانۆنامەی (تیتوس ئەندرۆنیکۆس)<٥>. ئەم

شانۆنامە فەرامۆشکراوەی شەکسپیر لەسەر دەستی ئەم هونەرمەندە گەورەیە دەبێتە کیشوەرێکی تازە دۆزراوە و نەمایشێکی سەرسوڕهێنەر و گەورە. پیەسەکەش لەدووتوێی ئەو نەمایشەوە دەبێتە یەکێک لە شاکارە ناسراوەکانی شەکسپیر لە هەموو ئەوروپا و جیهاندا.

پیتەر بروک ساڵی «١٩٦٢» سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر دنیای شەکسپیر و شانۆنامەی شالیر نامایش دەکات. هەروەها ساڵانی شەستەکان دەبێتە قۆناغێکی گرنگ و کاری هزری پڕۆژە ئەزموونگەریەکانی پیتەر بروک. هەر لەم قۆناغەدا دید و بیرۆکەکانی پانتاییەکی بۆشی لەلا دروست دەبێت. پانتاییەکی بۆش دەبێتە یەکەم کتێب «The Empty Space»، ئەم کتێبە گرنگە لە ساڵی «١٩٦٨»دا بڵاودەبێتەوە. پیتەر بروک لەم کتێبەیدا ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگ دەکات و بەشێوەیەکی نوێ پێناسەی هونەری شانۆ دەکات: لەو پانتاییە بۆشەدا ئەکتەر ڕووبەڕووی خۆی و ئەکتەرەکانی تر و بینەران دەبێتەوە. پیتەر بروک ساڵی «١٩٦٤» یەکەم گروپی ئەزموونگەری بەناوی «شانۆی توندوتیژی» بۆ شانۆی پادشایەتی شەکسپیر لە لەندەن دادەمەزرێنێت. لەگەڵ ئەم گروپە یەکەم تەقەلا ئەزموونگەریەکانی سەبارەت بە جوڵەی جەستە، ئاماژە و دەنگ دەستپێدەکات. ئەو پڕۆژەیە لە ساڵی «١٩٦٨»دا ڕێگە خۆشدەکات بۆ کردنەوەی لابورێکی نێونەتەوایەتی لە پاریس «Internationell workshop»، ئەو لابورە لەدوایدا دەبێتە بنەما و هۆکاری دامەزراندنی ناوەندێکی نێونەتەویی شانۆیی لە پاریس. هەروەها ئەو ناوەندە دەبێتە وێستگەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی شانۆیی و هونەری نواندن، کۆمەڵێ ئەکتەر و گۆرانیبێژیش لە هەموو سووچێکی ئەم دونیایەوە لەخۆی کۆدەکاتەوە.

ساڵی «١٩٧٠» پیتەر بروک بەیەکجاری دەگوێزێتەوە بۆ پاریس. ساڵی «١٩٧٩» و لە نووسینی شاعیری ئینگلیزی Ted Hughes نەمایشی «ئۆگاست» پێشکەشدەکات. Ted Hughes بە هاوکاری پیتەر بروک لەو

پڕۆژەیەدا کۆمەڵێ تێکستی زۆر کۆن و بەهۆی زمانێکی تازە داهێنراوی خۆیانەوە، پیەسێکی نوێ دەخولقێنن. جێگای باسە کە کتێبی «ئاڤێستا»ی زەردەشت یەکێک بووە لە چاوگە گرنگەکانی ئەو پڕۆژە تایبەتییە.

ئۆگاست بۆ یەکەمجار لە ڤیستیڤاڵێکی شانۆیی نێونەتەوەیدا لە ئێران نەمایش دەکرێت و سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت. پیتەر بروک لەگەڵ گروپەکەیدا گەشتێکی هونەری بەناو کۆمەڵێ شار و وڵاتە ئەفریقاییەکان و وڵایە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەکات، تا لەو «ئەگەرانە» بکۆڵێتەوە کە لەئاستی پەیوەندیکردندا دوورە لە شێوە گوزەران و شێوازی بیرکردنەوە و چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاواوە. ساڵی «١٩٧٤» پیتەر بروک ناوەندێکی شانۆیی بۆ داهێنان Centre International de Crétions Théâtrales CICT لە شانۆیەکی کۆنی بەجێهێڵراودا دادەمەزرێنێت. پیتەر بروک لەم شانۆیەدا، یەک لەدوای یەک، نەمایشە گرنگەکانی پێشکەشدەکات. هەر بۆ نموونە: باخی گێلاس، تراژیدیای کارمن، مەهاباهاراتا، کۆستیم، هاملێت و چەندەهای تر. ئەو پڕۆژانەی لەو شانۆیەدا پێشکەشکراون بە فەرەنسی، یاخود ئینگلیزی بووە و دواتریش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پێشکەشکراونەتەوە.

پیتەر بروک لە بواری سینەمادا، زیاتر فیلمەکانی لە شاکارە ئەدەبیە گەورەکانەوە ئامادەکردووە، لەوانە: میری مێشەکان لە نووسینی «ویلیام گۆڵدین»، شالیری شەکسپیر، مارا ـ سادی «پێتەر ڤایس»، ئۆپێرای کارمنی «بیزێت» و داستانی ماهاباهاراتا.

شێوازی فیلمەکانیشی زیاتر نزیکە لە شێوازی تەوژمە نوێکانی سینەمای فەرەنسیەوە. پیتەر بروک جگە لە کتێبی «پانتایی بۆش» هەندێ کتێبی گرنگی تریشی نووسیووە، لەوانە The Devil Is Boredom و The Shifting Point، پیتەر بروک لەم کتێبانەیدا بە

شێوازێکی تیۆری و زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ، دید و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە شانۆ و هونەری شانۆ دەخاتە ڕوو. هەروەها ئەزموونی چەند ساڵەشی دەخاتە ژێر تیشکی سەرنج و ڕاڤەکردنەوە.

پیتەر بروک لە ساڵی «١٩٨٨»دا ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی «مۆزارت» بۆ فێستیڤاڵی ئۆپێرا لە هەرێمی Aix-en-Provence ‹٦› پێشکەشدەکات. هەمان ساڵ ئۆپێرای دۆن گیڤانی سەرلەنوێ لە ڕوانگەی گەشتێکی هونەرییەوە لە ستۆکهۆلم پێشکەشدەکرێتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

«١» کریستۆفەر مارلۆ Christopher Marlowe «١٥٦٤ ـ ١٥٩٣» شانۆنامە نووسێکی ئینگلیزییە. پیەسە شانۆییەکانی بەهایەکی گرنگیان لە مێژووی شانۆی جیهاندا هەیە، هەروەها دادەنرێت بە ڕەنگێکی بەهێز و گرنگی شانۆی ئێلیزابێسی. پیەسەکانی مارلۆ وزە و توانایەکی ئەفسوسی ڕووداو، کارەکتەر و پێودانگە درامیەکەی بەرجەستە دەکات. زۆربەی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوانی شانۆ و ئەدەبی جیهانی ئاماژەی ئەوە دەکەن کە مارلۆ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ولیەم شەکسپیرەوە هەبووە و بۆتە ڕێگاخۆشکەرێک بۆ دەرکەوتنی بلیمەتێکی وەک شەکسپیر. گرنگترین پیەسە شانۆییەکانی کریستۆفەر مارلۆ بریتیە لە: تراژیدیای دکتۆر فاوست، چاپی یەکەمی ئەم پیەسە لە ساڵی «١٦٠٤»دا بڵاوکراوەتەوە، یەهودی ماڵتا، ئەم پیەسەیان تا ساڵی «١٦٣٣» بلاونەکراوەتەوە.

«٢» شانۆی شاهانەی شەکسپیر گرۆیەکی شانۆیی نەتەوایەتی ئینگلیزیە و لە ساڵی «١٩٦١»دا دامەزراوە. ئەم دەزگا گرنگە شانۆکانی لە ستراتفۆرد و شاری لەندەندایە. هەروەها جگە لە شاکارەکانی شەکسپیر، شانۆنامەی نووسەرانی تریش پێشکەشدەکات.

«٣» کتێبی «شەکسپیر هاوچەرخمانە» وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، لەوانەش زمانی کوردی. مامۆستا «کەمال غەمبار» لە ساڵی «١٩٨٦»دا ئەم کتێبە دەگمەنەی کردووە بە کوردی و دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بڵاویکردۆتەوە.

‹٤› سامۆێل بێکێت «١٩٠٦ ـ ١٩٨٩» نووسەرێکی فەرەنسی بە نەژاد ئیرلەندیە. بە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بەرهەمی نووسیووە. یەکێکە لە گرنگترین نووسەرەکانی شانۆی ئەپسورد و نووسەرە گەورەکانی هەزارەی ڕابردوو. بێکێت کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ڕەووتی شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە هەیە. گرنگترین شانۆنامەکانیشی: بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە «١٩٥٢»، گەمەی کۆتایی «١٩٥٧»، ڕۆژێکی بەختیار «١٩٦١»، من نا «١٩٧٣». هەروەها بێکێت جگە لە پیەسی شانۆیی کۆمەڵێ ڕۆمانیشی نووسیووە. ئەم نووسەرە گەورەیە لە ساڵی «١٩٦٩»دا پاداشتی «نۆبل» وەردەگرێت، بەڵام پاداشتەکە ڕەتدەکاتەوە.

‹٥› شانۆنامەی تیتۆس ئەندرۆنیکۆس لە ساڵی «١٩٥٥»دا تەنها سەرکەوتنێکی هونەری نابێت بۆ پیتەر بروک، وەک ڕیژیسۆر، بەڵکو ئەو نەمایشە بۆ ئەکتەری بەناوبانگ «لۆرانس ئۆلیڤەر»یش دەبێتە قۆناغێکی گرنگ و سەرەتایەکی پتەوی کارەکتەرەکانی شەکسپیر لە ڕەوتە هونەریەکەیدا. لۆرانس ئۆلیڤەر کارەکتەری «تیتۆس» دەبینێت. تراژیدیاکەش پیەسێکی ڕووتی توندوتیژ، بێ خواوەند و هیچ لێبوردنێکی تیا نییە. هێلێکی تەریبی و لێکچو لەنێوان ئەم تراژیدیایە و شانۆنامەی «شالیر»دا هەیە. پیتەر بروک لەم پرۆژەیەدا جگە لە کاری ڕیژی، هەر خۆشی سینۆگرافیا و مۆسیقاکەشی داناوە.

‹٦› «Lacadémie européenne de musigue» ئەکادیمیایەکی نوێیە و بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی ڤێستیڤاڵی ئۆپێرای «Aix-en-Provence»یە لە فەرەنسا. یان بە واتایەکی تر وەک ڕەخنەگرەکان ناویان لێناوە بۆتە ڕۆحی ڤێستیڤاڵەکە. ڤێستیڤاڵەکەش جیهانییە و ساڵانە سازدەکرێت. هونەرمەند و بەرپرسیارانی ئەو چالاکیە هونەریە گەرەکیانە ڤێستیڤاڵەکە لە ڕوانگەی ئەو ئەکادیمیا نوێیەوە زیاتر بەرەوپێشەوە بەرن. ئەمە جگە لەوەی مەبەستیانە هەنگاوی ڕاستەوخۆی

ئەزموونگەریانە لە جیهانی ئۆپێرادا بنێن. دامەزراندنی ئەو ئەکادیمیە نوێیەش تەنها بۆ زیاتر بەگوڕخستن و فراوانکردنی مەودای ڤیستیڤاڵەکەیە.

لە ساڵی «١٩٨٥»دا لەبەر فراوانبوونی سنووری ڤیستیڤاڵەکە، دامووده‌زگا هونەریە فەرەنسیەکان بە هاوکاری هونەرمەندی سینۆگراف و خانوبەرە دروستکردن «Bernard Guillaumot» شانۆ و هۆڵی بینەرانیان زیاتر فراوانکردووە. ئەمە جگە لەوەی بە شێوازێکی نوێی ئەندازە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەدەیەدا بگونجێن ئەم کۆشکە دێرینە مەزنەیان ڕازاندۆتەوە.

# بەشی سێیەم

# پیتەر بروک و شەکسپیر

شانۆی شەکسپیر برێشت و بێکێت لەخۆدەگرێت، بەڵام لە هەردووکیان باشترە. ئەوەی لە شانۆدا پێویستە لەدوای برێشتەوە، ئەوەیە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ پێشەوە، تا بگەڕێینەوە بۆ شەکسپیر.

پیتەر بروک لە
«پانتایی بۆش»دا

## پیتەر بروک و شەکسپیر

پیتـەر بروک لە دیدێکی زۆر جیـاوازەوە پیـەسـەکانی ولیـەم شـەکسـپیـر دەخـوێنێتـەوە. ئـەو خـوێندنەوەیەش دەبێتە دەروازە و سـەرەتایەکی گـەلێ گرنگ بۆ ڕاڤـەی شانۆییـەکان و جیـهانی شـەکسپیر. پیتـەر بروک یەکەم ڕیژیسۆرە کـە دووردەکەوێتـەوە لەو داب و نەرێتە ڕۆمـانسیـەی کە بەهـا و چەمکە شیـعریەکانی شـەکسپیـری پێناسـرابوو. بەمـەش شـەکسـپیـر ڕزگـاردەکات لـە مێـژوویەکی کەڵـەکەکراوی دووبارە بۆوە و شـێـوازێکی وەسـتـاوی بـەرجـەسـتـەکردن. پیـتــەر بروک بە گـەڕانەوە بـۆ گـەوهـەرە بنەڕەتیـەکـانی توخم و سـترکـتـورە شـەکسـپیـریەکـان، شـۆڕشـێک لە جیـهانی شـەکسـپیردا بەرپادەکات. سـەرلەنوێ پانتـاییـە بۆشـەکان، لە دیدێکی هـاوچەرخ و فەلسەفەیەکی تری ئێستاتیکاوە دەدۆزێتەوە. هێزی شانۆیی شـەکسپیر لەلای پیتەر بروک لەوەدایە کە ڕووداوەکانی لە هیچ شـوێنێکی دیاریکراودا ڕوونادات، هەروەها شـەکسـپیر بۆ ڕووبەرێکی بێ کــۆتایی و لە چوارچێــوەی زەمــەنێکی نادیـاردا دەنووسـێ. هەر لـەم ڕوانگەیەشــەوە شـانـۆی شـەکـسـپـیـر هیچ چوارچێوەیەکی دیاریکراو و شـوێنی ڕووداوەکـان نـاگـرێتـەخـۆ، هەر تەقـەلایەکـیش بـدرێت، لەڕووی ڕامیاری، یاخـود جوانکارییەوە، بۆ دەستنیشـانکردنی چوارچێوەیەک بۆ شـوێن و ڕووداوەکان، لە نرخ و بەهـای ڕووداو و دیدە ئێسـتـاتیکیـەکەی ئەو شـانۆیە کەمدەکاتەوە. گرنگی تەقـەلاکانی پیتەر بروکیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵکۆڵینەی لە بوونیـادی ئەو پانتـاییـە بـەتاڵانەی شـەکسـپـیردا کردوویەتی. لەسـەرەتاوە ڕەخنەگرەکان هێرشێکی توندوتیژ دەکەنە سـەر ئاڕاسـتـەکانی ئەو خـوێندنەوانەی پیتـەر بروک و بەوە تاوانباریدەکەن کە پیـتـەر بروک «بەها درامی، شـیـعری و سـترکـتـوری شـانۆنامـەکـانی

شەکسپیری تێکشکاندووە.» هەروەها هونەرمەند و شانۆکانی لەندەن بەوپەڕی بێزارییەوە پیتەر بروک تاوانباردەکەن و ئاماژەی ئەوە دەکەن کە پیتەر بروک شەکسپیر دەخاتە چوارچێوەیەکی توندوتیژەوە. بەڵام پیتەر بروک ڕاڤە و تێڕوانینێکی نوێ دەبەخشێتە شانۆنامەکانی شەکسپیر، لەو ڕاڤە نوێیانەیدا پەیامێکی هاوچەرخ و فەلسەفەیەکی هونەری نوێ پیادەدەکات. بۆ نمونە لەلای پیتەر بروک هەرگیز سینۆگرافیا جێگای ناوەڕۆک ناگرێتەوە.

> «هەڵەیەکی کوشندەیە گەر لەو باوەڕەدا بین ڕیالیزم پەیوەندی بە واقیعیەتێکی لاسایکارەوە هەیە. هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەڕۆک و بارێکی کۆمەڵایەتی دیکۆرێکی واقیعی دەسەپێنێت!»‹١›

لێرەوە سەرلەنوێ پیتەر بروک دەگەڕێتەوە سەر جیهانی شەکسپیر. لەلای شەکسپیر لە دیدی پیتەر بروکەوە، واقیعیەت مانای پەیوەندیەکان دەگەیەنێت، نەک واقیعیەتی دیکۆرێکی لاسایکەرەوە.

لەم ڕووەوە پیتەر بروک کاریگەری بەرهەم و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگری پۆلۆنی ژان کۆت «Jan Kott»‹٢›ی بەسەرەوەیە. ژان کۆت خوێندنەوەیەکی ئێکستێنتیالانەی Existential بۆ شەکسپیر و تراژیدیاکانی گریک هەیە. لەم ڕوانگەیەشەوە پاڵەوانەکانی شەکسپیر دەبنە ناوەندێکی گرنگی ڕووداوەکان. مەسەلەی «خودی» ئەو پاڵەوانانەش پەیوەندیەکان و زەمەنە فەلسەفیەکەی پیەسەکان دیاریدەکات. پاڵەوانەکان لە پانتاییەکی فەلسەفی و دوور لە زەمەنە تقلیدییەکانەوە دەجوڵێنەوە. بەمەش مەودای زەمەنێکی فەلسەفی تێکهەڵکێشی مەسەلە خودییەکان دەبێت و وێنەیەکی گشتگری گەردوون بەرجەستەی ڕووداوەکان دەبێت.

ژان کۆت بۆ پیتەر بروک دەبێتە ناوەندێکی گەلێک گرنگ و بەبەهای خوێندنەوەکانی، ئەو کاریگەریە بەتایبەتی لە نەمایشی «شالیر»دا بەئاشکرا ڕەنگدەداتەوە. پیتەر بروک دەڵێت:

«شەکسپیر هاوچەرخی ژان کۆتە، ژان کۆتیش هاوچەرخی شەکسپیرە، هەر لەبەرئەمەشە کە زۆر بە ئاسانی لەسەری دەدوێت.»<٣>

گرنگی تیئۆر و لێکۆڵینەوەکانی ژان کۆتیش لەوەدایە کە توانیویەتی شەکسپیر ببەستێتەوە بە ڕووداوەکانی ئەمڕۆمانەوە. ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بە هەموو جیاوازی و دژایەتیەکیانەوە لە خوێندنەوەکانیدا بۆ شەکسپیر ڕەنگدەداتەوە. دەبێتە جەمسەرێکی گرنگی ئەمڕۆ و دەیبەستێتەوە بە ئەدەب، فەلسەفە و شانۆی هاوچەرخەوە. پیتەر برۆک دەڵێت:

«ئێمە پێویستیمان بەوەیە لە شەکسپیر بکۆڵینەوە، چونکە هەموو ئەو شتانەی جێگای گرنگیپێدانن لەلای برێشت، بێکێت و ئارتۆ لەلای شەکسپیر هەیە.»<٤>

ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی پیتەر بروک دەرگایەکی جیاوازی بەڕووی شانۆدا کردۆتەوە کە لەمەوبەر هەرگیز دەرگای وا نەکرابۆوە. هونەری شانۆ خۆی لە داڕشتەیەکی وادا دۆزییەوە کە هەرگیز لەمەوبەر ئەو داڕشتەیە، ئەو پانتاییە لەنێو فەرهەنگ و زاراوەکانی شانۆدا، بەو شێوەیە بوونی نەبووە. لەپاڵ ژان کۆتدا تەکنیکی دراماتۆرگی پیەسەکانی «سامۆیل بێکێت»یش سەرچاوەیەکی گرنگی داڕشتەی نەمایشە شەکسپیرییەکانی پیتەر بروکن. پیتەر بروک سوودێکی

گەورەی لەو پانتاییە فەلسەفی، ئێستاتیکی و هونەرییەی بێکێت وەرگرتووە و لە خوێندنەوەکانی شەکسپیردا بەرجەستەیکردوون. پیتەر بروک سەبارەت بە ساموێل بێکێت دەڵێت:

«بێکێت دەتوانێت وێنەیەک پێشکەشبکات کە سەر بە تەختەی شانۆیە، هەروەها پەیوەندی و ئامرازەکانیش، هەمووی لە ئەزموونێکی چڕی تیژەوە سەرچاوە وەردەگرێت، لە بریسکەیەکدا کە ژیانی تیایە، دەبینی زۆر کۆکە لە خودی خۆیدا، بەڵام خۆی ئاشکرا ناکات، سمبولەکانی بێکێت بەهێزە لەبەرئەوەی ناتوانین بیگرین، زۆر دوورە لەوەوەی کە تەنها کۆمەڵێ جیهانی لێکچووی وەک کتێبی قوتابخانەکان، یان نەخشە و وێنە دیاریکراوەکان بێت، بەڵکو شانۆنامەکانی، زۆر بەئاسانی، ئەفراندنی ئەدەبییە.»‹٥›

پیتەر بروک تا ئێستا ئەم شانۆنامانەی شەکسپیری بۆ شانۆ نەمایشکردووە: رۆمیۆ و ژولێت «١٩٤٧»، بەرابەری «١٩٥٠»، چیرۆکی زستانە «١٩٥١» تیتۆس ئەندرۆنیکۆس، هاملێت «١٩٥٥»، زریان «١٩٥٧»، شالیر «١٩٦٢»، زریان «١٩٦٨»، خەونی نیوەشەوێکی هاوین «١٩٧٠»، تیمۆنی ئەسینی «١٩٧٤»، ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا «١٩٧٨»، زریان «١٩٩٠»، هاملێت «٢٠٠٠» و سەرلەنوێ هاملێت «٢٠٠٢» بە زمانی فەرەنسی.

لەم ڕووەوە شانۆی شەکسپر بۆ پیتەر بروک دەبێتە کیشوەرێکی تازە دۆزراوە، لەم کیشوەرەدا هونەری شانۆ، نواندن و پێکهێنەرەکانی تری نەمایشێکی شانۆیی دەبێتە بنەما گرنگەکانی سترکتورە هونەری و فەلسەفیەکەی پیتەر بروک.‹٦›

دیمەنێک لە نەمایشی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» ساڵی «١٩٧٠»
ستراتفۆرد، ڕێژی پیتەر بروک

وێنەیەکی بەناوبانگی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین»ی هونەرمەندی
سینۆگراف Sally Jacob .

## خەونی نیوەشەوێکی هاوین

پیتەر بروک بە نەمایشی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» هەنگاوێکی گەورەی ئەزموونگەری دەنێت لە بواری خوێندنەوەکانیدا بۆ دنیای شەکسپیر. پیتەر بروک بەر لەم نەمایشە، لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا، بە شێوازی جۆراوجۆر تەکنیک و دنیای شەکسپیری خوێندۆتەوە. بەڵام دیدە ڕادیکاڵەکانی بە نەمایشی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» دەگاتە ترۆپک. هەروەها پیتەر بروک بە نەمایشی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» ماڵئاوایی لە شانۆی «شاهانەی شەکسپیر» و ڕەووتی شانۆی ئینگلیزیش لە لەندەن دەکات.

پیتەر بروک ئەم نەمایشەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی «١٩٧٠»دا لە ستراتفۆرد لە لەندەن پێشکەشکردووە. نەمایشەکە شۆڕشێکی گەورە لە بواری خوێندنەوەی پیەس و تراژیدیاکانی شەکسپیردا بەرپا دەکات. کتوپڕ شەکسپیر لەم نەمایشەدا بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ و نوێ بۆ خەڵک دەدوێت. شانۆکە زۆر جار بەتەواوەتی لەگەڵ بینەراندا دەبێتە یەک.

پیتەر بروک بەم نەمایشەی بینەرێکی نوێ و جیاواز بۆ شانۆ ڕادەکێشێ. لەنێوان ساڵانی «١٩٧٢ ـ ١٩٧٣»دا خەونی نیوەشەوێکی هاوین لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا نەمایشدەکرێتەوە. هەروەها لە ژاپۆن بۆ تەلەڤزیۆن تۆماردەکرێت.

ئەکتەرەکان بە جوڵەی جەستە و دەربڕینە فیزیکیەکانیانەوە، گوزارشت لە وشە و تێکستەکانی شەکسپیر دەکەن. پیتەر بروک لە چەمکی زمان و بەکارهێنانی جیاوازی وشەوە دەڕوات بۆ دەستەبەرکردنی «دەنگ» وەک ئامرازێکی گرنگ و کاریگەر، بەمەش ئەکتەرەکانی لە کلێشەسازی ڕزگارکردووە. دەنگیش زیاتر لە جووڵانەوە فیزیکیەکانەوە سەرچاوە وەردەگرێت. پیتەر بروک لەم

نەمـایشــەیدا لە بەکـارهێنانـی جـوولانەوە و پـەیوەندییـە فـیـزیکیـەکـاندا دەگـاتە بەرەنجـامـی خـولْقـاندنی بەکـارهێنانـی جـۆرێکی تـایبـەت لە دەنگ.‹٧› ئەمـەش تەقەلایەک دەبێت بۆ دامـەزراندن و بنیـاتنانـی پردێکی هـاوبەشـی پتەو بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەراندا.

دیمەنە دڵداریەکان نزیکە لە ژیانی ڕۆژانەوە. گیانێکی کۆمیدی پڕ لە خــەندە و ئـاســانـی لەخــۆگــرتووە و نزیکبــۆتەوە لـە ژیانـی ڕۆژانەی گـەنجــەکـانـی ئەو ڕۆژگـارەی لـەندەن. کـارەکــتــەری «پـێـۆک» Puck پەیوەنـدیەکی ڕاسـتـەوخۆ لـەگـەڵ بینـەراندا دروسـتـدەکـات و لەکـۆتایی نەمـایشەکەشدا بەناو بینەراندا ڕادەکات و داوای ئەوەیان لێدەکات کە لەگەڵ یەکتری هـاوڕێ بن.‹٩›

وشـەی «خۆشـەویستـی» لە دڵی شانۆنامەکەدایە. هـەموو شتێکیش هـەر بۆ ئەفـسـوونی ئەم وشـەیە دەگـەڕێتـەوە، تەنانـەت بـوونیـاد و مـۆسـیـقـای شـانۆگـەریەکـەش. پیـتـەر بروک توانـیـویەتی وشـەی خـۆشـەویسـتـی، لە بارێکی تیـۆری ڕووتەوە، بگۆڕێت بە شـتێکی هـەستپێکراو. پیتـەر بروک ئەم مـەسـەلە گرنگە تێکەڵاوی گـەمـە یەک لەدوای یەکـەکانی نمـایشـەکە دەکات، وێنەکـانی خۆشـەویستی لەنێوان ئەو گەمـانەدا بەرجەسـتـەدەبن، لەگەڵ زیاتر بەرەوپێشـەوە چوونی نەمایشـەکەشدا، وشـەی خـۆشـەویستی لەنێوان گەمە و دیدی شـانۆنامەکەشدا زیاتر ڕوون و ئاشکرادەبێت.

> «کارەکتەرە پەری و باڵندە و ئاژەڵە کێوی و ئەفسانەییـەکان ڕۆڵێکی گــەورە دەبیـنن، لـە ڕوانگـەی گــەمــەیەکی پڕ لـە خـەندەوە دیمەنەکانیان گۆڕیووە، کەلوپەلە پێویسـتـەکانیـان ئامـادەکردووە، هـەروەهـا لەکاتی پێویسـتدا بوونەتە درەخت بۆ کـارەکتـەرەکـانی تر، جـوولانەوەکـانیـشـیـان مـۆرکێکی ئەکرۆباتیکی هـەبووە.»‹١٠›

پیتەر بروک دەڵێت:

«لەئەنجامدا، (خۆشەویستی) لەلامان دەبووە پەیژەی مۆسیقی و هێدی هێدی گوێمان لە ئاستە جیاوازەکانی ئەو ئاوازە دەبوو.»‹١١›

هەر لەم ڕوانگەیەوە پیتەر بروک لە نەمایشەکەیدا، گەمەی خۆشەویستی، لە بۆچوونێکی دەروونی و میتافیزیکیەوە بەرجەستەدەکات. لە هیچ نەمایشێکی شەکسپیردا هێندەی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین»ی پیتەر بروک، بینەران تێکەڵ بە ڕووداوەکان نەبوون. بینەران بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی یەکە بەیەکە کتوپڕیەکانی گەمە شانۆییەکەی پیتەر بروکیان کردووە.

«لە (برۆدوای) لە یەکێک لە نەمایشەکاندا بینەران نەیانویستووە بچنە دەرەوە، هەرچەندە لە ناوەڕاستی شانۆگەریەکەدا، بەهۆی هەڵەیەکی کارەباییەوە ئاگرێک دەکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بینەران نەیانویستووە بچنە دەرەوە، بەڵکو لەو بڕوایەدا بوون کە ئاگر و دووکەڵەکە بەشێکە لە نەمایشەکە.»‹١٢›

سینۆگرافیای «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» بریتی بووە لە سندوقێکی چوارگۆشە ئاسای سپی، لەگەڵ کۆمەڵێ دەرگای بزۆز و جۆلانەی هەڵواسراو. ئەکتەرەکانیش بەهەمان شێوە جلوبەرگەکانیان سپی بووە و لەنێو دەرگا و جۆلانەکاندا یاریانکردووە. هەموو مەسەلە «ئیرۆتیکیەکان»یش لەم نەمایشەدا بەشێوازێکی قەشەنگ بەرجەستە کراوە. ئەو دیمەن، جوڵە، دیالۆگ و هەڵوێستە ئیرۆتیکیانەی کە

گوزارشتیان لێکراوە، تا ئەوکاتە هیچ کەسێک بەو شێوەیە نەیخستبوونە ڕوو. بەڵام لەلای پیتەر بروک هەموو ئەو شتانە دەبێتە وێنەیەکی هەستپێکراوی بەرجەستە و ئاشکرا.
خۆشەویستی، سەربەستی و ئەندێشە کۆمەڵێ شتی پێکەوە بەستراون، لە نەمایشەکەشدا دەبێتە یەکەیەکی چڕ و پێکداچوو.
پیتەر بروک لەپشت شیعرە بەرزەکانی شەکسپیرەوە پەردە لەڕووی گەمەیەکی پڕ لە نهێنی لادەبات کە پڕە لە هات و هاوار و بەختیارییەکی کێویی. جیهانی دارستان<١٣> و شیعریەتی نەمایشەکەی لە ڕوانگەیەکی سەرەتایی و کێوییەوە بەرجەستەکردووە. بەمەش کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر هەموو ئەو کارەکتەرانەی پەیوەندیان بە یەکتری و بە پانتایی شوێنەکەوە هەبووە.
پیتەر بروک بەتەواوەتی لەم ڕووەوە شەکسپیر لە کۆمەڵێ کلێشە و خوێندنەوەی سواوی یەک لەدوای یەک هاتووی چەندین نەوەی شانۆکار ڕزگاردەکات. لە شەکسپیردا شانۆیەکی داستانی، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و ڕیتواڵێکی توندوتیژ هەیە. هەروەها پیتەر بروک ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە لە شانۆی شەکسپیردا جوڵە و بزاوتێکی بەردوامی پڕ لە گۆڕانکاری بەدیدەکرێت. سەرکەوتنی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین»ی پیتەر بروک، بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرەوانی شانۆ، دەگەڕێتەوە بۆ گەشتە قوڵ و گرنگەکەی شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو بە جیهانی دید و تیئۆرە شانۆییەکانی «ئەنتۆنین ئارتۆ»<١٤> و «گرۆتۆڤسکی»<١٥>دا. پیتەر بروک لەو گەشتە هونەریە، فەلسەفیە، ئێستاتیکی و تەکنیکیەدا ڕێگا قووڵ و ساکار و ئەبەدییەکانی شانۆ دەدۆزێتەوە. بەمەش دیدێکی فراوانتر و جیهانێکی ئەزموونگەری فۆرمێکی بەهێز دەبەخشێتە نەمایشە شانۆییەکانی.

پیتەر بروک لە نەمایشی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین»دا سوودێکی گەورەی لە شانۆی میللی فارسی، چینی و هەندێ لە بنەماکانی سێرکی وڵاتانی ئاسیا وەرگرتووە. لە کۆتایی شانۆییەکەشدا، ئەکتەرەکان هاتوونەتە خوارەوە و ماڵئاواییان لە بینەران کردووە. بینەر، ئەکتەر، شانۆ و هۆڵی بینەران لە ئاهەنگێکی هاوبەشدا دەبنە یەک.‹١٦›

«ئەکتەرەکان بە جوڵانەکانیان خۆیان بەرزدەکردەوە تا ئاستی بنمیچی شانۆکە، یان خۆیان دەکرد بە پانتایی شانۆکەدا، هەروەک زیندەوەری دارستانەکان. نەمایشەکە شێوە شانۆیەکی سێرک ئاسای پڕ لە خەندەی لەخۆگرتبوو، بەتایبەتی گورجوگۆڵی و چالاکی ئەکتەرەکان و جلوبەرگە جوانەکانیان، کە لەبەردەم فۆندێکی سپی تەواوەتیدا بووبوونە نەخشێکی هەڵکۆڵراو.»‹١٧›

«خەونی نیوەشەوێکی هاوین» تەقەلایەکی سەرکەوتووی ئەزموونگەری پیتەر بروک بوو بۆ خولقاندنی فۆرم و زمانێکی شانۆیی تایبەتمەند. ئەو زمانە شانۆییەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی ڕوون و ئاشکرایە. زمانێکی گلوباڵی، جیانێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لەم ڕووەوە پیتەر بروک ئاماژە بەوە دەکات کە دیمەنەکانی شانۆیی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» ئاڵوگۆڕ و پاش و پێش نەخستووە، تەنها وشەیەک چییە لە پیەسەکەی لانەبردووە، هیچ دیمەنێکی نەگۆڕیووە. بەڵکو فۆرمی دەربڕین ئاسای نەمایشەکە لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی نوێوە پێشکەشکراوە. هەروەها پیەسەکەش لەلای پیتەر بروک، یەکێکە لەو شانۆنامانەی شەکسپیر کە لە تروپکی مەزنیدایە.‹١٨›

بەو شێوەیە پیتەر بروک لە حەفتاکانی هەزارەی ڕابردوودا، بە

نەمایشی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین» لە ستراتفۆرد مێژوویەکی نوێ بۆ شانۆی شەکسپیر، دنیای شەکسپیر، تێڕوانینی شەکسپیر و خوێندنەوە جیاوازەکانی شەکسپیر تۆماردەکات.

## ئەنتۆنیۆس و کیلۆپاترا

«ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا» یەکێکە لە شانۆییە مێژووییەکانی شەکسپیر کە باس لە مێژووی ڕۆما دەکات.‹١٩› ئەم شانۆنامەیە لەنێوان سالآنی «١٦٠٦» یان «١٦٠٧» بۆ یەکەمجار لە لەندەن نەمایشکراوە. پیەسەکەش لەنێو چوارچێوە مێژووییەکەیدا چارەنووسی پڕ لە مەرگەساتی ئەو دوو دڵدارە و جەنگەکانیان دەخاتەڕوو.

پیتەر بروک کۆمەڵێ کۆد و ئاماژەی هاوچەرخ و جیاواز لەم پیەسەی شەکسپیردا دەدۆزێتەوە. «ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا» یەکێکە لەو شانۆنامانەی شەکسپیر کە زۆر بەدەگمەن دەخرێتە سەر شانۆ. بەلآم بۆ پیتەر بروک دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ وروژاندنی توخمە مێژووییەکان و دامالینی بەرگە تەقلیدیە ئاشکراکەی پیەسەکە. هاوکێشە مێژووییەکە دەبێتە پرۆسێسێکی مرۆڤایەتی، ڕووتکردنەوەی سیفەت و گەوهەرە تەقلیدیەکانی چەمکی مێژوو لەسەر شانۆ و خوێندنەوەیەکی جیاوازی شەکسپیر.

کە پیتەر بروک لە ساڵی «١٩٧٨»دا شانۆنامەی «ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا» بۆ شانۆی شاهانەی شەکسپیر لە لەندەن پێشکەشدەکات، نەمایشەکە دەبێتە ئاهەنگێکی شاهانەی شەکسپیری بۆ پیتەر بروک، بۆ شانۆی ئینگلیزیی و خوێندنەوە جیاوازەکانی شەکسپیریش. ڕۆژنامە و ڕەخنەگرە شانۆییەکان لە سەرانسەری ئەورووپادا «ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا» دەکەنە زایەڵەیەکی زەنگە جیاوازە

بەردەوامەکەی پیتەر بروک. لەو زایەڵەیەدا نەمایشەکانی تریشی: تیتۆس ئەندرۆنیکۆس، لیری پادشا، خەونی نیوەشەوێکی هاوین دەبنە بیرەوەرییەکی گرنگ.

پیتەر بروک خۆی سەبارەت بە سەرەتای مەشق و خۆئامادەکردنی نەمایشی «ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا» دەڵێت:

«هەمیشە بەلای منەوە زەحمەتترین کار یەکەم ڕۆژی پرۆڤەیە. بە چ شێوەیەک ئەو خەڵکە لەیەکتری نزیکببنەوە؟ ناهەموارترین شێوەکانیش ئەوەیە کە سەرەتا، وەک ڕیژیسۆر، بە کۆمەڵێ باسی تەکنیک، نەخشەی دیکۆر و چۆنیەتی جلوبەرگەوە، ڕووبەرووی کۆمەڵێ ئەکتەر ببیتەوە کە لە حاڵەتێکی حەپەساودان و چاوەڕوانی شت دەکەن. ڕیژیسۆر دید و بیرۆکەی خۆی باسدەکات، دوای ئەوە هەموو تێکڕا پێکەوە دەستدەکەن بە خوێندنەوەی پیەسەکە، هەر ئەکتەرێکیش بیر لە ڕۆڵێک لە ڕۆڵەکان دەکاتەوە بۆ خۆی. من خۆم بەم شێوەیە کارمکردووە. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوتووە کە ئەم شێوەیە بە هیچ جۆرێک ڕێگایەکی باش و شیاو نییە بۆ سەرەتا و دەستپێکردنی پرۆژەیەکی شانۆیی. دوای ماوەیەکی کەم دوودڵیەکی تەواوەتیم لە چاوی بەشداراندا دەخوێندەوە. هەر یەکێک لە ئەکتەرەکان بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەم هەڵوێست و کارە بەتایبەتی بۆ ئەو یان ئەویتریان چۆن دەبێت، هەر دوای ماوەیەکی کورت هیچ ئاووهەوایەکی پاک، لەیەک حاڵیبوون و ڕوونکردنەوەکانی من سەبارەت بە پیەسەکە بوونی نەدەما، ئەمەش نەک تەنها هەر بۆ ئەوان، بەڵکە بەهەمان شێوە بۆ خۆشم. من بەشێوەیەکی ئاشکرا بیری ئەوەم دەکەوتەوە کە

دەبوو تەکنیکی تازە بدۆزمەوە.
لە پاریس لەکاتی مەشق و نەمایشی شانۆنامەی بەلکۆن The Balconyی ژان ژینیە‹ ٢٠›، لەکاتێکدا بەتایبەتی بە شەو (دوای پرۆڤەیەکی زۆر) کەوتینە مەشقی ڕاگوزاری. لە هۆڵی پرۆڤەکانماندا خەریکی مەشقی ڕاگوزاری بووین تا کاتژمێری سێی بەرەبەیان. دەتوانم بڵێم کە ئەو مەشقە ڕاگوزارییە زۆر باشتر بوو لە خودی پیەسەکەی ژان ژینیە. هەروەها منیش لەم ڕێگایەوە فێری ئەوە بووم کە دەکرێت (گەر ئێمە لەسەرەتادا بە ئەزموونێکی هاوبەشدا برۆین) چۆن ئەو هێز و ووزەییەی گروپێک هەیەتی ئازادبکرێت. ئەمەش لە پیەسێکەوە بۆ پیەسیەکی تر، کە مەشقی لەسەر دەکەین دەگۆردێت، بۆ نمونە لە نەمایشی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین)دا سەرەتا بە کۆمەڵێ مەشقی فیزیکی دەستمانپێکرد، ئەمەش بارودۆخێکی شیاوی پەیوەندیکردن و لێحاڵیبونی بۆ دروستکردین، لەهەمان کاتیشدا بووە دەروازەیەکی گرنگ بۆ تێگەیشتنی پیەسەکە. گرانترین شتیش کارکردنە لەگەڵ گرۆ نێونەتەوەییەکاندا، کەس کەس ناناسێ.
من خۆم جارێکیان گروپێکی وەهام لە پاریس و لە هۆڵێکی زۆر قەرەباڵغدا دی، هەمووشتێک بەباشی بەڕێوەچوو، لەکاتێکدا هەموومان پێکەوە ڕەشماڵێکمان لەناو هۆڵەکەدا هەڵدابوو، دوای ئەوە هەریەکە شتێکی کڕی بۆ ئەو ئاهەنگەی دواتر لە ڕەشماڵەکەدا گێرامان. دوای ئەوەی ئەو پەیوەندیەمان لەگەڵ یەکتری دروستکرد، پێکەوە گەڕاین بەدوای تێگەیشتنێکی هاوبەشدا بۆ خودی پیەسەکە، دوای ئەوە دەکەوتینە کارکردن لەگەڵ جەستە، دەنگ و هەموو

جــۆرەکــانی هونەری ڕاگــوزاریش دواتر هاتە ناوەوە و تێکەڵاو بە کارەکەمان دەبێت. لەسەرەتادا زۆر بیر لە وشە ناکــەینەوە، بەڵکو ئەوان خــۆیان دەدوێن، پرۆڤــەدەکــەن. ســەرەتا لێکۆڵینەوەی ئەوەی چۆن دەمــانەوێت بە هــەمــوو شێوەیەک ژیان بکەین بەبەری ئەو پرۆژەیەدا . لەم تەقەلایەدا ووزە بە هێــزەکانی لێکۆڵینەوە و مــەشــقــە ڕاگــوزاریەکــان سەردەکەون و لەیەکتر گەیشتنیش پەرەدەسەنێ و هێدی هێدی شتەکان دێنە پێشەوە.

وەک هەوڵ و تــەقــەلایەک بۆ دروســتکردن و دامــەزراندنی ئەزمــوونێکی هاوبەشــیش لە پرۆژەی (ئەنتــۆنیــۆس و کلیۆپاترا)دا بە ئەکتەرەکانم ڕاگەیاند، هەریەکە کۆمەڵێ وشــەی لێکدراوی جیاواز بنووسن کە هیچ مانایەکیان نەبێت. ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەم پیتانەدا مەشقیاندەکرد، هەوڵیاندەدا تا میلۆدییەکی تایبەتی پێببەخشن. هیچ هۆکارێکی تایبەتی نییە بڵێت (بۆچی؟)، بەڵام زنجیرەکان هــەمــان ریتــمی ووتاری کــردنەوەی (ئەنتــۆنیــۆس و کلیۆپاترا)ی هەبوو. لەکاتێکدا ئەکتەرەکان هەر لەسەرەتاوە ئەم ریتمە دادەمــەزرێنن کە زۆر ئاسانترە لە هەموو ئەو هەڵانەی لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی دانپیانانی وشەکاندا، ئەو شوێنانەی نادیار و جێگای گفتوگۆکردنن و هەروەها بەکــارهێنانی پشــو و پێــدەنگی وەلاوەبنرێت، ئەمــەش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دێتە ڕێی هەموو ئەکتەرێکی نائامادە کە تێکستێکی شەکسپیر وەردەگرێت.

ئەم مەسەلەیەش سوودێکی زۆری بە ئێمە گەیاند، لەوانەیە ئێستە بتوانین باشتر خۆمان لە کلێشەسازی و مۆدێلەکانی ووتار خــوێندنەوە دەربازبکەین، ئەمــەش کارێکی خــۆش و

باشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دنیای شەکسپیردا.
خاڵێکی تری گران لە پیەسەکانی شەکسپیردا، ئەوەیە کە چەندین دراما لە دراماکەیدا هەیە. شتێکی ناخۆش و نابەجێیە تەنها بیرۆکەیەک وەربگریت و بیخەیتە بەر تیشکی رووناکی، زۆرجار تەنها بیرۆکە رامیاریەکان وەردەگیرێت، ئەمەش لەم رۆژانەدا بۆتە شتێکی مۆدێرن و نوێ، لەکاتێکدا کە دەکرێت هەمان شت لە روانگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە وەربگیرێت و هەموو ئەو درامایانە کە تەنها لە ناوەڕۆکی یەک پیەسی شەکسپیردا بوونی هەیە.
لەلای شەکسپیر بنەمای بیرۆکەکان لەژێر رووکەشەکانەوەیە، وشەکان لەژێرەوە رووناکدەکرێنەوە و هەر لەوێدا لەسەرەتاوە تا کۆتایی، هەر وەک شێوەیەک لە شتە گەوهەریەکان لەو سترکتورە چنراوە پڕ لە دەربڕینەدا بوونی هەیە. شتێکی زۆر ناخۆشە زۆر کەس گۆڕانکاری لە تێکستەکانی شەکسپیردا دەکات، هەندێ تێکست وەلاوەدەنێن و خۆیان سەرلەنوێ تێکستی تری بۆ دەنووسن، بەڵام ئەوانە بە هیچ شێوەیەک بە شێوازێکی تەواوەتی و قووڵ لەو پیەسانەیان نەکۆڵیوەتەوە کە گۆڕانکاریان بەسەردا هێناوە.
هەندێ کەس لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن دەکرێت من دوای نەمایشی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین) قسەی وا بکەم. بەڵام من یەک وشە چیە لە تێکستەکەم نەگۆڕیووە. بەڵکو فۆرمەکانی دەربڕین لەلای من، شێوازە تەبا و ئاساییەکان لەخۆناگرێت.
وەکی دی، من بە باشی دێتەوەیادم کە چۆن کلیۆپاتراکەم

دۆزییەوە. لەکاتێکدا ئێمە سەرقاڵی پڕۆژەی US‹٢١› بووین و گلێندا جـاکـسـۆن (Glenda Jackson) ڕۆڵی خـاتو (گیـو)ی دەبینی، ئەو ئافرەتە ڤێتنامیـەی کـە بە هەست و سـۆزێکی زۆر سـارد مـامـەڵەی لـەگـەڵ مـونکەکـان دەکـرد، لەگەڵ ئەوەدا و بەپێوە لەسـەر لۆریەکی گـەورەی ئەمـەریکی دیمەنێکی چڕ و کـورتـی ڕاگـوزاری، بە چاوی نوقـاوەوە! پێـشکەشکرد. لەو چرکـەسـاتـەدا زانیم کێ دەبێـتـە کلیۆپاتراکەی من.»‹٢٢›

## ئەنتۆنیۆس و کیلۆپاترا لەنێوان مەشقی ڕاگوزاری و سەرچاوەکانی شانۆی توندوتیژدا .

مـەشـقی ڕاگوزاری یەکێکە لە میـتود و تەکنیکە بەردەوامـەکانی کار و پرۆسـەی پیتـەر بروک. لـەڕوانگەی هونەری ڕاگوزارییەوە، لەگـەڵ هـەموو پڕۆژەیەکی نوێدا، لـەگەڵ ئەکتـەرەکانی شـۆڕدەبنەوە بەنێو نهێنیـەکانی جـەسـتـە، دەنگ، تێکست، پەیوەندیە مـرۆڤـایەتیـەکـان و داڕشـتـەی سـترکتوری پانتاییـەکاندا. مـەشـقی ڕاگوزاری سـاڵانێکی دوورودرێژ و ئەزمـوونەکانی شانۆی توندوتیژی ئارتۆ، دەبنـە سـەرچاوە و پانتـاییـەکی گـرنگی کـاریگەری و سـوود لێـوەرگـرتنی ئەکـتـەرەکـان لـە پرۆژەی «ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا»دا. مێتودەکانی شانۆی توندوتیژی بنەمایەکی گـرنگی مـەشـقـە ڕاگـوزاریـەکـان، دیدێکی فـیـزیکی و خـوێندنەوە و بەرجەستەی پیەسەکەیە.

پیتـەر بروک کارەکتەری کلیۆپاترا «گلێندا جاکسۆن» دەکاتە نمونەی مـرۆڤـێکی بەدەسـەڵات کـە تەنهـا بیـر لە ڕۆم، ئیـرۆتیک و ئەنتـۆنیـۆس دەکاتەوە. بێگومان ئـەنتۆنیۆس وەک یەکێک لە ئەندامە سێکوچکەیەکەی

دەسەڵاتی ڕۆم دووجار جێگای سەرنج و حەزی پڕ لە شەهوەت و ئیرۆتیکی کلیۆپاترایە. لەم داڕشتەیەدا مرۆڤ هەست بە کێشەیەکی گەورەی بێسنووری دەسەڵات دەکات، کێشەیەک کە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک شتێکی ئاسایی بێت. پیتەر بروک لە هاوکێشەکانی ئەم ستركتورە هونەریەدا گەرەکی بووە کێشە و ململانێکانی کلیۆپاترا لەلایەک و هێزەکانی دەسەڵاتی ڕۆمیش لەلایەکی دیکەوە بەرجەستەبکات. پیتەر بروک لە هەندێ لە دیمەنە ڕامیاریەکاندا ئەکتەرەکانی بەرجەستەی سەمایەکی گروتێسک کردووە، سەمایەک زیاتر نیزیکبووە لە هەناسە ئەفسونیە سوریالیەکەی شانۆنامەی «ئۆپۆی پادشا<٢٣>ی ئەلفرید گاری «١٨٧٣ ـ ١٩٠٧ » هەروەها پیتەر بروک بەپێی ئەو وێنە و دیکۆمێنتانەی لەبەردەستدایە، هۆشیارانە، هەموو ئەو مۆرک و ڕووکارە ساختە ڕۆمانتیکیە «ڕۆژهەڵاتیەی» لەزۆر نەمایشی شانۆیی و فیلمدا بەم پیەسەوە لکێنراوە لابردووە. بەمەش پیتەر بروک مەبەستی ئەوە بووە کە هیچ مۆرکێکی ناوچەیی بە پڕۆژەکەیەوە نەنێ. بەڵکو نەمایشەکە سنوورێکی فراوانی مرۆڤایەتی لەخۆبگرێت. مرۆڤ لە هەموو جیهاندا، چەمکەکانی دەسەڵات، جەنگ، حەزی خۆشەویستی و ئیرۆتیک کۆیاندەکاتەوە.

دوای نەمایشەکە پیتەر بروک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا لە ستارتفۆرد ووتویەتی:

> «سروشتی کارەکە لەوەدایە هەموو ئەو شێواز و فۆرمانەی کە بەڕاستی لە دراماکە خۆیدا هەیە بدۆزێتەوە، دوای ئەوە جار لەدوای جار بگەڕێتەوە سەری تا پیەسە ڕاستەقینەکە فۆرمی خۆی وردەگرێت. بەڵام بەرەنجامەکە تەنها دەبێتە خوێندنەوەیەکی باشی پیەسەکە، بێگومان بەبێ ئەو مەشقە چڕ و توندوتیژە و گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەر ئەزموونەکە، پیەس و نەمایشەکە دروست نەدەبوو.»<٢٤>

سامۆێل بێکێت

پیتەر بروک سودێکی گەورەی لە بوونیادی پیەسەکانی سامۆێل بێکێت
وەرگرتووە بۆ ئامادەکردنی تێڕوانینە هونەریەکانی.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

<1> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.85.

‹٢› ژان کۆت لە ساڵی«١٩١٤»دا لە وارشۆ (پۆلۆنیا) لەدایکبووە، لە ساڵی «١٩٣٨»دا دەچێتە پاریس، لەوێ بزووتنەوەی سوریالیزمەکان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی تێدەکات. لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دەبێتە یەکێک لە سەربازە چالاکەکانی بەرگریکردنی وارشۆ. لەنێوان ساڵانی «١٩٤٩ ـ ١٩٥٢»دا دەبێتە پرۆفیسۆری زمانی ڕۆمانی لە زانکۆی Wroclaw ، دواتر لە نێوان ساڵانی «١٩٥٢ ـ ١٩٦٦»دا دەبێتە پرۆفیسۆری ئەدەبی پۆلۆنی لە زانکۆی وارشۆ. دوای ئەوە پۆلۆنیا بەجێدەهێلێت و دەچێتە ئەمەریکا . لەوێ لە زۆربەی زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کاردەکات، تا بەتەواوەتی لە ساڵی «١٩٦٩»دا لە زانکۆی State University of New York at Stony Brook جێگیردەبێت. هەروەها وەک سەرنووسەر و ڕەخنەگریش لە کۆمەڵێ لە گۆڤارە گرنگەکاندا کاردەکات.

<3> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.44.

‹٤› هەمان سەرچاوە. ل. ٥٤

‹٥› هەمان سەرچاوە. ل. ٣١

<٦> پیەسە شانۆییەکە بۆ پیتەر بروک سەرەتا و کۆتایی هەموو پرۆژەکانە. پیەسەکە نەبێت پرۆسەکەش لەدایکنابێت، هەر پیەسەکەیە دەبێتە هۆی تەقینەوەی هزر و خولْقاندنی دیدەکان. ڕەخنەگرە شانۆییەکان ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە نەمایشی «تیتۆس ئەندرۆنیکۆس» کە لە ڕیژی پیتەر بروکە، لە پیەسەکەی شەکسپیر بەرزتر و سەرکەوتووترە. بەڵام پیتەر بروک بەم شێوەیە وەڵامی ئەو ڕەخنەگرانە دەداتەوە: «دەتوانی شانۆنامەیەکی پۆلیسیم بدەیتێ و پێم بڵێی بیکەرە نەمایشێکی شانۆیی، هەروەک «تیتۆس ئەندرۆنیکۆس»، خێرا وەڵامت دەدەمەوە: نەخێر، ناتوانم... لەبەرئەوەی ئەو پیەسە لەناواخنیدا هیچ نهێنیەک ناشارێتەوە تا بتوانم بیدۆزمەوە و بەوەش هزر و بیرم بجوڵێنێ.» سەرچاوەی ژمارە <١>

<7> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.130-131.

<٨> Puck یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی شانۆنامەی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین.

<9> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.131.

<١٠> هەمان سەرچاوە. ل. ١٣١

<11> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.97.

<12> Blom, Rune, Teater i London, Liberförlag, Malmö, 1982. S.33.

<١٣> دارستان شوێنێکی گرنگ و پانتاییەکی ڕاستەوخۆی زۆربەی ڕووداوەکانی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین»ە. داستان و میتۆلۆژیای گرێکی، فەنتازیا، کارەکتەری میتۆلۆژی و ئەندێشە تێکەڵاوی واقیع و

خەون دەبێت.
«١٤» ئەنتۆنین ئارتۆ «١٨٩٦ ـ ١٩٤٨» ڕابەری شانۆی توندوتیژی و تێکشکێنەری گشت زەمەن و مەودا تەقلیدییەکانە لە شانۆی ڕۆژئاوادا. بە دید و بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەم هونەرمەندە شانۆییە گۆڕانکارییەکی گەورە و بنەڕەتی بەسەر تێکڕای سیستەم و پرۆسەی شانۆی جیهانیدا هاتووە و بەئاشکرا بیر و بۆچوونەکانی لە دید و بۆچوون و فەلسەفەی کەڵە ڕیژیسۆرە جیهانیەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.
«١٥» گرۆتۆڤسکی «١٩٢٢ ـ ١٩٩٩» لە ڕازێسزۆف لە پۆڵۆنیا لەدایکبووە. سەرەتا لە شاری کراکۆف و دواجاریش لە مۆسکۆ هونەری شانۆی خوێندووە. یەکەم جار لە ساڵی «١٩٥٩»دا وەکو ڕیژیسۆر بە شانۆیی «کورسییەکان»ی یۆژین یۆنسکۆ لە شاری کراکۆف دەردەکەوێت. دوای ئەوە هەموو پرۆژەیەکی ئەو لاوە دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی بینەر و ڕەخنەگران و شانۆکاران. بەرەنجامیش شانۆی «هەژار» لەدایکدەبێت. شانۆی هەژار لە ستریکتورێکی مرۆڤانەی قووڵەوە سەردەردەهێنێت. وەکو فەلسەفە مرۆڤ سەرچاوەیەکی گرنگی دونیابینی ئەو شانۆییە و جەستەش هاوکێشەی پرۆسێسێکی گەلێ مەزنە. ئاوێتەبوونێکی چڕی خەون و ئازار و خولیای مرۆڤ وەکو بنەمایەکی بیری لەلایەک، جەستەی ڕووت و قووتی هەژار «لەهەمانکاتدا دەوڵەمەند» بە ئامرازەکانی دەربڕین، دەبێتە یەکەیەکی گرنگی ئەو پرۆسەیە، پرۆسەی ڕۆح و جەستە.
گرۆتۆڤسکی لە ساڵی «١٩٦٨»دا کتێبەکەی «شانۆی هەژار» بە ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە، بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەش کیشوەرێکی تر بۆ دونیای شانۆ دەدۆزێتەوە. گرۆتۆڤسکی بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونە شانۆییەکەی، لە شەستەکانی هەزارەی ڕابردوودا بە شاکارە ئەزموونگەرییەکانی چەندین گەشتی بەسەراپای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا کردووە و هەر زوو تەوژمەکەی دەبێتە دیاردەیەکی هەرە

گرنگی شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

<16> Blom, Rune, Teater i London, Liberförlag, Malmö, 1982. S.61.

<17> Enckell, Johanna, Skärvor av Artaud, en essä om fransk teater efter Befrielsen, Like, Helsingfors, 2003. S.81.

<18> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.95.

‹١٩› شەکسپیر مێژووی ڕۆما لە سێکوچکەی «کۆریۆلان، سیزەر و ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا»دا دەنووسێت. هەروەها کتێبە مێژووییەکانی «بلۆتارک» سەرچاوەی نووسینی ئەم شانۆنامە مێژووییانەی شەکسپیرە و هەرسێکیان لە چاپێکی ساڵی «١٦٢٣»دا بڵاوبوونەتەوە.

‹٢٠› ژان ژینیە «١٩١٠ ـ ١٩٨٦» ڕۆمان نووس، شانۆنامە نووس و شاعیری فەرەنسییە. لە ساڵی «١٩١٠»دا بەشێوەیەکی ناشەرعی لەدایکبووە، ئەم لەدایکبوونەش کارێکی گەورەی کردۆتە سەر چارەنووس، پاشەڕۆژ و ڕەوتی ژیانی ژان ژینیە. ئەم نووسەرە گەورەیە بەشێکی زۆری ژیانی لە بەندیخانەکاندا بردۆتەسەر، ئاستی هۆشمەندی و پێداویستیەکانی نووسین لەلای «ژان ژینیە» لەناو بەندیخانەکاندا پەرەدەسەنێ. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرگری لە شۆڕشی گەلی جەزائیر و فەلەستین کردووە. گرنگترین پیەسە شانۆییەکانی: بەربەستەکان، ئاهەنگی ڕەشپێستەکان و نۆکەرەکان.

‹٢١› US نەمایشە بەناوبانگەکەی پیتەر بروکە «ئێمە و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا» لە شەستەکاندا دژی شەڕی ڤیەتنام. لە بەشەکانی داهاوی ئەم کتێبەدا بەتایبەتی دەگەڕێنەوە سەر ئەم نەمایشە و باسی لێوەدەکەین.

<22> Blom, Rune, Teater i London, Liberförlag, Malmö,

1982. S.64.

<٢٣> پیتەر بروک هەر لە ساڵی «١٩٧٧»دا و بەر لە پێشکەشکردنی شانۆنامەی «ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا» شانۆنامەی «ئۆپۆی پادشا»ی نووسەری فەرەنسی «ئەلفرێد گاری» لە لەندەن و لە شانۆی پادشایەتی شەکسپیر پێشکەشکردووە.

<24> Blom, Rune, Teater i London, Liberförlag, Malmö, 1982. S.65.

# بەشی چوارەم

# پیتەر بروک
# و
# ئەنتۆنین ئارتۆ

ئەنتۆنین ئارتۆ

لە ساڵی ١٩٦٤دا پیتەر بروک لە لەندەن گرۆیەکی ئەزموونگەری، بۆ
پراکتیزەکردنی میتودەکانی ئەنتۆنین ئارتۆ، بەناوی شانۆی توندوتیژەوە
دادەمەزرێنێت.

## پیتەر بروک و ئەنتۆنین ئارتۆ

ئەفسوون، ڕیتوواڵ و دیدی ئەنتۆنین ئارتۆ «١٨٩٦ ـ ١٩٤٨» کاریگەریەکی گەورەی بەسەر ئێستاتیکای شانۆی پیتەر بروکەوە هەبووە.‹١› داستانێکی پڕ لە خورپە، سەرسامی و تیشکە ناتەبا و توندوتیژەکەی، جیهانی شیعری و جەستە، وزەی ئەکتەر و دیدی ڕیژی؛ تێکڕا ئەمانە جێگای سەرنج و تێڕامانی پیتەر بروک بوون.

ئەو سەرسامیە وا لەم هونەرمەندە دەکات بکەوێتە گەڕان و مەشقێکی پڕ لە داهێنان. بەرەنجامی ئەو گەڕان و پشکنینەش کۆمەڵێ پڕۆژەی شانۆیی گرنگە لە ڕەوتی شانۆی پیتەر بروکدا. بۆ نمونە لەوانە: «ئۆدیب»ی سینیکا، «مارا ـ ساد»ی پیتەر ڤایس، «ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ـ سەبارەت بە جەنگی ڤیەتنام»، «شالیر»ی شەکسپیر، «ئۆپۆی پادشا»ی ئەلفرید گاری و کۆمەڵێ پڕۆژەی تر. ئەم پڕۆژانە دادەنرێن بە قۆناغێکی گرنگی ئەزموونگەری لە مێژووی بزووتنەوە شانۆییەکەی پیتەر بروک و شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا. هەروەها ئەم قۆناغەی پیتەر بروک کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی بەسەر تەوژمی شانۆی ئەزموونگەری شەستەکانی هەزارەی ڕابردووشەوە هەیە.

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

پیتەر بروک زۆر درەنگ دەستیکردووە بە پڕۆژە ئەزموونگەریەکانی و بۆ ماوەیەکی درێژ لە شانۆ تەقلیدیەکاندا کاریکردووە. ئەم هونەرمەندە لە سەرەتای سالآنی «١٩٥٠»کاندا لە ڕوانگەی پیەسە شانۆییەکانی ژان ئانۆی‹٢› «١٩١٠ ـ ١٩٨٧» و ژان کۆکتۆ‹٣›وە «١٨٩١ ـ ١٩٦٣» فۆرمێکی وێنەیی و شانۆیەکی شیعری دادەهێنێ. ئەم دیدە شانۆییەی پیتەر بروک ڕاستەوخۆ لەگەڵ شانۆ سەراپاگیرییەکەی ژان لوی بارۆ‹٤› «١٩١٠ ـ ١٩٩٤» لە فەرەنسا یەکدەگرێتەوە.

پیتەر بروک هەر لەم قۆناغەدا لە شانۆی Coven Garden Opera House دەردەکرێت، دوای ئەوەی بوێرانە ئۆپێرای «سالومی» بە شێوازێکی جیاواز و دوور لە ڕێسا تەقلیدیەکانی سالآنی پەنجاکانی هەزارەی ڕابردوو پێشکەشدەکات. ئەم ڕووداوە زیاتر پاڵ بە پیتەر بروکەوە دەنێت بەرەو دیدە ناتەبا و ئەزموونگەرییەکان بچێت، لەبەرئەوە و وەک کاردانەوەیەکی ئاسایی، ڕوودەکاتە نووسەرە گەنجەکانی ئەو سەردەمە، لەوانەش ئارثەر میللەر‹٥› و تێنیسی ولیامز‹٦›. پیتەر بروک لەم قۆناغەدا هەست بە قەیرانێکی گەورەی شانۆیی دەکات. لەو قەیرانەدا ڕووبەرووی کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ دەبێتەوە، لەوانە: ئایا ئێمە دەزانین لەکوێدا وەستاوین؟ لەنێوان واقیع یان مەوداکانی ئەندێشە، ڕواڵەتە ساکارەکانی ژیان یاخود تیشکە نهێنیەکانی، ئەپستراک یان بۆچوونە کۆنکرێتیەکان، لەکۆتایشدا مێژوو یاخود ڕیتواڵ؟

پیتەر بروک وەڵامەکانی ئەو پرسیارانە لە کتێبەکەی ئەنتۆنین ئارتۆ «شانۆ و هاوشانۆ»‹٧›دا دەدۆزێتەوە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی «١٩٥٨»دا بە ئینگلیزی بلآودەکرێتەوە. دوای ئەوە پیتەر بروک زیاتر لە شانۆی ئەزموونگەری فەرەنسی نزیکدەبێتەوە. ژان لوی بارۆش لەڕێگای

شـــانۆ ســـەراپاگـیـریـەکـــەیەوە زەمـــینـەیەکی لـەبار بۆ پـیـــتـــەر بروک دەرەخـسـێنـێ. ژان لوی بارۆ لە سـالّی «١٩٦٨»دا بانگهێشـتی پیـتـەر بروک دەکات و دەرگای شـانۆی گەلانیشـی لە پاریس بۆ دەکاتەوە. ژان لوی بارۆ خـۆی، وەک هـونـەرمـەندێکی بـالآدەسـتی ئەو کاتە، شـانۆی نو، کـابوکی ژاپـۆنی و هەندێ لە بنـەمـا مـیللیـەکـانی شـانۆی گـەلانی ڕۆژهـەلآتی کردبووە کەرەسـتـەیەکی دەوڵەمەند و سـەرچاوەیەکی بەسـوود بۆ «شـانۆی گەلان»‹٨›.

دوای ئەوە پـیـتـــەر بروک لـە ســـەرەتـای شــەســتـــەکـــاندا هـەندێ لە شـانۆییـەکانی ژان ژینیـە لە پاریس پێشکەشـدەکات. هەروەها هەر لەم قـۆنـاغـەدا، پیـتەر بروک تەوژمـە نوێخـوازەکانی شـانۆی ئەمـەریکیش زۆر کـاریـتـێـدەکـات، لەوانـەش «ژۆلیـان بێـک» و شـانـۆی زیندوو، «ڕیچـارد شـێـشـنەر» و گـروپـەکـەی «The Performance Group». ئەم تەوژمـە ئەمەریکیانە بەتەواوەتی پیتەر بروک بەرەو ڕەوتێکی جیاوازی کارکردن و ئەزموونکاری دەبەن.‹٩›

هەمـوو ئەزمـوونەکانی پیـتـەر بروک لـەو سـالآنەدا و کردنەوەی تاقـیگە تایبـەتمـەندەکـەی سـەبارەت بە شـانۆی توندوتیـژ و ئەنـتـۆنین ئـارتۆ و نەمایشکردنی شـانۆیی «مارا ـ ساد»یش، دەبێتـە دەروازەیەکی گرنگ بۆ دۆزینەوەی شانۆیەکی ڕیتواڵی و پیرۆز لە پانتاییە بۆشـەکاندا.‹١٠›

## ئەزموونێکی توندوتیژ

لە سـەرەتای سالّی «١٩٦٤»دا پیتەر بروک بە هاوکاری چارلس مارۆتیز لەگەڵ کۆمـەڵێ ئەکتـەری گـەنج لە شـانۆی The Aldwych Theatre لە لەندەن گرۆیەکی ئەزموونگەری، بۆ پراکتیزەکردنی میتودەکانی ئارتۆ، بەناوی شـانۆی توندوتیـژەوە دادەمـەزرێنن The Theatre of cruelty.

مـەبەست لە دامـەزراندنی ئەو تیـپـە ئـەزمـوونگەریە زیاتر لابورێکی شـانۆیی دەبێت، نەک پێشکەشکردنی نەمـایشی شـانۆیی، تـا بتـوانن لەڕێگای هونەری ڕاگوزاری و مـەشقی نـاتەبای فیـزیکیـەوە ئەکتەرەکان ڕزگـاربکەن لە بـەربەسـتـە دەروونیـەکـان و دۆزینـەوەی ڕێگایەکی تر و جـیـاواز بـۆ پەیـوەندیکردن بەیـەکـەوە. ئەمـە جگە لە هـەوڵدان بـۆ وەڵامـدانەوەی هـەندێ لەو پرسـیـارانەش کـە لەوەوبـەر خـودی «ئـارتۆ» وروژاندبوونی. دواجـار لە مـانگی سـێی سـاڵی «١٩٦٤»دا، بەرەنجـامی ئەو پڕۆژە ئـەزمـوونگەریە توندوتیـژە گـرۆی Aldwych و پیـتـەر بروک بەشـێوەیەکی زۆر کورت و چڕ لە The London Amateur Dramatic Association پێشکەشـدەکرێت. بۆ پێشکەشکردنی ئەو تابلۆ کورتانە توندوتیژترین تێکستەکانی ئارتۆ و ژان ژینیە هەڵدەبژێرن. ئەمە جگە لە کـۆلاژێک لـە گـرنگتـرین دەنـگوباسـی ڕۆژنـامـەکـانی ئەوکـاتـە. هـەروەها پیتـەر بروک خـۆی لە ڕوانگەی ڕۆژنامـەکانی سـاڵی «١٩٦٣»ەوە کۆمـەڵێ بابـەت سـەبارەت بـە ناشـتن و بەڕێکردنی تـەرمی «کـەنـەدی» سـەرۆک کۆماری ئەمەریکا ئامادەدەکات.

ئاهـەنگی کـردنـەوەی ئەو لابورە بـە یەکـێک لە تـەقـەلا سـەرەتـایی و ئەزموونگەرییەکان «تەوژمی خوێن» دەکرێتەوە، کە لەبنەڕەتدا «ئارتۆ» بۆ شانۆ توندوتیژەکەی خۆی نووسیوویەتی. سەرەتا شانۆنـامەی «تەوژمی خـوێن» بەبێدەنگی و دواتریش بەدەنگەوە پێشکەشکراوە. ئەو ئەزمـوونە کـورتـەی ئارتۆش تیـشکێکی خـێـرایە بۆ سـەر ژیانی مـرۆڤـایـەتی. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دڵدار، جەنگاوەر، قەشە و سۆزانیەک دەبینی. ئەم کـارەکتـەرانە لـە چرکەسـاتێکی زۆر دژواردا نەفـرەت لە بوونی خـۆیان دەکەن و کتوپڕ لە چاو وون دەبن. هـەموو شـانۆییـەکە تەنـها سێ خولەک دەخایەنێت، پیتەر بروک سەبارەت بەو پرۆگرامە ئەزموونگەریە دەڵێت:

«پرۆگرامـەکە بە پیـەسـە سێ خـولـەکیـەکـەی ئارتۆ [تـەوژمی

خوێن] دەستیپێکرد. نەمایشەکەمان بەشێوەیەک بەرجەستەکردبوو کە زۆر لە ئارتۆ ئارتۆتر بوو. دایەلۆگەکانمان بەشێوەیەکی تەواوەتی کردبووە هاوار.»<١١>

ئەمە جگە لە نەمایشکردنی هەندێ دیمەنی کورتی «هاملێت» بەشێوازی «ماریونێت». هەروەها ئەو تەقەلایە دادەنرێت بە یەکەم هەوڵە ئەزموونگەریەکانی پیتەر بروک بۆ بەرجەستەکردن و خوێندنەوەیەکی جیاوازتری بەرهەمەکانی شەکسپیر. ئەمە جگە لە پێشکەشکردنی هەندێ دیمەن لە بەرهەمەکانی «ژان ژینیە» بەتایبەتیش شانۆنامەی «پەردەکان» کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک پێشکەش نەکرابوو. پیتەر بروک بەم شێوەیە باسی سەرچاوەکانی پرۆژەکانی ئەو ئەزموونە توندوتیژە دەکات:

«سەرەتای پشکنینەکانمان لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە دەستپێدەکات: گاری و ئارتۆ، گاری: هێزێکی وێرانکەری مەزنە، ئەدەبی فەرەنسی لە هیماگەریەوە [کۆتایی بازنەکە] برد بەرەو سەردەمی تەکعیبی [شەش پاڵو]، تێکستەکانیشی لە شاکارەکەیەوە [ئۆپۆی پاشا]ەوە وەرگیراوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەهانەی ڕاگوزاری. بەڵام ئارتۆ کە نەمایشی یەکەم دەگرێتەوە، بەشە دانسقەکەی خۆی: تەوژمی خوێنە. دواتر ئەم تەوژمە توندوتیژەمان هەڵبژارد، بەیارمەتی هەندێ تێکست کە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە نووسرابوو، هەروەها بەیارمەتی کۆمەڵێ مەشقی تایبەتی، ئەمەش وەک تەقەلایەک بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ سەبارەت پەیوەندی نێوان شانۆ و فیلم، شانۆ و

دەنگ. بەهەرحاڵ هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوەی بووین بریتی بوو لەهێزی ڕاستەوخۆ و چڕی دەربڕین. بەم ڕۆحەوە، هەوڵماندا نزیکبینەوە لە پرۆژەیەکی ئەزموونگەری ڕەهای: هاملێتەوە.»‹١٢›

پیتەر بروک و گرۆ ئەزموونگەریەکەی ئەم بەرەنجامەیان بۆ کۆمەڵێ ئەکتەر، ڕیژیسۆر و کارمەندانی شانۆکانی لەندەن پێشکەشدەکەن. بەڵام ئەو بینەرە شانۆکارانە بەهیچ شێوەیەک ئەم کارانە سەرنجیان ڕاناکێشێت. هەروەها گەڕان و پشکنینەکانی ئەو گرۆ ئەزموونگەریە، بەر لە هەموو شتێک، زەمینە و جیهانبینیەکی تری لەخۆگرتووە کە زیاتر تایبەت بووە بە مەشق و چالاکیەکانی خۆیان.

گروپەکە شانۆی توندوتیژیان بەر لە هەمووکەسێک، وەک ڕاڤەکردنێکی هونەری و فەلسەفی، ڕووبەرووی خۆیانیان کردۆتەوە. ئارتۆ لە بەکارهێنانی وشەی «توندوتیژ» هیچ مەبەستێکی «سادی»‹١٣› نەبووە، بەڵکو تەقەلاکەی هاوارێک بووە بەسەر شانۆیەکی بێبەزەییدا کە هیچ هەستێکی بەزەیی نەبووبێت بۆ ژیان. پیتەر بروک دەڵێت:

«ئارتۆ بنەمای تیۆرەکانی لە شانۆی ڕۆژهەڵات، ژیانی مەکسیکۆ و ئەفسانەکانی تراژیدیای گرێکیدا دۆزیووەتەوە، بەڵام لەپێش هەموو ئەمانەدا لە شانۆی ئێلیزابێسیدا. شانۆی ئێلیزابیسی بنەماکانی ئەو پانتاییە بۆ هونەرمەند دەرەخسێنێ کە دەتوانێ زۆر بە سەربەستی لەنێوان جیهانە دەرەکی و ناوەکیەکاندا بجوڵێتەوە.»‹١٤›

ئەو پرۆژانە دەروازەیەک بۆ پیتەر بروک و ئەکتەرەکانی دەکاتەوە تا

لەوێوە هەنگاوی هەڵکەوتوو جیاواز بنێن. هەنگاوی پڕ لە مەترسی، ئەزموونە ناتەبا و چڕ و گرانەکان، بکەنە بنەمایەک بۆ جیهانێکی نادیاری پڕ لە نهێنی. لەهەمانکاتدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پیتەر بروک و تیپە شانۆییە توندوتیژەکەی بەدەربووبن لە کاریگەری، گەڕانەوە و سوودوەرگرتن لە بۆچوون و دیدەکانی ئارتۆ. هەر بۆیەش لە بەرەنجامی ئەو تاقیگەیەدا «تەوژمی خوێن» پێشکەشدەکەن کە ئارتۆ خۆی وەک تەقەلایەکی ئەزموونگەری نووسیبووی.‹١٥›

## ئۆدیب

دواتر لە ساڵی «١٩٦٨»دا پیتەر بروک بۆ شانۆی نەتەوایەتی ئینگلیزی بە هەمان ئاراستە و لەژێر کاریگەری ئارتۆ و شانۆی توندوتیژدا، شانۆنانەی «ئۆدیب»ی سینیکا‹١٦› «٤ی پێش لەدایکبوون ـ ٦٥ دوای لەدایکبوون» نەمایشدەکات. پیتەر بروک لەم تەقەلایەدا سینیکا هەڵدەبژێرێت نەک سۆفۆکلیس‹١٧›، زیاتر لەبەرئەوەی شانۆنامەی ئۆدیب لەلای سینیکا تەوژمێکی توندوتیژ و هەست و سۆزێکی چڕی ژیان لەخۆدەگرێت، بەڵام ئۆدیبی سۆفۆکلیس زیاتر چەمکێکی هۆمانیستی پێودانگەکانی دیاریدەکات.

پیتەر بروک لەم نەمایشەدا لە وزە و تواناکانی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە. پرۆژەکە تاقیکردنەوەیەکە بۆ ناسینی مرۆڤ تا ئەو ئاستەی بزانرێ مرۆڤایەتی تا چەند دەتوانێ بەرگەی ئازار و زوڵم بگرێت، بەبێ ئەوەی لەناوبچێت، یان پێناسە و خودی خۆی لەدەستبدات. ئەمەش وێنەیەکی جیاوازی بیرە ڕۆمانسیەکانە بۆ بوونی مرۆڤایەتی. ئەم پرۆژەیە دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین هەوڵە ئەزموونگەرییەکانی پیتەر بروک، بەتایبەتیش لەڕووی بەکارهێنانی شێوازێکی ڕیتواڵی و

بەرجەستەکردنێکی جیاوازی چەمکی زمان و وشەوە.

«ئۆدیب»ی سینیکا پیەسێکە زیاتر پشت بە وشە دەبەستێت و زەحمەتە پێشکەشکردنی لەسەر شانۆ، تێکستێکە زیاتر بۆ خوێندنەوە بەکارهێنراوە، نەک نەمایشکردن. لەبەرئەوە ڕەخنەگرەکان بەلایانەوە سەیربووە کە پیتەر بروک ئەو پیەسەی هەڵبژاردووە. بەڵام پیتەر بروک لەژێر کاریگەری ژان لوی بارۆ و میتودەکانی شانۆی توندوتیژی ئەنتۆنین ئارتۆدا، سینیکا و ئۆدیب دەکاتە نەمایشێکی ڕیتواڵی توندوتیژ، نەمایشەکە دەبێتە کۆمەڵێ وێنەی ناتەبا بەیەک و ئەفسوناوی.

دەنگ لەم نەمایشەدا توخمێکی گرنگە، بەرجەستەکردنی «وشە»ش لەو بۆتەیەدا کراوەتە ئامرازێکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە. وشە لە نەمایشی «ئۆدیب»دا بەها زمانەوانیە تەباکەی خۆی لەدەستداوە. لەبری ئەوە کۆمەڵێ ئاماژە و داهێنان وەک جۆرێکی تایبەتی لە «دەنگ» بەکارهێناوە. ئەم بەکارهێنانە جیاوازەی دەنگیش، بەتایبەتی لە سترکتورە ڕیتواڵیەکەدا، بۆتە چەمکێکی گرنگی نەمایشەکە.

پیتەر بروک پرۆژەکە لە ڕوانگەی وێنەیەکی میتا ـ فۆرمی ئارتۆوە دەکات بەبەری بیرۆکەکەیدا، لەو وێنەیەدا «وڵاتێک» بەهۆی بڵاوبوونەوەی تاعونەوە کاولبووە. نەمایشەکەش بە سەمایەک کۆتایی دێت بۆ خوای ڤینۆس، بەڵام پیتەر بروک لەبری ئەو سەمایە، سەمای «Maori»ەکانی هۆزە سەرەتاییەکانی ئوسترالیای بەکارهێناوە. داب و نەریتە ڕیتواڵیەکانی ئەو هۆزانەش دەبێتە سمبولی ئەوەی چۆن بەسەر دوژمندا سەردەکەویت. ئەم داب و نەریتانەش فۆرمێکی تورەی ڕیتواڵی هەیە، ئەمەش زیاتر لەگەڵ بونیاد و سترکتوری نەمایشەکە گونجاوە.

لەم داڕشتەیەدا وشە و گفتوگۆ دەبێتە گۆرانیەکی سەمائامێز، پیتەر بروک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو گۆرانیە ڕیتم ئاسایەش گۆرانیە ئەفسونیەکانی جادووگەرە ئەفەریقاییەکانی بەکارهێناوە، هەروەها ئەو

ڕیتمە ئەفەریقاییەی تێکەڵاو بە ئاهەنگی ڕەبەنەکانی وڵاتی «تیبیت» و گۆرانی هیندیە سوورەکانی ئەمەریکا دەکات. ئەمەش بۆتە هۆی خوڵقاندنی ڕیتمێکی بەهێز، ڕیتمەکەش زیاتر فۆرمێکی جادوگەرانەی لەخۆگرتووە.

> «ئەکتەرەکان پانتۆڵ و بلوزی ملداری ڕەشیان لەبەردابووە و جولانەوەکانیان هیچ هەست و سۆزێکی لەخۆنەگرتووە، هەموو جۆرە پەیوەندیەک سڕاوەتەوە و جوڵە و هەڵسوکەوتەکانیان زیاتر شێوازێکی ئەبستراکتی لەخۆگرتووە.»‹١٨›

جەستە و ئامرازە دەربڕینەکانی مرۆڤ، بنەمایەکی گرنگ و ڕاستەوخۆ بووە بۆ گوزارشتکردن لە هەستە مرۆڤایەتیەکان و خوڵقاندنی زمانێکی قووڵی هاوبەش.‹١٩› پیتەر بروک سەبارەت بە «ئۆدیب» دەڵێت:

> «شانۆنامەی ئۆدیب هیچ ڕووداوێکی دەرەکی لەخۆناگرێت، هەرگیز لە ژیانی نووسەرەکەیدا پێشکەش نەکراوە. بەهەرحاڵ، ڕووداوەکانی لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوونادات، کارەکتەرەکانیش خەڵکی ئاسایی نین، ڕووداوە زیندووەکەش ـ لە ڕوانگەی کۆمەڵێ وێنەی مەجازییەوە دەردەکەوێت ـ بازدەدا بۆ پێشەوە و بۆ دواوە، هەروەک تەکنیکی سینەما، بەڵام بە سەربەستیەکی گەورەتر لە سەربەستی سینەما.»‹٢٠›

هەروەها پیتەر بروک ئاماژە بەوەش دەکات کە چۆن بە ئاراستەیەک

کاریان کردووه کە دوور بووە لە زمانی پەیڤین و دیالۆگەوە. زمانی جەستە، سرووت و ئەفسوون کراوەتە بنەما گرنگەکانی ئەو پرۆژەیە لەپێناوی ئەوەی شانۆ بگۆڕێت بە جێگایەکی پیرۆز تا بتوانێت واقعێکی مەزنتر لەوەی کە هەیە تیایدا بدۆزێتەوە.

لە شەستەکانی شانۆی ئینگلیزیدا بڕوایەکی پتەو هەبووە بۆ گۆڕان و تێکشکانی شێوازی گێلانە و ستروکتوریی ئەو چینە بۆرژوا و مامناوەندییەی ناو کۆمەڵگای ئینگلیزی. پیتەر بروک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو زەمەنەدا نەیتوانیوە زۆرشت پیشانبدەن، لەم ڕووەوە دەڵێت:

> «لە شەستەکاندا بۆ یەکەمجار لە مێژووی شانۆی ئینگلیزیدا پیاوێکمان بە ڕووتی خستۆتە سەر شانۆ؛ ئێستا ئەو مەسەلانە هێندە ئاسایی و تەبایە، تاکە ڕێگایەک هەوڵی بۆ بدەیت تا لەڕێیەوە بینەرانی پێ سەرسامبکەیت ئەوەیە کە ئەکتەر بە جلوبەرگەوە بێنە سەر شانۆ!»‹٢١›

## مارا ـ ساد، خاڵێکی گرنگی گۆڕانکاریەکان

پیتەر بروک دوای دوو ساڵ تێپەڕینبەسەر پرۆژە ئەزموونگەریەکانی دا وەک بەرەنجامێکی «تاقیگە ئارتۆییەکەی» لە ساڵی «١٩٦٦»دا شانۆیی «مارا ـ ساد»‹٢٢›ی نووسەری ئەڵمانی «پیتەر ڤایس»‹٢٣› لەسەر شانۆی «ئالدویک» Aldwych لە لەندەن پێشکەشدەکات. نەمایشی مارا ـ ساد دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و ئاستێکی بەرزی ئەو پرۆسە ئەزموونگەرییەی کە پیتەر بروک دەستیپێکردبوو.

«بۆئەوەی شانۆ لە ژیان بچێت، لە ژیانەوە نزیکبێت،

پێویستە بەردەوام جووڵانەوەکان لەپێشەوە بۆ دواوە بێت: لەنێوان بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی و خودی، یان بە مانایەکی تر لەنێوان ئەوەی زۆر خودی و تایبەتە لەگەڵ ئەوەی زۆر گشتیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەو جووڵە بەردەوامەیە، پێکداچوون و چوونە دەرەوە لەسەر ئاستە جیاوازەکان، ئەم سیما گرنگە تووشی سەرسوڕمانی کردم کە بۆ یەکەمجار شانۆنامەی «مارا ـ ساد»م خوێندەوە. هەستمکرد کە ئەوە شانۆنامەیەکی زۆر چاکە.»‹٢٤›

مەسەلە ئەزموونگەرییەکان، شانۆیەکی فیزیکی و بیرکردنەوە جیاوازەکان دەبنە بنەما سەرەتاییە گرنگەکانی ئەم پرۆسێسە. لەبەر گرانی هەنگاوەکەش پیتەر بروک لەسەرەتای پرۆژەکەدا میوانداری گرۆتۆڤسکی دەکات تا هاریکاریان بکات لە هەندێ مەشقی فیزیکی و گۆڕینەوەی دید و بیروڕاکانیان. گرۆتۆڤسکی بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە لەندەن و بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەکتەر و بەشدارانی شانۆییەکە دەخاتە ژێر مەشقێکی گرانی جەستەییەوە. پیتەر بروک دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر گرانە بە وشە باسی مەشق و دیدە فیزیکیەکەی ئەو دوو هەفتەیەی گرۆتۆڤسکی لەگەڵ گروپەکەیدا بکات:

«یەکەم لەبەرئەوەی نایەوێت ئەو نهێنیانە بدرکێنێت، دووەم لەبەرئەوەی خودی ئەو مەشقە جەستەییانە زۆر گرانە بخرێتە قاڵبی نووسین و گێڕانەوەوە.»‹٢٥›

ڕەخنەگرەکان و لێکۆڵەرەوەکانی شانۆ دواتر ئاماژە بەوە دەکەن کە شێواز و فۆرمی نەمایشی مارا ـ ساد زیاتر چەمکی شانۆی بڕێشت لەخۆدەگرێت نەک ئارتۆ و شانۆی توندوتیژ، ئەوە جگە لە کاریگەریەکی

ڕاستەوخۆی تەکنیکی شانۆی پیراندیلۆ‹٢٦› «١٨٦٧ ـ ١٩٣٦ ». پیتەر بروک سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت:

«یەکێک لە ڕەخنەگرەکانی لەندەن بەم شێوەیە شالاوی کردە سەر نەمایشەکە: تێکەڵێکە لە باشترین بنەماکانی شانۆی برێشت، ئەبسورد و شانۆی توندوتیژی. ئەو ڕەخنەگرە گەرەکی بوو بەم بۆچوونەی لە نرخی نەمایشەکە و شانۆییەکە کەمبکاتەوە. بەلاّم من ئەو ڕەخنەیە بە پیاهەڵدانێکی بەرز دەبینم.»‹٢٧›

پێتەر ڤایس خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە ویستوێتی هێزی دژ و جیاوازی برێشت و ئارتۆ لە شانۆییەکەیدا کۆبکاتەوە. تا بەم پێکداچوونە زەمینەیەکی تری شانۆیی بخوڵقێنێ: جیاواز و لێکچوو، لە هەردوو بنەما شانۆییەکانی برێشت و ئارتۆدا. بەلاّم پیتەر بروک بۆچوونێکی جیاوازتری هەیە و لەم ڕووەوە دەڵێت:

«مارا ـ ساد نە بەشێوەیەکی تەواوەتی [برێشت]ە، وە نە ئارتۆ و شەکسپیریشە، بەڵکو لەلایەکەوە زۆر [ئێلیزابیسیە] و لەلایەکی دیکەشەوە لە زۆر ڕووەوە سەر بەم زەمەنانەی ئێستامانە.»‹٢٨›

بێگومان ئەو پیەسە جیاواز و شۆڕشگێڕەی پێتەر ڤایس زۆر باش لەگەڵ دید و ئایدۆلۆژیا جیاواز و ئەزموونگەرییەکەی پیتەر بروک دەگونجێن. پیتەر بروک لە شانۆنامەی مارا ـ سادا گەلێ هەنگاو و داڕشتەی گرنگ دەبینێ لە ڕووی پراکتیزەکردنێکی ڕاستەوخۆی بیروبۆچوونەکانی ئەنتۆنین ئارتۆ و شانۆی توندوتیژەوەیە.‹٢٩›

Julian Beck      Foto: Jean Marquis

پیتەر بروک تەوژمە نوێخوازەکانی شانۆی ئەمەریکی زۆر کاریتێدەکان،
لەوانەش ژۆلیان بێک و شانۆی زیندوو

«چەوسانەوە و کوشتنی [مارا]‹٣٠› لەلایەن نەخۆشەکانی بیمارستانی [چارنتن] کە لەژێر چاودێری [مارکیز دی ساد]‹٣١› نمایشکراوە» درێژترین ناونیشانی پیەسێکی شانۆییە و دواتر بە مارا ـ ساد ناودەبرێت.‹٣٢›

پیتەر ڤایس بۆ نووسینی ئەم شانۆگەرییە پشتی بە کۆمەڵێ ڕووداو و حەقیقەتی مێژووی بەستووە. هەروەها ئاوڕی لە کۆمەڵێ بەڵگەنامە، ڕاپۆرت و کەرەستەی مێژوویی و باوەڕپێکراو داوەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شانۆنامەکەی بە کارێکی مێژوویی، یاخود تۆماری لەقەڵەم نادرێ. شانۆی تۆماریش، وەک چەمکێکی گرنگ و تەوژمێکی شانۆی ڕامیاری، دوای ئەرڤین بسکاتۆر «١٨٩٣ ـ ١٩٦٦» لەسەردەستی پێتەر ڤایسدا کۆمەڵێ چەمک و سیمای تایبەت لەخۆدەگرێت. پێتەر ڤایس گەرەکی نەبوو تەنها ڕووداو و بەسەرهاتە توندوتیژ و ڕاستەقینەکانی مێژوو تۆماربکات و بە شێوازێکی شانۆیی نمایشیان بکات. بەڵکو لەڕاستیدا وویستویەتی جۆرێکی تایبەتمەند لە دراما بخوڵقێنێ کە لەدوای ئەو ڕاستیانەوە نەخشەیەک بۆ بیری مرۆڤایەتی بکێشێ و دەستنیشانی چۆنیەتی کارکردنیشی بکات. بەڵام مەسەلە توندوتیژەکان و بۆچوونە توندڕەوەکانی شۆڕشی میللەتان و گفتوگۆ ڕامیارییەکان نامۆ نەبووە بە بەرهەمە ئەدەبیەکانی لەوەوبەری پێتەر ڤایس.

«پێتەر ڤایس لە سەرەتای ژیانی نووسینیدا، زۆرجار چارەسەر و باسی ئەو مەسەلانەی کردووە کە لەدەوری تەوەرەکانی توندوتیژیدا سوڕاوەتەوە، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە کە هەر لە سەرەتاوە نووسەری بەستۆتەوە بە مارا ـ سادەوە، لەوێدا مەسەلە توندرەوەکان مانایەکی دیاریان هەیە و ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە گفتوگۆ و بۆچوونەکانی مارا و سادەوە سەبارەت بە سروشت و مەرجەکانی مرۆڤ و مەسەلە ڕامیارییەکانەوە.»‹٣٣›

## شۆڕشی فەرەنسی

شانۆنامەی مارا ـ ساد لە شۆڕشی فەرەنسی دەدوێت و بۆ ئەم مەبەستەش ڕووداوەکانی لە مێژووی فەرەنسیەوە وەرگرتووە. پێتەر ڤایس مارکیز دی ساد و ژان پۆل مارا ڕووبەرووی یەکتری دەکاتەوە. ساد وەک نووسەرێک و مرۆڤێکی نەخۆش بە سێکسە ناسازی، خاوەن بیروڕا و فەلسەفەیەکی خودی دیاریکراو و بانگەشەی فراوانبوونی دەسەڵاتی تاکەکەس دەکات بەنیازی بەدیهێنانی سەرفرازی بۆ مرۆڤ. ماراش ڕابەری شۆڕشی فەرەنسی بڕوای بە زەبر و توندوتیژیە، چونکە هەر ئەو توندوتیژییە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی سەرفرازی.

ئەم ڕووبەرووبوونەوەیەش لەلای پێتەر ڤایس لە ترۆپکی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی فەرەنسیدا بەرجەستەدەبێت. بەتایبەتی بە ماوەیەک بەر لە کوشتنی مارا بەدەستی «کۆردی».‹٣٤›

کۆردی لە گوندەوە هاتووە و خەون بە جیهانێکی درەوشاوەی ئاینیەوە دەبینێ و بڕواشی وەهایە کە بە کوشتنی مارا گەلی فەرەنسا

ڕزگاردەکات. بەڵام لەڕاستیدا مارا و ساد هەرگیز لەژیاندا ڕووبەڕووی یەکتری نەبوونەتەوە. بەڵکو پێتەر ڤایس جەمسەرە واقیعیەکانی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرە مێژووییەی لە هاوکێشەیەکی هونەری بەرزدا بەیەک گەیاندووە و ڕووداوەکانیشی لەناو نەخۆشخانەی «چارنتن»دا ڕوودەدات.‹٣٥›

پێتەر ڤایس وەک فۆرم و شێوازی نووسین بۆ بەرجەستە و وەدەرخستنی ڕووداوەکان تەکنیکی «شانۆی ناو شانۆ» بەکاردەهێنێ. ئەم شێوازەش چیرۆکنووسی جیهانی «بیراندیللۆ» بۆ یەکەمجار، بەشێوەیەکی فراوان لە شانۆنامەی «شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن» وەک تەکنیکێکی نوێ بەکاریهێناوە. پێتەر ڤایس لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی «١٩٧٩»دا بەم شێوەیە چیرۆکی نووسین و داهێنانی شانۆنامەی مارا ـ ساد دەگێڕێتەوە:

> «پایزی ساڵی «١٩٦٢» من و کوڕە دوانزە ساڵیەکەم میکائیل، فیلمێکی فەرەنسیمان دی: (Madame Sans Géne) ئەم فیلمە هانیداین مێژووی ئەو سەردەمە بخوێنمەوە کە باسی ڕووداوەکانی فیلمەکەی دەکرد. لە کتێبێکی زۆر کۆندا بەناوی (شۆڕشی فەرەنسی) (ستۆکهۆلم ١٨٩٩) وێنەیەکی مارامان لە حەوزێکی خۆشتندا بەرچاوکەوت. بەر لەم قۆناغە، لە سەردەمی خوێندنمدا مارا جێگای سەرنج و سەرسوڕمانم بوو، هەروەها هەر لەو قۆناغەشدا، ڕادیۆیەکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، داوای لێ کردبووم کە زنجیرە وتارێک سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنسی بنووسم، لەم ڕووەوە بیرم لەوە کردەوە کە گەمەیەکی شانۆیی ئێزگەیی سەبارەت بە مارا و کۆردێ بنووسم. بەڵام تەنها ئەو کوشتنە مێژووییە

ئامانجەکەی نەدەپێکا. ئەوەی جێگای باسە لە پەنجاکاندا من بەرهەمەکانی سادم خوێندبووەوە. جیاوازییەکانی ژیانی ئەم دوو کەسایەتیەش جێگای سەرنج بوو، مادەکە ئامادەبوو، بەڵام یەشتا بیرم لەو لایەنە لۆژیکیەی کە ئەم دوو کارەکتەرە کۆبکاتەوە نەکردبووەوە. ئەم مەسەلەیەش درێژەی کێشا تا زستانی ساڵی ١٩٦٢/١٩٦٣، دوای گەڕان و پشکنینێکی قوڵ، لەکاتی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نووسەر و سادناس ئەلیکساندەر کۆڤاڵ لە بەرلین ئەو بیرە دراماتیکیەم بۆهات. دەگونجا گفتوگۆی مارا و ساد لە بیمارستانی (چارنتن)دا کۆبکەمەوە، ئەمەش لە پیەسێکی ناو پیەسدا، کە بە بڕیارێکی بەڕێوەبەری بیمارستانەکە لەلایەن مارکیز دی سادێکی بەتەمەنەوە پێشکەشبکرێت. بەم شێوەیە دەکرێت، دراماکە بنووسم»<٣٦>

مارکیز دی ساد نەخۆشێکی بەندکراوی بیمارستانی «چارنتن»ە و هەڵساوە بە نووسین و کاری ڕیژی و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی ئەو شانۆنامەیە. هەر لەم ڕووەوە شێتە بەندکراوەکانی چارنتین دەبنە ئەکتەر و بینەری ئەو گەمەیە. مارکیز دی ساد لەڕاستیدا بۆ نەخۆشەکانی ئەو بیمارستانە زۆر شانۆنامەی نووسیووە و هەر لەڕێگای ئەوانیشەوە نەمایشیکردوون. بەمەش مارکیز دی ساد وەک مرۆڤێکی زرنگ و هوشیار، بە شێتی خۆی جیهانێکی تایبەتی بۆ شێتە هاودەمەکانی خوڵقاندووە. بەمەش هەر یەکێک لەو کەسایەتیە شێتانە، بە هەستی شێتی خۆیان، خۆیان لەناوەوەی خۆیاندا بەدیهێناوە.

مارا ـ ساد، ڕیژی پیتەر بروک

لە ئەرشیفی تایبەتی خاتو گونیلا ڤایسەوە

## بنەمای سێکوچکەیەکی مێژوویی

پێتەر ڤایس لە دیدی پەیوەندیەکی سێکوچکەییەوە بنەماکانی شانۆنامەی «مارا ـ ساد» پێکدەهێنێ. لەم پەیوەندییە سێکوچکەییەدا چەندین هێڵ و دارشتەی جیاوازی مێژوویی و فەنتازی تێکەڵاودەکات، بەم تێکەڵاوبوونە، وەک پرۆسەیەکی فیکری و هونەری زنجیرەیەکی ئاڵۆزی دژ بەیەک و لەهەمانکاتدا پێکەوەلکاوی خوڵقاندووە.

لۆژیکی مارا زۆر دژ و جیاوازە لە سیستەم و لۆژیکی ساد. مارا لە ڕوانگەی چرکە زەمەنێکی هەڵچووی ناو شۆڕشێکی دژوارەوە دێت کە پابەندە بە سیستەمێکی توندوتیژەوە. ئەو سیستەمە خوێناویی و توندوتیژە ئەڵتەرناتیڤی ئەو پانتاییانەیە مارا گەرەکیەتی. کەواتە گۆڕانکاری شتەکان لە ڕوانگەی بۆچوونێکی توندوتیژی شۆڕشگێرانەوە نەبێت ناگاتە هیچ بەرەنجامێک و دواجاریش هەموو تەقەلاکان لە سنوورێکی پەراوێزکراودا دەمێنێتەوە. بەڵام ئەم لۆژیکە لەلای ساد لۆژیکێکی نائاراستەیە و لە هیچ چرکە زەمەنێکدا نابێتە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو. بەڵکو بەپێچەوانەوە تاکەکەس لەلای ساد بونیاد و بنەما سەرەکییەکانە و لە دیدێکی فەلسەفیانەی تاکڕەوییەوە جیهانبینی شتەکان دەکات.

هاوکێشەیەکی لاسەنگە و کێشەیەکی دژوارە. لەلایەکی دیکەشەوە کۆردی لە دیدێکی ترەوە دەیەوێت لەپێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیدا، کۆدەتایەکی ڕاستەوخۆ بەرپابکات. ئەو کۆدەتایەش بە کوشتنی مارا نەبێت ناگاتە هیچ بەرئەنجامێک.

پێتەر ڤایس ئەم سێ کارەکتەرە ڕاستەقینە مێژووییە دەکاتە هەڵوێستەیەکی گرنگی هاوچەرخ و بەرجەستەی دیدێکی نوێ و

هونەرییان دەکات. بەمەش مێژوو، واقیع و شانۆ دەکاتە بنەمایەکی گرنگ و ئێستاتیکایەکی جیاوازی جیهانی شانۆ.

## مارا ـ ساد و پیتەر بروک

پیتەر بروک لە پانتاییەکی بەتاڵدا دارشتەی نەمایشەکەی دەخولقێنێ، ئەو دیمەنە دەروازەی خانووبەرەیەکی بێ دەرگا و پەنجەرە بەرجەستەدەکات. ئەو بارستەیەش دەبێتە دیدێکی پراکتیزەکراوی ڕاستەوخۆی بیرۆکەی «پانتاییە بۆشەکان» کە پیتەر بروک لەو سەردەمەدا بانگەشەی بۆ دەکرد. کورسیە تەختەکانی نەخۆشخانەکان شێوازێکی زۆر ساکار و باش بەکارهێنراوی لەخۆگرتووە و بەئاسانی بەشێوەی جۆراوجۆر بەکارهێنراون. حەوزەکەی مارا زۆربەی کات لە بەشی پێشەوەی هێڵی ناوەڕاستی پانتایی شانۆکەدا دانراوە. بەڵام بەردەوام توانای گوێزانەوە و جوڵانی هەبووە، بەتایبەتی بۆلای ڕاستی سەرەوەی شانۆکە. حەوزەکەی مارا زیاتر گۆرانیبێژەکان و یاریزانە لێبوک ئاساکان، لە ڕوانگەی چەندین جوڵانەوە، سەما و نەمایشی جۆراوجۆرەوە، گۆڕانکاریان بەسەردا هێناوە. لەهەمان لاوە بەرێوەبەری بەندیخانە و خێزانەکەشی لەسەر شوێنێکی تایبەتی نزیک بە بەشی کۆتایی پێشەوەی تەختەی شانۆکە دادەنیشن.

پیتەر بروک دەڵێت:

> «سێیەکی مەشقی مارا ـ ساد، وەک پرۆسەیەکی دووفاق، هانی ئەکتەرەکان و خۆشم دەدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان و چڕ شت بەرهەمبهێنین. گروپەکەم هاندەدا هەموو شتێک، باش یان خراپ، پێشکەشبکەن. ئەمەش زیاتر لەبەرئەوەی

بابەتەکە لەسەر ئاستێکی بەرز دینامیکەتێکی گەورە لەخۆبگرێت. بەم شێوەیەش بیرورایەکی ئێجگار زۆری ئامادەنەکراومان کۆکردەوە. لە قۆناغی کۆتایی مەشقەکانیشماندا، کاری ئەکتەرەکان زیاتر بەرەو پانایيە تاریکەکانی ژیانە ناوەکیە شاراوەکەی پیەسەکە بەرێکەوت.»<٣٧>

پیتەر بروک بەتەواوەتی سنوورەکانی نێوان پانتاییە شانۆییەکە و خودی شانۆ لەناو شانۆدا وەلاوەدەنێ. کە بینەران دێنە ژوورەوە پانتاییە بەتاڵەکە بەتەواوەتی کراوەیە. هەندێ لەو بینەرانەی بلیتی شوێنە باش و تایبەتیەکانی پێشەوەیان کڕیوە، دەبینن جێگاکانیان گیراوە. لەبری ئەوان هەندێ کەسی چڵکن، پیر و چەماوە، نەخۆش و شێت لە جێگاکانیان دانیشتوون. جەماوەر لەگەڵ ئەو خەڵکە سەیر و سەمەرانەدا دەکەونە دەمەقاڵێ، تا لەدواجاردا ئەو کەسانە ناچاردەکەن جێگاکانیان بۆ چۆڵ بکەن. ئەوانیش زۆر بە هێواشی، بەلام بەبێزارییەوە دەچنە سەر تەختەی شانۆکە. لەو پانتاییەدا هیچ جیاوازیەک لەنێوان بینەران و بەندەکانی نەخۆشخانەکەدا نابینرێت. بەڵکو ژووری ئەکتەرەکان، جێگا و ژووری بینەرانیشە. ئەم تەکنیکە دواتر لە پرۆژەی US، ئێمە و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، پەرەدەسێنێ.

پیتەر بروک لەم ڕووەوە ئاماژەی ئەوە دەکات کە:

«پێتەر ڤایس تەنها شانۆی سەراپاگیری بەکارناهێنێ، بەڵکو ئەو بیرۆکەیەش بەکاردەهێنێ کە هەموو توخمەکانی تەختە و ئەندازەی شانۆ لە خزمەتی شانۆییەکەدا بێت. هێزی شانۆنامەکەش تەنها ناگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی

شـێـوازێکی جـۆراوجـۆر، بـەڵکو زیاتر دەگـەڕێتـەوە بۆ دروسـتبـوونی ئەو قـەیرانەی لە بەرەنجـامی پێکداچوونی ئەو شێوازە دژانەدا ڕوودەدات. هـەموو شتێک بەهۆی دژەکەیەوە لە جێگای خۆیدا دانراوە: جدی لەڕێگای کۆمیدییـەوە، پایە بـەرزەکـــان لـەڕێگای ‹مـــیللی›یەوە، ئـەدەبی لـەڕێگای بازاڕییـەوە، ڕۆشنبـیـری لەڕێگای جـەسـتـەوە. ئەمـانەش بەهـۆی وێنەکـانی تـەخـتـەی شـانـۆوە ژیانیـان دەکـرێت بەبەردا.»‹٣٨›

پیتەر بروک تێکستـەکانی پیەسەکە دەکاتە وزەیەکی بەرجـەستەکراوی وێنـەیی. ئەم شـێـوازە وێنەییـە توندوتیـژەش بە باشـی لە جلوبەرگ و کـەرەسـتـە بەکارهێنراوەکانی کارەکتەری شـێتـەکان و گۆرانیبێژەکـاندا ڕەنگیداوەتەوە. بەشێوەویەکی گشتی زمـانی جەستە و وێنە شانۆییەکان لایەنێکی گرنگ و وزەیەکی دیار و ئاشکرای نەمایشـەکە دەبێت. هەست و سـۆز ڕاسـتـەوخۆ دەبێتـە کۆمـەڵێ توخم و داڕشتـەی بینراو. وشـە لەو تابلۆیەدا بەرجـەسـتـەی کۆمـەڵێ جوڵەی ئێسـتـاتیکی و فیـزیکی دەکات. ئەم وێنە پڕ لە وزە و جـەسـتـە هـەژێنراوە، بەتایبـەتـی لە تابلۆی کـۆتایی نەمـایشـەکەدا دەگـاتە ئاسـتـێکی دەربڕین ئاسـای بەرز. لەو تـابلۆیەدا کارەکتەری شێتەکـان شۆڕشـەکەیان بەرپادەکەن. شۆڕش و تێکئالآنێکی سـێکس ئامـێـز، دەروازەیـەک بۆ توندوتیـژی شـێـتـەکـان دەکـاتەوە و ڕاستەوخۆ ڕووبەرووی بینەرانیش دەبێتەوە.

لەو ڕوبەرە کـراوە و فـراوانەدا هیـچ سنورێک بینەر و ئـەو کـارەکـتـەرە شێتانە لەیەکـتری جیـاناکاتەوە. بەڵکو هونەری سـینۆگـرافـیا و دیدی ڕێژی پیـتـەر بروک، پانتـایی شـانۆکـە و لەژێر ڕووناکیـەکی بـەهێـز و تەواوەتی هـەمـوو پرۆجێکتـەرەکاندا، دەبەسـتێتـەوە بە هـۆڵی دانیشـتنی بینـەرانەوە. لـەو ڕابوونـە توندوتیـــژەی شــێـــتـــەکــانـدا، بـەڕێوبـەری

بیمارستانەکە هیچی بۆ ناکرێت، بەڵکو لەبری ئەوە هەڵدێت و خۆی لە لۆژەکانی بینەراندا دەشارێتەوە.

تەنانەت پاسەوانەکانیش توانای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێتەکانیان نابێت. دوای هەڵهاتنی ئەوانیش کرێکارانی شانۆکە ناچاردەبن ئەو شاڵاوە توندوتیژەی شێتەکان ڕابگرن. بەڵام نەمایشەکە بەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو دیمەنەکە بەوە کۆتایی دێت کە شێتەکان کەلوپەل، جلوبەرگ و بارۆکەکانیان فڕێدەدەن. دوپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ئەمە تەنها شانۆیە، دوای ئەوە چەپڵەڕێزانی بینەران، بە چەپڵەیەکی پڕ لە گاڵتە ئامێزی ئەکتەرەکان دەوەستێنرێت.

بەو شێوەیە «بریشت» لەگەڵ «ئارتۆ»دا ئاوێزانی یەک دەبن؛ شانۆیەکی داستانی بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤ، هەستە دژوار و شەیتانیەکانی ناوەوەی دەکات. هەروەها ئەو وێنانە دەبێتە دەربڕینێکی ئاشکرای هەموو ئەو هەستە شەڕانگیزییە سروشتیانەی ناوەوەی مرۆڤ کە پێش وەخت هیچ خۆئامادەکردنێکی بۆ نەکراوە، لە کۆمەڵێ هەڵوێستەی توندوتیژی کێوی ئاسای ئەو مرۆڤە شێت و هەژارانەدا بەرجەستەدەبێت.

## ئێستاتیکا و دیدی چارەسەرە هونەریەکان

دیدی ڕیژی و پراکتیزەکردنی چەمکەکانی سینۆگرافیا و ئامادەکردنی مۆسیقا، ڕۆڵێکی گەورە لە دیاریکردنی پەیوەندیە هونەرییەکاندا دەگێرێ. پرۆسەی ئەو پەیوەندییەش یەکە فیکری، ئێستاتیکی و هاوکێشە ئەزموونگەریەکەی پڕۆژەکە دەکاتە سەرەتایەکی پتەوی پێوەدانگە هونەریەکان. بەکارهێنانی کۆمەڵێ هێمای بەرجەستەکراویش ـ لە داڕشتە ئاوێزان بووەکانی مارا ـ سادا ـ دەبێتە

سیستەمێکی سیمۆلۆژی و سترکتورە هونەریەکان پێکدەهێنێ. کۆمەڵێ بارستەی شێوە پەنجەرەیی، بە جۆرێکی بازنەیی لە نێوەڕاستی پانتایی شانۆکەدا دانراوە. بەشەکانی ئەو بارستەیە، لە فۆرمێکی سێگۆشەیی پێکەوە لکاودا، ئەو شانۆ خڕە بازنەییەیان دروستکردووە. ئەو شانۆ بازنەییە هەندێ لە زەوی پانتایی شانۆکەوە بەرزبۆتەوە. هەروەها ئەو بارستانە لەکاتی پێویستدا، بەتەنها بەپێوە ڕاگیراون، یان پێکەوە بازنەیەکیان لە چەشنی شوردا پێکهێناوە. لەکۆتایشدا دەبنە بەندیخانە. ئەو بارستە سێگۆشەییانە پێکەوە فۆرمێکی ئێستاتیکی بزۆزیان لەخۆگرتووە. هەندێجار دەبنە بازنەیەک، بەشێوەیەک دەبنە دەربڕی بزاڤێکی گەردوونی لەبەینی هێزەکانی بوون و نەبووندا. هەروەها ئەو بارستە سێگۆشەییانە بەئاسانی لادەبرێت، لەژێر بارستەی هەر سێگۆشەیەکدا چاڵێکی تایبەتی هەیە. ئەم چاڵانە دەبنە گۆڕی بەکۆمەڵ، یان بەندیخانەیەکی توندوتیژ بەئاسانی لەکاتی پێویستدا شێتەکانی بە زەبری هێز تیا تونددەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە یاساکانی تاوان و سزای کۆمەڵگای ڕۆژئاوا، دەبێتە ئاوێنەیەکی بەرجەستەکراوی مێژوویەکی توندوتیژی مرۆڤایەتی. خاتوو گونیلا ڤایس کە بەرپرسیارێکی ڕاستەوخۆی سینۆگرافیا و ئامادەکردنی جلوبەرگی نەمایشەکە بووە دەڵێت:

«ئەو چاڵ و بارستە بازنەییە لە ڕوانگەی خەونێکی دۆزەخ ئاسای خۆمەوە دەقی وەرگرتووە.»

هەروەها خاتوو گونیلا ڤایس لە وەڵامی پرسیارێکی ترمدا ووتی:

«ڕۆژانی مەشق و پرۆسەی دامەزراندنی پرۆژەکە زۆر درێژبوو. ئەمەش ئەو بوارەی بۆ من ڕەخساندبوو، هەموو

> ڕۆژێک، دوای ئەوەی گرفتە تەکنیکیەکانی خۆمم سەبارەت بە سینۆگرافیا و جلوبەرگ چارەسەردەکرد، بەشداری کاری پرۆڤەکانیشم دەکرد. ئەمە جگە لەوەی دوای هەمو و ڕۆژێکی درێژی مەشق و پرۆڤەکان، پیتەر بروک و هەموو بەشدارانی پرۆژەکە، نزیکەی یەک کاژێر گفتوگۆیان لەسەر مەشق وکارەکانی ئەو ڕۆژە دەکرد. بیری نوێ، پێشنیاز و گۆڕانکارییەکانیان دەخستەڕوو. ئەوانەی کە بەلامانەوە چاک بوایە تاقیدەکرایەوە، پەسەنددەکرا، یان هەڵدەگیرا بۆ ڕۆژی دواتر. لەکاتی خودی پرۆڤەکاندا، بە هەموو شێوەیەک، هەموو جۆرە گفتوگۆیەک قەدەغەبوو.»<٣٩>

پیتەر بروک هەر لە سەرەتاوە بەو مۆسیقایە قایل نابێت کە بۆ نەمایشەکەی بەرلین ئامادەکرابوو، بەڵکو داوای مۆسیقایەکی تر و تایبەتمەندی نەمایشەکەی خۆی دەکات. ئەو مۆسیقا نوێیەش یەکسەر لەگەڵ ڕۆژانی مەشق و پرۆڤەکاندا نووسراوە. «R.C.Peasly»ی کۆمپۆسیتۆری مۆسیقی، هەموو ڕۆژێ ئامادەی ڕۆژانی مەشق و پرۆسەی دامەزراندنی نەمایشەکە دەبێت. خاتوو گونیلا ڤایس دەڵێت:

> «Peaslyی کۆمپۆسیتۆر بە هاوکاری ئەکتەرەکان توانی ئەو ڕیتمە لە مۆسیقاکەیدا بدۆزێتەوە کە لەگەڵ ئەوان و پیەسەکەدا دەگونجا. هەروەها Adrian Mitchelی شاعیریش بەردەوام ئامادەی ڕۆژانی مەشق و پرۆڤەکان دەبوو، ئەویش بە بەشداریکردنێکی گەرم و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپۆسیتۆردا، هەروەها بەبەشداری ئەکتەرەکان و پیتەر بروک بە تێکستەکاندا دەچووەوە و گەر پێویست بوایە دایدەڕشتەوە و ڕێکی دەخستنەوە.»<٤٠>

## بەفیلمکردنی مارا ـ ساد

پیتەر بروک بە نەمایشی مارا ـ ساد، دەرگایەکی تر بەڕووی فەلسەفە و ئەزموونەکانی شانۆدا دەکاتەوە. هەروەها چەمکەکانی شانۆی ئەزموونگەریش دەگەیەنێتە ئاستی تروپک. مارا ـ ساد لە لەندەن، پاریس و ئەمەریکا بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نەمایشدەکرێت. بەپێرەوەچوونێکی چاوەڕوان نەکراوی بینەران، چەمکەکانی شانۆی ئەزموونگەری و سیاسەتی شانۆکانی ئەوکاتەی ڕۆژئاوای گۆڕی.

ئەم سەرکەوتنانە وا لە پیتەر بروک دەکات کە نەمایشەکە بکاتە فیلمێکی سینەمایش. پیتەر بروک لەم بارەیەوە دەڵێت:

«لە فیلمەکەدا وێنەی ئەوەم گرتووە کە چاو دەیبینێ. ئەم پرۆسەیە لەسەر شانۆ بەپێچەوانەوەیە، بەڵکو لەبری چاوێک هەزار کەس بە دوو چاوەوە دەڕواننە نەمایشەکە، بەڵام لەهەماکاتدا، هەر هەموویان ڕووبەرووی تێڕوانینێکی گشتی دەبنەوە.»<٤١>

فیلمەکە بە هەمان سەرکەوتنەوە لە زۆربەی هۆڵی سینەما تایبەتیەکان و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی وڵاتە ئەوروپیەکانەوە بڵاودەکرێتەوە. خاتوو گونیلا ڤایس لەم بارەیەوە ووتی:

«بۆ فیلمەکە دیوارێکم لەلای چەپی سینۆگرافیاکەدا کردەوە، بۆ ئەوەی کامیرا و ڕووناکی بتوانێ بە سەربەستی کاربکەن. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەشدا کە کراوە لە

وێنەگرتنی فیلمـەکەدا، دەکرێت فیلمـەکە بە دیکۆمـێنتێکی باشی هـەردوو نەمـایشـەکـەی لەندەن و نیـویۆرک دابـنرێت. دیمەنی کـۆتایی لە فـیلمـەکـەدا، بەتەواوەتی بە شـێـوەیەکی جیاواز و سەربـەست جودایە لـە نەمایشە شانۆییـەکان. لە فـیلمــەکــەدا دیوارێکی شـیـشی پەنجــەرەئاسـا، هەروەک بەندیخانە، پانتایی شانۆ و هۆڵی بینەران لێکجیادەکاتەوە. لە شـانۆییـەکـەدا، کـە شـێـتـەکـان بە شـێـوەیەکی توورە، هێـرشــدەکـەنە ســەر بینـەران، دیوارە ئاسنینە پـەنجــەرە ئاسـاکـە دێتـە خـوارەوە، بەڵام لە فـیلمـەکەدا لـەبری ئەوە بە دیوارە پەنجەرە ئاساییەکە چارەسـەرکرابوو.»‹٤٢›

## ئێمە و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا...!

**«مەسەلەکە تەنها تایبەت نییە بە بینەران، بەڵکو تایبەتە بە هەموومان، تێکڕا ئەکتەر و بینەران پێکەوە.»**

نەمایشی «مارا ـ ساد» یەکێکە لە نمونە بەرز و سەرکەوتووەکانی پیتەر بروک لە بواری پراکتیزەکردنی شانۆی توندوتیژی «ئەنتۆنین ئارتۆ»دا. ئەو سەرکەوتنەی پیتـەر بروک لە ڕوانگەی نەمایشی «ئێمە و ئەمـەریکا» و هـەر لـەســـەر شـــانۆی دویک لـە لـەندەن لـە ســـاڵی «١٩٦٦»دا بەردەوامدەبێت. ئەو بەردەوامیەش بەها و گرنگیەکی مـەزن دەبەخشێتە ئەزمـوونەکانی پیتـەر بروک لە ڕەوتی شـانۆی هاوچەرخی جـیـهانـیدا. پیتەر بروک سەبارەت بە سەرەتاکانی ئەم پرۆژەیە دەڵێت:

«پێداویستیـەکی زۆر گرنگی هەڵوێست وەرگرتن سـەبارەت بە جـەنگی ڤـیـەتنام وای لێکردین بیـر لە پرۆژەی ئێـمـە و

ئەمــەریکا بکەینەوە. هـەروەها ئێـمـە لەو بڕوایـەشـدا بووین هیچ پڕۆژەیـەکی هونەری سـەبارەت بەم مـەسـەلـەیە لەئارادا نەبوو. دەشـمـانزانی کـە ناکرێت بچین بۆ لای نووسـەرێک و بڵـێین شـاکـارێکمـان سـەبارەت بە ڤـیـەتنام دەوێت. لەم ڕوانگەیـەوە بەرامـبــەر دوو ڕێگا بووینەوە: یان ئەوەتا بەبێ هـیـچ کـــــارێک بمـێنینـەوە، یان ئـەوەتـا بڵـــــێـین: با دەستپێبکەین.»<٤٣>

یەکـێک لـە ڕووداوە گـرنگەکـانی شـەسـتـەکـانی هـەزارەی ڕابردوو لە جـیــهـاندا، پەلامــاردانی هێـرشـی دڕندانەی وڵاتـێکی زەبەلاحی وەک ئەمــەریکا بـوو بۆ سـەر وڵاتێکی هـەژار و بچـووکی وەک ڤـیـەتنـام. ئەو جــەنگە خــوێناوی و تونـدوتیــژە چەنـدین ڕا و بۆچـوون و هـاواری دژ و نارەزایی بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوڵقاندووە.

پیــتــەر بروک ئـەم مـەســەلـەیە وەک هەڵوێـســتـێکی گـرنگی هـونەری وەردەگرێت.

«ئەمــەریکا جـێگای گـرنگی پێـدانی ئێـمـەیە، لەبەرئەوەی بەشێکە لـە ئێمە، تاوانەکانیشی بەناوی ئێمە هەمـوومانەوە دەکات.»<٤٤>

هـەر لـەم ڕووەوە شـانۆیەکی بەرهـەڵسـتکار وەک ئەزمـوونێکی گـرنگ و پرۆسـەیەکی هونەری، بەتایبـەتی دوای نەمایشکردنی مارا ـ سـاد دەبێتە پێداویسـتیەکی گرنگ و مێژوویی. شـانۆنامـەی «یو. ئێس» یان ئێـمـە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسـەر شـانۆی «دویک» دەبێتـە یەکێک لە گرنگترین پڕۆژە هونەریەکانی شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو.

پیتەر بروک بەم شێوەیە باسی هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆی دەکات:

«لە هاوینی ساڵی ‹١٩٦٦›دا کۆمەڵێ ئەکتەر و نووسەر و ڕیژیسۆر، لەگەڵ هونەرمەندی سینۆگراف و مۆسیقی لە شانۆی شاهانەی شەکسپیر کەوتنەکار. لەئەنجامدا پرۆژەیەکی شانۆیی دروستبوو بەناوی «ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا». ئەمەش تەنها کارێک نەبوو لەلایەن ئێمەوە، بەڵکو کاردانەوەیەکی پێویست بوو. کاردانەوەیەک سەبارەت بە جەنگی ڤیەتنام کە هەمیشە خۆی بەسەرماندا دەسەپاند. هیچ ڕێگایەکی تر نەبوو. کۆمەڵێ وێنە هەمیشە ڕاویدەناین، وێنەی پیاوێک لە ناوەڕاستی ڕێگایەکدا دەکوژرێت و هیچ کەسێک لە پەنجەرەکانەوە ناجوڵێتەوە، هەوڵمدا وشەکان والێبکەم کە ئێمە نامانەوێت چیتر لە پەنجەرەکانەوە بە بێدەنگی سەیریکەین.»‹٤٥›

کەواتە پرۆژە شانۆییەکە تەنها ئەزموونێکی تری شانۆیی نابێت بۆ پیتەر بروک. بەڵکو بەر لە هەموو شتێک هەڵوێستێکی ڕاستەوخۆ دەبێت دژی جەنگ، دژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و هاوسۆزیەکی تەواوەتی هونەرمەندێکی گەورەشە سەبارەت بە گەلی ڤیەتنام و مرۆڤایەتی. گرنگی ئەو پرۆژەیە لەوەدایە پیتەر بروک ڕووداوێکی گرنگی جیهانی، ئەو ساتەوەختە، دەکاتە پرۆژەیەکی شانۆیی و هونەر دەکاتە ئامرازێکی بەرهەڵستکار بۆ ڕیسواکردنی گەورەترین هێزەکانی جیهان.

پیتەر بروک لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت:

«هەر لەسەرەتاوە مەسەلەکە ئەوەبوو کە چۆن ڕووداوە هاوچەرخەکان بچێتە ناو شانۆوە؟ ئێمە گرنگی بە

> شانۆیەکی بەرهەڵستکار دەدەین. لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهانی هاوچەرخماندا، چ شتێکە کە ڕووبەرووی شتێکی تر دەبێتەوە! کێ ڕووبەرووی کێ دەبێتەوە؟ سەبارەت بە مەسەلەی ڤیەتنام دەتوانین بڵێین مەسەلەیەکە هەموو کەسێک و تاکێک دەگرێتەوە. هەروەها دەکرێت بڵێین هیچ کەسێک و تاکێکیش ناگرێتەوە. گەر مرۆڤ توانی ‹تەنها بۆ یەک ڕۆژ› ترس و توندوتیژی ڕووداوەکانی ڤیەتنام لە مێشکیدا هەڵبگرێت و لەگەڵ ئەو ژیانە هێمن و تایبەتەی خۆیدا بەراوردی بکات کە تیای دەژی، شڵەژان و تێکچوونێکی گەورەی تێدا ڕوودەدات کە زۆر ئەستەمە بەرگەی بگریت.»‹٤٦›

بیست و پێنج ئەکتەر لەو پرۆسەیەدا بە پەیوەندییەکی پتەو و بێوێنەدا بەشداردەبن. پیتەر بروک ئەو گرۆیە بە «گرۆی ئەکتەر» ناودەنێت. گرۆکە بە لێکۆڵینەوەی چڕ و وەرگرتنی هەڵوێست و تێڕوانین لە گرفتەکانی ئەو جەنگەی ڤیەتنام دەستبەکار دەبێت.

لەسەرەتادا گرۆکە هیچ پیەسێکی دیاریکراویان لەبەردەستدا نابێت، بەڵکو لە دەروازەی کۆمەڵێ مەشقی تایبەتی «ڕاگوزاری»یەوە، وەک پرۆسەیەکی هەرەوەزی، دەگەنە بەرەنجام و نووسینی پیەسەکەیان. هەروەها بەشێوەیەکی تەریبی لەگەڵ بەرەنجامەکانی خۆیاندا هەندێ لە تێکستەکانی Ted Hughe´sی شاعیریشیان بەکارهێناوە. ئەو پرۆسەیەش چەندین مانگی خایاندووە و دواتر لەماوەی پانزە هەفتە مەشق و پرۆڤەی چڕ و بەردەوامدا، هەموو ئەکتەرێک لەو گرۆیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ گەلی ڤیەتنام و مەسەلەکەیدا دروستکردووە.

«هەر لە سەرەتاوە پیتەر بروک بینەران تێکهەڵکێشی نەمایشەکە دەکات. ئەکتەرەکان سەریان بە زەرفی کاغەز داپۆشراوە و تەختەی شانۆکەیان بۆ نادۆزرێتەوە. بینەران ناچاردەبن کە یارمەتیان بدەن تا جێگاکانیان بدۆزنەوە.»‹٤٧›

پیتەر بروک سوودێکی زۆر لە هەموو تەوژمە شانۆییەکان وەردەگرێت بۆ خوڵقاندن و بەدیهێنانی شانۆیەکی جیاواز و بەرهەڵستکار. بەتایبەتیش کاریگەری شانۆی زیندووی «ژۆلیان بیک»، شانۆی توندوتیژی «ئانتۆنان ئارتۆ»، شانۆی هەژاری «گرۆتۆڤسکی» و تەکنیک و شانۆی تۆماری «پێتەر ڤایس»ی بەسەرەوە بووە. بەڵام پیتەر بروک هەموو ئەو کاریگەریانە دەخاتە خزمەتی بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی سەبارەت بە خوڵقاندنی شانۆیەکی بەرەنگار و ڕیسواکردنی هێرشە دڕندەکەی ئەمەریکا بۆسەر ڤیەتنام.

هەموو نەمایشێکی «ئێمە و ئەمەریکا» بە بێدەنگیەکی کوشندە کۆتایی هاتووە. دوای نەمایشێکی توندوتیژی بەرهەڵستکار و ڕیسواکردنی هێزەکانی وڵاتێکی وەک ئەمەریکا بێدەنگی باڵیکێشاوە بەسەر ئەکتەر و بینەراندا.

«ئەکتەرەکان بەرلەو بێدەنگیە، لەڕێگای ڕیتواڵێکەوە «پەپولەیەک» دەسوتێنن. دوای ئەوە شانۆکە بەجێ ناهێلن، ئەمەش دەبێتە هۆی ناچارکردنی بینەران کە لەوێدا بڕیارێک بدەن.»‹٤٨›

پیتەر بروک لەڕێگای تەکنیکێکی هونەریەوە بینەرانی ناچاری ئەو

بێدەنگیە کردۆتەوە. کاردانەوەی ڕۆژنامەنووس و بینەران بەرامبەر بەو چرکەساتە بێدەنگە جۆراوجۆر بووە. بەڵام پیتەر بروک خۆی ئەم مەسەلەیەی بەم شێوەیە ڕوونکردۆتەوە:

«لە ئینگلستان کۆتایی نەمایشەکە بێدەنگی بوو، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان «وڵاتە یەکگرتووەکان» و «ئێمە»: ڤیەتنام و لەندەن. ئەکتەرەکان نواندنەکەیان دەوەستێنن و بە بێدەنگی دەمێننەوە، هەندێ لە بینەران لە هەڵوێستەیەکی دوژمنکارانە زیاتریان لەم بێدەنگیەدا نەدەدی، لەو بڕوایەدا بوون کە ئەوان لە کەسانی تر باشترن و بەڵام تاوانبار دەکرێن. هەندێکی تر ئەو بێدەنگیەی بە جۆرێک لە سوکایەتیپێکردن دەزانی،هەندێکی تریش ڕاکردن لە هەڵوێستەکان، هەروەها هەندێکیش ئەو بێدەنگیەی بە پڕۆپاگەندەیەک دادەنا بۆ کۆمۆنیستەکان.»<٤٩>

پیتەر بروک بەم شێوەیە وەڵامی ئەو کاردانەوانەی بینەران دەداتەوە:

«لەکاتێکدا ئەکتەرەکان لە کۆتایی هەموو نەمایشێکی <ئێمە و ئەمەریکا>دا بە بێدەنگی دادەنیشتن، وەک هەندێک لێکیان دەدایەوە، گلەیی و تاوانبارکردنی بینەران نەبووە، بەڵکو ئەوەش دووبارە پرسیارکردنەوە بووە لە ئێمە، لە هەموو شەوێکدا، سەبارەت بە هەڵوێستمان لەم چرکەساتەدا، ئێستا و لێرەدا، چی لە ناوەوەماندا، لە جیهاندا، لە چواردەورماندا ڕوودەدات. ئەکتەرەکان لەو حاڵەتەدا بە خۆیانەوە سەرقاڵبوون.»<٥٠>

بێدەنگی دوای هەموو نەمایشێک ئەو هەڵوێستە توورەیە بوو دژ بە جەنگ، بە ئەمەریکا و ئەو بازرگانانەی جەنگ کە هەوڵی بەردەوامی جەنگ دەدەن. پیتەر بروک لە شەستەکاندا و بە پرۆژەی «ئێمە و ئەمەریکا» هەموو کۆمەڵگای ئەوروپی و تەنانەت ئەمەریکاشی ڕووبەڕوویی کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ کردۆتەوە. پەردەهەڵماڵینێکە دژ بە دوژمنکاری، توندوتیژی و خوێنڕشتن لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا. «ئێمە و ئەمەریکا» هاوارێکە دژ بە هەموو داگیرکردن و پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤ. لەهەمانکاتدا دووپاتکردنەوەی بڕوایەکی قایمبوو بە توانا ئەفسووناوییەکەی شانۆ.

نەمایشی «ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا» لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بانگهێشت دەکرێت، بەڵام پیتەر بروک، بەپێچەوانەی پرۆژەکانی ترییەوە، قایل نابێت نەمایشەکە لە شانۆی «دویک» لە لەندەن بگوێزرێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا گروپەکە هیچ پیەسێکی نووسراو و ئامادەیان لەبەردەستدا نەبووە. بەڵکو هەموو نەمایشەکە لە ڕوانگەی هونەری ڕاگوزارییەوە بوونیادنراوە، بەمەش پەیوەندیە ڕاستەوخۆکانی ئەکتەر و بینەران چاوگێکی هاوبەش و گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنی نەمایشەکە.<٥١>

## ئەنتۆنین ئارتۆ / پیتەر بروک
## دوا ویستگە و بەرەنجام

کاریگەری میتود و شانۆ توندوتیژەکەی ئەنتۆنین ئارتۆ تەنها لەو چەند پرۆژەیەی پیتەر بروکدا ڕەنگ ناداتەوە کە ئاماژەمان بۆ کردووە. بەڵکو هەموو قۆناغی شەست و حەفتاکانی کار و پرۆژەکانی پیتەر بروک

بەشێـوەیەک لە شێـوەکـان، مـۆرک و شێـوازەکانی شـانۆی تونـدوتیژی لەخـــۆگـــرتووە، ئەم کـــاریگەریەش بە چەندین ئـاســـتی جـــۆراوجـــۆردا تێپـەڕیووە. لەگەڵ هەر قۆناغێکدا ئارتۆ دەبێتـە فـۆرمێکی جیـاوازتر بۆ دید و فەلسـەفە ئەزمونگەریەکەی پیتەر بروک.

پەیوەندیکردن بە بینەران و مـامـەڵەکـردن بە پانتـاییـە بـۆشـەکـانەوە، خـاڵێکی گرنگی ئەو لێکۆڵینەوانەش بووە. لە بـەرەنجـامـدا پیـتـەر بروک زیاتر بـۆچوونە پراکـتـیکیـەکـانی سـەبارەت بە شـانۆی توندوتیـژی لە نەمـایشکردنی شـانۆنـامـەی «ئۆپۆی پـاشـا »ی نووسـەری فـەرەنسی «ئەلفرێد گاری»‹٥٢›دا بەرجەستەدەکات.

پیتەر بروک لەم نەمایشەدا شـوێنپێی ژان لوی بارۆ هەڵدەگرێت و لە دیدێکی پشکنین و ئەزمـوونگەرییـەوە دەگـەڕێتـەوە سـەر ڕەگ و سەرچاوەکانی شانۆی توندوتیژ لەلای ئەنتۆنین ئارتۆ.

پیتەر بروک لە ساڵی «١٩٧٧»دا پیەسـەکانی ئەلفرێد گاری سەبارەت بە «ئۆپۆ» لە یەک نەمـایشـدا بەناوی «Ubu dans les Bouffes » ئامادە دەکات. نەمایشەکە بە سـەرکەوتنێکی گەورەوە لەسـەر شانۆی دو نور لە پاریس پێشکەشدەکرێت.‹٥٣›

پیتەر بروک لەکاتی بەفیلمکردنی شانۆنامەی مارا ـ ساد

لە ئەرشیفی تایبەتی خاتو گونیلا ڤایسەوە

## پەراوێز و سەرچاوەکان

‹١› شـانۆی ئـەوروپی لە شـەسـتـەکـانی هـەزارەی ڕابردوودا، لـەژێر کـاریگـەری و ڕوانگەی دیدی «ئەنـتـۆنین ئارتـۆ» و «بریتـۆلد بـرێشت»ەوە بنیـاتنراوە. لـەسـەر ئـاسـتـێکی گـەورە و بـەربڵاو هـەمـوو گـروپە شـانۆییـەکـانی دوای جـەنگی جیـهـانی دووەم لە ئـەوروپای ڕۆژئاوادا، بەشـێوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆ و ناڕاسـتـەوخـۆ کـەوتوونەتە ژێر کـاریگـەری تیۆرە شانۆییـەکانی ئەو دوو شانۆکارە داهێنەر و مـەزنە. پیتەر بروک لە یەکـەم کـتـێـبـیـدا «پانتـایی بۆش» ڕووبەرێکی فـراوان بۆ ئەم دوو داهێنـەرەی شـانۆ تەرخـاندەکات و زۆر بـەووردی باسـیـان دەکـات. بۆ نمونە پیـتـەر بروک بەم شـێوەیە باسی بریتـۆلد بـرێشت دەکـات: «زۆر سـەختـە باسی جۆرەکانی شانۆ بکرێت بەبێ وەستان لەسەر یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین ناوەکانی ئەم زەمـەنە، برێشت. زۆر گرانە بۆ هـەر یـەکـێک بەڕاسـتی لە بواری شـانۆدا کـاردەکـات ئاوڕ لە برێشت نەداتەوە. بـرێشت کلیلی سـەردەمـەکـەی بەدەسـتـەوەیە، ئەمـڕۆ هـەمـوو کـارێکی شـانۆیی، لە خـاڵێکی تایبـەتیـدا، دەگـەڕێتـەوە و پشت بە بیـروڕاکـانی ئـەو دەبەسـتـێت. دەتوانین بگەڕێینەوە سـەر وشـەی «نامۆبوون» کە بریشت خستیە ناو فەرهەنگی شـانۆیمانەوە. برێشت لە دیدە مێژووییەکەیەوە داهێنەری ئەم وشە و چەمکەیە. برێشت لەکاتێکدا دەسـتی کـرد بە کـاری شـانۆیی هەمـوو شـانۆکـانی ئەڵمانیـا شـانۆی ناتورالیـزم یان شـانۆ گـەورە شـێوە ئۆپێـراییـەکـان باڵیـان بەسـەردا کێـشـابوو. ئەم شـانۆیـانەش بە ئاراسـتـەیـەک کاریاندەکرد کـە بینەران

پەلکێشی هەست و سۆزێکی گەورە بکەن، بەشێوەیەک بەتەواوەتی خۆیان لەبیربچێتەوە. بڕوانە:

Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterlingproduktion, Stockholm, 1969. S.69.

‹٢› ژان ئانۆی یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی لە بواری شانۆدا ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە و شانۆییەکانی شان بە شانی کەڵە نووسەرە جیهانیەکان لە بزوتنەوەی شانۆیی لە فەرەنسا و جیهاندا شوێنی دیاریکراو و شیاوی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

‹٣› ژان کۆکتۆ لە پاریس لە خێزانێکی بۆرژوا لەدایکبووە. باوکی پارێزەرێکی ناسراو بووە. کۆکتۆ هەر لە سەرەتاوە منداڵێکی نازدار و هەست ناسک و تووڕە بووە. هەر لە تەمەنی شەشساڵیەوە بە جیهانی سێرک و دوای ئەوەش شانۆ ئاشنابووە.

‹٤› ژان لوی بارۆ «١٩١٠ ـ ١٩٩٤» ئەکتەر و ڕێژیسۆرێکی ناسراوی فەرەنسیە و خۆی بە قوتابیەکی بەئەمەکی ئەنتۆنین ئارتۆ داناوە. یەکێکە لە ناوە دیارەکانی شانۆی فەرەنسی، شێوازە شانۆییەکەی دەبەستریتەوە بە هونەری میم و شانۆ سەراپاگیریەکانەوە. ئەم هونەرمەندە لە نەمایشەکانیدا سوودێکی زۆری لە بنەما کلتوریەکانی گەلانی ئاسیا وەرگرتووە. هەروەها لە بواری سینەماشدا کاریکردووە. بۆ زیاتر زانیاری و شارەزابوون سەبارەت بە ژان لوی بارۆ بڕوانە: گرگنی بلیمەت، جان لوی بارۆ، وەرگێڕانی: دانا ڕەئوف، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە «٦٥»ی ساڵی «١٩٨٤».

‹٥› ئارثەر میللەر «١٩١٥» لە شاری نیویۆرک لەدایکبووە. یەکێکە لە گرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی جیهان. تا ئێستا چەندین خەڵاتی گرنگی ورگرتووە. لە ساڵی «١٩٤٧» شانۆنامەی «هەموو کوڕەکانم» دەنووسێ، بەم شانۆگەریە خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی وەرگرتووە. لە

ساڵی «١٩٤٩» شانۆگەری «مردنی دێوەرەیەک» دەنووسێ، ئەم شانۆگەریە دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین پیەسە شانۆیەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. هەر لە نیویۆرک لە ماوەیەکی کەمدا «٧٤٢» جار پێشکەشکراوە. مردنی دێوەرەیەک «ئازاد حەمە شەریف» لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و لە ساڵی «١٩٨٤»دا بڵاوکراوەتەوە. ئارثەر میللەر لە ساڵی «١٩٥٠» شانۆنامەی «یادگاری دووشەممە» و «دیمەنێکی سەر پرد» دەنووسێ. هەروەها لە ساڵی «١٩٥٣» شانۆنامەی «ئەزموونێکی گران» دەنووسێ. جگە لە شانۆنامە کۆمەڵێ ڕۆمان و کورتە چیرۆکی نووسیووە.

‹٦› تێنیسی ویلیامز «١٩١٤ ـ ١٩٨٣» نووسەرێکی شانۆیی ئەمەریکیە. ئەم نووسەرە ژیانێکی سەخت و گرانی بردۆتەسەر، لە یەکێک لە ئوتێلەکانی ئەمەریکادا ژیانی لەدەستداوە. ئەو ژیانە سەختە ڕەنگیداوەتەوە لە نووسین و شانۆنامەکانیدا. پیەسە شانۆییەکانی تێنیسی ویلیامز لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لەسەر هەموو شانۆکانی ئەوروپا پێشکەشدەکرێت. هەروەها هەندێ لە شانۆنامەکانیشی کراونەتە فیلمی سینەمایی.

‹٧› بۆ زیاتر شارەزابوون لە شانۆی توندوتیژی ئەنتۆنین ئارتۆ بە زمانی کوردی، دەتوانی بگەڕێیتەوە سەر کتێبی «شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا»، لە نووسینی دانا ڕەووف، «١٩٨٨».

‹٨› شانۆی گەلان Théatre des Nations، لە ساڵی «١٩٢٤»دا هونەرمەندی شانۆیی Firmin Gémier دەستپێشکەری دامەزراندنی شانۆیەک دەکات تا ببێتە جێگای گفتوگۆ و ئاڵوگۆری نێونەتەوەیی. دامەزراندنی ئەم شانۆیە هەر لەسەرەتاوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، بەڵام هەر زوو بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە بیرۆکەی شانۆی گەلان گۆرەوشار دەکرێت. لە ساڵی «١٩٥٤»دا خولیای دامەزراندنی شانۆیەک بۆ چالاکی نەتەوە جیاوازەکان سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە.

ئا. ئیم یولیان لە شانۆی سارا برنارد ڤیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی سازدەکات. بریتۆڵد برێشت و بێرلین ئێنسمبل دەبێت بە یەکەم گرۆی مێوانی ئەو ڤیستیڤاڵە نێونەتەوەییە. سەرکەوتنێکی گەورەی نەمایشەکە و کاردانەوەی لەسەر تەوژمە شانۆییەکانی پاریس، دەبێتە هۆی پێداگرتن و بەپیرەوەچوونی شانۆی گەلان. بەم شێوەیە ڤیستیڤاڵەکە دەبێتە چالاکییەکی ساڵانە و دەزگایەکی نەتەوەیی گرنگ بۆ مێوانداریکردنی شانۆی گەلانی تر.

شانۆی گەلان لەدایک دەبێت و گورێکی توندیش دەبەخشێتە بزووتنەوە و ڕەووتی شانۆی فەرەنسی. بەرلین ئێنسمبل و برێشت سەرلەنوێ لە ساڵی «١٩٥٥»دا بانگهێشتن دەکرێتەوە، هەروەها چەندین گرۆی سەرکەوتووی تری جیهانی، بۆ نموونە: شانۆی نوی یاپانی، ئۆپێرای پەکین و چەندین ڕیژیسۆری گەورەی وەک ئینگمار بێریمان و پیتەر بروک لەم شانۆیەدا کاردەکەن. بەڵام دوای دە ساڵ بەسەر بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیەدا، لە ساڵی «١٩٥٩»دا ژان لوی بارۆ دەبێتە بەڕێوەبەری ئەم شانۆی گەلانە لە پاریس. لە شەستەکانی هەزارەی ڕابردوودا، ژان لوی بارۆ دەبێتە هاندەرێکی ڕاستەوخۆی پیتەر بروک و ڕۆڵێکی گەورەش دەگێڕێ لە ناساندنی بە ناوەندە کلتووری و ڕەووتە شانۆییەکەی پاریس. بێگومان شانۆی گەلان دەروازەیەکی کراوە دەبێت بۆ سەرەتای چالاکیەکانی پیتەر بروکێکی گەنج لە پاریس.

‹٩› کاتی خۆی لە هەندێ نووسینی ترمدا سەبارەت بە پیتەر بروک ئاماژەی ئەوەم کردووە کە پیتەر بروک کاریگەری هەبووە بەسەر ڕەوتی شانۆ و دیدی هونەرمەندی ئەمەریکی ژۆلیان بێک، بەڵام ڕاستیەکەی تەواو بەپێچەوانەوەیە، بەڵکو ژۆلیان بێک کاریگەریەکی گەورەی بەسەر پیتەر بروکەوە هەبووە، بەتایبەتیش لە شەستەکاندا.

‹١٠› بیرۆکەی «پانتایی بۆش» کە پیتەر بروک بانگەشەی بۆ دەکرد بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی بابەت و فەلسەفەی شێوە «فۆرم» و

بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی هەموو شێواز و بیرۆکەیەک لەپێناوی بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی نەمایشێکی شانۆیی. پیتەر بروک لەم لێکۆڵینەوە قووڵەی شێوەدا ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە یەکێک لە مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەو شانۆ، یان پانتاییە بۆشە ئەوەیە هەموو ئەو شتانەی هیچ پێویستیەک، یان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی نییە لە بەکارهێنان و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک و بابەتە شانۆییەکەدا دەبێت وەلانرێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو تا ئاستێکی بەرز شانۆکە پاکبکرێتەوە لە هەموو جۆرە کەلوپەلێکی ناپێویست. هەر لەم ڕوانگەیەوە پیتەر بروک لە شەستەکاندا ووتی: «هەر پانتاییەکی بۆشم بدەیتێ، من شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێ دروستدەکەم.»

<11> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.132.

<12> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.58.

‹١٣› سادیزم Sadisme زاراوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ «مارکیز دی ساد» کە خۆشنوود بووە بە ئازاردانی خەڵکی، بەتایبەتی لەکاتی جووتبوون و پرۆسەی سێکسدا. هەروەها سادیزم لە فەرهەنگی زانستی دەروونی و پزیشکیدا وەک نەخۆشیەک و لادانێک پێناسەدەکرێت. سادیست زیاتر بەو کەسانە دەووترێت کە حەز بە ئازاردانی خەڵکی دەکەن، دەشبێ ئەو چێژی ئازارە ئازارێکی سێکسی یان ناسێکسیش بێت.

<14> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.57.

‹١٥› پیتەر بروک بەردەوام لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا کۆتایی

هەفتاکان، گەڕاوەتەوە سەر ئارتۆ، میتود و تیۆرە توندوتیژەکەی، وەک شانۆیەکی ناتەبا، لە پرۆژە و ئەزموونەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.
‹١٦› لوشیوس ئەنایۆس سینیکا «٤ی پێش لەدایکبوون ـ ٦٥ی دوای لەدایکبوون» دادەنرێت بە یەکێک لە ڕابەرە دیارەکانی فەلسەفەی «ڕواقی»، مامۆستای «نیرۆن» بووە کە لەدواییدا لەسێدارەی داوە.
سینیکا گرنگیەکی تایبەتی داوە بە ڕێبازی «یەکبوون»، بەتایبەتی لەلای ڕواقیە یۆنانیەکان. بەشێوەیەکی سەرەکی گرفتە ئاکاریەکانی ڕوونکردۆتەوە و دووپاتی ئەوەشی کردۆتەوە گەر مرۆڤ بە جۆرێکی چاک چارەسەربکرێت دەگاتە ترۆپکی گیانێکی هێمن.
سینیکا هەوڵی داوە بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار ببەستێتەوە بە کار و دامودەزگاکانی کۆمەڵ و وڵاتەوە.
‹١٧›سۆفۆکلیس «٤٩٥ ـ ٤٠٦»ی بەرلەدایکبوون. یەکێکە لە نووسەرە تراژیدیاکانی شانۆی گریکی. لەسەر دەستی سۆفۆکلیسدا، کە دوای ئەسخیلۆس دێت، تراژیدیای گریکی گۆرانکاریەکی گەورەی بەسەردادێت و زیاتر گەشەدەکات. «ئۆدیبی پادشا» یەکێکە لە گرنگترین پیەسەکانی ئەم نووسەرە کە بەتەواوەتی گەیشتبێتە دەستمان.
<18> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.134.
‹١٩› هەمان سەرچاوە. ل. ١٣٥
<20> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.64.
<21> Skawonins, Betty, Det enkla ska börja i överflöd, Dagens Nyheter, 11 September 2000.
‹٢٢› شانۆنامەی مارا ـ ساد هەر لەسەرەتاوە دەبێتە جێگای سەرنج و

گفتوگۆیەکی هەمەلایەن، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چارەسەرە قووڵ و گشتگرەی پرسیارە سەرەکی و چەقەکانی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت. پیەسەکە تیشکێکی بابەتیانە دەخاتە سەر ململانێی «مارا»ی شۆڕشگێر کە لە ساڵی «١٧٩٣»دا دەکوژرێت، لەگەڵ نووسەری تاکڕەووی فەرەنسی مارکیس دی ساد.

‹٢٣› پێتەر ڤایس لە ساڵی «١٩١٦»دا لە بەرلین لە خێزانێکی جولەکە لەدایکبووە. لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لەدەست نازیەکان هەڵدێ و دەچێتە وڵاتی سوید. لە ساڵی «١٩٣٩»ەوە وەک پەنابەرێک لە ستۆکهۆلم دەژیا. لە ساڵی «١٩٨٢»دا هەر لە ستۆکهۆلم کۆچی دوایی دەکات. پێتەر ڤایس لەسەرەتادا لە سوید بە زمانی سویدی دەنووسێ، بەڵام لە ساڵەکانی شەستەکانەوە زیاتر بە ئەڵمانی دەینووسی.

<24> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.45-46.

‹٢٥› هەمان سەرچاوە. ل. ٣٨

‹٢٦› لویجی پیراندیلۆ «١٨٦٧ ـ ١٩٣٦» نووسەرێکی گرنگ و بەناوبانگی ئیتالیە و لە ناوچەی ئەگریگۆنتۆی سەر بە هەرێمی سیسیلیا لەدایکبووە. لە پالێرمۆ، ڕۆم و بۆن زانستە مرۆڤایەتیەکانی خوێندووە. تا لە ساڵی «١٩٢٢» وانەی کلتور و ئەدەبی ووتۆتەوە. لەم ساڵانەدا کۆمەڵێ پرۆسە و ڕۆمانی گرنگ بڵاودەکاتەوە. دواجار بابەت و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی دەبنە سەنتەرێکی گرنگی شانۆنامەکانیشی. هەروەها پیراندیلۆ کۆمەڵێ نۆڤێلی مییلیش بڵاودەکاتەوە. بەڵام لەگەڵ شانۆنامەی «شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن» «١٩٢١»، «هێنریکی پێنجەم» «١٩٢٢»، ناوبانگی هەموو ئەوروپا دەگرێتەوە، وەک نووسەرێکی شانۆیی. دوای ئەم شانۆنامانە پیراندیلۆ بەتەواوەتی خۆی تەرخاندەکات بۆ شانۆ.

لویجی پیراندیلۆ یەکێکە لەو نووسەرە شانۆییانەی کە پیەسەکانی لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، بەشێوەیەکی بڵاو پێشکەشکراوە. لە ساڵی «١٩٢٥»دا لە ڕۆم گرۆیەکی شانۆیی تایبەت بە خۆی دادەمەزرێنێت. ئەم گرۆیە دەبێتە هۆی ناساندنی پیەسەکانی پیراندیلۆ لەسەر هەموو ئاستی ئەوروپای ڕۆژئاوا.

لویجی پیراندیلۆ لە ساڵی «١٩٣٤»دا پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت.

<27> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.48.

‹٢٨› هەمان سەرچاوە. ل. ٤٧

‹٢٩› کە شانۆی مارا ـ ساد بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی شیلەر Schiller Theater لە ساڵی «١٩٦٤»دا لە شاری بەرلین پێشکەشکراوە، لەهەمانکاتدا شانۆی شاهانەی شەکسپیریش بە شانۆیی «شالیر» و لە ڕیژی پیتەر بروک لە بەرلین وەک نەمایشێکی مێوان پێشکەشکراوە.

پیتەر بروک ئەو نەمایشە دەبینێت و پیەسەکە سەرنجی ڕادەکێشێ، دەست بەجێ پەیوەندی دەکات بە خاتوو «گونیلا ڤایس»ەوە تا سەرلەنوێ سینۆگرافیا و جلوبەرگ بۆ نەمایشێکی تری مارا ـ ساد لە لەندەن بکاتەوە. خاتو ڤایس دەڵێت: «پیتەر بروک لە یەکەم ڕۆژی پێشکەشکردنی نەمایشەکەدا لە بەرلین، لەناو بینەراندا دانیشتبوو، دوای تەواوبوونی شانۆییەکە، لەکاتێکدا هەموو گروپەکە لەپشتەوەی شانۆکەدا خەریکی بیرە خواردنەوە و ئاهەنگگێڕان بووین، پیتەر بروک هاتە سەرەوە بۆ لامان. هەر لەوێدا و بەپێوە، دەست بەجێ، داوەتی لەندەن و شانۆی Aldwych کراین.» لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ دانا ڕەووف.

‹٣٠› ژان پۆل مارا شۆڕشگێڕێکی فەرەنسایی بووە و لە ساڵی

«١٧٤٣»دا لە سویسرا لەدایکبووە. پزیشک و زانا بووە. پاشان ڕوودەکاتە بواری ڕامیاری و بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی «١٧٨٩»دا ڕۆژنامەی «هاوڕێی گەل»ی دامەزراندوە و دژی ڕژێمی ئەوکاتەی فەرەنسا وەستاوە. پاش ماوەیەکی کورت ڕۆژنامەکەی دادەخەن و ئەویش لەبری ئەوە بە نهێنی بڵاویدەکاتەوە. وتارەکانی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی «١٧٨٩»دا. دواتر لە کۆنگرەی نیشتمانیدا بە ئەندام هەڵبژێردراوە و سەرکردایەتی پارتی «کوردلییە»ی کردووە. پاش ئەوە مارا توشی نەخۆشی پێست بووە و پاشماوەی ژیانی لەناو حەوزی گەرماوێکدا بردۆتەسەر. دواتر هەر لەو حەوزەشدا و لە ساڵی «١٧٩٣»دا شارلۆت کۆردی بە خەنجەر کوشتوویەتی.

‹٣١› کۆنت دۆنتیان ئولفۆس فرانسوا دی ساد «١٧٤٠ ـ ١٨١٤» سەربازێکی فەرەنسایی و نووسەرێکی دیار بووە. زۆربەی ژیانی بە داوێن پیسی بردۆتەسەر و ئەمەش لە ئەدەبەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. نووسینەکانی بەناوی «مارکیز دی ساد»ەوە بڵاوکردۆتەوە. بەهۆی ئەو ڕەوشتە نابەجێ و چیرۆکە ئێرۆتیکی و ژیانە نائاساییەی خۆیەوە، بەتایبەتی لەڕووی ژیانی سێکسیەوە، وەک مرۆڤێکی «سێکسەناساز»، زۆربەی ژیانی لە گرتوخانەی باستیل و نەخۆشخانە دەروونیەکاندا بەسەربردووە. لە چیرۆکەکانیشی «کوێرەوەری داوێن پاکی» و «گوڵی داوێن پیسی». لەم چیرۆکانەیدا کارەکتەرەکانی زۆر بە جەربەزەییەوە خستۆتەڕوو، بەتایبەتی بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانیان لەڕێگای ئازاردانی خەڵکیەوە. ئەم ڕەوشتە ناتەبایەش لەڕووی لێکدانەوەی سایکۆلۆژییەوە بە «پاڵپێوەنەرێکی ڕوخێنەر» ناسراوە. هەر لێرەوە «ساد» بووە بە هێمایەک بۆ هەموو لادانێکی ڕەوشتی و سێکسە ناسازی، لە زانستی دەروونناسیشدا بەناوی ڕاستەقینەی سادەوە ناسرا بە «سادی ـ سادیزم».

‹٣٢› هاوڕێی چیرۆکنووسم «شێرزاد حەسەن» ئەم شانۆنامەیەی لە ئینگلیزیەوە کردووە بە کوردی و لە ساڵی «١٩٩٩»دا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

<33> Persson, Sven Hugo, Från grymhetens till motståndets estetik, Skrifter utgivna av Litteraturvetenskapliga institutionen vid Göteborg Universitet, 1979. S.35.

‹٣٤› شارلۆت کۆردی لە ساڵی «١٧٦٨»دا لەدایکبووە. یەکێک بووە لە لایەنگرەکانی «گیرۆندییەکان»، ئەمانەش کۆمەڵێک بوون لە کۆماریەکانی فەرەنسا. ناوەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی گیرۆند کە لە ساڵی «١٧٩١»دا دروستبووە. مارا لە کۆنگرەی نیشتمانیدا دەریاندەکات و سەرکردەکەشیان لەسێدارە دەدات. ئەم گیرۆندییانە هانی کۆردی دەدەن بۆ کوشتنی مارا، دوای ئەوەی مارا دەکوژێت لەسێدارە دراوە.

‹٣٥› لە ساڵی «١٩٨٨»دا تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ئەم شانۆنامەیەی لە ڕیژی هونەرمەند «شەماڵ عومەر» پێشکەشکردووە. نەمایشەکە بە شێوازێکی وێنەیی بەرز پێشکەشدەکرێت و دادەنرێت بە یەکێک لە نەمایشە ڕەنگینەکانی ڕەوتی شانۆی کوردی لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا. بۆ زیاتر شارەزابوون لەو نەمایشە بڕوانە کتێبی: «گووتاری ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا» لە نووسینی: دانا ڕەووف.

<36> Persson, Sven Hugo, Från grymhetens till motståndets estetik, Skrifter utgivna av Litteraturvetenskapliga institutionen vid Göteborg Universitet, 1979. S.44.

<37> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of

theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.4-5.

<٣٨> هەمان سەرچاوە. ل. ٤٧ ـ ٤٨

<٣٩> خاتو گونیلا ڤایس هونەرمەندێکی گەورەی سینۆگرافیا و جلوبەرگی سویدە. ئەم خانمە خێزانی «پێتەر ڤایس»ە و ڕاستەوخۆ کاری سینۆگرافیا و ئامادەکردنی جلوبەرگی نەمایشەکانی ئەڵمانیا، لەندەن و ستۆکهۆڵمی لە شەستەکانی هەزارەی ڕابردوودا، لەئەستۆ گرتووە. بۆ نووسینی ئەم بەشەی کتێبەکەم چەند دیکۆمێنتێکی گرنگی خستۆتە بەردەستم، لەوانە، جگە لە خودی نەمایشی مارا ـ ساد، فیلمێکی ڤیدیۆی دیکۆمێنتی تایبەتی ڕۆژانی مەشق و پرۆڤەکانی مارا ـ ساد لە لەندەن و لە ڕیژی پیتەر بروک. لەو دیکۆمێنتەدا گەلێ لە نهێنیەکانی چۆنێتی مامەڵە و کارکردنی پیتەر بروکم بۆ ڕوونبووەوە، بەتایبەتیش سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی لە شانۆنامەی «مارا ـ ساد»دا.

<٤٠> لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ دانا ڕەئوف.

<41> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.190.

<٤٢> لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ دانا ڕەئوف.

<43> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.61.

<٤٤> هەمان سەرچاوە. ل. ٢٠٨

<٤٥> هەمان سەرچاوە. ل. ٢٠٩

<٤٦> هەمان سەرچاوە. ل. ٦٢

<47> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992.

Routledje-London and New York, 1993. S.133.

‹٤٨› هەمان سەرچاوە. ل. ١٣٣

<49> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.270.

‹٥٠› هەمان سەرچاوە. ل. ٦٢

<51> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.20.

‹٥٢› ئەلفرێد گاری «١٨٧٣ ـ ١٩٠٧» نووسەرێکی گەورەی فەرەنسییە، هەر لەسەرەتاوە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر بیروڕا و بۆچوونە شانۆییەکانی ئەنتۆنین ئارتۆ. ئەلفرێد گاری دادەنرێت بە ڕابەرێکی گەورەی بزوتنەوەی شانۆی پێشڕەوی جیهانی. بایەخی ئەلفرێد گاری لەوەدایە کە ڕۆڵێکی گەورە و مەزنی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەری شانۆدا گێڕاوە و بۆتە سەرقافڵەی شانۆی پێشڕەو و ئەبسوردی جیهانی.

<53> Blom, Rune, Teater i London, Liber Förlag, Malmö. 1982. S.62.

# بەشی پێنجەم

# مەڵبەندێکی نێونەتەوەیی

بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە نێونەتەوەییە پەیوەندی بە بینەرەکانیەوە بکات، پێویستە جیهانێکی بچووک پێکبهێنێ . ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسانێک بگرێتەوە کە بەباشی لەیەکتر دەگەن، بەڵکو لەو ڕووەوەی کە پشت بە جیاوازی و دژەکان ببەستێت . لەهەمانکاتدا ڕەنگدانەوەیەکی هەمەڕەنگی خودی بینەران بێت .

پیتەر بروک
لە «خاڵی گۆڕانکاریدا»

## مەڵبەندێکی نێونەتەوەیی

پیتەر بروک لە هەستی قوڵی دەرککردن بە قەیران و گەوهەری گرفتە شانۆییەکان و ڕۆڵی شانۆ، لە سەرەتای حەفتاکانی هەزارەی ڕابردووەوە، وڵاتی ئینگلستان بەجێدەهێڵێ. هەڵوێست وەرگرتنی پیتەر بروک لە دامودەزگاکانی شانۆی ئینگلیزیدا هەڵوێست وەرگرتن بوو لە هەموو جۆرە شێوازێکی باو و مردووی ناو شانۆ.

لەهەمانکاتدا دابڕینی ئەم هونەرمەندە لەو شانۆیە، دادەنرێت بە قۆناغێکی گرنگی پرۆژە و ئەزموونەکانی لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا.

> «ساڵی ‹١٩٧٠› گوێزامەوە بۆ پاریس، ئەمەش بڕیارێکی کتوپڕ نەبوو. لە ساڵی ‹١٩٦٨›دا بۆ یەکەمجار لابورێکی شانۆیم کردەوە کە ‹ژان لوی بارۆ› بانگهێشتنی کردبووم تا کار لە شانۆی ‹گەلان›دا بکەم. ئەوەش یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی من بوو لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکتەری سەر بە کلتوورێکی جیاواز.»‹١›

پیتەر بروک پاریس دەکاتە مەڵبەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوە و مەشقی لابورئاسا. پاریس دەبێتە ناوەندێکی هەمیشەیی پشکنینی بەردەوامی سیستەم و مێتودی پرۆسێسە شانۆییەکەی. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی «١٩٧١»دا بە هاریکاری Micheline Rozan یەکەم مەڵبەندی شانۆیی

بەناوی Centre International de Recherche Théâtrale CIRT بۆ لێکۆڵینەوەی شـــانۆیی دادەمـــەزرێنێ. دواتر لە ســـاڵی «١٩٧٣»دا نـاوەندێـکیش بـۆ داهـێنـان هـەر لـە پـاریـس دەکـــــــاتـەوە Centre International de création Théâtrale. ئەم دوو ناوەندە دەبنە بنەما و سـەرەتایەکی پتـەوی کۆمـەڵێ پرۆسـە و زنجیرەی پێکداچووی چالاکی جۆراوجۆر.

«هـەسـتـمـان بەوە کـرد لێکۆڵینەوە لە شـانۆدا هەمـیـشـە پێویستی بـە لایەنێکی کردەیی هەیە. لایـەنە کردەییـەکەش پێـویسـتی بـە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام هـەیە سـەبارەت بە زەمەن و مەرجە سەرەکیەکانی.«‹٢›

ئەم دوو نـاوەندە دەبنـە تەواوکـەری یـەکـتـری، تیـۆری و پراکـتـیک. مـەسـەلە تیـۆرییـەکـان دەبنە بنەمـایەکی گـرنگی لێکۆڵینەوە و پرۆسـە شـانۆییـەکان، بەمـەش تاقـیکردنەوەکان مـۆرکێکی لابورئاسـای گـرنگ لەخـۆدەگـرێت و هـەمـوو بەرەنجـامـێکیش هـەنگاوێکە بۆ نـزیکبـوونەوەی سنورە ڕەهاکانی شانۆیەکی ڕاستەقینە.

زۆربەی نەمایشـەکانی ئەم مـەڵبەندە شانۆییـانە ئەکتـەر و گۆرانیبێژی سـەر بـە کلـتـووری جـیـاوازن و لە هـەمـوو سـووچ و قـوژبنێکی ئەم گەردوونەوە هاتوون.

«مـەڵبـەندەکـە خـاڵی پێکگەیشـتنی کلـتووری جـیـاواز بوو، هـەروەها هـەمـیشـە لە گەڕاندا بوو، گرۆ جیاوازەکـەی بەرەو گەشتی دوورودرێژ دەبرد، تا لەگەڵ کۆمەڵانێکدا پێکدا بچن کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک ڕوینەداوە تیپێکی شـانۆیی گەڕۆکیـان دیبێ - بڕیارمـاندا کە بیـرۆکەی سـەرەکیـمـان

دروستکردنی ڕۆشنبیری بێت ـ ڕۆشنبیریەک کە بتوانێ شیرێکی پاک بکاتە کەرەیەکی پاڵێوراو، تا هەریەک لە ئێمە بتوانێ خەمیرەکە بگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵێکی گەورەتر، بەم شێوەیە بەو هیوایە بووین ئەو هەل و مەرجە باشەی بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو خوڵقاوە، لەکۆتایدا لەگەڵ تەوژمێکی سەرەکی شانۆدا یەکبگرێتەوە.»‹٣›

پیتەر بروک لەم مەڵبەندەدا بە سەرنجی قوڵ و بۆچوونی لێزانانەوە بنەماکانی شانۆی نو ـ ژاپۆنی، کلتوور و سەمای ئەفریقی، سێرک، کلتوور و شانۆی میللی فارسی، تەکنیکی سینەما و نەمایشە مۆسیقیەکان دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگی میتود و تاقیکردنەوەکانی، نەک هەر ئەوە بەڵکو پیتەر بروک سوودێکی زۆری لە دراماتۆرگی و داب و نەرێتی پیەسە کۆن و نوێیەکانیش وەرگرتوو.‹٤› لەبەرئەوە ئەو ناوەندانە خاڵێکی گرنگی گۆڕانکارییەکان، پێگەیشتنی ڕۆشنبیری و کلتوورە جیاوازەکان بووە. ئامانجی ئەم هونەرمەندە لە سوود وەرگرتن لەو هەموو گەشتە بەردەوام و کلتوور و فۆرمانەی شانۆ و تاقیکردنەوەکانیان تەنها بۆ ئەوە بووە کە «شانۆیەکی سەراپاگیری تەواوەتی» بدۆزێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانی شانۆ.

پیتەر بروک ئەکتەر و هونەرمەند و گرۆ جۆراوجۆرەکانی بەرەو گەشتی هونەری درێژ بردووە، تا لەگەڵ کەسانێک و کۆمەڵگایەک ڕووبەڕووببنەوە کە بە هیچ شێوەیەک لەوەوبەر شانۆیان نەدیووە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانیەتی جیاواز و لەهەمانکاتدا دروستکردن و بەدیهێنانی جۆرە ڕۆشنبیری و هۆشیارییەک بۆ ئەو خەڵکە ساکارە. پیتەر بروک سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە دەڵێت:

«ئێمە لە خودی چەمکەکانی ڕۆشنبیریمان نەدەکۆڵییەوە، بەڵکو لە پاشخانەکەی. لەبەرئەوە لەسەر ئەکتەرەکان پێویست بوو کە لە هەنگاوێک بۆ دواوە دەستپێبکەن، هەنگاوێک بگەڕێنەوە بۆ دواوە، هەنگاوێک زۆر دوور لە کلتوور و ڕۆشنبیرییە تایبەتمەندەکەی خۆیان.»<٥>

پرۆژەکانی نێو ئەم ناوەندانە شێوازێکی چڕ لە مەشق و مۆرکێکی لابورئاسای ئەزموونگەریان هەیە. مەسەلەی بەشداری و ئامادەبوونی ئەکتەری سەر بە کلتووری جیاوازیش خاڵێکی گرنگە لە پرۆسە و پرۆژەکانی پیتەر بروکدا، تا لەو ڕێگایەوە بتوانێت فۆرمێکی کلتووری نوێ فەراهەمبکات. تا لەڕێی ئەو فۆرمە نوێیەوە لە کلتوورەکانی خۆیان دووربکەونەوە. ئەم شێوە کارکردنە بۆ پیتەر بروک گرنگیەکی مەزنی هەیە.

«بۆئەوەی ئەو کۆمەڵە نێونەتەوەییە پەیوەندی بە بینەرەکانیەوە بکات، پێویستە جیهانێکی بچووک پێکبهێنێ. ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسانێک بگرێتەوە کە بەباشی لەیەکتر دەگەن، بەڵکو لەو ڕووەوەی کە پشت بە جیاوازی و دژەکان ببەستێ. جۆراوجۆریەتیش ڕەنگدانەوەیەکی هەمەڕەنگی خودی بینەران بێت.»<٦>

زۆربەی گرۆ شانۆییەکانی ئەمڕۆ «بە بڕوای پیتەر بروک» لە پانتاییەکی مردوودا کاردەکەن. لەبەرئەوەی ئەو گرۆیانە لە خەڵکانی هاوشێوە و هاوچین دروستبوون، هەموویان لە یەک پانتاییدا کاردەکەن و هەمان بۆچوون و ئاواتیان هەیە. بەڵام مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی لەسەر بنەمایەکی تەواو پێچەوانەوە دامەزراوە.

لەو مەڵبەندەدا کۆمەڵێ ئەکتەر کۆبوونەتەوە کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە؛ نە زمانێکی هاوبەش، نە هیمایەکی هاوبەش و تەنانەت نە خەندە و پێکەنینێکی هاوبەشیش. ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵ پیتەر بروک کاریانکردووە ئاماژەیان بەوە داوە کە پیتەر بروک خاوەنی ئەفسوونێکی تایبەتمەندە، هەر دوای ماوەیەک لە پرۆسە و مەشقی شانۆیی، بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێبکەن، یان بزانن چۆن و بە چ ڕێگایەک، کتوپڕ بۆیان دەرکەوتووە کە بوونەتە خاوەنی وزە و توانایەکی بەهێز.

پیتەر بروک لە سەرەتای دەستپێکردنی هەموو شانۆییەکدا، سەربەستیەکی ڕەها و گەورە دەبەخشێتە ئەکتەرەکانی، بەتایبەتی لە بواری هونەری ڕاگوزاریدا. ئەمەش نزیکیان دەخاتەوە لە کارەکتەرەکانیان و هەستێکی قووڵیشیان لەلا دروستدەکات سەبارەت بە گرفت و نهێنیەکانی پڕۆژەکە. کاری ڕێژیسۆریش لەلای پیتەر بروک بەشێوەیەکی بەردەوام، هەڵکۆڵینێکی پڕ لە زانیارییە لە زاکیرە و هەست و نەستی ئەکتەرەکان.

پیتەر بروک زۆرجار لەم مەڵبەندەدا، بە کەرەسەیەکی زۆر کەم و بەبێ هیچ جۆرە سینۆگرافیا و پێداویستیەکانی تری نەمایشی شانۆیی پڕۆژەکانی بەئەنجام گەیاندووە. لەم ڕووەوە گەڕاوەتەوە بۆ نەژادە دێرینەکەی شانۆ و پانتاییە بەتاڵەکەی و پشتبەستنی بە توانا و جەستەی ئەکتەر وەک توخمی سەرەکی سترکتورە هونەریەکە. لەم لابورە شانۆییانەدا مەسەلەی گرنگی و بەهای «بینەر» جێگای سەرنج و تێڕوانینی پیتەر بروک بووە. بۆ نمونە کاردانەوەی بینەران بۆ پڕۆژە شانۆییەکان و کاریگەری ئەو ووزە و ڕووبەڕووبوونەوەیەش لەسەر «چۆنیەتی» نەمایشەکە، یەکێک بووە لە خاڵە گرنگەکانی پڕۆژەکانی پیتەر بروک.‹٧› چۆنیەتی نەمایشیش لەلای ئەو مەبەست لە باشی و خراپی پڕۆژەکە نییە، هێندەی ئەوەی مەبەستی ڕۆح و ژیانە لەو پڕۆژە هونەرییانەدا. هەر لەبەرئەوەشە هیچ نەمایشێکی پیتەر بروک فۆرم و

شێوەیەکی جێگیر لەگەڵ پێشکەشکردنی نەمایشەکەدا لەخۆناگرێت. بەڵکو بەردەوام، تا دوا ڕۆژی نەمایشەکە، گۆڕانکاری جۆراوجۆری بەسەردا دێت.

لە پڕۆژە و لێکۆڵینەوەکانی ئەم مەڵبەندەدا،، لە هەردوو ڕووی «تیۆری و پراکتیک»ەوە، پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتەر و بینەران پانتایی و بەهایەکی گرنگی هەیە. هەروەها خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت کە پیتەر بروک لەم گروپە نێونەتەوەیەدا، بە هیچ جۆرێک مەبەستی ئەوە نەبووە جۆرێک لە شێوازێکی نێونەتەوەیی تایبەت بە شانۆ بخوڵقێنێ، یان بەخۆی. هەروەها مەبەستیش نەبووە شێوازێکی دیاریکراوی «هونەری نواندن» لەو ڕوانگەیەوە بەرەوپێشەوە بەرێت. بەڵکو مەبەست لە ئاڵوگۆڕی کلتووری و سوود وەرگرتن بووە لە توانا جیاوازەکانی یەکتری. بەمەش ئەزموون و پڕۆژە شانۆییەکان دەوڵەمەندتر بوون و بە پرۆسەیەکی چڕی شارستانیەتە جیاوازەکاندا ڕۆیشتوون. نەمایشەکە بەهایەکی تری فەلسەفی گرانی لەخۆگرتووە. بەڵام لەهەمانکاتدا بەرجەستەی فۆرمێکی ساکار و ڕاستەوخۆ بووە. بەمەش هاوکێشە گرنگەکانی شانۆ نزیکبۆتەوە لە ڕەگەز و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە و توانیویەتی زمانێکی جیهانی سەقامگیربکات.

پیتەر بروک گەرەکی بووە زمانێکی تایبەت بخوڵقێنێ دوور لە هەموو ڕێسا و بنەما دیاریکراوەکانی مانای «وشە و دەنگەکان». لەو فۆرمە نوێیەی «زمان»دا تۆن و دەنگ گرنگترە لە «وشە و ماناکان».‹٨› تۆنە دەنگیەکان دەبێتە هێمایەکی گلوباڵی، مرۆڤایەتی و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی جیهانی لەگەڵ چین و ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دروستدەکات. پیتەر بروک دەڵێت:

«بابەتی کار و هەڵکۆڵینی ساڵی یەکەمی ناوەندی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی بریتی بوو لە

لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی دەنگەکان. ئامانجیشمان لەم لێکۆڵینەوانەمان - بەشێوەیەکی تەواوەتی - چۆنیەتی دەربڕینێکی زیندوو بوو.»‹٩›

گومان لەوەدا نییە کارکردن لەگەڵ ئەکتەری سەر بە زمان و کلتووری دوور و جیاواز لەیەکتری، گیروگرفتی چڕ و قووڵ دەخوڵقێنێ. لەسەروی هەمووشیانەوە گرفتی لەیەک حاڵی نەبوون. پیتەر بروک ئەو گرفتەی وەک توخمێکی گرنگ بەکارهێناوە بۆ دروستبوونی زمانێکی نوێ و جیاوازی شانۆ. لەو زمانە هاوبەشەدا، ئاماژە سیمۆلۆژییەکان، هیما، زمانی جەستە، تۆنی دەنگ و پەیوەندییە نەبینراوەکان دەبێتە ناوەند و بنەمای کۆکردنەوەی نەژاد و شارستانیەتە جیاوازەکان. ئەمەش دەبێتە سترکتوری داڕشتنەوەی میتۆلۆژیایەکی نوێ و شانۆیەکی تاقیگەیی هاوبەش.

## بەرەو شانۆیەکی میتۆلۆژی

کۆمەڵی میتۆلۆژیای جیاواز لەپشت کۆمەڵێ ئەکتەری نێونەتەوەیی و نەژاد جیاوازەوە هەیە، هەمووشیان ئامانجێکی هاوبەش و خەونێکی هاوبەشیان هەیە. پێگەیشتنی ئەم شارستانیەتە جیاوازانەش بەیەکتری، بە خوێندنەوە و پێگەیشتنی میتۆلۆژیا جیاوازەکانەوە دەبێت و بۆ گەیشتن بە لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی شانە گەوهەریەکانی مرۆڤایەتی، دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش و پەیوەندیکردنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتری لەسەر هەموو ئاستەکان.

پیتەر بروک کرۆی ئەم شانە میتۆلۆژیانە، لە ڕوانگەی ئەکتەرە ئەوروپی، ئەفریقی، ئاسیایی و ڕۆژهەڵاتیەکانیەوە دەکاتە دەروازەی

خـوێندنـەوە جـیـاوازەکـانی بـۆ کلتـووری ڕۆژهـەڵات و دامـەزرانـدنی کلتوورێکی تری جیاواز و جیهانی. مرۆڤ لەم کیشوەرە جیهانیەی پیـتـەر بروکدا ناوەند و چەقی هەمـوو شـتـەکـانە. مـرۆڤ پاڵەوانی مـیـتـۆلۆژیایەکی هاوچەرخـە و سنورەکـان بوونیـان بۆ نامـێنێ و پێوانەیەکی تری داستانی دەبێتە زەمینە و هاوشێوەیەکی تری ژیانە واقیعیەکە. چەمکەکانی میتۆلۆژیا دەبێتە زاراوەی کۆمەڵێ ڕووداو و وێنەی مـەجـازی و زمـانێکی جـیـاواز و هاوبەش لەگەڵ بینەراندا دروسـتـدەکـات. پڕۆژەکـانی ئۆرگـاست، کـۆنفـرانسی باڵندەکـان و مەهاباهاراتا چەند نمونەیەکن لەو شانۆ میتۆلۆژییەی پیتەر بروک.

لە بەشـەکـانی داهاتوودا هەوڵدەدەین تیشکی سـەرنج و لێکۆڵینەوە بخەینە سەر ئەو ئەزموون و نەمایشانە.

## ئۆرگاست

پیتەر بروک لە مەڵبەندە نێونەتەوەییە ئەزموونگەریەکەیدا بە هاوکاری شاعیری ئینگلیز Ted Hughes و لە ڕوانگەی کتێبی «ئاڤێستا»ی زەردەشت، میتۆلۆژیای Prometheus «پرۆمێسیۆس»ی گریکی، پیەسی «فارسەکان»ی ئەسخیلۆس، تێکستەکـانی سنیکا و هیرۆکلیسەوە، پیەس و زمـانێکی تایبەت و نوێیـان داڕشتووە. بۆ ئەم مـەبەسـتەش گـەڕاونەتەوە سـەر بەکـارهێنانی نەژادی زمـانە کـۆنەکـانی لاتینی و زەردەشتی.<١٠>

هەڵکۆڵینی ئەم دوو کەسە بە نێو پانتاییەکانی ئاڤێستا و میتۆلۆژیای کۆنی گریکی و چەمکی «زمان» گەشتێکی سەرسوڕهێنەر پێکدەهێنێت. گەشـتێک چەندین وشـە، دەنگ و فـۆنەتیکی نوێی تیا لەدایکدەبێت. زمـانێک لەوەوبەر بوونی نەبووە، زمـانی مـەملەکـەتێکی نەبینراوی

ئەندێشەساز.

«پیتەر بروک ئەو زمانە مردوو لەبیرکراوانە دەکاتە بەشێک لە ڕیتوالێکی ئاینی، بەمەش تۆنێکی تایبەتمەندی لە دەنگەکان بەدەستهێناوە، جگە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێ ڕیتمی ئەفەریقایی جیاواز، بەبێ ئەوەی هیچ مانایەک ببەخشێت. پیتەر بروک بەم شێوەیە هەوڵیداوە جیهانێک لەپشتی ڕێسا لۆژیکیەکانەوە بۆ پەیوەندیکردن دروستبکات.»‹١١›

لەو جیهانەدا دەنگەکان مەودایەکی تایبەت بەدەستدەهێنن. هەر لەم ڕوانگەیەوە Ted Hughes گەڕاوەتەوە سەر ڕەگ و ڕیشەکانی زمان، وشە و دەنگ، بەمەش جۆرە دەنگێکی تایبەتی مۆسیقی دەخوڵقێنێ کە زیاتر نزیک دەبێتەوە لە ژیانی ناوەوەی مرۆڤەوە.

«ئەم هونەرمەند و شاعیرە ‹٢٠٠٠› وشەی نامۆ و جیاوازیان داهێناوە، بەڵام هەموو ئەو وشانە مانایەکی تایبەتی هەبووە. لەم ڕێگایەوە هەوڵیانداوە لاسایی دەنگی وشەکان بکەنەوە. بەم شێوەیە دەنگی وشەکانیان ناوناوە لە خودی وشەکەش. دەنگی شتەکان بۆتە ناوی وشە بەکارهێنراوەکان. ئەو وشانەش بە هیچ شێوەیەک لە فەرهەنگی زاراوەی زمانە ئەوروپیەکاندا نەبووە.»‹١٢›

هەروەها بەهەمان شێوە لە ئاڤێستادا، زمانی زەردەشتیەکانی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، جیهانێکی بەرین بەو دوو داهێنەرە دەبەخشێ.

> «لە ئاڤێستادا ڕووبەرووی هەندێ لە شێوازی دەنگ بووینەوە کە کۆمەڵێ ڕەمزی نادیاری لەخۆدەگرت، ئەو ڕەمزانەش ڕەمزی ڕۆحی و شیعری زەردەشتی بوون.»<١٣>

پیتەر بروک و Ted Hughes زمانە نوێکەیان ناودەنێن «ئۆرگاست» Orghast. بەرەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەم دوو پسپۆرە، هونەرمەند/شاعیر، پیەسێکی شانۆیی بە هەمان ناوەوە دەخوڵقێنێ. پیەسەکە بەو زمانە نوێیە «ئۆرگاست» نووسراوە. ئەو زمانەی هیچ چەمکێک لە ڕێسا ئاساییەکانی زمانی لەخۆنەگرتووە. تەنانەت کەسیش لەو زمانە نوێیە تێنەگەیشووە. مەبەست لەو پرۆژەیە ئەوە بووە بزانرێت لە ئەزموونێکی ئاوهادا تا چ ئاستێک زمان و وشەکان گرنگن. تا چ ئاستێک دەتوانرێت بە زمانێکی جیاواز و نادیار پەیوەندی بەیەکترییەوە بکرێت و چیرۆکێک بگێڕێتەوە.

> «ئۆرگاست Ted Hughesی شاعیر دەیدۆزێتەوە. ئەو وشەیەش بۆ ئەو مانای پاراستی ئاگر، ئاگری ژیان یاخود <ڕۆژ>ی گەیاندووە. ئۆرگاست وشەیەکی لێکدراوە: Org مانای ژیان دەگەیەنێ، Ghast مانای کڵپەی ئاگر یان ڕۆح دەگەیەنێ.»<١٤>

ئەم شاعیرە بۆ خوڵقاندنی ئەم میتۆلۆژیا هاوچەرخە پشت بە تێزەکانی لیڤی شتراوس<١٥> دەبەستێت. لەم ڕووەوە لیڤی شتراوس ئاماژەی ئەوە دەکات کە:

> «میتۆلۆژیا بەردەوام لەلای مرۆڤ بوونی هەیە، بەبێ ئەوەی ئێمە هەستی پێبکەین.»<١٦>

ئەم بوونەش دەبێتە شاکارێکی هونەری و دامەزراندنی شانۆیەکی میتۆلۆژی، دواجار «ئۆرگاست» دەبێتە نەمایشێکی ئەزموونگەری دەوڵەمەند. پیتەر بروک لەو نەمایشەدا یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی دامەزراندنی تێڕوانین و شێوازی پرۆژەکانی خۆی لە حەفتاکاندا دەستنیشان دەکات.

### ئۆرگاست لە ئێران

ئەم نەمایشە بۆ یەکەمجار لە ساڵی «١٩٧١»دا لە ڤیستڤاڵێکی شانۆیدا لە ئێران پێشکەشدەکرێت. پێشکەشکردنی ئۆرگاست دەبێتە ڕووداوێکی گرنگی شانۆیی و چەندین لێکۆڵینەوە و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری گرنگ و نامیلکە و کتێبی لە سەرانسەری جیهاندا لەسەر دەنووسرێت.

> «پیتەر بروک ئۆرگاست لە پاشماوەی شوێنێکی کۆنی ئارکیۆلۆژی لە نزیک شاری ئەسفەهانەوە پێشکەشدەکات. بەشێکی زۆری بینەرانی ئەو نەمایشە خەڵکانێکی گوندنشین و ساکاری ئەو ناوچانە دەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدەهێنێ و بینەران کاردانەوەیەکی باشیان دەبێت.»‹١٧›

بەمەش پیتەر بروک یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی خۆی پێکاوە لە دروستکردنی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرێکی نامۆ و ساکاری نەخوێندەواردا. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بابەت، شێوازی نەمایش و

شـوێنەکـە، ئەم توخـمـانەش پێکەوە یەکـەیەکی تایبـەت و گـشـتگریان پێکهێناوە.

«شــوێنەکــە، کــە زیاتر لە پاشــمــاوەی شــارێکی کــۆنی بەجـێـهـێلراو چووە، هێـزێکی گـەورەی بـەخـشـیـوەتە وزە ڕیتواڵیەکانی نەمایش و میتۆلۆژیاکە.»‹١٨›

بەمەش ڕۆحی نەمایش و پریشکە مێژوویی و داستانیەکان بازنەیەکی بزۆز لەگـەڵ بوونی سـاکـار و کاردانەوەکانی بینەراندا دروسـتـدەکات. پەرستگای کۆن، مـەنزڵگاکانی پادشـا و میرنشـینە کۆنەکانیش بوونەتە بەشـێک لـە شـوێنی خـولْقـاندنی ڕیتـواڵێکی «کـۆ» لەنێـوان نەمـایش و ئەکتەرەکان لەلایەک، بینەران، نەمایش و شوێنەکەش لەلایەکی ترەوە.
لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرە شانۆییەکان سەرکەوتنی ئۆرگاست لە ئێران دەگەڕێننەوە بۆ:

«بەها و گـرنگی شـوێنەکـە لەگـەڵ مـیـتـۆلۆژیا و ناوەڕۆکی نەمایشـەکە یەکیگرتووە: ئاڤێستا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بـاسـی ئـەو کلتــوورە دەکــات، هـەروەها فــارســەکــانـی ئـەســخــیلۆســیش هەر پەیوەســتــە بـەو شــوێن و کلتوورەوە.»‹١٩›

نەمـایشـەکـەش دوو بەش بووە: بەشـی یەکـەمی لەگـەڵ خـۆرئاوابوون دەستپێکردووە و بەشی دووەمیش لەگەڵ خۆرهەڵاتندا کۆتایی هاتووە. ئاگـریشـیـان بـەکـارهێناوە وەک سـەرچاوەکـانی ڕووناکی، ئـەمـەش گـەڕانـەوەیەکی ڕاســتــەوخـۆ بووە بـۆ «ئاگــر» وەک ســەرچاوەیەکی ســەرەتایی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی «ڕووناکی»، ئەمـە جگە لەوەی ئاگر

چەمکێکی سـەرەکی و گرنـگی کتێبی ئاڤێسـتـا و ئاینی زەردەشتیەکان بووە.

دواتر ئـۆرگــاسـت لـە پاریس لـە شــانۆی «بـوف دی نـور» بۆ بـینـەرێکی ڕۆشنـبـیـر و شــارسـتــانی ئەوروپی نـەمـایـشـدەکـرێت، بەڵام هـەمــان سـەرکەوتن و کـاردانەوەی ئـێرانی نابێت. نەمـایشـەکـە لە پاریس کـۆد و شانـە میتـۆلۆژییەکانی خـۆی لەدەسـتدەدات و ناتوانێت بـە هـەمان شـێوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ بینەراندا دروستبکات. بەڵام نەمایشەکە دادەنرێت بـە یەکـێـک لـە گـرنگـترین پڕۆژەکـانی حـەفـتـاکـانی هـەزارەی ڕابردوو، هـەروەها بـە یەکێک لە تـەقەلا ئـەزموونگەریە بەبەهاکانی پیتـەر بروک لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا.

Irvin Wardle یەکێکە لـە ڕەخنەگرە شـانۆییـەکـانی ڕۆژنامـەی The Times Kritiker سـەبارەت بەم پڕۆژە شانۆییە وتویەتی:

> «ئەم نەمـایشـە شانۆییـە تەنـها بۆ پیـتـەر بروک شـتێکی نوێ نەبووە. بـەڵکو هـاوتەریب لەسـەر ئاسـتی مـێـژووی شــانۆی جیـهانیشدا دادەنرێت بە پڕۆژەیـەکی نوێ. گرنگی داهێنانی ئەو شـێـوازە لـە پرۆسـەی ئەو نەمـایشــەدا دەگـەڕێتـەوە بۆ تێگەیشــــتنێکی قـــووڵ و ئـاشنـابـوونێکی گـــشــــتگر و سـەراپاگـیـری مـرۆڤـایەتی لەسـەر ئاسـتی هەمـوو گـۆی زەوی.»‹٢٠›

## ئۆرگاست و ئاڤێستا

ئاڤـێـسـتـا بەشـێکی گـرنگ و سـەرەکی شـانەکـانی پڕۆژەی ئۆرگـاست پێکدەهێنێ، ئاگـر و ڕۆژ وەک دوو بنـەمـای گـرنگی ئاڤـێـسـتـا دەبێـتـە

هێماكانی ژیان. سیماكانی ڕیتواڵێكی زەردەشتی، چەمكەكانی دەنگ، وشە نامۆ و بەكارهێنانی زمانێكی جەستەیی سەمائامێز، ڕیتمێكی تایبەتمەند دەبەخشێتە نەمایشەكە. گەردوونێكی پڕ لە نهێنی مەودا و ستركتورە ڕیتواڵی و ئاینیەكە بەرجەستەدەكات. فەلسەفە و پەیامە ئاینیەكەی ئاڤێستا ناوەڕۆكێكی دەوڵەمەند دەبەخشێتە نەمایشەكە و دیدی پیتەر بروكیش دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپك.

پیتەر بروك خۆی سەبارەت بە نرخ و بەهاكانی «ئاڤێستا» دەڵێت:

«ئەم كتێبە نزیكەی بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەركەوتووە، كتێبەكە لەوەدا بێ وێنەیە كە بە زمانێكی ڕیتواڵی و ئاهەنگئامێز نووسراوە، ئەو زمانە بەهایەكی پیرۆزی هەبووە. پیتەكانی ئاڤێستا لە ناوەوەیدا هەڵگری كۆمەڵێ هێمای نهێنیە كە زۆر تایبەتە بە دەنگەكانی، لەكاتێكیشدا كە پەیڕەوی ئەو ئاماژانە دەكرێت مانا قووڵەكانی بەدەردەكەون. لە ئاڤێستادا بە هیچ شێوەیەك بوارێك نییە لەنێوان دەنگ و ناوەڕۆكدا. لەكاتێكدا مرۆڤ گوێ لە ئاڤێستا ڕادەگرێت، بە هیچ شێوەیەك پێویستی بەوە نییە بزانرێت چی دەگەینێت، وەرگێڕانی ئەم جۆرە تێكستانە مرۆڤ بەرەو كۆمەڵی كلێشەسازی دینی بێتام و چێژ دەبات، بەڵام لەكاتێكدا وەك خۆی دەوترێت دەبێتە پارچەیەكی پڕ لە مانا و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە بنەماكانی كردەی قسەكردنەوە. ‹ئاڤێستا› بۆی دووپاتكردینەوە ئەوەی بۆی دەگەڕێی دەكرێت بوونی هەبێت، بەڵام دەبێت بە هەستێكی قووڵ و ووریاییەكی زۆرەوە لێی نزیكببینەوە، لەهەمانكاتدا ئەوە شتێك نییە كۆپی یان دووبارەبكرێتەوە. بەڵكو تەنها دەبێت بدۆزرێتەوە.

ئەو گــەڕان و دۆزینەوەیە تیـشکی خــســتــە ســەر ئەو پرسیارانەی ساڵێک لەگەڵماندا ژیاوە.»<٢١>

پیــتــەر بروک لە ڕوانگە و دیدێکەوە کــاردەکــات تا شــانۆش وەک پێـداویسـتـیـەکـانی مـرۆڤ لە خـۆراک و سـێکس، ببـێـتـە یەکـێک لە پێداویسـتـیـە گرنگەکانی ژیـان. لە نەمـایشـی «ئۆرگاست»دا ئـەفسـونی مـیتۆلـۆژیا زمانـێکی هـاوچەرخ و هـاوبەش دەخـوڵقـێنـێ، لەم ئەزمـوونەدا، وەک زۆر لە پـرۆسـەکـانی تری پیـتـەر بروک، پەیوەندیـەکـان لەکـاتی نەمایشکردن و ڕووبەڕووبوونەکاندا: ئەکتەر، بابەت و بینەران هـاوکێشە گــرنگەکــانـێــتی. بەڵام بەپێــچــەوانەوە ڕۆژانی مــەشـق و داهێنان پەیوەندیەکان، ئەکتەر، بابەت و ڕێژیسـۆر هـاوکێشـەکانی پێکدەهێنێت. بیـرۆکەی ئەم مـەسـەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکـانی پیتـەر بروک لە سـاڵانی شـەسـتدا، هـەروەها لە کتێبـەکەشیـدا «پانتایی بۆش» ئـاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات و دەڵێت:

«لەکــاتی نـەمــایشــکردنی شــانۆنـامــەکــەیدا پەیوەندیەکــان ئەکتـەر/ بابـەت/ بینـەرە. لەکـاتی پرۆڤـەکـاندا ئەکـتـەر/ بابەت/ ڕێژیسـۆرە. پەیوەندیە سـەرەتاییـەکانیش ڕێژیسـۆر/ بابەت/ سینۆگرافیە.»<٢٢>

ئەمەش ئەو پرۆسێسەیە پیتەر بروک دەسـەڵاتـی ڕێژی دەکاتە بنەما بۆ داڕشتـنەوەیەکی گشگیری لە خوڵقاندنی پانتاییـەکی نوێ و نیشـاندانی دید و بیری دەسـەڵاتی کردەی «ڕێژی».

ئۆرگــاست گــەشــتــێکی درێژ و چڕ و پڕ بـووە بۆ پـیــتــەر بروک، لەهـەمانکاتیشدا پڕۆژەیەکی مەزن بوو بۆ شانۆی هـاوچەرخی جیهانی.

پیتەر بروک لە یەکی دیسەمبەری ساڵی «١٩٧٢»دا لەگەڵ گرۆیەکی گەورە لە شاعیران و نووسەران و پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان، هەروەها ئەکتەر، سینۆگراف و شارەزایانی بوارەکانی شانۆ، لەژێر چاودێری مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی لە پاریس، گەشتێکی سێ مانگی بەناو شەش وڵاتی ئەفەریقادا دەکەن. هەروەها تیپێکی سینەما، تەلەڤزیۆن، وێنەگری تایبەت و ڕۆژنامەنووسیشیان لەگەڵ دەبێت.

لەو وڵاتە ئەفەریقیانەدا هیچ کام لە ئەکتەرەکان، زمانی خەڵکی ئەو وڵاتانەیان نەزانیوە. لەوێ زیاتر بەشێوازی ڕاگوزاری و مەشق و گەمەی جۆراوجۆر شانۆییەکانیان پێشکەش بەو خەڵکە ساکار و سەرەتاییە کردووە. پیتەر بروک و گرۆکەی مەبەستیان لەم گەشتە کاردانەوەی بینەرانی ئەفەریقا نەبووە، هێندەی هەستکردنیان بە ئەگەری پەیوەندیە ناوەکیەکانی هەست و سۆزی ئەو بینەرانە بووە.

پیتەر بروک لەو گەشتەدا، خۆی و ئەکتەرەکانی ڕووبەرووی چەندین کلتوور و مەزهەبی دینی جیاواز دەکاتەوە. موسوڵمانە ڕەشەکان. کاتۆلیکە مەسیحیەکان، دوو نمونەی ئەو تێکەڵە کلتوورییە بوون.

پیتەر بروک لە هەندێ لەو لادێ دوورانەی ئەفەریقادا بە سەرۆک خێڵەکانی ووتووە:

«هەندێک خەڵک لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتوونەتە ئێرە تا بزانن دەتوانن جۆرێک لە پەیوەندی مرۆڤایەتی بگونجێنن، لەڕێگای شێوازێکی تایبەتیەوە کە پێی دەڵێن

شانۆ، بەبێ بوونی زمانێکی هاوبەش.»‹٢٣›

گەشتەکە گەلێ پڕۆژە و بەرەنجامی گرنگی دەبێت. هەروەها بەهایەکی تایبەتیش لەخۆدەگرێت لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا.

پیتەر بروک لە زۆر بۆنەدا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە لەو گەشتەدا، بەشێوەیەکی تەواوەتی لەگەڵ گرۆکەی ڕێککەوتوون، کە بە هیچ شێوەیەک پشت بە هیچ تیۆرێکی شانۆیی نەبەستن. ئەمەش زەمینەیەکی تری بۆ گروپەکە و بۆ پیتەر بروکیش خوڵقاندووە، تا ڕووبەرووی هەڵوێستە و بارە شانۆییەکان، لە ڕوانگەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو چرکەساتەوە ببنەوە.

مرۆڤ وەک بوونەورێکی زیندوو، دەبێتە سەرەتا و بنەمای ئەو تاقیکردنەوانە. خودی گەشتەکەش دەروازەیەک بووە بۆ نزیکبوونەوە و پەیوەندی کردن بە کەسانێکەوە کە دوور بوون لە مەرجەکانی ژیانی مرۆڤی ڕۆژئاواوە. لەم ڕووەوە پیتەر بروک دەڵێت:

> «کارەکانی ئێمە پشت دەبەستێت بەو فاکتانەی کە دەتوانێت، بەهۆی دەنگ و جووڵەی جەستەی مرۆڤ خۆیەوە، پەردە لەڕووی هەندێک لە قووڵترین هەڵوێستەکانی مرۆڤایەتی هەڵماڵێت، بەشێوەیەک کە کاریگەریەکی گەورە و ڕاستەوخۆی دەبێت لەناوەوەی هەموو بینەرێکدا، بەبێ جیاوازی کلتوور، زمان و نەژادە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی.»‹٢٤›

گەشتەکە زۆر لە ئامانجەکانی دید و تێڕوانینە ئەزموونگەریەکانی پیتەر بروک دەپێکێت و لەسەر ئاستە جیاوازەکان پەیوەندیەکی

مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دروستدەکات.

ئەو گەشتەش، لە مێژووی شانۆی جیهانیدا دادەنرێت بە یەکێک لە گەشتە زۆر دەگمەن و نمونەییەکانی بواری لێکۆڵینەوە، هەڵکۆڵین و ئەزموونگەری:

«هەندێ شت پێویستە ڕووبدات، هەروەها پێویستە بگەینە هەندێ بەرەنجامیش؛ ئەمەش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی هەندێ شت کە بەشێوەیەکی تەواوەتی لەوەوبەر خۆئامادەنەکرابێت بۆی.»<٢٥>

بێگومان مەسەلەی ئەزموونگەری یەکێک بووە لە ناوەند و شانە گرنگەکانی ئەو گەشتە. پیتەر بروک دەڵێت:

«بەشی یەکەمی بیابانەکەمان بڕیبوو، دوای ئەوەی خۆمان لە شارێکی بچووکدا بینیەوە. هیچ کەسێک ئامادەی پێشوازیکردنمان نەبوو، بەڵام ئێمە هاتبووین، بەیانی بوو، بازاڕێکی بچووک لەو شارەدا هەبوو، لەپڕ وتم: <با بۆ یەکجار لێرەدا گەمەیەک بکەین...> هەموو ڕازیبوون، لەبەرئەوەی جێگاکەمان خۆشویست. چوینە دەرەوە. جێگامان داخست و دانیشتین. بەخێرایی بینەران لەدەورمان کۆبوونەوە. شتێکی کاریگەر، بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو، لەناوەماندا دەجوڵا. لەبەرئەوەی ڕووبەرووی نادیارێکی تەواوەتی ببووینەوە، هیچ شتێکمان نەدەزانی کە بەرەو بەردەوامیمان بەرێت، هیچ شتێکیش کە نەمانبات. هەموو ئەوانەی لەو شوێنەدا بۆمان ڕوونبووەوە ئەوە بوو کە لەوەوبەر هیچ شتێکی لەم چەشنە لەو بازاڕەدا ڕووینەدابوو،

هەرگیز ئەکتەرێکی گەڕۆک نەهاتبووە ئەو شوێنە، هیچ ڕاگوزاریەکی بچووک پێشکەشنەکرابوو. هیچ سەرەتایەک لەم بارەیەوە نەبوو، جۆرە ئاگاداریەکی ساکار و سەرپاگیر هەبوو، هەروەها تێگەیشتنێکیش کە خۆشحاڵی پێدەگەیاندین. شتێک ڕوویدا ـ لەوانەیە لەماوەی یەک چرکەدا ـ وای لە ئەکتەرەکان کرد تێگەیشتنی خۆیان بگۆڕن سەبارەت بە پەیوەندیەکانیان بە بینەرانەوە.»‹٢٦›

پیتەر بروک لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا، فۆرم و تەکنیکەکانی شانۆی ڕاگوزاری بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیکردن و نزیکبوونەوە لەو بینەرە ساکار و نامۆیانەوە. بنەماکانی شانۆی ڕاگوزاریش، بەدرێژایی زیاتر لە پەنجا ساڵ، یەکێک بووە لە مێتودە سەرەکیەکانی کار و پڕۆژەکانی پیتەر بروک. هەروەها لە ماوەیەکی درێژی مێژوویدا ئەم فۆرمە لەلای پیتەر بروک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەشێوەیەکی مەزن بەرەوپێشەوە چووە. پیتەر بروک بەم شێوەیە باسی ئەو فۆرمە گرنگەی شانۆ دەکات:

«ئێمە فێری ئەوە بووین کە ڕاگوزاری تەکنیکێکی زۆر گرانە، زۆر جیاوازیشە لەو بۆچوونەوە کە ڕاگوزاری تەنها بریتیە لە ‹ڕووداوێک› یان ‹هەڵوێستەیەکی› ساکاری کتوپڕ. بەڵکو ڕاگوزاری پێویستی بە ئەکتەری زۆر بەتوانا هەیە لە هەموو بوارەکانی شانۆدا، پێویستی بە مەشقێکی تایبەتیش هەیە، هەروەها وزە و توانایەکی گەورەی بەخشین و هەستێکی پڕ لە خەندە و پێکەنین. ڕاگوزاریەکی ڕەسەنیش کە بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستە بڵندەکانی ڕاستی، ئەمەش نایەتەدی، گەر بینەران هەست نەکەن جێگای ڕێز و

خۆشەویستی ئەکتەرەکانن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش فێری ئەوە بووین کە شانۆی ڕاگوزاری پێویستە خۆی بچێت بۆلای خەڵکی لەو شوێنانەی کە تیا دەژین، هەروەها فێری ئەوەش بووین کە کۆمەڵە خەڵکانێک لەسەر ئاستی جیاواز لە کۆمەڵگاکاندا دابڕاون و لە تەنهاییەکی تەواوەتیدا دەژین، هەروەک بێگانەکانی فەرەنسا. ئەم خەڵکانە تووشی سەرسوڕمان و کاریگەری دەبن لەکاتێکدا ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی زۆر ساکار دەچن بۆلایان و لە شوێنەکانی ئەواندا شانۆییەکانیان پێشکەشدەکەن. لێرەدا دەبێت ئەوپەڕی ئاگادار و هۆشیار بین، تا بینەران هەست بەوە نەکەن کە تایبەتمەندێتی ئەوانمان داگیرکردووە. ئامانجیش ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک دەیەوێت بەردەوام بێت لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا، لێرەدا شانۆ بەشێوەیەکی چڕ دەبێتە ژیان.»‹٢٧›

بینەر، فۆرم، دەربڕین و خوڵقاندنی شێوازێکی ئاهەنگئاسا و جیاواز، فەلسەفەی لێکۆڵینەوەکانیان بووە.‹٢٨› بینەر و پەیوەندیکردن بە پرۆسەی شانۆوە یەکێک بووە لە هاوکێشە گرنگەکان:

«مەبەست لە گەشتەکەی ئەفەریقامان ئەوە بوو بچین بۆلای بینەرێکی جیاواز و نموونەیی، ئەو بینەرانەی خاوەنی ئەو کاردانەوە دەوڵەمەندانەن کە پڕە لە ژیان، بەچەشنێکی تەواوەتی کراوەن بۆ هەموو جۆرە شێوەیەک، ئەو خەڵکە بە هیچ جۆرێک بەندی مەرجە ڕۆژئاواییەکان نەبوون.»‹٢٩›

هەروەها پیتەر بروک ئەوەش دووپاتدەکاتەوە و دەڵێ:

«ئەو وانەیەی بەردەوام لە گەشتەکانماندا فێری دەبووین و بەربەردەوامی دەگەڕێنەوە بۆ فێربوونی ڕێزی بینەران و فێربوونە لێیانەوە.»<۳۰>

دواتر ئەو گەشتە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی بەسەر دید و تێڕوانینی پیتەر بروکەوە بەجێدەهێڵێ. هەروەها پرۆژەکانی حەفتاکانی هەزارەی ڕابردوو، ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ئەو گەشتە دەوڵەمەندەی ئەفەریقایان دەبێت. بۆ نمونە کە دەگەڕێنەوە بۆ پاریس نەمایشی «کۆنفرانسی باڵندەکان» پێشکەشدەکەن. لەم پرۆژەیەدا ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا، لە ئاسمانێکی بێلایەندا، پێگدەگات و جیهانێکی چوارەمی تر بۆ مرۆڤایەتی دەخوڵقێنێ.

## کۆنفرانسی باڵندەکان

پیتەر بروک لە ساڵی «۱۹۷۹»دا بە نەمایشی «کۆنفرانسی باڵندەکان» لە ڤیستیڤاڵی ئەڤینیوندا Avignon بەشداریدەکات. هەروەها لە کۆتایی ساڵی «۱۹۷۹» و سەرەتای ساڵی «۱۹۸۰»دا لەسەر شانۆی «بۆن دی نور» لە پاریس نەمایشکراوە. دوای ئەوە گەشتەکەیان بە جیهاندا دەستپێدەکات.

ژان ـ کلۆد کارییر سەبارەت بە ئامادەکردنی پیەسەکە دەڵێت:

«تەنها شەش مانگمان لەبەردەستدا بوو بۆ نووسین و ئامادەکردنی نەمایشەکە. ئەمەش گرەوێکی شێتانە بوو، تەنها سەبارەت بە نووسینی شانۆییەکە نا، بەڵکو لەڕووی

هەڵبـژاردنی ئامــرازەکــانی بەرجــەســتــەکــردنی کــارە شــانۆییــەکــەشــەوە. هــەمــوومــان لــەو بڕوایەدا بووین کــە پێـویسـتـیمـان بە کـۆمـەڵێ ئامـرازی نوێیـە، دەمـامک، بووکـەشـووشـە و شـتـی تر کـە لەوەوبەر بە هـیچ شـێـویەک بەکارمان نەهێنابێ.»‹٣١›

پیـتـەر بروک و ژان ـ کلۆد کـارییـر سـەرچاوەکـانی ئەو پڕۆژەیـە لە شـاکـارێکی کـۆنی «فریدالـدین عطار»‹٣٢›ی سـۆفیـزمـەوە وەردەگـرن. «فـریدالدین عطار»یش سـەر بە کلـتوورێکە کـە خـۆی تێـدەکـۆشـێت تا ڕاستیەک پێشکەشبکات کە زۆر گەورەترە لە هزر و ئەندێشەی خۆی. لە «کۆنفرانسی باڵندەکان»دا لە تەقەلای ئەوەدایە ئەو ئەندێشە قووڵانە لە گـەردوونێکدا بـەرجـەسـتـەبکات، کـە خـۆی دەمـێکە تێـپـەڕاندووە. گەردوونێک سـەر بە بوار و پانتاییەکی زۆر دوورە. لەم شاکارەدا زەمەن هەڵدەگـێـردرێتـەوە و دەبێـتـە زەمـەنێکی مـەجـازی و خـواسـتـراو. «کـۆنفـرانسی بـاڵندەکـان» پڕۆژەیەکـە بوون و ئـاسـتـێکی جـیـاواز و بێـسنووری هـەیە. ئۆڤـیـانووسـێکە، پیـتـەر بروک واتەنـێ، ئێـمـە زۆر پێویستیمان پێیەتی.‹٣٣›

«ئەوەی بینیم، لە جەستەیەکی تردا بینیم. هیچ شتێکم گوێ لێ نەبووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەمـوو شـتـێکم گـوێ لێ بوو. هیچ شـتـێکم نەدیووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەمـوو شـتـێکم دیووە.»‹٣٤›

پیتـەر بروک هەمیشە گرنگی داوە بە گوتاری جیاواز. کۆنفرانسی باڵندەکان، یان گەشتێک بەرەو خود، دوای پڕۆژەی «ئۆرگاست»، دەکاتە سـەرەتایـەکی تری ئەو بـەهـا مـەزنەی گـوتاری خـۆرهەڵات، بەو پێـیـەی

خۆرهەڵات پانتاییەکی جیاوازی هەیە. بەمەش هەوڵیداوە، لە خۆرئاوادا وەک مەڵبەند و چەقی بنەما فیکرییەکان دووربکەوێتەوە، تا ڕێگا بدات بە گوتارەکانی خۆرهەڵات لە پەراوێزەوە بێنە چەقەوە.

لە کۆنفرانسی باڵندەکاندا، پیتەر بروک وێنەی جیهانێکی بینراو و هەستپێکراو، لە شێوەی گەردوونێکی ئەندێشە ئاسادا بەرجەستەدەکات. ئەمەش هەمان هزرە لە شانۆدا. شانۆ جیهانێکە لە وێنەکان، جوانی شانۆش، بە بۆچوونی پیتەر بروک، لە ئامادەکردنی ئەندێشەکاندایە. گەر جیهانیش ئەندێشە بێت، ئەوە شانۆش ئەندێشەیە لەناو ئەندێشەدا.

ئەکتەرەکان بەهۆی بەکارهێنانی بووکەشووشە و جۆرە دەمامکێکی پڕ لە فەنتازیاوە ڕۆڵی باڵندەکانیان بینیوە. هەروەها هەندێ جوڵانەوەی تایبەتیان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی جەستەی باڵندەکان. دەمامک بوونێکی پیرۆز و کەرەستەیەکی زیندوو بووە لەم نەمایشەدا. گرۆ نێونەتەوەییەکەی پیتەر بروک بووکەشووشە و دەمامکەکانیان بەتایبەتی لە دوورگەی «بالی»‹٣٥› لە ئەندۆنیسیاوە بۆ ئەم نەمایشە هێناوە. جۆری کلتوور، مێژوو، ڕیتوال و شانۆیەکی فیزیکی دەوڵەمەندی «بالی» وەک گوتارێکی جیاواز، جۆرێک لە پیرۆزی، بەها، بەردەوامی و قوڵبوونەوەیەکی داوە بە «دەمامکەکان». ئەمانەش هەموویان پێکەوە جۆرە ئارەزوویەکی تریان بەرجەستە کردووە، بۆ ژیانێکی جیاوازتر، وەک لەوەی کە هەیە. ئەو دەمامکانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ناجوڵێنەوە، وەک ئەوە وابووە هەناسەی ژیان هەڵمژێ. پیتەر بروک دەڵێ:

> «گریمان ئەکتەرێک چەند هەنگاوێکی ناوە بۆپێشەوە، بەڵام لەو چرکەساتەدا کە دەمامکەکە دەپۆشێ، دەبێتە بوونەوەرێکی تر و لە چەندین ڕێگای تری جیاوازدا دەژی.»‹٣٦›

لە بەشی یەکەمی نەمایشەکەدا بووکەشووشەکان بەتەنها ڕۆڵی باڵندەکان دەبینن، بەڵام لە بەشی دووەمدا ئەکتەرەکان جێگای بووکەشووشەکان دەگرنەوە؛ بەم شێوەیەش نەمایشەکە حاڵەتەکان دەکاتە شانۆیەکی وێنەیی، لەهەمانکاتدا بەرجەستەی ئەو ماوەیەش دەکات کە باڵندەکان بڕیویانە. پیتەر بروک بەم تەکنیکە ئەو بوارەمان بۆ بەجێدەهێڵێ تا لەوە بگەین: ئەوەی پێویستە لە کۆنفرانسی باڵندەکاندا، ئەو هاوکیشە دوو جەمسەرەیە کە مرۆڤ و باڵندە کۆدەکاتەوە.<٣٧>

نەمایشەکە توانایەکی گەورەی «شانۆیەکی داستانی» و هێزێکی میتۆلۆژی لەخۆدەگرێت. ئەو پەیوەندیە چڕە پێکداچووەی بووکەشووشەکان و جەستەی مرۆڤ هەیەتێ، دەبێتە وزەیەکی گەورەی گێڕانەوەی ئەو گەشتە سەرسوڕهێنەرە. بووکەشووشەکان لەلای پیتەر بروک مانایەکی دیاریکراو لەخۆناگرێت. بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەو توخمانەوە کە لە داب و نەرێتە مىللیەکاندا هەیە. لەبەرئەوە بووکەشووشەکان، وەک ئامرازێکی بەکارهێنراوی دەربڕین، دەبێتە بارێکی تایبەت لەنێوان داهێنان و زاکیرەی کلتووریدا.

هونەری ڕیژی و میتۆدە بەکارهێنراوەکانی پیتەر بروک، کۆمەڵێ ئامرازی بەرجەستەن و تێڕوانینی خۆرئاوا لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئەو سیستەمە ئایدۆلۆژییەیە پیتەر بروک بەکاریاندەهێنێ بۆ ڕاڤەکردنی چەمکەکانی گوتاری خۆرهەڵات. «کۆنفرانسی باڵندەکان» کە شاکارێکی دێرینی فارسی «زمانی مەل»ە،یاخود زمانی باڵندەکان، کە بە ئینگلیزی بە «کۆنفرانسی باڵندەکان» «The conferance of the Birds» ناونراوە، دەیکاتە زەمینەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی ئارکیۆلۆژی. نەمایشەکە دەبێتە گەشتێکی دەوڵەمەند بۆ هونەری نواندن، پڕۆژەیەک زیاتر بە شانۆی ئەکتەر ئاماژەی بۆدەکرێت.

ئەکتەرەکان دەبنە کۆمەڵێ سەمازانی بێ وێنە؛ دەبنە مەل و بەناو

پانتـایی شـانۆکـەدا دەفـڕن. بەکـارهـێنانـی دەمـامک، وەک لـەوەوبەر ئاماژەمان بۆکرد، فۆرمێکی جیاواز و گرنگی دەربڕین دەبەخشێتە جوڵە و دەنگی ئەکتـەرەکان. دەمامک لەم کـۆنفـرانسـەدا بەهایەکی بێ وێنە بەدەسـتـدێنێت و فـۆرمـێکـی نوێ دەبەخشـێتـە نەمـایشـەکە بەگـشـتی و ئەکتـەرەکـان و تێکڕای سـترکـتورە هونەریەکە بەتـایبـەتی.‹٣٨› پیتـەر بروک بەم شـێوەیە ئاماژەی بەها و گرنگیـەتی دەمـامک لە کۆنفرانسی باڵندەکان دەکات:

«لەکـاتێکدا ئـەکـتـەرێک دەڵێت: ڕۆژێک لە ڕۆژان لێـرەدا دەروێشـێکی پیـر هـەبوو... دوای ئەوە هـەوڵدەدات ئـەم وێنەیە بگەیەنێتە مـێشکی بینـەر، لەڕێگای ئەوەوە کـە دەموچاوی خـۆی بکاتە هی ئەو دەروێشـە پیـرە، تەنـهـا یەک هەنگاو دەتوانێ لـەم ڕووەوە بەرەوپێـشـەوە بچـێت، بـەڵام لەکاتێکدا دەمـامکی دەروێشـەکـە بەکـاردەهـێنێ، بـەقـەد سـاڵێکی ڕووناکی تەواوەتی دەچێتە پێشەوە.»‹٣٩›

زمانی باڵدارەکان شاکارێکی سۆفیزمە، لەو ڕوانگە سۆفیزمە کۆنەوە پیتـەر بروک دەروازەیەکی پڕ لە مـەشق و ئەزمـوونێکی قـووڵ و گـەورە دەخـاتە سـەرپشت. شـاکـارەکـەش باس لەوە دەکـات چۆن هـەمـوو باڵندەکانی جیهان کۆدەبنەوە تا پێکەوە باسی گەشتێکی پیرۆز بکەن بۆ شاری خواوەند.

**کۆنفرانسی باڵندەکان باسی چی دەکات؟**

کورتەی زمانی باڵندەکان بریتیە لە: کۆمـەڵە مـەلێک ڕێکدەکەون کە بە

ڕێبەرایەتی پەپووسلێمانکە (هدهد) دەکەونە ڕێ بۆ گەیشتن بە سیمرغ لە لووتکەی کێوی قاف. لەڕێگا بەشێکی زۆری مەلەکان، هەریەکە بە بیانوویەک خۆیان دەدزنەوە و واز لە سەفەر دەهێنن، چونکە بەرگەی سەختی و نارەحەتی ڕێگا ناگرن. لەم سەفەرەدا حەوت دۆڵی گەورە و ترسناک دەبڕن: دۆڵی داواکردن، دۆڵی عەشق، دۆڵی زانیاری، دۆڵی یەکگرتن، دۆڵی حەپەسان و دۆڵی مەرگ. لەدوایدا تەنها سی مەلیان دەمێنێتەوە و دەگەنە مەبەستی خۆیان. کە دەگەنە خزمەتی سیمرغ، خۆیان لەودا دەبیننەوە و تێدەگەن کە سیمرغ سی مەل «سی مرغ»ە. نیشانەکان زۆر ئاشکران: مەلەکان «سالکان» واتە ڕێبوارانی ڕێگای حەقیقەت «ڕاستی». پەپووسلێمانکەی پیر «شێخ» و ڕێبەرە، ڕێگاکە و حەوت دۆڵەکە، ڕێگای سەختی پاکبوونەوەی ڕۆحە و حەوت مەقامی سۆفییەکانە، سیمرغ زاتی پیرۆزی خوایە. خۆ بینینیش لە زاتی سیمرغدا، یەکێتی وجودە کە مەقامی تواندنەوەی مرۆڤی سۆفییە لە جوانی و تاقانەیی خودادا.‹٤٠›

## زەمەنی میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخ

کە پیتەر بروک لەو داهێنانە گەورانەی ڕۆشنبیری و ناو شارستانیەتەکانی تری مرۆڤایەتی نزیکدەبێتەوە، بە هزر و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی تایبەتیەوە نزیک نابێتەوە، یان بە قاڵب و کلێشەیەکی ئامادەکراوەوە، تا چیرۆک و ئەفسانەکانی تیا ڕاڤە و یەخسیربکات. بەڵکو لە ڕوانگەی ڕێز و خۆشەویستیەوە بۆ تێگەیشتن لە نهێنی و لۆژیکیە ناوەکیەکانی ئەو ئەفسانانە کە ڕەگیان درێژبۆتەوە بۆ زەمەنێکی دووری میتۆلۆژی و کلتوورێکی کۆن و تایبەت.

پیتەر بروک بەم شێوەیە دان بە بوونی کلتوورێکی تری جیاوازدا

دەنێت، ئەوەش وەک پرۆسێسێکی فەلسەفی بۆ تێگەیشتن و ناسینی خود، لە دەروازەی چەمک و میتۆلۆژیایەکی جیاوازەوە.

هەر لەبەر ئەوەشە پیتەر بروک لە کۆنفرانسی باڵندەکاندا «شوێن» ناکاتە دارِشتەیەک بۆ هەستێکی هەڵچو، بەڵکو بەپێچەوانەوە «شوێن» دەبێتە پانتاییەک بۆ ژیان، بۆ بەردەوامی و میکانیزمی پەیوەندیەکان.

نەمایشەکەش بە سێ شوێنی جیاوازدا تێدەپەڕێ:

> «سەرەتا لە شارێکی قەرەباڵغی پڕ لە خەڵکدا، بەرەو بیابانە بەرینەکان، دوای ئەوە، بۆ ئەودیو سنووری بیابانەکان و جێگایەکی تر کە زیاتر سروشتێکی ڕۆحانی تایبەت لەخۆدەگرێت.»〈٤١〉

لەلای پیتەر بروک لە قۆناغی کۆتایی گەشتەکەدا، قۆناغی بڕینی دۆڵەکان، هیچ باڵندەیەک نامێنێتەوە. لەو چرکەساتەوە، لەبری ئەوە، تەنها ناوی باڵندەکان دەمێنێتەوە.

پیتەر بروک لەم پانتاییە ڕۆحانییە پیرۆزەدا: دەنووک، باڵ و بووکەشووشەکان، ئامرازی بەرجەستەکردنی باڵندەکان، لادەبات. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها مرۆڤە، مرۆڤێکی ڕووت و قووت ڕووبەرووی سیمرغ دەبێتەوە. وەڵامی یەکەمی پرسیارەکان لە باڵندەکانەوە دەردەچێت کە بەرەو کۆبوونەوەی «پەپوسولەیمانکە» دەچن. دەنگەکان وورده وورده نزیکدەبنەوە، ئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ دەرخستنی هێزی هاوار و دەنگە جۆراوجۆرەکان، دەنگدانەوەی ئەو دەنگانەش لە شیو و دۆڵەکاندا، مەودایەکی زەمەنی و فەلسەفی دەبەخشێتە چەمکی گەشتەکە. لە بەرەنجامیشدا تەنها دەنگی مرۆڤ لە ڕووبەرووبوونەوەی سیمرغدا دەبیسترێت.

کۆنفرانسی باڵندەکان، وەک مرۆڤی خۆرهەڵات، پشت بە کۆمەڵێ

سەرگوزشتەی جۆراوجۆر دەبەستێ، چیرۆکە گشتیەکە «کۆنفرانسی باڵندەکانە»، بەڵام لەناواخنیدا کۆمەڵێ کورتەچیرۆک و بەسەرهاتی تر لەخۆدەگرێت، کارەکتەری «پەپوسولەیمانکە» هێڵەکانی ئەو چیرۆکە و بەسەرهاتەکان دیاریدەکات و لەگەڵ چیرۆکە سەرەکیەکەدا تێهەڵکێشیان دەکات.

## ئامرازە خۆرهەڵاتیەکان

بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی کۆمەڵێ ئامراز و کەرەستەی خۆرهەڵاتی، دەبێتە زمانێکی هاوبەش و فۆرمێکی جیاواز بۆ پیتەر بروک. هەروەها بەکارهێنان و پێکداچوون و لێکنزیکبوونەوەی ئەو ئامرازە خۆرهەڵاتیانە، لەگەڵ کەرەستە، تەکنیک و ئامرازە خۆرئاواییەکاندا، زەمینەیەکی تری تەبا، لەهەمانکاتدا ناتەباش بۆ پڕۆژەکە دەخوڵقێنێ. بەتایبەتی لەڕووی نزیکبوونەوە لە کلتووری خۆرهەڵات و کردنەوەی کۆدەکانەوە.

> «پیتەر بروک بۆ بەرجەستەکردن و نزیکبوونەوە لەو جیهانە خۆرهەڵاتیەوە، سێ بەرماڵی گەورەی بەکارهێناوە. پانتایی شانۆکەش دابەشکراوە بەسەر دوو بەشی گەورەدا. بەرماڵێکیان لەو دوو بەشەدا ڕاخراون، ئەویتریشیان هەڵواسراوە بە دیواری پیشەوەی شانۆکەوە.»‹٤٢›

پیتەر بروک بە بەکارهێنانی ئەم بەرماڵانە گەڕاوەتەوە بۆ سەر هێما و کۆدەکانی خۆرهەڵات، بەتایبەتیش، حیکایەتخوان وەک ترادیسیۆنێکی کۆنی کۆمەڵگا کۆنەکانی خۆرهەڵات، هەروەها کردەی نوێژکردن.

بەرماڵەکان لەلایەکی دیکەوە دەبنە پانتاییەک بۆ کردنەوەی کۆدەکان و گفتوگۆ، لەهەمانکاتدا /جێگایەک/ بۆ گێڕانەوە و گەڕانێکی بەردەوامی نهێنیە سۆفیەکان. ئەمەش ئامرازێکی گونجاوە بۆ بەرجەستەکردنی جیهانی فریدالدین عطار، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە «بەرماڵ» دەبێتە هێمایەکی ڕاستەوخۆی ئیمان و خواپەروەریش. بەکارهێنانی ئەو بەرمالانەش زەمینەیەکی گەورە و فراوانی بۆ ئەکتەرەکان خوڵقاندووە. دیمەنی گەشتەکانیش تەنها لەسەر بەرماڵەکان بەرجەستەبووە.

پیتەر بروک بەم شێوەیە ئاماژە بە چۆنیەتی بەرەوپێشەوە چوونی نەمایشی «کۆنفرانسی باڵندەکان» دەکات:

«پرۆژەکە لە گەشەکردنێکی بەردەوامدا بوو، هەندێ لە شێوازەکانی ئەو پرۆژەیەمان لە ئەفەریقا و هەندێکی تر لە پاریس، بەشێکی زۆریشی لە ئەمەریکا نەمایشکرد. لە کۆتایدا گەیشتینە ئەو بەرەنجامەی هەموو شەوێک گرۆی ئەکتەرەکان بگۆڕین، بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا هەموو ئەندامێک لەو گرۆیە تێگەیشتنێکی نوێ و جیاوازی هەبێت بۆ هەریەک لەو کارەکتەرانە... ئەمەش کاری کردە سەر بەرەوپێشەوە چوونی تەواوەتی پرۆژەکە. لە هەفتەی کۆتاییدا حەوت گرۆی جیاوازمان هەبوو، کە بەرپرسیاربوون لە حەوت شێوازی جیاوازی کارەکە. شەوی کۆتایی سێ نەمایشی جیاوازی لەخۆگرت: یەکەمیان لە کاتژمێری هەشتی ئێوارەوە دەستیپێدەکرد، دووهەمیان لە نیوەشەودا و سێهەمیان لە کازیوەی بەرەبەیاندا. یەکەم نەمایشیان ڕاگوزاری، دووهەمیان هێمن و پابەند بە کرۆکی خودی پیەسەکە و سێهەمیشیان زیاتر مۆرکێکی ئاهەنگسازی

لەخـۆدەگـرت. هـەرسێ نـەمـایشـەکـەش هـاوکـاری لەگـەڵ یەکتریدا دەکرد تا ببنە هەڵگری هەڵوێستەیەک بۆ دەربڕینی ئەو کـارە سێ سـاڵەییـە. ئەمـەش گـرێی ئـەو نهـێنیـەی بۆ کـــردینـەوە: ئەوەی بۆی دەگـــەڕاین دەکـــرێت بیگـەینێ. بەرەنجـامی کـۆتایی نییـە، هەمـوو ڕێبـازەکـان دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام بگۆڕدرێن.»<٤٣>

کۆنفرانسی باڵندەکان لە زۆر وڵاتی جیادا پێشکەشدەکرا؛ لە هەر وڵاتەش فۆرم و شێوازی جیاوازی لەخۆدەگرت. بەشێکی لە ئەفەریقا، ناوچە جیـاوازەکـانی پاریس، کـالیـفـۆرنیـا، بە هاوکـاری هیندییـە سورەکانیش لە ناوچەی مینیسوتا، لەسـەر شـەقامەکانی بروکلین لە نیـویۆرک. بەڵام هـەمـیـشـە بە شـێـوازی جـیـاواز و لـەیەکنەچوو، ئەو شێوازانەی کە پێویستی بە بەردەوامبوون و ڕووبەرووبوونەوەی جیاواز هەبووە. ئەو نەمـایشـە جۆراوجۆرانە ئەوەی بۆ پیـتـەر بروک و گرۆکەی دووپاتکردەوە کە:

«ناوەڕۆکی کـۆنفـرانسی باڵندەکـان پانتـاییـەکی جیـهـانی گەورەی هەیە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەموو بەربەستە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان ببڕێت.»<٤٤>

گــەشــتی کـۆنفـرانسی باڵندەکــان هەر بەردەوام بـوو، لەگــەڵ ئەو بەردەوامـیــەشــدا تێگەیشــتنی نوێ، شــێـوازی جــیــاواز و فــۆرمی هەمەچەشنە لەدایکبوو.

«دوای دوو ساڵ، لە کالیفۆرنا، بە هاوکاری تیپی «تیاترۆ کـامبـاسینا» کۆنفرانسی باڵندەکانمان، لە باخچـەیەکی

گشـتـیدا بۆ بینەرانێکی زۆر لە کـرێکاران پێشکەشکرد.
شـیـعـرێکی سـۆفـیـزم لە فـارسـیـەوە وەرگـێـڕدراوەتە سـەر
فـەرەنسی، لە فەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی، لە ئینگلیزیشـەوە
بۆ ئیسـپانی، لە نـواندنی کۆمـەڵێ ئەکتـەری ڕەگـەز جیاواز.
شاکارەکەش کە بەر لە چەندین سەدە نووسـراوە، دانانرێت
بە شـاکـارێکی کـلاسـیکی نامـۆ. بەڵکو مـانایـەکی تازەی
لەخـۆگرت، مـانایەک هەڵوێسـتـەکانی ئـەو ساتەوەختـەی تیا
بەرجەستەکرابێت.»<٤٥>

دوا نـەمـایشـی ئـەم کـۆنفـرانسـە شـانۆییـە لە یەکـێک لە شـەوەکـانی ناوچـەی بروکلین لە شـــاری نیــویـۆرک کـۆتـایی پێـدێت. لەو شـــەوەدا نەمایشـەکە بە سێ شێواز و سترکتوری جیاواز پێشکەشدەکەن:

«یەکـــەمـــیـــان لەدوای کـــاتژمـــێـــری هـەشـــتی ئـێـــوارەوە
دەســتـپـێـدەکـات، ئـەم شـێـوازەیان شـانۆیەکی ڕەق، پڕ لە
پێکەنـین و ژیان دەبێت. دووەمـــیـــان لە نیـــوەشـــەودا، کـــە
گەڕانێک دەبێت بەدوای بەها پیرۆزەکاندا، هاودەم و نزیک،
ڕیتـواڵ و ڕووناکی مـۆم. دوا شـێـوازیش لە تـاریک و ڕوونـی
بەرەبەیـاندا دەسـتـیـپـێکردووە و لەگـەڵ هەڵهـاتنی خـۆردا
کۆتایی پێـهـاتووە، لێـرەدا نەمـایشـەکە شـێوازێکی کۆراڵ
ئامێزی لەخۆگرتووە.»<٤٦>

هـەمــوو شـتـێک لەڕێگای گـۆڕانیـەکی ڕاگـوزارییـەوە ڕوویداوە. لەم پرۆسـەیەدا هونـەری ڕاگوزاری ڕۆڵێکی گـرنگی گـێـڕاوە. پیـتـەر بروک مـیتودەکانی بە جـۆرێک لە «ڕاگوزارییەکی سـەربەست» بەکارهێناوە بۆ ڕووبەرووبوونەوەی ئەو هـەمـوو بینـەرە هـەمـەچەشنە. ئەمـەش لە ڕوانگەی

یەک هۆکار و ئامانجی زۆر ئاسانەوە:

> «لە ئاستێکی باشدا لەڕاستودروستی شێوەیەک لە شێوەکان بگەین بۆ چۆنیەتی وەرگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران.»<٤٧>

پیتەر بروک دواتر لە هەشتاکاندا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر کلتوور و داستانە دێرینەکانی خۆرهەڵات. ئەمجارەیان لەگەڵ بیست و دوو ئەکتەری سەر بە وڵات و نەتەوە جیاوازەکان، شەش مۆسیقاژەن کە ڕاستەوخۆ بەشداریان لە ڕووداوەکانی نەمایشەکەدا کردووە و بە هاریکاری Jean-Claude Carriére میتۆلۆژیای «مەهاباهاراتا» دەکاتە گەشتێکی شانۆیی. ئەو نەمایشە میتۆلۆژییە نۆ کاتژمێر دەخایەنێت و دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین پرۆژە شانۆییەکانی هەزارەی ڕابردوو. مەهاباهاراتا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیەوە هەیە. نەمایشەکە زیاتر ناودەنرێت بە پرۆژەی سەدەیەک.

لەم چیرۆکە خواوەندیەدا زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەکتەرێکی ڕەش پێستی درێژی ئەفەریقی ببێتە کۆرپەی ئافرەتێکی باڵاکورتی سپی ژاپۆنی. پتەر بروک بە پرۆژەی مەهابەهاراتا شۆڕشێکی نوێ لە بواری شانۆدا بەرپادەکات، لەو شۆڕشەدا شانۆیەکی داستانی دەبێتە هێمایەکی گرنگی شانۆ و دراما.

وێنەیەکی پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٧٨دا

دیمەنێک لە نەمایشی مەهاباهاراتا
ڕیژی: پیتەر بروک

پیتەر بروک لە ساڵی «١٩٨٤»دا لەگەڵ کۆمەڵێ پسپۆر، نووسەر، ئەکتەر و سینۆگرافی سەر بە شانزە وڵاتی جیا، دەکەونە خۆئامادەکردن بۆ نەمایشکردنی پرۆژەیەکی گەورە. سەرلەنوێ لەو پرۆژەیەدا «خۆرهەڵات» وەک سمبولێکی میتۆلۆژی دەکاتە دەروازەی چوونەژوورەوە بۆ ئەو خەونە. خەون لە فەنتازیای داستان و ئەفسانەکانی خۆرهەڵاتەوە دەکرێت بە سترکتورێکی ئەوروپی.

«مەهاباهاراتا» وەک داستانە شیعرێکی نەفەس درێژی گەلی هیندستان و میتۆلۆژیایەکی مەزنی خۆرهەڵات، دەبێتە زەمینەی ئەو گەشتە پڕ لە فەنتازیا و خەونەی پیتەر بروک.

ئامانجی ئەو پرۆژەیەش، بۆ پیتەر بروک و گروپە نێونەتەوەییەکەی، تاقیکردنەوە و بەرەوپێشەوە بردنی پرۆگرام و سیستەمە هونەری و ئەزموونگەریەکەیان دەبێت. نەمایشەکە، هەروەک پرۆژەی «ئۆرگاست» لەگەڵ خۆرئاوابوون دەستیپێکردووە و لەگەڵ کازیووە و خۆرهەڵاتن کۆتایی هاتووە. بە بۆچوونی زۆربەی رەخنەگر و پسپۆرانی شانۆ، پرۆژەی «مەهاباهاراتا» دادەنرێت بە تەقەلایەک بۆ گەڕانەوەی وزە و هێزی لەدەستدراوی شانۆ.

لەبەرئەوەی «مەهاباهاراتا» وەک پرۆژەیەکی شانۆیی پانتایی و پەیوەندیەکی گرنگی هەمە چەشنەی میکانیزمی دەوڵەمەند دروست دەکات. شانۆش دەگەڕێنێتەوە بۆ گەوهەر و بنەما سەرەتاییەکانی. لەم هاوکێشە و پرۆسە گرانەدا، پەیوەندیە چڕەکانی ئەکتەر بە داڕشتەی نەمایش و بینەرانەوە دەکرێتە ووزەیەکی گرنگی چاوەڕواننەکراو. لەهەمانکاتدا خودی نەمایشەکە تەقەلایەکە: بۆ زیندووکردنەوەی

پەیوەندیە قـوڵەکـانـی مـرۆڤـایـەتی بە بـەهاکـانـی سـروشت و هـونەری شانۆوە لەلایەک و بۆ ڕیتواڵە پیرۆز و کەرنەڤاڵە هەستیەکانی هێڵە هاوبەشەکانی مرۆڤ لەلایەکی دیکەوە. لەم پرۆژەیەدا خانەکانی میتۆلۆژیایەکی دێرین، بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانێکی تر و سەردەمێکی هاوچەرخەوە، دەبێتە چەقی ڕووداوەکان. ئەم پەیوەندیەش لە خودی ڕیتواڵ و پەیوەندیە ئەبەدییەکانی ناوەوەی مرۆڤ و هێزی داستانەکانەوە سەرچاوە وەردەگرێت.

یەکەم هەنگاوی لۆژیکی پیتەر بروک و گروپەکەی «مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی» لە پاریس، ئەوەیە ڕووبکەنە هیندستان. لەو گەشتەیاندا پیتەر بروک ئاماژە بەو حورمەت و خۆشەویستیە گەورەیەی هیندەکان دەکات بۆ داستانی «مەهاباهاراتا»:

> «ئەوەی زیاتر لە هیندستان یارمەتی داین ئەو کلتوورە دەوڵەمەندە بوو، لەوێ لە هەموو جۆرە تەکنیکە هاوبەشەکان نزیکبووینەوە کە بوونێکی ڕاستەوخۆی لەنێو هەموو کلتوور و هونەری گەلاندا هەیە. ئەو تەکنیکانەی چەندین ساڵە ئێمە لە پرۆژە و لێکۆڵینەوەکانماندا، لەڕێگەی هونەری ڕاگوزارییەوە خەریکی دۆزینەوەی بووین. ئێمە لە هیندستان بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە گەڕاینەوە، کارەکەمان بووە پرۆژەیەکی سەراپاگیر و لەبەرچاو، نەک تەقلید و دووبارەکردنەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی - گەر بکرێت بڵێین بەرەنجام - پرۆژەکە تەنها بەهایەکی شانۆیی، هونەری و ڕۆشنبیری لەخۆناگرێت. بەڵکو دەکرێت بڵێین بەها و سیمایەکی مرۆڤدۆستانەی گەورە لەخۆدەگرێت.»‹٤٨›

دواجار پیتەر بروک ئەو زمانە میتۆلۆژی و فۆرمە گێڕانەوەییەی شانۆ لە داستانی مەهاباهاراتادا دەدۆزێتەوە. ئەم دۆزینەوەیەش تەقەلاکانی پیتەر بروک دەگەیەنێتە دوا وێستگەکانی شانۆیەکی ئەزموونگەری. لەم تەقەلایەدا میتۆلۆژیا دەبێتە شانۆ، شانۆیەک سەبارەت بە جەنگ، بە پرسیارە ئەزەلیەکان، بە چرکەساتەکانی ئەمڕۆ.

مەهاباهاراتا یەکێکە لە گەورەترین و مەزنترین کتێبە دێرینەکانی جیهان. دادەنرێت بە درێژترین چیرۆکە شیعر کە تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نووسرابێت. ئەم شاکارە بە زمانی سانسکریتی نووسراوە و لە سەد هەزار بەیت زیاتر پێکهاتووە و لە هەژدە کتێبی گەورەدا کۆکراوەتەوە.

## مەهاباهاراتا مانای چی دەگەیەنێت؟

مەهاباهاراتا وشەیەکی مەجازی کۆنی سانسکریتیە و بەهایەکی ئەفسونی، داستانی و میتۆلۆژیایەکی دێرینی هەیە. مەوداکانی ئەم داستانە میتۆلۆژیە زۆر فراوانە و یەکەیەکی فیکری گشتگر چەمکەکانی کۆدەکاتەوە.

> «مەهاباهاراتا وشەیەکی لێکدراوی کۆنی هیندیە. ‹مەها› لە زمانی سانسکریتیدا مانای ‹گەورە› یاخود ‹تەواوەتی› دەگەیەنێت. ‹مەهارایاها› بە مانای پادشایەکی گەورە دێت، ‹بەهاراتا›ش زیاتر بەرجەستەی ناوێکی ئەفسانەییە. دواتر ئەو ناوە بەخشراوە بە یەکێک لەو هۆزانە.»‹٤٩›

دەکرێت ئەو ناونیشانە بەم شێوەیەش بخوێندرێتەوە، «مێژووی

بەهاراتای گـەورە و مـەزن» یاخـود «مـێـژوویەکی گـەورە و مـەزنی مـرۆڤـایەتی». چونکە بەهاراتا لە هەندێ خـوێندنەوەی تردا مـانای «هیدۆ/ نەژادیش» دەگەیەنێت، کە بە شێـوەیەکی ڕاستەوخـۆ چەمکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبەخشێت.

مێـژووی یەکەم دەسـتنووسی مـەهاباهاراتا دەگـەڕێتەوە بۆ سـەدەی شـەشـەم یان پێنجەمی بەر لەدایکبوونی مەسـیح. بەڵام ئەم شاکارە دوا شێوازی کۆتایی و تەواوەتی خۆی وەرنەگرتووە، بەڵکو دوای ئەو مێژووە بـەردەوام لە حـەوت، یاخـود هـەشت هـەزار سـاڵی تردا، دارشـتن و نووسـینـەوەی ئەم داسـتـانە شـیـعـریە هـەر بەردەوامـبـووە، تا سـەدەی سێیەم، یاخود چوارەمی دوای لەدایکبوونی مەسیح. لەم مێژووە بەدواوە مـەهـاباهاراتـا زیاتر فـۆرم و شـێـوازی کـۆتایی وەرگـرتووە. بەڵام بەدرێژایی مێـژووی نووسینی ئەم داستـانە، بەپێی هەرێم، ترادیشـوون، خـوێندنەوەی جـیـاواز، یان بەپێی گـروپی نووسـەرە بـەشـدارەکـان، گۆڕانکاری بەسـەر سـتـرکتور، ناوەڕۆک و بونیـادەکانی ئەم داسـتـانە گەورەیەدا هاتووە.

پیـتـەر بروک بەم شـێـوەیە باس لە یەکـەم ڕووبەڕووبوونەوەی خـۆی لەتەک داستانی مەهاباهاراتادا دەکات:

> «بۆ یەکەمـجار نەمایشـێکم لە نەمایشـەکانی ‹کاتاکالی› بینی، گوێم لە وشـەی ‹مەهاباهاراتا› بوو کە پێشتر گوێم لێنەبووبوو. سەمازانێک بە سـەمایەکی خوایانەوە دیمەنێکی لەم کـارە پێـشکەشـدەکـرد. یەکـەم دەرکـەوتنی لەپشت پەردەکەوە بووە خورپەیەک بۆم کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. جلەکانی سـوور و ئاڵتونی بوو. دەمـوچاوی سـەوز و سـوور، لووتی خـرێکی سـپی هەروەک تۆپی بلیـارد، لـەبری ڕیش و سمـێڵی شتێکی وەک دوو مانگی سپی لەشێوەی هیلالدا لە

دەمیەوە هاتبوونە دەرێ و پەنجەکانیشی کۆمەڵێ شێواز و ئاماژەی شفرە ئاسای غەریبیان هەبوو. لە ڕوانگەی جوڵە بەهێز و توندەکانیەوە هەستم بەوە کرد چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، بەڵام چ چیرۆکێک؟ لەوە زیاتر کە شتێکی ئەفسانەیی و دوور و سەر بە کلتوورێکی جیاواز بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی منەوە نەبوو! دواجار لە ڕوانگەی کۆمەڵێ سیمیناری گرنگ و نزیکبوونەوە و گوێگرتن لە پسپۆڕەکانی زمانی سانسکریتی. لەوە گەیشتم کە ئەم بەرهەمە یەکێکە لە مەزنترین کارەکانی مرۆڤایەتی ـ وەک هەموو پرۆژەیەکی مەزنی تر ـ زۆر لێمانەوە دوورە. بەڵام لەهەمانکاتیشدا زۆر نزیکە.»‹٥٠›

دواتر ئەو داستانە بۆ پیتەر بروک دەبێتە دەروازەیەکی دەوڵەمەند و ئەفسوونی بۆ پرۆژەیەک کە سترکتورە مێژووییەکەی سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە. پیتەر بروک، بۆ چڕکردنەوە و دەست بەسەراگرتنی ئەم پرۆژەیە، هۆز و خێزانەکانی نێو ئەم داستانە گەورەیە کەمدەکاتەوە، بەمەش گەوهەر و ناوەڕۆکی میتۆلۆژیاکەش لە سنوورێکی دیاریکراودا کۆدەکاتەوە. پیتەر بروک خۆی سەبارەت بەم داستانە شیعرییە بەرزە دەڵێت:

«شاکارێک تەنها ‹هیند› توانیویەتی بیخوڵقێنێ، بەڵام دەنگدانەوەی خۆی بە هەموو مرۆڤایەتیدا بڵاودەکاتەوە.»‹٥١›

## ناوەڕۆکی مەهاباهاراتا

ئەم شاکارە میتۆلۆژیە مێژووی شەڕێکی دوورودرێژی خوێناوی لەنێوان دوو ئامۆزادا دەگێڕێتەوە: پانداڤاس، پێنج برا بوون، لەگەڵ کایۆراڤاس، سەد کەس بوون. ئەم شەڕی خێزانە لەسەر ئەوە بووە کامیان دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەو ناکۆکییە بە جەنگێکی زۆر گەورە و خوێناوی کۆتایی دێت، کە تێکڕا چارەنووسی جیهان و مرۆڤایەتی دەچێتە تەرازووی ئەو گەمە خوێناوییەوە.‹٥٢›

لەم داستانە شیعرییەدا شانزە کارەکتەری سەرەکی هەیە. هەریەک لەو کارەکتەرانە پێناسەیەکی ئاشکرا و خودێکی چڕ و گران لەخۆدەگرێت. هەریەک لەو کەسایەتیانەش ڕووداو و گێڕانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. بێگومان ڕووداوی هەریەک لەو کارەکتەرانەش بەشێکە لە ڕووداوە گەورە سەرەکیەکە. چیرۆکەکانی مەهاباهاراتا کۆمەڵێ بەهای گرنگی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئاکار و دینی لەخۆدەگرێت. هەروەها وێنەیەکی ڕاستەوخۆی دەسەڵات و فەرمانەکانی پادشایەتی، لە مێژوویەکی دوورودرێژی مرۆڤایەتیدا، بەرجەستە دەکات.

## لەسەرەتادا

سەرەتای ئەم داستانە ئەفسانەییە، دەروازەیەکی والا دەکاتەوە بەڕووی چۆنیەتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا. کوڕێکی گەنج و شاعیرێکی ڕیش سپی، وەک نوێنەری دوو نەوەی جیاواز، ڕووبەڕووی «گانیشا»ی خواوەند دەبنەوە بۆ نووسینەوەی ئەم ڕووداوانەی مەهاباهاراتا. سەری فیلێکیش دەبێتە ئامرازی بەستنەوە و هێمای هێزە خواوەندییەکانی

هیند بۆ گـێـڕانـەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئـەو هێـز و ووزە ئەفـســونیــە میتۆلۆژییە. جەستەی ئەکتەریش دەبێتە سەنتەرێکی گرنگ بۆ بەستنەوە و گەمەی نێوان ئەفسانە، مۆسیقا و چوار تووخمەکەی گەردوون: ئاگر، خۆڵ، هەوا و ئاو.

«کوڕێکی گەنج ڕووبەرووی شـاعیرێکی ڕیش سپی «ڤیەسە» دەبێـتـەوە. ئەم شـاعیـرە ڕیش سـپـیـە دەیەوێت چیـرۆکی بنەمـاڵەکـەیان بۆ ئەو کـوڕە گەنجـە بگێـڕێتـەوە، ‹مێـژووی چیرۆکە شـیـعری مرۆڤایەتی›. گانیشـای خـواوەندیش بە سـەری فیلێکەوە دەردەکەوێت و ئامـادەیی خـۆی دەردەبڕێت تا چیرۆکەکە بۆ شـاعیرە ڕیش سپیەکە بنووسێتەوە. لە یەکـەم زنجیـرەی ئەم بەسـەرهـاتانـەدا، وەک دەروازەیەک بۆ ئەفسـانەکە، ڤیـەسـە، باسی لـەدایکبوونی خـۆی و عـەشـقی ‹شاسەنتەنیس› بۆ خواوەندی دەریا دەکات.»‹٥٣›

زۆربەی پسـپـۆر و شـارەزایان ئامـاژەیان بۆ ئەوە کـردووە کـە ئەو ڕووداوانەی لە «مـەهاباهاراتا»دا دەگێردرێنەوە، بنەمـایەکی مێـژوویی هـەیە. لەلایەکی تریشـەوە هەندێکی تر دەڵێن، سـەد دەرسـەدی ئەو داستـانـە تەنها ئەفـسـانە و بەسـەرهـاتێکی مـیـتـۆلۆژییـە. بـەڵام ئایا داستانێکی شیـعری وەها گەورە و مەزن چۆن لـە پڕۆژەیەکی شانۆییدا بەرجـەسـتـە دەبێت. هاریکار و نووسـەر و ئامـادەکـاری پڕۆژەکـە Jean-Claude Carriére سەبارەت بەو پرۆسێسە لەو نامیلکە تایبەتەی کە لەگەڵ پیتەر بروک سەبارەت بە فیلم کردنی پڕۆژەکەدا دەریانکردووە دەڵێت:

«کـە مـەشق و پرۆڤـە لە سـێپـتـەمـبـەری سـاڵی ‹١٩٨٤›دا

دەستیپێکرد، پیەسەکە ئامادەکرابوو، بەڵام هیچ کۆتایی و بەرەنجامێکی دیاریکراوی لەخۆنەگرتبوو. هەموو شتێک بەپێی ئەو نۆ مانگەی مەشقی تێداکراوە، بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆ ماوەیەکی درێژ ئێمە نەماندەزانی پیەسەکە چەند دەخایەنێت و چەند کاتژمێر نەمایشکردن پێویست دەبێت، یان بەشێوەیەکی گشتی چەند پیەس بەکاردەهێنرێت.»<٥٤>

کەواتە گەڕان و هەڵکۆڵین لەو دیدە قووڵ و دەوڵەمەندەوە بنەمایەک بووە بۆ ئەفراندنێکی باڵا؛ هەموو پرۆژەیەکیش ئەزموونێکە بەناو کۆمەڵێ توخم و بەهای نادیاردا، لەبەرئەوە هیچ پانتایی و داڕشتەیەک لەو گەشتە ئەندێشەدار و هەڵچووەدا جێگیر و پیرۆز نییە. تەنها ئەگەری گەڕان و ئەزموونکاری فەلسەفەی بەردەوامی و بەدیهێنانی ئەو جیهانەیە. ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە نیشانە گرنگەکانی فەلسەفە و کاری پیتەر بروک.

## سێ کوچکەی مەهاباهاراتا

ئەم داستانە لە نەمایشێکی نۆ کاتژمێریی و لە سێ بەشدا، وەک سێ کوچکەیەکی درامی تێکهەڵکێش، پێشکەشکراوە. داڕشتەی گوتاری شانۆییەکە لە پانتاییەکدا کە ئەفسوونی مۆسیقای خۆرهەڵات و سەما و جلوبەرگێکی ڕەنگیندا دەکرێتە زەمەنێک بۆ پیشاندانی ئەو داستانە ئەندێشەدارە. بە فیلمکردنی نەمایشەکەش لەم سێ بەشەدا و لە ماوەی پێنج کاتژمێردا ئامادەکراوە.

لەو سێ کوچکە شانۆییەدا کە بریتین لە «یاری زار، پەناهەندە لە

دارستاندا، جەنگ»، ناوەڕۆکی داستانەکە دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و دەربڕی هەموو شێوازەکان، شێوازەکانیش لەو ناوەندە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە وەردەگرن.

دوای یاری زار، پەناهەندە لە دارستاندا دێت، ئەم بەشەیان لە شەش بەشی تر پێکهاتووە. هەروەها جەنگ وەک لقی سێیەمی ئەو سێ کوچکەیە لە دە بەشی تر پێکهاتووە. بێگومان بەر لەم سێ کوچکەیەش سەرەتا و چەند بەشێکی تر هەیە، لەوانە: پەنداڤێرنە و کەێرە ڤێرنە، گەنجێتی، ژن و ژنخوازی و پادشایەتی. دواتر بە دوو دیمەنی تر کۆتایی بەو سێ کوچکە میتۆلۆژیە دێت. مۆسیقا لایەنێکی گرنگی بەرجەستە و خوێندنەوە هونەریەکەی ئەم نەمایشەیە. پیتەر بروک ئاوازی مۆسیقا و خودی مۆسیقاژەنەکان دەکاتە یەکەیەکی گرنگی ستركتوری داستان و هێزە میتۆلۆژییەکان.

> «پێنج مۆسیقاژەن لەنێوان کۆمەڵێ بەرد و لەناو لما دانیشتوون. هیچ شتێک هێندەی گەمەی ئەکتەرەکان و مۆسیقای مۆسیقاژەنەکان ئامادەتر نییە. مۆسیقا تەنها ئاوازێکی دانراو نییە، بەڵکو کارەکتەرێکی زیندووە و لە گفتوگۆیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ جوڵەی جەستە و دەنگی ئەکتەرەکاندا. هەندێ جار ئەکتەرێک لەناو مۆسیقاژەنەکاندا دادەنیشێ و لەگەڵ گونجاوی ڕۆڵەکەیدا یەکێک لە ئامێرە مۆسیقیەکان دەژەنێ. «کریشنە» هەروەک شوان فلوت دەژەنێ. هیچ سنورێکی دیاریکراو لەنێوان مۆسیقا و نواندندا نییە، هەروەک چۆن هیچ سنورێک لەنێوان مۆسیقاژەن و ئەکتەرەکاندا نییە. هەموو شتێک، ڕیتم و دەیالۆگ، لە یەکەیەکی هونەری یەکگرتوودایە.»‹٥٥›

پیــتــەر بـروک بەم ئەزمــوونـە گـرنـگە هـەوڵی دروســتکردنی جــۆرە شـــانۆیـەکی پیــرۆز، لـەهـەمـــانـاتکـاتـدا چەمکێکی مـــیللی و نزیک لە جـەمـاوەرەوە دەدات. بـەمـەش جـەمـاوەرێکی مـیللی لە نـەمـایشـەکـەی کۆدەکاتەوە:

«بینـەرێکی مـیللی کـاردانەوەیەکی زۆر زیندووتری هـەیە لە بینەرێکی سـەربە چینی مـامناوەندی. سـەرلەنوێ دووبارەی دەکـەمـەوە کـە کـارێکی هۆشـیـارانەیە، لەڕێگـای زمـانـێکی میللیەوە جەماوەرێکی میللی کۆبکەیتەوە.»<٥٦>

ئەو شـانۆ «پیرۆز»ەی پیتـەر بروک لە کتێبی «پانتـایی بۆش»دا باسی لێـوەکـردووە، لەتەک ئەو شـێـوازە «جـەمـاوەر»ییـەی کـە ســەرەتاکـەی دەگـەڕێتـەوە بـۆ شـەکـسـپـیـر و پیــتـەر بروک بە بایەخ و ســتـایشــەوە تێـیـدەڕوانێت، دەبێـتــە بنەمـایەکی گـرنگی دارِشــتـەکـانی نەمــایشی مـەهـابـەهـاراتـا. پیتـەر بروک پێیوایە ئەو شـانۆ شـیـعـر ئامـێزە بەرزەی شـەکسپیر، نەفەسێکی قووڵی جەماوەریش لەخۆدەگرێت.<٥٧>

## پەراوێز و سەرچاوەکان

<1> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.105.

‹٢› هەمان سەرچاوە. ل. ١٠٥

‹٣› هەمان سەرچاوە. ل. ١٠٥

<4> Blom, Rune, Teater i London, Liberförlag, 1982, Malmö. S.61.

<5> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.106.

‹٦› هەمان سەرچاوە. ل. ١٠٦ ـ ١٠٧

‹٧› ئەم مەسەلەیە «بەهاوگرنگیەتی ڕۆڵی بینەران» لەلای هەندێ لە هونەرمەندەکانی شانۆ، تێڕوانینێکی تری لەخۆگرتووە. بۆ نمونە ئەو پرۆسێسە لەلای گرۆتۆڤسکی بەم شێوەیە کەوتۆتەوە: ئەکتەر و هونەری نواندن، نەک «بینەران» هاوکێشەیەکی فەلسەفی و گەلێ بەبەها و گرنگی بواری لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و چڕبووە. هاوکێشەی دید و شانۆ و هەڵکۆڵینی فەلسەفەی ئێستاتیکا و داڕشتەی نەمایش لەلای ئەم دوو هونەرمەندە، دوو ئاراستەی جیاوازی لەخۆگرتووە. پشکنین و گەڕانی فەلسەفەی گرۆتۆڤسکی لەسەر کاری ڕیژیسۆر و ئەکتەر بنیاتنراوە. بەڵام لەلای پیتەر بروک ئاراستەکە فراوانترە و تەنها کاری ڕیژیسۆر و

ئەکتەر ناگرێتەوە. بەڵکو لەو هاوکێشەیەدا «بینەرانیش» لایەنێکی گرنگی ئەو پرۆسێسەن.

‹٨› مەسەلەی «زمان» و بەکارهێنانی وشە مەسەلەیەکی گرنگ و بنەڕەتی هەموو تەوژمە ئەزموونگەریەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانییە. مامەڵەکردن لەتەک زمان شێوازێکی ناتەبا و جیاوازی لەخۆگرت. نەک هەر هێندە، بەڵکو مەسەلەی بەکارهێنانی زمان بووە ستركتور و بنەمایەکی گرنگی دیدی ڕیژی و ئێستاتیکای هونەری شانۆ. ئەنتۆنین ئارتۆ «شانۆی توندوتیژی» یەکێکە لەو تیۆریستە گرنگانەی تەوژمێکی ئەفسوونی کە «زمان و وشە» بەهای خۆی نامێنێ. بەڵکو لەبری ئەوە ئەفسوون، ڕیتواڵ، شیعرییەتی ڕووداو، دەسەڵات و پانتایی داڕشتە هونەریەکە دەگرێتەوە.

بێگومان پیتەر بروک لەم بوارەدا هەنگاوی گرنگی ناوە. بەڵام پیتەر بروک ڕای وایە کە گرۆتۆڤسکی گەورەترین قۆناغی لە بواری زمان، بەکارهێنانی وشە، ئامادەکردنی پیەس و پانتایی شانۆدا هێناوەتە ئاراوە. لە شانۆ هەژارەکەی گرۆتۆڤسکیدا هەمووشتێک دەچێتە پەراوێزەوە. شانۆی هەژار شانۆی جەستەیە. جەستە دەبێتە زمانی دەربڕین و پیشاندانی دنیابینیەکەی. ئەم شانۆیە بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ و لەو دیدە میتافیزیکیە ڕووت، چڕ و قووڵە بێ سنوورەیدا، دەوڵەمەندترین تەوژمەکانی شانۆ بوو لە هەموو جیهاندا.

<9> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.108.

‹١٠› جێگای داخە پیتەر بروک مامەڵە لەگەڵ ئاڤێستا وەک کلتوورێکی بەرز و دێرینی فارسی دەکات و ناوی کورد ناهێنرێت. زۆربەی سەرچاوە و لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکانیش ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە «ئاڤێستا» کلتوورێکی دێرینی فارسەکانە. هەندێ سەرچاوەی سویدی

نەک بە فارسی، بەڵکو بە «ئەفگانی» ئاماژەی بۆ دەکات.

<11> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.138.

<۱۲> هەمان سەرچاوە. ل. ۱۳۷

<13> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.130.

<14> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.138.

<۱٥> لیڤی شتراوس فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، لە ساڵی «۱۹۰۸»دا لەدایکبووە و دادەنرێت بە یەکێک لە فەیلەسوفە گرنگەکانی سترکتورالیزم.

<16> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.139.

<۱۷> هەمان سەرچاوە. ل. ۱۳۷ ـ ۱۳۸

<۱۸> هەمان سەرچاوە. ل. ۱۳۷ ـ ۱۳۸

<۱۹> هەمان سەرچاوە. ل. ۱۳۸

<۲۰> هەمان سەرچاوە. ل. ۱۳۹

<21> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.110.

<22> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.99.

<23> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The

United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.120.
<24> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993. S.142.
<25> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.116.

‹٢٦› هەمان سەرچاوە. ل. ١١٥

‹٢٧› هەمان سەرچاوە. ل. ١١٢

‹٢٨› پیتەر بروک بۆ ئەم مەبەستە، وەک هەموو پرۆژە و کارەکانی تری، هەوڵیداوە، ئەکتەر و بینەران لەو مۆرک و کلێشە سازییانەی بارە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان ڕووتبکاتەوە، کە بە دەمامکێکی کلتووری ئەستوور دروستبووە. ئەم دەمامکە کلتووریەش لە ژیانی ناوەوەی خۆمان وەک تاکێک دوورمان دەخاتەوە. پیتەر بروک بۆ ئەم مەبەستە، وشە و ئاماژەکان، وەک سیما کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان، ئازاددەکات لەو کلێشەسازیە کلتووریانە.

<29> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama S.128-127.

‹٣٠› هەمان سەرچاوە. ل. ١٣٢

‹٣١› بیتر بروک یخرج منطق الطیر، ترجمة: عبدالله عویشق، الحیاة المسرحیة، العدد (٢٩،٢٨)، ١٩٨٧ . ل.١٦٨

‹٣٢› فریدالدین ابو حامد محمد کوڕی ابوبکر ابراهیم عطار نیشاپوری، دەگوترێ لەنێوان ساڵانی «٥٣٧» تا «٥٤٠»ی کۆچیدا لەدایکبووە. کۆمەڵێ بەرهەمی نایابی نووسیووە کە یەکێکیان «منطق الطیر»ە، لۆژیکی باڵدار. هەموو بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە سەربە دنیای تەسەوفن.

<٣٣> هەندێ لە کتێبەکانی فریدالدین العطار هەر لەزووەوە بە فەرەنسی بڵاوکراونەتەوە، بۆ نمونە لەوانە: کتێبی خواوەند، پاریس «١٩٥٨»، زاکیرەی پیاوچاکان، پاریس «١٩٧٠»، کتێبی نهێنیەکان، پاریس «١٩٨١»، زمانی مەل، زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر لە فارسیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و بڵاکراوەتەوە.

<٣٤> بیتر بروک یخرج منطق الطیر، ترجمة: عبدالله عویشق، الحیاة المسرحیة، العدد «٢٨ـ٢٩»، ١٩٩٧ . ل. ١٥٩

<٣٥> دوورگەی بالی، ناوچەیەکی زۆر بچوکە لە وڵاتی ئەندۆنیسیا و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی «جاوا»وە. بالی لە ڕووە دینیەکەیەوە درێژبوونەوەیەکی دێرینی ئیمپراتۆریەتی «هیندۆسیەکانە»، ئەمڕۆش تاقە وڵاتێکی هیندۆسە لەدەرەوەی سنووری «هیند»ەوە.

<36> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.218.

<٣٧> بیتر بروک یخرج منطق الطیر، ترجمة: عبدالله عویشق، الحیاة المسرحیة، العدد «٢٨ـ٢٩»، ١٩٩٧ . ل. ١٥١

<٣٨> پیتەر بروک لە لاپەڕە ٢٢٣ی کتێبی خاڵی گۆڕانکاریەکاندا The Shifting point بەم شێوەیە هۆکارەکانی بەکارهێنانی دەمامک شیدەکاتەوە: «بۆچی دەبێت دەمامک بەکاربهێنین، ئێمە هەمیشە هەوڵماندا وە لە بەکارهێنانی دەمامک خۆمان دووربخەینەوە. من لە شانۆدا قێزم لە بەکارهێنانی دەمامک دەبێتەوە. بەهیچ شێوەیەک لەوەوبەر دەمامکم بەکارنەهێناوە. لەبەرئەوەی لەهەر کاتێکدا دەستم لە دەمامکێکەوە دابێت، یان ئەوەتا دەمامکێکی ڕۆژئاوایی دەستکرد بووە، یاخود بیرۆکەیەکم بە کەسێک وتووە تا لە شێوازێکدا دەمامکێکمان بۆ دروستبکات. من هەمیشە دوورکەوتوومەتەوە لەوەی خود بخەمە سەر خود، چونکە ئەمە بەرەو هیچ ئەنجامێکمان نابات. لەبەرئەوە، هەمیشە

لەبری دەمامک، هەمووشتێکمان بە دەموچاوی ئەکتەر خۆی دروستکردووە. بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا ئەوەی وای لێکردین ڕووبکەینە بەکارهێنانی دەمامک ئەوەیە: خاڵێک هەیە لە تەنهایی کە تەنها خودی ئەکتەر دەیگاتێ، ئەم خاڵەش لە دژی سنووری سروشتی مرۆڤایەتی خۆی دەوەستێتەوە.»

<39> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama S.224.

<٤٠> لە نامەیەکی تایبەتی کاک «فەرهاد شاکەلی» بۆ دانا ڕەئوف.

<٤١> بيتر بروك يخرج منطق الطير، ترجمة: عبدالله عويشق، الحياة المسرحية، العدد (٢٨،٢٩)، ١٩٨٧ . ل. ١٦٩

<42> Innes, Christopher, Avant garde theatre, 1892-1992. Routledje-London and New York, 1993 S.142.

<43> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama S.134-133.

<٤٤> هەمان سەرچاوە. ل. ١٥٤

<٤٥> هەمان سەرچاوە. ل. ١٣١

<٤٦> هەمان سەرچاوە. ل. ١٣٤

<٤٧> هەمان سەرچاوە. ل. ١٥٢

<٤٨> هەمان سەرچاوە. ل. ١٦٢

<49> Carriére, Jean-Claude and Brook, Peter, The Mahabharata, Connoisseur video, London, 1989. S.4.

<50> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.160.

‹٥١› هەمان سەرچاوە. ل. ١٦٢

‹٥٢› مەسەلەی دەسەڵات، وەک بابەتێکی سەرەکی ئەم داستانە میتۆلۆژییە، دەبێتە جێگای سەرنج و تێڕوانینی پیتەر بروک. لەم ڕووەوە چەمک و سیمایەکی هاوچەرخانە دەبەخشێتە ناوەڕۆک و فەلسەفەی دەسەڵات، ڕژێم و حوکمداری. جەنگێکی خوێناوی دەبێتە بەشێکی گەورەی ئەو ململانێیەی دەسەڵات، بەهەمان شێوە پیتەر بروکیش هاوکێشەی ئەو جەنگانە دەبەستێتەوە بە مەترسیەکانی ئەمڕۆ و جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی جیهانەوە.

<53> Carriére, Jean-Claude and Brook, Peter, The Mahabharata, Connoisseur video, London, 1989. S.7.

‹٥٤› هەمان سەرچاوە. ل. ٤

<55> Enckell, Johanna, Skärvor av Artaud, en essä om fransk teater efter Befrielsen, Like, Helsingfors, 2003. S.125.

<56> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.133.

‹٥٧› لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە.

# بەشی شەشەم

# پیتەر بروک و هونەری ئۆپێرا

مۆسیقا زمانێکە پابەندە بە جیهانێکی نادیارەوە. بەهۆی ئەم زمـــانـە نادیارەوە زۆورە خـــامـــۆش و چۆڵە هەتاهەتاییــەکان، ئامادەیی لەو ئەفراندنە نادیارەوە وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر ئاستێکی بەرز، ئەو جیهانە نادیارە، ئامادە و دیارە.

پیتەر بروک

لە «پانتایی بۆش»دا

## پیتەر بروک و ئۆپێرا

ئۆپێرا ڕەنگێکی تری شانۆیە. بەڵام لەم ڕەنگەدا مۆسیقا و گۆرانی توخمێکی گرنگن و فۆرمێکی جیاواز دەبەخشنە ئەو ڕەنگەی شانۆ. ئۆپێراش وەک شانۆ مێژوویەکی درێژی هەیە و بە چەندین قۆناغ و شێوازی جیاوازدا تێپەڕیووە. ئۆپێرا بەپێچەوانەی شانۆوە هەمیشە لە بارودۆخێکی کلاسیکی و لە خانووبەرەی گەورەی تایبەتمەندا نەمایشکراوە. ئەمە جگە لەوەی بەرهەمهێنانی پرۆژە ئۆپێراییەکان داراییەکی ئێجگار گەورەی دەوێت. تێپەڕاندن و گۆڕانکارییەکان لە بواری ئۆپێرادا زۆر بەشێوەیەکی سست و مردوو دەجوڵێتەوە. ڕێساکانی ئەم هونەرە بۆتە کۆمەڵێ یاسای پیرۆز و نەگۆڕ و هیچ کەسێک بۆی نییە گۆڕانکاریان تیادا بکات. پیتەر بروک لەم بارەیەوە دەڵێت:

> «ئۆپێرای کلاسیکی شانۆیەکی مردووە. ئۆپێرا زیندەخەونێکە لە توندوتیژیەکی دوژمنکارانەی پڕ لە وردەکاری؛ لە چیرۆکە سوریالیەکان، هەموو لەو بڕوایەدان کە: هیچ شتێک پێویستی بە گۆڕان نییە. هەموو شتێک لە ئۆپێرادا پێویستە بگۆڕدرێت، بەڵام لەناو خودی ئۆپێرادا هەموو گۆڕانکارییەکان زەحمەتکراوە.»<١>

پیتەر بروک وەک ئەزموونکارێکی گەورە، هەر لە سەرەتاوە لەم

بوارەدا تەقەلای گەورەی داوە. پیتەر بروک لە سالآنی «١٩٥٠»کاندا لە شانۆیی Coven Garden Opera House دەردەکرێت، دوای ئەوەی بە شێوازێکی ناتەبا و جیاواز ئۆپێرای «سالومی» نەمایشدەکات. ئەم ڕووداوەش پیتەر بروک تووشی نوشوستی و گۆشەگیری ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دوورخستنەوەی لەو دەزگا ئۆپێرالیە گرنگە، زیاتر پاڵی پێوەدەنێت کە بە شێوازێکی جیاواز بیر لە ئۆپێرا بکاتەوە. بەو شێوەیەش ئەو ئۆپێرایەی «سالومی» دەبێتەوە سەرەتایەکی گرنگ و وێستگەیەکی لەدوا نەهاتووی گەشتێکی دوورودرێژ.

پیتەر بروک هەر لە سەرەتاوە درک بە ئاڵۆزی بارودۆخەکانی ئەم دەزگا گەورەیە دەکات، هەر لە سەرەتاوە بە نیازی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی و سەرتاسەرییەوە دێتە پێشەوە.

## گەڕانەوەیەکی مێژوویی

ئۆپێرا جۆرێکە لە گۆرانی شانۆیی و بە یارمەتی ئۆرکێسترایەکی گەورە پێشکەشدەکرێت. ئەم هونەرە لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزە و سەرەتاکانی سەدەی شانزەدا لە شاری فلۆرەنسای ئیتالیا، وەک تەقەلایەک بۆ بوژاندنەوەی درامای گریکی سەریهەڵداوە. لە دەوروبەری ساڵی «١٧٠٠»ەکاندا ئۆپێرا و گۆرانی ئۆپێرا زیاتر شێوازە کلاسیکیەکەی لەخۆدەگرێت.

دوای ئەوە ئۆپێرا لە فەرەنسا و ئەڵمانیا پەرەدەسێنێت. ئۆپێرا و بابەتە ئۆپێراییەکان هەر لە سەرەتاوە سیمایەکی تراژیدییان هەبووە. لەو ئەتمۆسفیرە تراژیدیەدا ئۆپێراکان پێشکەشکراون. بەڵام دواتر هەر لە ئیتالیا و لە ساڵەکانی «١٧٠٠»ەکاندا جۆرە ئۆپێرایەکی کۆمیدی دروستدەبێت، دواجار ئەو ئۆپێرایە بە «بێۆفە» Buffa ناسراوە. ئەم

شێوازەی ئۆپێراش لەڕووی وێنەکردنی کارەکتەرە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیەوە، لە ئۆپێراکانی تر جیادەکرایەوە. هەروەها ناوەڕۆکەکانیشی زیاتر بابەتی دڵداری لەخۆدەگرن.

لە فەرەنسا لە هەمان قۆناغی مێژوییدا ئۆپێرایەکی کۆمیدی Opéra-Comique سەرهەڵدەدا. «مۆزارت» «١٧٥٦ ـ ١٧٩١» ئەو ئۆپێرا کۆمیدیە بەرەوپێشەوە دەبات و لە ئاستێکی بەرزدا فۆرم و بنەما سەرەکیەکانی دیاریدەکات.

لە ساڵانی «١٨٠٠»ەکان بەدواوە ئۆپێرای ڕۆمانسی و مێژوویی لە شێوازێکی گەورە و فراواندا وەدەردەکەوێت. دواتر ئۆپێرا لەسەر دەستی ڕیچارد ڤاگنەردا «١٨١٣ ـ ١٨٨٣» گەلێک گۆڕانکاری گرنگی بەسەردادێت، لەوانە مەسەلەی بەها و گرنگیەتی دراما و بەرجەستەکردنی هونەرێکی گشتگر. لەلای ڤاگنەر ئۆپێرا تەنها گۆرانی ئۆپێرا نییە، بەڵکو هونەرێکی تێکەڵاو و ساراپاگیرە. ڤاگنەر ئەو شێوازەی ناونا «هونەری ئایندە». هونەری ئایندەش وێنەیەکی چڕ و تێکەڵاوی نمونەییە بۆ هونەر و هەموو توخمە شانۆییەکانی تیا کۆدەبێتەوە. هونەری ئۆپێرا لەلای ڤاگنەر زیاتر بووە درامای وشە و ئاواز. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریە گرنگانەی بەسەر هونەری ئۆپێرادا هاتووە، بەڵام ئۆپێرا تائێستا شێوازە کلاسیکیەکەی خۆی هەر پاراستووە. لەو فۆرم و شێوازەدا «گۆرانی ئۆپێرا» یەکێکە لە توخمە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی ئەو هونەرە، تێکڕای لایەن و بوارەکانی تری بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ئۆپێرایی لە خزمەتی ئەو لایەنەدان، لەوانە «گۆرانی ئۆپێرایی».

گەنجینەی مۆسیقا و فەرهەنگی کلاسیکی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئۆپێرای مەزنی بۆ پاراستووین. بەرهەمەکانی مۆزارت، ڤاگنەر، شتراوس، پیسێت، ئالبان باری، ستراڤینسکی، چایکۆڤسکی... هتد، ساڵانە وەک نەرێت و کلتوورێکی بەرزی کلاسیکی لەسەر هەموو شانۆ

جیهانییەکان نەمایشدەکرێن.

## پێناسەیەکی تری ئۆپێرا

پێتەر بروک لە کتێبی The Shifting Point کە لە ساڵی «١٩٨٧»دا بڵاویکردۆتەوە، سەبارەت بە ئۆپێرا دەڵێت:

> «ئۆپێرا بەر لە پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەر لەدایکبووە، لەوکاتەدا مرۆڤ لە کونە ئەشکەوتەکانی خۆیاندا هاتنەدەرەوە و لەخۆوە هاوار و دەنگیان لێوەدەهات. لەو هاوار و دەنگانەوە ڤێردی، پۆچینی و ڤاگنەر لەدایکبوون. دەنگێک بۆ ترس، یەکێکی تر بۆ خۆشەویستی، بۆ بەختیاری یان بۆ هەڵچوون و تووڕەبوون هەبوو. تێکڕا ئەو دەنگانە بەر لە دیاریکردنی تۆن و سۆزی ئاوازەکان، تۆنێکی ئۆپێرایی بوون. ئالەوێدا، لەو سات و ئانەدا، پێکەوە هەموو شتەکان دەستیپێکردووە. فۆرمی هەستدەربڕینێکی سروشتیانەی مرۆڤ دەبێتە گۆرانی. بە ماوەیەکی درێژ دوای ئەوە ئەو پرۆسێسە دەبێتە یاسایەکی دیاریکراو و ستركتورئاسا، ئەو ستركتورەش گۆڕانی بەسەرداهات و بووە هونەر.»‹٢›

ئەم چەند وشەیەی پیتەر بروک خوێندنەوەیەکی وردی سەراپای مێژووی سەرهەڵدانی ئۆپێرایە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هۆشیاری ئەو پرۆسێسە ئاڵۆزەشە. لەلای پیتەر بروک هەست و هۆش، بە شێوەیەکی بەهێز لە جەستەوە دێتە دەرەوە و دەبێتە تۆ ن و گۆرانی.

پیتەر بروک هەر لە سەرەتاوە گرنگی بە هونەری ئۆپێرا داوە و لەو بوارەدا لە نیویۆرک، لەندەن و پاریس چەندان نەمایشی ئۆپێرای پێشکەشکردووە.‹٣› بەڵام وەک لەووبەر ئاماژەمان بۆ کرد، پیتەر بروک بە شێوەیەکی تر ڕووبەرووی ئەم هونەرە دەبێتەوە. گۆڕانکاریەکانی ئەم هونەرمەندە بە کۆمەڵێ قۆناغی جۆراوجۆردا تێدەپەڕێت. تێڕوانین و توخمەکانی شانۆیەکی ئەزموونگەری دەگوێزێتەوە بۆ پانتایی و بنەماکانی هونەری ئۆپێرا . گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی پیتەر بروک هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئۆپێرا دەگرێتەوە. بۆ نمونە پیتەر بروک لە خانوبەرە تەقلیدیەکانی ئۆپێرا بەتەواوەتی دووردەکەوێتەوە، ئۆپێراکانی لە هۆڵە ساکارە ئەزموونگەریەکاندا پێشکەشدەکات. هەروەها ئۆرکێسترا گەورە مۆسیقیەکانیش لادەبات و لەبری ئەوە بە چەند ئامێرێکی مۆسیقی وەهمی نەمایشە ئۆپێراییە کلاسیکیە گەورەکان دەشکێنێ. پیتەر بروک بەم شێوەیە ڕووبەرووی ئەو ئامێرە کلاسیکیە گەورەیە دەبێتەوە و دەڵێت:

«ئۆرکێسترا هێزێکی گەورەیە بەرامبەر بە دەنگی مرۆڤ، ئەمەش ڕووەو بەرەنجامێکی نابەجێمان دەبات: پێویستە گۆرانیبێژ پەیوەستبێت بە بنەما ناتەباکانەوە، بۆئەوەی دەنگیش ببیسترێ دەبێت، نزیک لەبەردەمی شانۆکەوە، ڕووبەرووی هۆڵەکە ڕاوەستێ. گۆرانیبێژەکان ناتوانن بارودۆخێکی جیاواز وەربگرن و بەشێوەیەکی سەربەست بجوڵێنەوە کە سەقامگیربێت لەگەڵ ڕۆحیەتی دراماکەدا . بەشێوەیەکی گشتی چۆنیەتی ئەندازەی خانووبەرەکان شێوازی نەمایشی ئۆپێراکە دەسەپێنێت، دوای ئەوە ڕیژیسۆر. هەروەها شکۆمەنداری هونەرمەندە مۆسیقیەکانیش کەمدەبێتەوە، لەکاتێکدا دەخرێتە چاڵێکی

ژێرزەمـینەکـەوە، ئەمـەش ڕەنگدانەوەی تەوژمـە کـۆنەکـانی سـەدەی حـەڤـدەهەمـە: مـیـرەکـان لـەسـەرەوە، بەردەست و کەنیزەکانیش بۆ خوارەوە. یەکێک لە سەرچاوەکانی جوانی شـانۆی ژاپۆنـی ئەوەیە کـە مـۆسـیـقـیـەکـان هەمـوویان لـەبەرچـاون، چاودێری ڕووداوەکـان دەکـەن و بەشـداری تیـادەکەن، لەکاتێکدا پـەنجا مۆسـیقـاژەن پێکەوە، هەروەک ئەوەی تـەنهـا یـەک کـەس بـن، تەپڵـەکـانیـان لێـدەدەن، ڕایدەگەیەنن کە شتێک ڕوودەدات.»‹٤›

هونەری ئـۆپێـرا بۆ پیتـەر بروک دەبێـتـە دارشـتـەیەکی گـرنگیش بۆ نەمایشە شانۆییەکانی. شانۆ و ئۆپێرا پێکدادەچن و فۆرمێکی هاوبەش سـەقامگیر دەکەن. فۆرمی ئۆپێرا دەبێتە دیدێکی گرنگی سـەرهەڵدان و لەدایکبوونی فۆرمێکی جیاوازی شانۆ و بەپێچەوانەشەوە. پێکداچوونی شـێـواز و فـۆرمـەکـانی ئەم دوو هونەرەش زەمـینەیەکی لەباری تر بۆ داهێنانەکانی پیتەر بروک دەخوڵقێنن. لەم بارەیەوە پیتەر بروک دەڵێت:

«هەمـوو ئەو شـتـانەی لـەڕووی تـەکنیکەوە، لە پڕۆژە ئۆپێراییـەکاندا فێـریان بووم، دواتر سـوودێکی گـەورەم بۆ ئامادەکردنی پرۆژە شانۆییەکانم لێبینی.»‹٥›

پیتەر بروک هەر زوو هـەست بەوە دەکات، کە بەرهـەمهێنـانی نەمایشە ئۆپێـراییـەکـان ملکەچی کـۆمـەڵێ هەلومـەرجی سـەخت و نەگـونجـاوە. لەبەرئەوە لەناو پانتایی شـانۆ ئەزمـوونگەریەکەی خـۆیدا، هەوڵی ئەوەی داوە ئەو مـەرجـە سـەخت و دژوارانە لابەرێت. بۆ ئەو مـەبەسـتـەش مەرجـەکانی پرۆڤـەکردن، شێـوازی نەمـایش و نرخی بلیتی نەمـایشە ئۆپێراییەکان دەگۆڕێت. گۆڕانکارییەکانیش گۆڕانکاری ڕادیکال دەبێت،

بەوەش دابڕینێکی گـەورە لەبەردەم ڕەووتی ئۆپێـرای جـیـهـانیـدا دروستدەکات. هـەروەها پیتـەر بروک بۆ ئـەوەی سـەربەستیـەکی ڕەها و تەواوەتی لە پرۆژە ئۆپێراییەکانیدا بەدەستبهێنێ، لەگەڵ گروپی بچوکدا کـاری کـردووە. بـەمـەش لەلایەکـەوە گـەیشـتـۆتە ئـاسـتـێکی بەرزی ئەزمـوونگەری لە دید و سترکتوری نەمایشە ئۆپێراییەکاندا، لەلایەکی تریشەوە بەداراییەکی کەم بەرەنجامەکانی خۆی بەدەستهێناوە. یەکێک لە تەقـەلاکانی تری پیتەر بروک ئەوەیە: هونـەری ئۆپێرا، وەک فـۆرمێکی تری شـانۆ، بە شـێـوازێکی ڕاسـتـەوخـۆ و ئـاسـان لە بینەرانەوە نزیکببێتەوە.

> «مـەزنتـرین بـەرهـەڵسـتی کـە ئێـسـتـە، لەم سـەردەمـەدا، ڕووبەروومـان دەبێـتـەوە، ئەوەیە چۆن بیری هـونەرمـەندان و بینـەران سـەبارەت بە ئۆپێـرا، لـە شـتـێکی گـران و ناسروشتیەوە بگۆڕین بە شتێکی ئاسان و سروشتی.»‹٦›

لە هەشتاکانی هـەزارەی ڕابردوودا، پیتـەر بروک ئۆپێرای «کارمن»ی کـۆمـپـۆسـیـتـۆری فـەرەنسی گـوێرگی بیـزێت «١٨٣٨ ـ ١٨٧٥» بەناوی «تراژیدیای کارمن»ەوە پێشکەشدەکات.‹٧› ئەم ئۆپێرایە بە شێوەیەکی جیاواز و سـەرسوڕهێنەر نەمایشدەکات و دەتوانێت بەهۆی میتودێکی سـاکاری پراکتیزەکراوەوە بەرگە کلاسیکیەکەی ئۆپێراکە بەتەواوەتی داماڵی.

## تراژیدیای کارمن

ئۆپێرای کارمن یەکێکە لەو شاکارانەی هەزارەها جار و بە شێوازی

جیاواز لە هەموو جیهاندا پێشکەشکراوە. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستە بەرزەی ناوەڕۆکە درامییەکەی، لەگەڵ ئەو مۆسیقا بەچێژەی کە لە یەکەیەکی هونەری سەرکەوتوودا، ئۆپێراکە پێکدەهێنێت.

پیتەر بروک هەموو ئۆپێرای «کارمن» تەنها بە پێنج گۆرانیبێژ و دوو ئەکتەر نەمایشدەکات. بەڵام سێ گۆرانیبێژی جیاواز، وەک سێ کاست، هەر ڕۆژەی یەکێکیان ڕۆڵی «کارمن»یان بینیوە. هەر گۆرانیبێژەش شێوازی جیاوازی و تایبەت بەخۆی بەخشیوەتە نەمایشەکە. ژمارەی ئەندامانی ئۆرکێستراکەش کەمدەکاتەوە بۆ تەنها پانزە مۆسیقاژەن، کۆرس و گۆرانییە کۆرالییەکانیشی بەتەواوەتی لابردووە. بەمەش پێودانگە درامی و هێڵە تراژیدیاکەی لە سیما تەقلیدی و مێژووییەکەی هونەری ئۆپێرا ڕزگارکردووە. پیتەر بروک بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر گەڕاوەتەوە سەر بنەما سەرەکییەکانی نووسەری ئۆپێراکە «گوێرگی بیزێت» کە ناچاربووە لەژێر پاڵەپەستۆ و کاریگەرییەکی نابابەتیانەی بۆچوونە دواکەوتووەکانی ئەو ڕۆژگارەی خۆرئاوادا لایانبات. هەروەها گەڕانەوە بۆسەر خودی چیرۆک و نۆڤێلەکەی Merimdes .

## چیرۆکی کارمن باسی چی دەکات؟

کارمن چیرۆکێکی دڵتەزێن و توندوتیژی خۆشەویستییە: ئاگری خۆشەویستییەکی گەورە وا لە «خوسێ» دەکات، وەک سەربازێکی بەوەفا، بنکەکەی خۆی لەپێناوی خۆشەویستیدا بەجێبهێڵێ. بەڵام کارمن، وەک ئافرەتێکی قەرەج، بەر لە هەموو شتێک عاشقی سەربەستییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکۆکییەکی توندوتیژ لەنێوان کارمن و خوسێ، بەتایبەتی خوسێ دەیەوێت کارمن بکاتە موڵکی خۆی. عەشق

و ئێرەیی وا لە خوسێی سەرباز دەکات کە بە کوشتنی کارمن کۆتایی بەو عەشقە تراژیدیە بێنێت. ئۆپێراکە بەوە دەستپێدەکات: خوسێ، بە تاوانی ئاژاوە و چەقۆ وەشاندن کارمن بەنددەکات. کارمن لەگەڵ کۆمەڵێ ئافرەتی تر لە کارگەیەکی جگەرەدا کاردەکەن. بەڵام کارمن بە ناز و عەشقێکی فێڵبازانە وا لە خوسێ دەکات کە دەرگای بەندیخانەکەی بۆ بکاتەوە بۆئەوەی هەڵبێت. هەروەها کارمن هانی خوسێش دەدات تا پێکەوە ڕابکەن. خوسێ واز لە هەموو شتێک دەهێنێ و دوای کارمن دەکەوێت. بەڵام کارمن زوو پشتی تێدەکات و عەشقی خۆی بۆ ئێسکامیلۆی یاریزانی گاشۆق وەشێنەکان دەردەبڕێ.

## کارمن و پیتەر بروک

پیتەر بروک دوای دابڕینێکی دوورودرێژ لە جیهانی ئۆپێرا، بە تراژیدیای کارمن سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆسەر جیهانی ئەم هونەرە. گەڕانەوەی پیتەر بروک گەڕانەوەیەکی ئاسایی نابێت، بەڵکو پیتەر بروک بەر لە گەڕانەوەکەی بڕیاری گۆڕانکارییەکی تەواوەتی و بنەڕەتی دەدات، گۆڕانکاریش تاکە مەرجی ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە دەبێت بۆ داهێنان و نوێکردنەوە. نوێخوازیش لە بواری ئۆپێرایەکی کلاسیکی و چەمکە تەقلیدی و پەیڕەوکراوەکانی ئەم هونەرەدا کارێکی ئاسان نەبووە، بەتایبەتی پیتەر بروک هەر لەسەرەتاوە گەرەکی بووە ڕووبەرووی ئەم گۆڕانکارییانە ببێتەوە. لەم ڕووەوە پیتەر بروک دەڵێت:

> «گەڕانەوە بۆ جیهانی ئۆپێرا لەمکاتەدا شتێکی گونجاوە، لەبەرئەوەی دەتوانین هەموو مەرجەکانی شانۆکەمان بگۆڕین. لەڕووی چۆنیەتی مەشق و پڕۆژەکانمانەوە،

لەڕووی نەمـــایش و نرخـی بلـێت و هـەمـــوو پـێکهـــێنـەر و شـــتـــەکـــانی ترەوە. بە شـــێـــوەیەکی تر دەتـوانین جـــۆری پەیوەندیەکـانمان بە بینەران و پانتـایی شـانۆوە بگۆڕین. ئێمە تەنها دە مانگ مەشقمان لەسەر کارمن کردووە. دوای ئەوە نزیکەی سـەد نەمـایشـمـان پێشکەشکردووە. مـەشق قـــۆناغی ئـامـادەکـردنە، بـەڵام نەمـــایشـــەکـــە، ســـەرەتای پرۆسـەیەکی نوێی گەمـەکردنە بـەرامبـەر بینەران. ئۆپێراکە تەنها پێنج یان شەش جار نەمایشدەکرێت، لەوکاتەدا کە گۆرانیبـێژ و ئەکتـەرەکان ووردە ووردە هـەست بـە دڵنیـایی دەکەن، دەکەونە دۆزینەوەی پەیوەندیـەکی ڕاستـەقینە لەگەڵ بینەراندا، هەموو شتەکان کۆتاییان دێت. (پرۆژە ئۆپێراییە کلاسیکیـەکان، دارایی و کاتێکی زۆری دەوێت. لەشکرێکی گـەورە لـە هونەرمـــەن، گـۆرانیـــبـێـژ، ڕیـژیسـۆر و ســـەدەها کرێکاری شـانۆ کاری تیادەکەن. لـە ئەنجامیشـدا تەنها سێ یان چوار نەمـــایشـــدەکـرێن. نووســـەر) ئەم هـەســـتــە وام لێـدەکات کـە سـووربم لەســەر ئەوەی ئێـمـە، بەپێـچـەوانەی ڕێپـۆرتواری ئۆپێرا تەقلیـدیەکـانەوە، زنجیـرەیەکی درێژ لە هـەمـــان کـــار پێـشکەشـبکـەین. لەهـەمـانکاتدا، بەدرێژایی ڕۆژیش بەردەوامبین لەسەر مەشق و پرۆڤەکردن.»<٨>

پیتـەر بروک پانتاییەکی بۆش دەکاتە سەرەتای پەیوەندیەکی هاودەم و نزیک لەگەڵ بینەراندا. کارمنی وەک نەمایشێکی شانۆیی لە پانـتاییەکی بۆشی بە «لم» داپۆشراودا بەرجەستەکردووە. ناوەڕۆکی ئۆپێراکەش لە چوار کاتژمێرەوە دەبێتە تەنها کاتژمێر و نیوێک. بەمـەش پەیوەندیەکی چڕ لەو ناوەڕۆکە کورتکراوەیەدا بۆ کۆمەڵێکی بچووک لە گۆرانیبێژ و ئەکتـەرەکان دروستدەکات. ئۆرکێستراکەش دەخاتـە پشتی شـانۆکەوە،

تا ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی نێوان بینەران و ئەکتەرەکان نەمرێت. پیتەر بروک بەم چڕکردنەوەیەی مەودا و پەیوەندیەکان، ئۆپێراکەی لە سروشتی تراژیدیای یۆنانی نزیککردۆتەوە. وەلاوەنانی دیکۆر و بنیاتنانی پانتاییەکی بۆش، پارێزگاری لە پەیوەندیە بەهێزەکانی شانە تراژیدیەکە دەکات. لەهەمانکاتدا نەمایشی ئۆپێراکە لەو خوێندنەوە جیاوازەدا، جگە لە مەوداکانی تراژیدیای یۆنانی، کەشوهەوای تراژیدیاکانی شەکسپیریش لەخۆدەگرێت. لەو بارودۆخە ئەفسووناوییەدا ئاواز و تۆنەکان، گۆرانی و مۆسیقا ئۆپێراییەکەش شێوازێکی تر و ژیانێکی تری لەخۆگرتووە. کارەکتەرە گۆرانیبێژەکان ڕاستەوخۆ، لە پانتاییەکی کراوەدا، ڕووەکەنە بینەران. سنوری پەیوەندیەکانی ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان بەخۆیانەوە، بە بینەرانەوە نزیکتردەبێتەوە. هەموو شتەکان مەودایەکی چڕ لەخۆدەگرێت، بەمەش پرۆسێسە ئۆپێراییەکە دەبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو، سروشتی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامادەبوونێکی جیاوازتری بینەراندا. بەم چەشنە جوانترین پارچە مۆسیقایان بەدەستهێناوە. ئەم هێزی مۆسیقایەش بەئاسانی کاردەکاتە سەر بینەران. ئەو کارتێکردنەش هێندە بەهێزە دەتوانێ بینەران بەرەو جیهانە نهێنی و شاراوە تایبەتیەکەی خۆی ڕابکێشێت.

پیتەر بروک لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا سەبارەت بە ئۆپێرای کارمن دەڵێت:

«پاککردنەوە و کورتکردنەوەی کارمن لەلای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە ئەو ئۆپێرا بەناوبانگەی لەسەر بنیات نراوە. ناوەڕۆکی کارمن لە ڕوانگەی دوو بەرهەمی جیاوازەوە پێکهاتووە. یەکەمیان بریتیە لەو ئۆپێرا پاک و ساکارەی کە من لەو بڕوایەدام «بیزێت» لە

ڕوانگەی چیرۆکەکەی مێریمێس Mériméesەوە، کە بە شێوازێکی بەهێز کاریتێکردووە نووسیووە. لەسەرو ئەمەوە ئێمە بەرهەمێکی ترمان هەیە، بەرهەمێک زیاتر شوێنپێی ڕێسا و داب و نەریتە کۆنەکانی ئەو سەردەمە دەکەوێت. ئێمە هەوڵمانداوە لەم پرۆژەیەی خۆماندا بەدەستێکی نەرم و بەووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کارمندا بکەین، تا بتوانین ئەو بیرۆکە پاک و ساکارەی نەژاد و بنەمای ئۆپێراکە بەرجەستەبکەین و لە هەموو جۆرە ئاڵۆزی، زیادەڕۆیی و زەخرەفەکارییەی پاکیبکەینەوە.»‹٩›

ئەم بۆچوونەی پیتەر بروک دووپاتکردنەوەیەکی ئەو هونەرمەندەیە بۆ بەهاوچەرخکردنی ئۆپێراکە. پیتەر بروک ئۆپێرای کارمن فڕێدەداتە ئەم زەمەنەوە، بەبێ ئەوەی تووشی شڵەژان و وونبوون بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کارمن لەم سەردەمەدا و لە تێڕوانینەکانی پیتەر بروکدا ژیانێکی تازەی دەکرێت بەبەردا. پیتەر بروک لەهەمان چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنیدا لەسەر قسەکانی سەبارەت بە کارمن بەردەوامدەبێت:

«زەمەنێکە لەسەر شانۆ ئۆپێراییە گەورە و جیاوازەکانی جیهاندا، لە ڕوانگەی پێشکەشکردنی نەمایشی ئۆپێرایی زۆر گەورە و بریقەدارەوە، ناپاکی دەکرێت لە نەژاد و بیرۆکەی ئەم ئۆپێرایە. ئۆپێرای کارمن بۆتە پرۆژەیەکی تری جیاوازی پڕ لە دیمەن و تابلۆی جۆراوجۆر و بەکارهێنانی جلوبەرگێکی ناجۆری مۆدەئاسا، بەمەش نەمایشێکی تر و زەبەلاحی پڕ لە هاتووهاواریان خوڵقاندووە. بێگومان هیچ هەڵەیەک لە نەمایشێکی گەورە و کەرنەڤاڵ ئاسادا نییە، بەڵام ئەوە (کارمن) نییە، ئەمەش

گوناهێکە لە (بیزێت) و ئۆپێراکەی دەکرێت. (بیزێت) خۆی دراماییەکی مۆسیقی گەورەی خوڵقاندووە. لەو مۆسیقایەدا و لەسەر ئاستێکی بەرز پێکداچوونێکی مەزن لەنێوان وشە و ئاوازدا هەیە. وشە و مۆسیقا پێکەوە بەشێوەیەکی ڕەسەن و ساکار گوزارشت لە هەستی مرۆڤ دەکەن.»<١٠>

نەمایشی ئۆپێرای «تراژیدیای کارمن» وەک شۆڕشێکی هونەری و ئەزموونگەری وایە و مێژوویەکی نوێ دەبەخشێ بە سەرتاپای ستركتوری هونەری ئۆپێرا لە جیهاندا. پیتەر بروک لە تێڕوانینێکی خەونئامێز و ئەفسووناوی و ڕیتواڵەوە سەرلەنوێ «کارمن»مان لە ڕوانگەی زەماوەندی عەشقێکی دڵتەزێن، ترسناک و خوێناویدا پێدەناسێنێتەوە.

ئۆپێرای کارمنی پیتەر بروک دەرگایەکی گرنگ بەڕووی ڕەخنەگر، لێکۆڵەرەوان و مێژووی شانۆ و ئۆپێرای جیهانیدا دەکاتەوە. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە، نامیلکە و کتێبی تایبەتی لەسەر نووسراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەها و گرنگی ئەو ئەزموونە، لەڕووی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە بەرپایکردووە لە بواری ئۆپێرادا.

پیتەر بروک خۆی لە ساڵی دوو هەزاردا، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا لە هێلسینکی پایتەختی وڵاتی فینلاند ڕوودەکاتە گەنجەکان و سەبارەت بە هەڵە ئەزموونگەری و میتودە بەکارهێنراوەکانی «کارمن» دەڵێت:

«پێویستە لەسەرەتاوە بە چەندەها دید و بۆچوونەوە دەستپێبکەیت و لە هیچ شتێک سڵنەکەیتەوە. بیرۆکەی گێلانە یان هەڵە حاڵیبوون و تێڕوانینی پڕ لە تەمومژ، گرنگ نییە، دوای ئەوەی هەموو ئەوانەت تاقیکردەوە، دەتوانی

لەسەرخۆ شت لابەریت. بۆ نمونە ئێمە کە دەستمان کرد بە ئۆپێرای (کارمن) چەندەها هەڵەی زەق و بیرۆکەی نابەجێ و گێلانەمان کرد. گۆرانیبێژە ئۆپێراییەکان لەسەرەتادا تووشی خورپە هاتبوون، بەڵام دوایی لەو گێژاو و هەرایەدا، لەنێو چەندین تێڕوانین و دیدی گراندا سەربەستیمان دۆزییەوە و ئەکتەر و گۆرانیبێژە ئۆپێراییەکانیش لەو گەشە پڕ لە گەمەیە گەیشتن.»‹١١›

گۆڕانکارییەکانی پیتەر بروک بەر لە هەموو شتێک ڕێگاخۆشکردنێکی گرنگ بوو بۆ ئاسانکردن و بەرهەمهێنانی پڕۆژە ئۆپێراییەکان لە بارودۆخێکی جیاوازتردا. پیتەر بروک خۆشی بەردەوامدەبێت. کارمن لە گەشتێکی جیهانیدا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا نەمایشدەکرێت.‹١٢› هەندێ پڕۆژەی ئۆپێرایی تریش سنووره تەقلیدی و جیهانە کلاسیکیەکەی ئۆپێرا بەتەواوەتی دەروخێنێت. بەم چەشنە پیتەر بروک ئۆپێرایەکی نوێ بۆ زەمەن و جیهانێکی هاوچەرخ دەخوڵقێنێ. دوا پڕۆژە ئۆپێراییەکانیشی لە ساڵی «١٩٩٨»دا، بە هەمان نەفەسی ئەزموونگەرییەوە، پێشکەشدەکات. بەر لە تێپەڕاندنی هەزارەی ڕابردوو، پیتەر بروک سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر بلیمەتێکی گەورەی وەک «مۆزارت» و شاکارەکەی «دۆن جیۆڤانی»مان پێشکەشدەکات.

پیتەر بروک لەکاتی یەکێک لە پرۆڤەکانی ئۆپێرای کارمندا. ١٩٨٢

Foto: E. Carecchio

دیمەنێکی ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی
ڕێژی: پیتەر بروک

Foto: E. Carecchio

پیتەر بروک لەکاتی پرۆڤەکردنی ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی لە ساڵی
۱۹۸۸دا

## دۆن جیۆڤانی

سەرلەنوێ دنیای بلیمەتێکی مەزنی وەک «مۆزارت»<١٣> دەبێتەوە خەون و پڕۆژەیەکی تری ئۆپێرایی بۆ پیتەر بروک. لە ساڵی «١٩٩٨»دا ئۆپێرای «دۆن جیۆڤانی»<١٤> دەبێتە یەکێک لە پڕۆژە گرنگەکانی ڤیستیڤاڵی ئۆپێرا لە Aix-en-Provence <١٥>. لە هەمان ساڵدا ئەو پڕۆژە ئۆپێراییە نوێیەی پیتەر بروک و لە ڕوانگەی گەشتێکی هونەرییەوە بەبۆنەی چالاکیەکانی «ستۆکهۆلم پایتەختی کلتوری ئەوروپا» لە ستۆکهۆلم پێشکەشدەکرێتەوە.<١٦>

## داستانی دۆن خوان

دۆن خوان وەک کارەکتەرێک بۆتە داستان و ئەفسانەیەکی هەتاهەتایی. بەڵام ئایا دۆن خوان کێیە؟ کەسایەتیەکی ڕاستەقینەیە، یان زادەی ئەندێشە و پاڵەوانی داستانەکانە؟ هیچ وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بەم پرسیارانە نییە. بەڵام بەپێی سەرچاوەکان چیرۆکی «دۆن خوان» لە سەردەمی ڕێنسانسی وڵاتی ئیسپانیادا سەریهەڵداوە. لە ساڵی «١٦١٣»دا یەکەم بەرهەمی درامی سەبارەت بەم کەسایەتیە سەرنجڕاکێشە نووسراوە. دوای ئەوە «دۆن خوان» دەبێتە سەرچاوەیەکی بەپیت و گرنگی گەلێ شاکاری ئەدەبی و هونەری.

مۆزارت لە ساڵی «١٧٨٧»دا ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی نووسیووە.<١٧> ئۆپێراکەی مۆزارت بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی نییە بە ڕووداوەکانی ساڵانی «١٦٠٠»ەکانی ئیسپانیاوە. بەڵکو دۆن گیۆڤانی لەلای مۆزارت

بەر لە هەموو شتێک مرۆڤە. مرۆڤ دەبێتە چەقی ڕووداوەکان و هەموو شتەکانی تر دەچنە پەراوێزەوە.

مۆزارت بۆ نووسینی ئەو ئۆپێرایە کەڵکێکی زۆری لە تەوژمی هیومۆریستەکان وەرگرتووە. کۆمپۆسیتۆرێکی گەورەی وەک مۆزارت، توانیویەتی بە شێوازێکی ئەفسوونی پەی بە جیهانە شاراوەکەی ناوەوەی مرۆڤ بەرێت.

> «هەر لە سەرەتاوە مۆزارت کەرەستە و سامانێکی ئێجگار زۆری دەربڕین ئاسای سەبارەت بە ژیانی مرۆڤایەتی کۆکردۆتەوە، تەنها لە ڕووکارە ساکارەکەییەوە نا، کە چاودێریەکی ووردی خەڵکی بکات، بەڵکو لە ڕێگای شۆڕبوونەوە بە ناوەوەی ژیانی خۆشیدا.»‹١٨›

مۆزارت لەپشت پەردەیەکی شەفافەوە «هیوا، خواست و گومان»ی مرۆڤ بەڕوونی بەرجەستەی مۆسیقایەکی بەرز دەکات. گرنگی ئەم مۆسیقایەش لەوەدایە، زۆر ڕاستەوخۆ هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو جیهانە هەستپێکراوەی ئەندێشەکانی مرۆڤ دەکات. لەبەرئەوە هەر ڕاستەوخۆش ڕووبەڕووی مرۆڤ و هەست و سۆزەکانی دەبێتەوە. پیتەر بروک سەبارەت بەم پرۆسە مۆسیقیەی مۆزارت دەڵێت:

> «مۆزارت مۆسیقاکەی دەنووسێت. ئێمەش خۆمانی لێ نزیکدەکەینەوە و پێکەوە لەگەڵ ئەودا بەسەر چیایەکدا هەڵدەگەڕێن.»‹١٩›

شتێکی سەیر نییە پیتەر بروک ئۆپێراکەی مۆزارت وەک چیایەک ببینێ. چیایەکی داهێنان پێویستی بە داهێنەرێکی گەورەی وەک پیتەر

بروکـە تا پێکەوە شـان بەشـانی یەکـتـری بەو چیـا پڕ لە داهێنـانەدا سەرکەون.

بەدرێژایی مـێـژوو ئەو کـەسـایەتیـە بۆتە جـێگای سـەرنجی مـرۆڤ. جـەمـاوەر هـەمـیـشـە بـەپەرۆشـەوە ویسـتـویانە ئەو «شـەیتـانە» لەسـەر شانۆکان ببینن. گرنگی ئەم چیرۆکە و ئەم کەسایەتیە تـەنها ناگەڕێتەوە بۆ مــەســەلەی ئـافــرەت، خــۆشــەویســتــی، ســێکس و پەیـوەندیـە جۆراوجۆرەکانی ژن و پیـاو. بەڵکو لەپاڵ هـەموو ئەوانەدا کەسایەتی دۆن خـوان دادەنرێت بە دوا ئەرسـتـۆکـرات و یەکـەم مـرۆڤی یـاخـیش. دۆن خوان زۆر ئازایانە پشـدەکاتە هـەمـوو یاسـاکـانی کۆمـەڵگاکـەی خـۆی، یاسـا دینیـەکـان، کلێـسـا، ئاکـار و داب و نەرێتـە کـۆمـەڵایەتیـەکـان. هـەروەها گەڕانێکیشـە بەدوای پێناس و خـودی خۆیدا. بەمـەش هێڵێکی درامی چڕ و دژوار، مـەودایەکی فـراوانتری بەخـشـیـوە بەو کـارەکتـەرە و دواتریش بە هـەموو خوێندنەوە و هەڵکۆڵینە جیاوازەکان.

## بەسەرهاتی دۆن جیۆڤانی

ئۆپێـرای دۆن جیـۆڤـانی بریتیـە لـە دوو بەش و ڕووداوەکـانی لـە شـاری «سـڤیلـە» لە دەوروبـەری «١٦٠٠»ەکاندا ڕوودەدات.

**بەشی یەکەم**

«دۆن جـیـۆڤـانی» خـۆی کـوتاوەتە سـەر مـاڵـی «دۆنە ئانە» و دەیـەوێت پەلاماری بدات، بەردەسـتـەکـەشـی «لێپـۆرێلـۆ» پاسـەوانی دەرگاکـە دەکات. «دۆنە ئانـە» هـاواری لێـهـەڵدەسـتـێت و ڕادەکـاتە دەرەوە. بـاوکـی «دۆنە ئانـە» بەدەنـگ کـچـەکـەیەوە دێت، «دۆن جیـۆڤـانی» دەتوانێت هـەر لەوێدا

دەستبەجێ باوکی بکوژێت و ڕابکات. دوای ئەوە «دۆنە ئانە» و «دۆن ئۆتاڤیۆ» دێنە ئەوێ. «دۆنە ئانە» هەر لەوێدا بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی باوکی دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە «دۆنە ئێلڤێرە»ی کۆنە دۆستی «دۆن جیۆڤانی» باسی ئەوە دەکات کە «دۆن جیۆڤانی» دەستی بڕیووە، بەڵام «لێپۆرێلۆ» دڵخۆشی دەداتەوە و پێی دەڵێ کە تۆ تەنها کەسێک نیت.

لەلایەکی ترەوە شاییەکی گەورە دەگێرێ، «دۆن جیۆڤانی» خۆی دەگەیەنێتە شاییەکە و مرخی خۆی لە بوکێ خۆشدەکات، دوای ئەوە هەموو بەشدارانی شاییەکە بانگدەکاتە کۆشکەکەی خۆی، ئەمەش وا لە زاوا «مەسێتۆ» دەکات بەگومانەوە بڕوانێتە ئەم خزمەتگوزارییەی «دۆن جیۆڤانی». دوای ئەوە «دۆن جیۆڤانی» ئاهەنگێکی گەورە لە کۆشکەکەی خۆیدا دەگێرێ و هەموو دانیشتوانی گوندەکەش بانگدەکات بۆ شەراب خواردنەوە. «دۆنە ئانە، دۆنە ئێلڤیرە و دۆن ئۆتاڤیۆس» بە بەکارهێنانی دەمامکەوە ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن. لە ئاهەنگەکەدا «دۆن جیۆڤانی» بوکێ لەپەناوە دەباتە ژوورێکی ترەوە، تا دەستی بگەیەنێتێ. بوکێ هاواری لێ هەڵدەستێ، دەستبەجێ زاوا و هەرسێ میوانە دەمامکپۆشەکان دەگەنە سەر «دۆن جیۆڤانی» و تاوانباری دەکەن. بەڵام «دۆن جیۆڤانی» لەبری خۆی بەردەستەکەی تاوانباردەکات و خۆی لە مەسەلەکە ڕزگاردەکات.

**بەشی دووەم**

«دۆن جیۆڤانی» بە پارە و دیاری «لێپۆرێلۆ» قایلدەکات جلوبەرگەکانیان بگۆڕنەوە، «لێپۆرێلۆ» لە جلوبەرگەکانی «دۆن جیۆڤانی»دا «دۆنە ئێلڤێرە» سەرلەنوێ، لە بەرگی «دۆن جیۆڤانی»دا لەخشتە دەبات، «دۆن جیۆڤانی» خۆشی کەنیزەکەی «دۆنە ئێلڤیرە» هەڵدەخەڵەتێنێ. دوای کۆمەڵێ ڕووداوی تر، «لێپۆرێلۆ» هەموو کردەوە نابەجێکانی «دۆن جیۆڤانی» بۆ هەمووان دەگێڕێتەوە و پەردە لەڕووی ڕاستەقینەی «دۆن

جیۆڤانی» هەڵدەماڵێ، هەموو بەو گێڕانەوەیە قایلدەبن. دوای ئەوە «دۆنە ئانە» زەماوەند لەگەڵ «دۆن ئۆتاڤیۆ» دەکات، «دۆنە ئێلڤێیرە» بڕیاردەدات بێتە دێوانە لە یەکێک لە کلێسەکاندا، بوک و زاواش دەگەڕێنەوە بۆ یەک و «لێپۆرێلۆ»ش دەگەڕێت تا ئیشی لەلای ئاغایەکی باشتر دەستبکەوێت.

## پیتەر بروک و مۆزارت

مۆزارت، هەروەک شەکسپیر هاوکێشەی پرۆسەیەکی بەردەوام و یەکگرتوون لەلای پیتەر بروک و گەرەکیەتی بەردەوام بگەڕێتەوە سەریان و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. لەم ڕووەوە مۆزارت بەهایەکی ئێجگار گرنگی هەیە، هەروەها بە ڕاوبۆچوونی پیتەر بروک، جیهانی مۆزارت زۆر نزیکە لە جیهانی شەکسپیرەوە. هەردووکیان دەربڕی پرۆسەیەکی گرنگی ڕۆحی مرۆڤایەتین.

پیتەر بروک لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا سەرقاڵی ئەزموون و لێکۆڵینەوەی شانۆیە. بۆ نمونە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتەر بە سترکتورەکانی «وشە و زمانەوە»، بە ئەکتەرەکانی تری سەر شانۆ و بە بینەرانەوە، بۆتە خەونێکی گەورە. هونەری ئۆپێراش لەو خەون، پرۆژە، ئەزموون و لێکۆڵینەوەیەدا بێبەش نەبووە.

دۆن جیۆڤانی بۆ پیتەر بروک سەرلەنوێ دەبێتە وێستگەیەکی تری ئەزموونگەری. لەم وێستگەیەدا هونەری ڕاگوزاری و مەشقی ئەکتەر دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ. کۆمەڵێ ئەکتەری گۆرانیبێژی گەنج، ئازایانە دەبنە ئەو کەرەسە گرنگە. پیتەر بروک و گروپەکە بۆ ماوەیەک لە داڕشتەکانی شانۆیەکی ڕاگوزارییەوە مەشقیان لەسەر دۆن جیۆڤانی کردووە. مێتودەکانی شانۆی ڕاگوزاری دەبێتە فۆرمێکی خۆئامادەکردن

بۆ پرۆسێسەکە، لەم ڕووەوە لە هەڵوێستە جیاوازەکانی پیەسەکە، تێکستەکان، کارەکتەرەکان و پەیوەندیەکانی نێوانیان، لەماوەی مەشق و پرۆڤەکردندا دەکۆڵنەوە.‹٢٠› لەم دارِشتەیەدا پیتەر بروک وێنەیەکی بەرزی مۆزارت، بەبێ زەخرەفەکاری، بەبێ کۆراڵ و لەشکرێکی گەورەی کۆرس، بەبێ ئۆرکێسترا، بەبێ خانووبەرە تەقلیدیەکانی ئۆپێراکان و لە پانتاییەکی بەتاڵ و لە بەرگێکی دەربڕین ئاسای ساکاردا بەرجەستەدەکات.

پیتەر بروک دەڵێت:

> «دۆن جیۆڤانی ئۆپێرایەکە لە ژیاندا دەتەقێتەوە. ئۆپێرایەکە زۆر ستەمە فۆرمی کۆن و شێوازی تەقلیدی لەخۆبگرێت. دۆن جیۆڤانی، وەک هەموو بەرهەمەکانی تری مۆزارت، هەروەک ئەوە وایە کە ژیان خۆی بدوێت.»‹٢١›

بەر لە هەمووشتێک گۆرانی ئۆپێرایی لە دۆن جیۆڤانیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت. گۆرانییە ئۆپێرالیەکان لەم پرۆژەیەدا، لەنێوان خوێندنەوەیەکی شیعر ئاسای گۆرانیەکان و بە ئاوازکردنی وشەکاندا دەبێتە فۆرمێکی نوێ. لەو فۆرمەدا مۆزارت و هونەری مۆسیقا پاکژدەبنەوە و دەبنە ڕووبارێکی سازگار. وێنەکان لە چاوتروکاندنێکدا لەدایک دەبن، لە چاوتروکاندنێکیشدا وندەبن، وێنەی تر سەرلەنوێ دەخولقێ، بارێکی پڕ لە ئەفراندن تێکڕای پانتاییەکە دەگرێتەوە.

> «کلیلی نەمایشێکی شانۆیی باش لە وشەی چاوتروکاندندایە Momento. ژیان لە چاوتروکاندنێکدا. هەر لەبەرئەوەشە دەبێت کارەکتەری دۆن جیۆڤانی لەلایەن

> گۆرانیبێژێکەوە بەرجەستەبکرێت کە لەهەمانکاتدا ئەکتەرێکی چاکیش بێت. بۆئەوەی کارەکتەری دۆن جیۆڤانی پێشکەشبکەیت تەنها بەجوانی شێوە و دەنگێکی خۆش کۆتایی نایەت. هونەری نواندن، هەروەک دەنگ و هەستی مۆسیقی گرنگە. ئەوەی پێویستە ئەکتەرێکە توانای گۆڕان و خۆگونجانی هەبێت، کەسێک کە بتوانێ لە چاوتروکاندنێکەوە بۆ ئەویتر لە کەسایەتی دۆن جیۆڤانیدا بژێ.»<۲۲>

خوێندنەوەکەی پیتەر بروک بۆ دۆن جیۆڤانی دەبێتە کۆمەڵێ بیرۆکە، دید و هزری جیاوازی پێکداچوو. زۆر گرنگە بزانین کە مۆزارت لە ئۆپێراکەیدا «دۆن جیۆڤانیەکمان» پێشکەشدەکات لەدوا کاتژمێرەکانی ژیانیدایە. دارمان و کەوتن، چارەنووسێکی ڕەش و مەرگ لەسەر ڕێگای وەستاوە. بەڵام ژیانی بەر لەئێستا و ئەو ساتەوەختەی، ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی و سەرکەوتن بووە. ئاشکرایە لەو ژیانەی ڕابردوویدا، دۆن جیۆڤانی چەندین ئافرەتی ئاسودە و دڵشاد و بەختەوەر کردووە.

> «لەکاتێکدا دۆن جیۆڤانی باسی ئافرەت دەکات، تەنها باسی شەهوەت و ئیرۆتیک ناکات، بەڵکو باسی خۆشەویستی دەکات. ئا لەم چاوتروکانەدا کە باسی خۆشەویستی دەکات، خۆی دەدات بەدەست جەستە و ڕۆحەوە.»<۲۳>

بەڵام دۆن جیۆڤانی لەدوا کاتژمێرەکانی تەمەنیدا هیچ شتێکی خۆش و بەکەڵک لەژیانیدا نەماوە. ژیان گەیشتۆتە دوا وێستگەکانی تەنهایی، ڕۆحی ون و تێکشکاوە، هەست و هۆشی، پێناسە و خودی بەتەواوەتی

شێواوە. پیتەر بروک ئەو کۆتاییە لە ژیانی دۆن جیۆڤانیدا دەکاتە کەرنەڤاڵێکی ڕەنگ، گەمەیەکی ڕەش، ئاواز و گۆرانیەکی نوێی ئۆپێرایی. هەروەها پیتەر بروک دۆن جیۆڤانی دەکاتە مەسەلەیەکی گشتی و دەیبەستێتەوە بە چارەنووسی هەموو ئەو کەسانەش کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

> «مۆزارت ئۆپێراکەی ناوناوە (دۆن جیۆڤانی)، بەڵام لەڕاستیدا ئۆپێراکە بەسەرهاتی چیرۆکی هەموو ئەو مرۆڤانەشە کە ڕووبەرووی دۆن جیۆڤانی دەبنەوە. ئەمەش تەنها بەشێکە لە مێژوویەک، لە چیرۆکێک کە بە مردنی (دۆن جیۆڤانی) کۆتاییدێت.»‹٢٤›

## ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی لە پانتاییەکی بۆشدا

پیتەر بروک لە شەستەکاندا بانگەشەی «پانتاییە بۆشەکانی» وەک فەلسەفەیەکی شانۆیی و دیدێکی ئێستاتیکی کردووە. بەڵام ئەم فەلسەفە شانۆییە، لە دۆخێکی وەستاودا نەماوەتەوە، بەڵکو بەدرێژایی چل ساڵی ڕابردوو، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و لەگەڵ هەر نەمایش و پرۆژەیەکی نوێشدا بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەوپێشەوە چووە. لە دۆن جیۆڤانیدا، وەک پرۆژەیەکی تری ئەزموونگەری لە بواری ئۆپێرادا، پانتاییە بۆشەکان، فۆرم و تەکنیکێکی تر لەخۆدەگرێت.

پانتاییەکی بۆش بەرامبەر بینەران، لەسەر تەختەی شانۆکەوە درێژبۆتەوە. کۆمەڵێ عەمودی لە دار دروستکراو لەپشتەوە بەپێوە وەستاون. لەکاتی پێویستدا ئەو عەمودانە و مێزێک، هەندێ سەرین، سێ بارستەی بچووکی سەوز، سوور، شین، وەک ئەفسوون

دێنەپێشەوە، لە چاوتروکاندنێکدا بەرجەستەی دیمەنێکی نوێ دەکەن. سینۆگرافیا شێوە گەمەیەکی بزۆز لەخۆدەگرێت. بەکارهێنانی ڕەنگی گەرم و بیرۆکەی «پانتایی بۆش» فۆرمێکی ئێستاتیکی لەخۆدەگرن. لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی جلوبەرگی ئەمڕۆ و کۆمەڵێ کەرەسەی زۆر ساکار دەبنە سترکتور و فۆرمی ئۆپێراکە.

هەڵوێستەی کتوپڕ و گەمەی ڕووبەرووبوونەوەی نێوان ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان وەک شانەیەکی گرنگی بەرجەستەکردنی ئۆپێراکە دەردەکەون. لەو ڕووبەرووبوونەوەیەدا، وەک هەر گەمەیەکی تری شانۆیی، ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان، لەبەرچاوی بینەرانەوە، لەملاو ئەولای پانتاییە بۆشەکە دێنە ژوورەوە. هەموو ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان، هەر لەسەرەتاوە چاودێرییەکیووردی یەکتری و گەمەکە دەکەن.

ووزەی ئەکتەرەکان، پانتاییە بۆشەکە و سەرلەنوێ بە گۆرانیکردنەوەی گۆرانیە ئۆپێراییەکان بەشێوەیەکی جیاوازتر و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی فۆرمە تەقلیدی و تەباکانی جیهانی ئۆپێراوە، فۆرمێکی تری ئەزموونگەری بەخشیبووە ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی. لەو فۆرمە ئەزموونگەریەی ئۆپێراکەدا، هەندێ جار بەتەواوەتی ئۆرکێسترا گەورەکە بوونی نامێنێ.

پیتەر بروک لە هەندێ هەڵوێستەی جیاوازدا، هەموو ئۆرکێستراکەی بێدەنگ دەکرد. ئەمەش ڕاستەوخۆ لادانێکە لە یەکێک لە گرنگترین بنەما سەرەکیەکانی بەرجەستەکردنی هونەری ئۆپێرا. لەبری ئەوە ئامێری «شێمبالی» یان «شەمبەلۆ» Cembalo بەکاردەهێنێ. ئەمەش ئامێرێکی کۆنە و لە ساڵەکانی «١٧٠٠»ەکانی سەردەمی بارۆکدا بەکارهاتووە و لە شێوە و فۆرمی «پیانۆیەکی بچوک» دایە.

لەسەر شانۆ و پانتاییە بۆشەکە، ئەو ئامێرە مۆسیقیە، بووبووە بەشێکی گرنگی سینۆگرافیا و گەمە شانۆییەکە. تەنها یەک ئامێری وەها و لەسەر شانۆکە، بەو دەنگە جیاوازەیەوە دەبووە ئۆرکێسترایەکی

گەورە، یان بەکارهێنانێکی کتوپڕی گروپێکی مۆسیقی لە پانتاییە بۆشەکەدا، چەمکێکی کۆمیدیای دیلارتی سەردەمی ڕێنسانس بەرجەستەدەکات. ئەمە جگە لەوەی ئەو گرۆ مۆسیقیە دەبێتە بەشێکی گرنگی گەمە ئۆپێراییەکە و پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان، سترکتورە هونەریەکە و تێکڕای نەمایشەکە دروستدەکات.

دۆن جیۆڤانی لەلای پیتەر بروک تەنها نابێتە خوێندنەوەیەکی ئیرۆتیکی، ئاڵۆش و حەزێکی بەردوەوامی جەستەی ئافرەت.<٢٥> بەڵکو لەپاڵ ئەو حەزەدا ڕۆحێکی بێئارامی تەنهاشمان پیشاندەدات. دووپاتکردنەوەی تەنهایی، ئازاری ڕۆح و ژیانێکی تەمومژاوی دەبێتە دیدێکی ئاشکرای خوێندنەوەی ئۆپێراکە.

> «دۆن جیۆڤانی ڕۆحێکی دۆڕاوە بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێبکات.»<٢٦>

لەم نەمایشەدا پیتەر بروک مەبەستێتی تەنهایی مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئەوروپا و دابڕانی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستەبکات. لە هەموو وێنەیەکدا، هەڵوێستەیەکدا، تۆنی دەنگ و بەئاوازکردنەوەی گۆرانیەکاندا، بەئاشکرا هەڵپەی مرۆڤ بۆ خۆشەویستی و پێکەوە ژیان بەرجەستە دەبێت. بێگومان ئازارەکانی مرۆڤ لەو هەڵپە و ڕاکردنەدا، وەک بوونەوەرێکی تەنها دەبێتە چەقی وێنە و ڕووداوەکان.

پیتەر بروک بە مەبەستی دابڕان و بە نامۆیکردنی چەمکی ئۆپێرا، گۆرانیە ئۆپێراییەکانی، زۆرجار، وەک لەلای سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، کردۆتە دیالۆگێکی پڕ لە ئاواز، یان دیالۆگێکی نزیک لە گۆرانی. بەمەش زیاتر کارەکتەرەکانی لە ئاستەکانی ژیانی ڕۆژانە و

واقیعەوە نزیکدەکردەوە.

## مەرگ وەک هاوکێشەیەکی گرنگی ژیان

پیتەر بروک هەر لەسەرەتاوە چەمکی مەرگ دەکاتە بنەمایەکی گرنگی چارەنووسی ئەو مرۆڤە تەنهایانە. مەرگ لەو گەمەیەدا بوونێکی ترسناکی هەیە. چارەسەر و بەرجەستەکردنی ئەو چەمکە، لە چاوتروکانێکدا، دەبێتە ڕووناکیەکی سپی بەهێز. مەرگ لەدوا دیمەندا دەبێتە پەیکەر، دەبێتە تارمایی کۆمەڵێ مرۆڤی ڕەشپۆش. ئەو مرۆڤە تارمایی ئاسایانە لە دەمامکێکی سپی دەموچاویان زیاتر هیچتر نابینرێت. دەمامکەکانیش وێنەیەکی دەربڕینی بوونی مەرگە. مەرگ هیچ بەزەییەکی نییە، لە تاوانەکانی مرۆڤایەتیش خۆش نابێت. لەو وێنەیەدا، هونەری ڕووناکی، هێزی جەستەیەکی ڕەشپۆش و دەمامکێکی سپی، ترسێکی گەورەی مەرگ بەرجەستەدەکات. هەر ئەو ترسە گەورەیەش تۆڵەی خۆی لە چاوتروکاندنێکدا لە «دۆن گیڤانی» دەکاتەوە. دۆن گیڤانی بەتەنها و لە دورگەیەکی ترسناکدا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.

پیتەر بروک ئەو دیمەنە ترسناکە دەکاتە گەمە و وێنەیەکی شانۆیی کاریگەر. هونەری ڕووناکی، بەکارهێنانی دەمامک، بە شانۆکردنی ساتەکانی ئۆپێراکە و هونەری مۆسیقا بەرجەستەی تەنهایی و دەسەڵاتی مەرگمان بۆ دەکات.

> «مۆزارت هەمیشە بە مۆسیقاکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەم بنەما ئامادەیەی مەرگ. هەموو کۆمپۆسیشونەکانی سەبارەت بەم دوو لایەنەیە، دڵخۆشی بە ژیان و ڕێزێکی

بێپایان بۆ مەرگ.»‹٢٧›

بەهای ئەو تەقەلا ئۆپێراییانەی پیتەر بروک لەو دیدە ئەزموونگەریەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشانۆکردنە. بەشانۆکردنێک بەبێئەوەی بنەما و چەمکەکانی هونەری ئۆپێرا وەلاوەنێ. بەڵکو لەو تەقەلایانەدا، ڕێساکانی ئۆپێرایەکی تەقلیدی پاکژدەبێتەوە، هەناسەیەکی نوێ و فۆرمێکی جیاوازی شانۆیی لەخۆدەگرێت. بەمەش فۆرمێکی بچووکتر، جیاواز لەوەی تا ئێستا لە ئۆپێرای مۆزارتدا پەیڕەودەکرێت دەخوڵقێنێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

<1> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.13.

<2> Brook, Peter, The Shifting point point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.169.

‹٣› دیارترین پڕۆژە ئۆپێرااییەکانی پیتەر بروک بریتیە لە: بۆریس گۆدۆنۆڤ «پۆشکین»، لابۆهیمی «پۆژینی»، زەماوەندی ڤیگارۆ، دۆن جیۆڤانی «مۆزارت»، کاریگەری پیلیاس «دیبوسی»، سالۆمی «شتراوس» و تراژیدیای کارمن «گوێرگی بینزێت».

<4> Brook, Peter, The Shifting point point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.179.

‹٥› هەمان سەرچاوە. ل. ١٨٠

‹٦› هەمان سەرچاوە. ل. ١٦٩

‹٧› گوێرگێ بیزێت «Georges Bizet» «١٨٣٨ ـ ١٨٧٥» کۆمپۆسیتۆرێکی فەرەنسیە و لە کۆنسێرڤاتۆرییەت «کۆمپۆسیتۆری» خوێندووە. بە ئۆپێرای کارمن نەمری هەتاهەتایی بۆ خۆی تۆماردەکات. بەڵام گوێرگێ بیزێت خۆی لە ژیانیدا ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی ئۆپێراکەی نابینێ. ئەم هونەرمەندە تەنها دوای سێ مانگ بەسەر یەکەم

پێشکەشکردنی ئۆپێرای کارمندا لە پاریس و لە تەمەنی «٣٦» ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

<8> Brook, Peter, The Shifting point point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.176.

<9> STV. K Special: Carmen. Dekomentar, 2001.

(تەلەفزیۆنی سوید، کەناڵی یەک)

‹١٠› هەمان سەرچاوە.

<11> Skawonius, Betty, Det enkla ska börja i överflöd, Dagens Nyheter, 11 september, 2000.

‹١٢› پیتەر بروک لە ساڵی «١٩٨٣»دا بە ئۆپێرای «تراژیدیای کارمن» سەردانی وڵاتی سوید دەکات و لە گۆڕەپانی «سێرک»دا لە ستۆکهۆلم کارمن پێشکەشدەکات.

‹١٣› «Wolfgang Amadeus Mozart» «١٧٥٦ ـ ١٧٩١». مۆزارت هەر لە منداڵیەوە بەهرەیەکی گەورەی مۆسیقی تیا دەرکەوتووە. باوکی کەمانجەژەنێکی لێهاتوو، کۆمپۆسیتۆر و نووسەر بووە. هەر لەم ڕووەوە پەروەردەیەکی مۆسیقی ڕاستەوخۆی مۆزارت دەکات. هەروەها باوکی هەموو ژیانی لە گەشتی هونەریدا بەسەربردووە. لە ڕوانگەی ئەو گەشتە هونەریانەشەوە مۆزارتی ئاشنای گرنگترین شێواز و سەنتەرە مۆسیقیەکان کردووە. گەشتەکانیان: ڤیێنا «١٧٦٧»، ئیتالیا لەنێوان ساڵانی «١٧٦٩ ـ ١٧٧١»دا. هەر لەم ماوەیەدا سەردانی ڕۆم، میلانۆ، فلۆرێنس و نیاپل دەکات. مۆزارت بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ شاری سالزبۆرگ Salzburg بەڕاسپاردە یەکەم بەرهەمی ئۆپێرایی خۆی نووسیووە. لە ساڵی «١٧٧١»دا بۆ جاری دووەم و لە ساڵی «١٧٧٣»دا بۆ جاری سێیەم سەردانی ئیتالیا دەکاتەوە. ڕاسپاردەی کۆمەڵێ ئۆپێرای تری پێدەدرێت، بۆ نمونە: لە ساڵی «١٧٧٣»دا لە ڤیێنا، لە

«١٧٧٤ ـ ١٧٧٥» میونش، «١٧٧٧ ـ ١٧٧٩» پاریس، سەرلەنوێ لەنێوان سالانی «١٧٨٠ ـ ١٧٨١»دا لە میونش هەمان ڕاسپاردەی نووسینی ئۆپێرای پێدەدرێت.

مۆزارت لە ساڵی «١٧٨١»دا دەست لە کارەکەی لە شاری سالزبۆرگ هەڵدەگرێت و دەچێتە ڤیێنا تا وەک هونەرمەندێکی سەربەست کاربکات. لە ساڵی «١٧٨٢»دا ژن دەهێنێ، پەیوەندی بە باکیەوە وورده وورده بەرەو بارێکی ئاڵۆز و ناهەموار دەڕوات. دوای ئەوە باوکی لە ساڵی «١٧٨٧»دا دەمرێت و «یوسێف سیزەری دووم» گرنگیەکی زۆر بە مۆزارت دەدات و لە کۆشکەکەی خۆیدا دایدەمەزرێنێ. لەدوای مردنی سیزەرەوە لە ساڵی «١٧٩٠»دا مۆزارت توشی کۆمەڵێ گرفتی گەورەی دارایی و دەروونی دێت. لە ساڵی «١٧٩١»دا زۆر بە هەژاری کۆچی دوایی دەکات.

‹١٤› «دۆن جیۆڤانی»، «دۆن خوان»ە. بەڵام ناوەکە لەبنەڕەتدا بە ئیتالی «دۆن گیڤانی»یە، کە وەردەگێردرێتە سەر زمانەکانی تر دەبێتە «دۆن خوان». ئۆپێراکە لەبنەڕەتدا بە زمانی ئیتالی نووسراوە.

‹١٥› بڕوانە پەراوێزی ژمارە ‹٦›، بەشی دووەم، لاپەڕە: «٤٢».

‹١٦› ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی جگە لە ستۆکهۆلم لە فەرەنسا، ئیتالیا، بەلجیکا و ژاپۆن نەمایشکراوە

‹١٧› ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی بۆ یەکەمجار لە ساڵی «١٧٨٧»دا لە پراگ پێشکەشکراوە. ئەو نەمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدەهێنێ، هەروەها مۆزارت خۆی سەرکردایەتی ئۆرکێسترا و تیپە مۆسیقیەکەی کردووە.

<18> Feneyrou, Laurent, samtal med Peter Brook, Översättning: Eva Sjöstrand, Kungliga Operan, 1998 S.10.

‹١٩› هەمان سەرچاوە. ل. ٢٢

‹٢٠› پیتەر بروک لە کتێبی «پانتایی بۆش»دا سەبارەت بە مەشقەکانی

ڕاگوزاری دەڵێت: مەبەست لە ڕاگوزاری لەکاتی پرۆڤەکردندا، هەروەها مەبەست لە مەشقی تر هەمووی هەر یەکێکە: ئەوەیە کە دووربکەوێتەوە لە شانۆ مردووەکانەوە. ئەمە تەنها پرسیارێک نییە سەبارەت سەماکردن بە چواردەوری شتێکدا، بە مەبەستی خۆخەریککردن، وەک خەڵکانی دەروەی کارەکە بۆی دەچن؛ مەبەست لەمە دووبارە و دووبارە ئەوەیە کە ئەکتەرەکان ناچاربکەیت بگەنە ئەو بەربەستانەی ڕێگایان لێدەگرێت، تا بگەنە ئەو خالانەی کە لەوێدا لەبری حەقیقەتێکی نادیار چارەسەرێک بدۆزنەوە. ئەکتەرێک لە دیمەنێکی گەورەدا بەشێوەیەکی نارەسەن دەورەکەی پێشکەشدەکات، بەهەمان شێوە کاریگەریەکی نارەسەنیش لەلای بینەران بەجێدەهێڵێ، لەبەرئەوەی چرکە لەدوای چرکە، لەدوای بەجێهێشتنی هەموو جوڵە و ئاماژەیەک لە کارەکتەرەکە، لەبری وردەکاری ڕەسەن، شتی نابەجێ بەجێدەهێڵێ: مەبەستیش لە مەشقکردن ئەوەیە کە دیمەنەکان ڕووتبکەیتەوە و شتەکانی چاکبکەیتەوە. بڕوانە:

Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif zern, Grafik formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.113.

<21> Waaranperä, Ingegärd, Vägen in i människans själ, Dagens Nyheter, Kultur, 3 Augusti 1998.

<22> Feneyrou, Laurent, samtal med Peter Brook, Översättning: Eva Sjöstrand, Kungliga Operan, 1998. S.17.

<٢٣> هەمان سەرچاوە. ل. ١٧

<24> Waaranperä, Ingegärd, Vägen in i människans själ, Dagens Nyheter, Kultur, 3 Augusti 1998.

<٢٥> عەشق و دڵداری ناوەڕۆکێکی گرنگ و سەرەکیە لە ئۆپێراکانی مۆزارتدا، بەڵام ئەو عەشقە هەمیشە شێوە و شێوازی جیاواز

لەخـۆدەگرێت و لە چەندەها دارِشـتـەی لێکنەچوودا بەرجـەسـتـەدەبێت.
ئیـرۆتیک لـەلای زۆربەی ئەو کـارەکـتـەرانە هـێزێکی پاڵپـێـوەنەر و ووزە بەخشێکی گەورەیە.

<26> Feneyrou, Laurent, samtal med Peter Brook, Översättning: Eva Sjöstrand, Kungliga Operan, 1998. S.21.

<۲۷> هـەمان سـەرچاوە. ل. ۱۰

# بەشی حەوتەم

## فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی کارکردن

ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێین زۆر ساکارە بەڵام زۆر گرانە بیگەینێ. ئەوەش ئەوەیە چۆن بگەینە شێوازە ساکارەکان لە شانۆدا، شێوازی ساکار کە لە ساکارییەکەیدا ئاشکرایە و لەهەمانکاتیشدا پڕ لە مانایە.

**پیتەر بروک**

**لە «خاڵی گۆڕانکاریدا»**

Foto: Marion Del Curto

دیمەنێک لەشانۆنامەی «کۆستیم»
ڕێژی: پیتەر بروک

## فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی کارکردن

ئەمـــڕۆ پیـــتـــەر بـروک، دوای تەمـــەن و ئـەزمـــوونێکی درێژ و داهێنـانی چـەندین پڕۆژەی گـــەورە، بە شـــێـــوازێکی تر و لە ئـاراســـتـــەیەکی جیاوازترەوە کاردەکات. پڕۆژە و نەمایشەکانی ساکار و ئاسان و دوور لە هـەمـوو جـۆرە شـتـێکی ئاڵۆز و تەمـومـژاوییـە. زۆر لـە ڕەخنەگـرە شـانۆییـەکانی ئەوروپا ئـامـاژە بەوە دەکەن کە نـەمـایشـەکانـی ئەمـڕۆی پیتـەر بروک ئەو دینامیکیەی جارانی لەدەستداوە؛ ئەو پریشکە بەهێز و ئەفسوونیـەی کە پانتاییە بۆشـەکانی دەکردە دۆزەخێکی گەورە، ئەمـڕۆ بەتەواوەتی بزربووە.

پانتـاییـە بۆشەکەی بۆتە فـۆرمـێکی ئێسـتـاتیکی سـاکار؛ لەو فۆرمـەدا پەیوەنـدیەکـان، داســتــان و بەهـا مـرۆڤـایەتیـەکـان بوونـەتە یەکـەیەکی فــەلســەفی و هـونەری و ئاســتـێکی پڕ لە دەربڕینی ئـاشکرایان هـەیە. ساکارێتی ئەو فـۆرمـەش وەرچەرخانێکی گرنگە لە دنیـابینی پیتەر بروک و فـراوانـکردنی چەمکە هونـەری و فــەلســەفـیــەکـانی لە شــانۆیەکی ئەزمــوونگەریدا. بە ســاکــارکــردنەوەی ئەم فــۆرمــانـەش لەم ئەزمــوونە شــانۆییــەدا، هـاوکـێـشـەیەکی فـیـکری وەهـا دروست دەکـەن کـە وێنە شانۆییـەکان زۆر سـەقامگیر و ئاشکرا بەرجەسـتە ببن. پیتـەر بروک لەم بارەیەوە دەڵێت:

«ئەوەی بەدوایدا دەگـەڕێـین زۆر ســاکــارە بـەڵام زۆر گــرانە بیگەینێ. ئەوەش ئەوەیە چۆن بگەینە شێوازە ساکارەکان لە

شانۆدا، شێوازی ساکار کە لە ساکارییەکەیدا ئاشکرایە و
لەهەمانکاتیشدا پڕ لەمانایە.»<١>

ئەو مانا قوولانەی پیتەر بروک بەدوایاندا دەگەڕێت، لە فۆرم و شێوازێکی ساکاری هونەریدا دەیاندۆزێتەوە. بازنەی پەیوەندیەکان، دەسەلات و ئامادەبوونی بینەر و نزیکبوونەوە لە شتە گەوهەریەکانی دەروونی مرۆڤ دەبێتە خالی دەستپێکردن و پرۆسێسێکی گرانی دۆزینەوە و کارکردن.

پیتەر بروک لە سالی دوو هەزاردا، لە سیمینارێکی گرنگدا لە شاری هێلسینکی لە فینلاند لەنزیکەوە لە پێکهێنەرەکانی فۆرمە ساکارەکەی وپانتاییە بۆشەکان دەدوێت. هەروەها سەرلەنوێ زۆر بە قوولی سەبارەت بە هونەری شانۆ و سیما گرنگەکانی، ئێستاتیکا و تێڕوانینە نوێکان و ڕۆلی شانۆ لە ژیان، کۆمەلگا و گرۆ نێونەتەوەییەکەی دەدوێت.

قسەکانی پیتەر بروک لەو سیمینارەدا، دووپاتکردنەوەیەکی تەقەلاکانیەتی، بەتایبەتی لە شەستەکانەوە، قۆناغی ئەزموونگەری و دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەکانی شانۆ، بۆ ئێستا و فۆرمێکی ساکار. لە هەموو ئەم بوار و قۆناغانەدا تێز و چەمکەکانی پانتاییە بۆشەکان، پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان، مرۆڤ و جولانەوە هەمیشەییەکانی گەردوون و مەسەلە شارستانیەتیەکان دەبێتە چەقی تاقیکردنەوە و پرۆژەکانی. بێگومان گرۆ نێونەتەوەییەکەی سەنتەر و بەهایەکی گرنگی ئەو پرۆسێسە دووردرێژە بووە. خۆشی وەک ڕیژیسۆر و فەرماندەی ئەو کار و پرۆژە هونەریانە بزوێنەری هەموو ڕووداوەکان بووە.

ڕیژیسۆر لەلای پیتەر بروک پێویستە وەک ئەرکیۆلۆژێکی زیرەک بەدووی گەنجینە نەدۆزراوەکاندا بگەڕێت. لەو گەنجینەیەشدا تەنها لە چەمکێک زیاتر پێویستی بە شتی تر نییە، ئەو چەمکەش بەر لە هەموو شتێک دەبێت لە «ژیان»دا بیدۆزێتەوە، نەک لە هونەر و مەسەلە

تیـۆرییـەکـاندا. ئەمـەش لـەڕێگای قـووڵبـوونەوە و تێـڕوانینی ورد و وەڵامدانەوەی پرسیارە گەورەکانەوە چنگدەکەوێت. نەمایشەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی پیتەر بروک زیاتر لە پارچە نەمایشی بچووک بچووکەوە نزیکە. ئەم پارچە بچووکانەش گیانێکی ئەزموونگەرییان لەخۆگرتووە. هونەری نواندن، مـەودا و ئامرازە بەکارهێنراوەکانی شانۆ، تێکست و هەڵوێستـە جیـاوازەکـان، مـامـەڵە و ڕووبەڕووبوونەوەی بینـەران دەبنە بنەما و سەنتەری لێکۆڵینەوە و نزیکبوونەوەی فۆرمە ساکارەکەی.‹٢›

## کۆستیم

یەکێک لە نەمایشـەکانی ئەم ساڵانەی دوایی پیتـەر بروک شانۆنامـەی «کۆستیم»ە. پیتەر بروک لەم نەمایشـەدا لە میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخی ئەفـەریقـاییـەکـانەوە نزیکبۆتەوە. «کـۆسـتـیم» لە نووسـینی نووسـەر و ڕۆژنامـەنووسـی ئەفـەریقی «کـان سـیـمـبـا»‹٣› Can Themba، و ئامـادەکـردنی بۆ شانۆ «بارنی سیـمـۆن»‹٤› Barney Simonە. ئەم پرۆژەیە دنیایەکی نوێ لە ساکاری و ڕوون و ئاشکرایی لەخۆدەگرێت. سـاکـاری فـۆرمـی نەمـایشـی «کـۆسـتـیم» زۆر ئاشکرایە، بەڵام لەهـەمـانکاتدا، پیـتـەر بروک واتەنی پڕ لە مـانایە. ئەم شـانۆنامـەیە بەرجـەسـتـەکـردنێکی ئاشکرای شـاری «سـۆپیـەتۆن» و ڕۆژگـاری پەنجاکانی کۆمەڵگای ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقایە. ئەو ڕژێمـەی بەهۆی کـۆمـەڵێ شـارۆچکەی بەزۆرەملێ دروسـتکراوەوە، دانیشتوانە ڕەشپێستەکان بەتەواوەتی لە کۆمـەڵگای ئەفـەریقی و کۆمەڵگای سپی پێستەکان دادەبڕێت. شاری سۆپیەتۆن ناوچەیەکی زۆر هـەژار و پڕ لە توندوتیـژی و تاوان و تلیـاک و سـۆزانی و ئازار و سوکایەتی پێکردن بووە. بەڵام لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی لەباری هەبووە

بۆ بەرهەمهێنانی مۆسیقا و شیعر و هونەر.

بەکارهێنانی جەستە و هەموو کەرەستە و وێنە جیاوازەکانی فۆرم لەلای پیتەر بروک ئامرازێکی دەوڵەمەندی دەربڕین بۆ پەیوەندیکردن و وەلاوەنانی زمانە ئەدەبییە ئاساییەکەی ئەدەبی شانۆیە. ساڵانێکی درێژە ئەم هونەرمەندە گەورەیە زمانی جەستەی کردۆتە زمانێکی گرنگی دەربڕینی شانۆ. هەر لەم ڕووەوە ڕووکردنە کیشوەرە ڕەشەکەی گەردوون، نەک دۆزینەوە و پەرەپێدانی ئەزمونەکانیەتی، بەڵکە خوڵقاندنی جیهانێکی نوێی زمانی جەستە و سیما «دەموچاو»ە کە دەبنە وزەیەکی سەرنجڕاکێش و بزوێنەر.

جێگای سەرنجە، هەموو ماسولکە و دەمارەکانی دەموچاو بەشێوەیەک دروستبوون کە جێگای هەموو هەست و سۆزەکانی دەرونی مرۆڤی تیا دەبێتەوە. لە سینەمادا تەنها بیرکردنەوە بە شێوازێکی ڕاست ئەنجامێکی باش دەدات بەدەستەوە. دەکرێت بەهۆی هێزی کامیرا و تەکنیکەوە زۆر شت بەخێرایی بگەیەنرێت. ئەکتەری ئەوروپی بەگشتی هەموو وزەکانی دەربڕین لە سیمایدا کۆدەکاتەوە، بەکارهێنانی جەستە و زمانی دەربڕین لەلای ئەکتەری ئەوروپی زۆر کەمە، بۆ نمونە هیچ هەست و سۆزێک لە قاچەکانی ئەم ئەکتەرانەدا نابینرێت؛ بەڵام لە ئەفەریقا و هیندستان و بەشێکی زۆری کیشوەری ئاسیا، بەتەواوەتی بەپێچەوانەوەیە. لەم گەردوونە فراوانەدا منداڵان هەر لەدایکبوونەوە فێری ئەوە دەکرێن کە زمانی جەستە بەشێکی گرنگی ژیان و پەیوەندیکردنیان بێت. لەو کلتوورەدا دەکرێت قاچ لە دەم زیاتر پێبکەنێت، قۆڵ و باڵ بەهەمان شێوەی پەنجەکان توانایەکی زۆری دەربڕینیان هەبێت.

ئەفەریقاییەکان لە سەردەمی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکاندا، لەو کیشوەرە ڕەش و پارچەپارچەکراوەدا، زمانی جەستە ئامرازێکی دەوڵەمەندی سەر شەقام و کۆڵانەکان بووە. بەدوواهاتنی کارەساتەکان و هاوکاری

و دڵدانەوەی یەکتری بە زمانی جەستە دەربڕدراوە. پیتەر بروک بەم شێوەیە باسی ئەم سیما دەوڵەمەندەی ئەفەریقییەکان دەکات:

«ئێمە لە شەستەکاندا زۆر بە چڕی و لە ئاستێکی بەرز و قووڵدا مەشقمان بە ئەکتەرەکان دەکرد، تا زمانی جەستە بکەنە ئامرازێک بۆ زمانی شانۆ؛ بەڵام ئەو زمانە هونەرییە هەر لە سەرەتاوە لەلای ئەکتەرە ئەفەریقییەکان لەسەر ئاستێکی بەرزدا بەدیدەکرا، ئەو هەڵوێستە فیزیکیە، جەستەیەکی نەرم و دەوڵەمەند، بنەما سەرەتاییەکانی ئەو ئەکتەرانە بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە توانیمان لە شانۆدا زۆر بەئاسانی ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوە و لەیەکتری بگەین.»‹٥›

لەسەرتاوە ئەو زمانە سروشتییە پڕ لە دەربڕینە لە گەمەوە دەستپێدەکات، گەمەش بەدەرنییە لە تەقەلا و هزرێکی قووڵی دەربڕین. گەمەش لەلای پیتەر بروک دەبێتە میتود و تەکنیکێکی گرنگ و دەروازەیەکی ڕاستەوخۆی مەشقە ڕاگوزەرییەکانیان.

«ئەکتەر پێویستی بە کارکردن و خۆماندووکردنێکی زۆرە. بەڵام لەکاتێکدا ئەو کارە وەک گەمەیەک وەربگرین، چیتر وەک کارکردنێک نامێنێتەوە. نواندن وەک گەمە وایە.»‹٦›

ئەمڕۆ پیتەر بروک گەیشتۆتە ئاستێک کە بەلایەوە هیچ گرنگ نییە ڕەخنەگرەکان چۆن کارەکانی هەڵدەسەنگێنن، لەم ڕووەوە دەڵێت:

«ئەمڕۆ گەشە و بەرەوپێشچوونی هونەری ڕیژی، نەمایشی

گەورە، جێگای تێڕامان و سەرنجی من نییە، ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو. لەسەرەتای دەستکردنم بە کاری شانۆ زۆر بەلامەوە گرنگ بوو هەموو شێوازەکان بەکاربهێنم، فۆرمەکان تاقیبکەمەوە، ئەو پەیسانە بخەمە سەر شانۆ کە بەهاکانیان لەدەستدابوو.»«٧»

ئەم هونەرمەندە ئێستا بەیەکجاری لە بەرهەمهێنانی فیلمیش دوورکەوتۆتەوە. دوای بە فیلمکردنی شانۆنامەی مارا ـ ساد، تراژیدیای کارمن، شالیر و مەهاباهاراتا و هەندێ فیلمی تر، وازی لە بەرهەمهێنانی سینەما هێناوە. کارکردن لە سینەمادا دارایی و پێداویستییەکی زۆری پێویستە، ئەمە جگە لەوەی کە بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی کات و وزەیەکی ئێجگار زۆری دەوێت.

پیتەر بروک ئێستە بە ئاراستەیەکی تر کاردەکات و دەیەوێت بە یارمەتی گروپێک لە ئەکتەری نێونەتەوەیی و نووسەرانی نزیک لە خۆیەوە، لە هەندێ مەسەلەی تایبەتی بکۆڵێتەوە؛ لە ژیان گەیشتن، تێڕامان و قوڵبوونەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە، بەنێو نهێنیەکانی دنیادا، یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە بۆتە ناوەندێکی ڕاستەوخۆی کارەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی:

«قوڵبوونەوە و لە ژیان گەیشتن لە ڕوانگەی شانۆوە، بە ڕێگایەکی زۆر ئاساییدا منی لە نەمایشی گەورە و پڕۆژە زەبەلاحەکان لاتەریککردو بەرەو ناو ئەو پانتاییە زۆر بچووکانەی بردم کە دەکرێت تەنها لە ڕوانگەی مرۆڤێکەوە بدۆزرێتەوە. لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیەش باس لە هونەرێکی ساکار، یان ساکاریی لە هونەر و فۆرمدا ناکات، هێندەی ئەو شێواز و فۆرمەی ڕۆژێک لە ڕۆژان جێگای سەرنج و

گرنگیپێدانی من بووە، ئێستا ئەو بەها و گرنگییەی نەماوە لەلام. من ئێستا بە ئاراستەی ساکاریی و پاکژی کارناکەم. ساکاری هەڵبژێریت وەک فۆرمێک ئەوە کارێکی زۆر ترسناکە؛ ناکرێت لە فۆرمەوە دەستپێبکەیت. من زۆر بەئاگادارییەوە دەمەوێت ڕیژیسۆرە لاوەکان ئاگادارکەمەوە کە لە شێوازێکی ساکاردا کارنەکەن، چونکە گەر ساکاری بکرێتە ئامانج ئەوا خۆت لە بارێکی سارد و بیابان ئاسادا دەبینیتەوە. من خۆم بەو هەڵەیەدا تێپەڕیووم.»<٨>

پیتەر بروک مەبەستی لەم ووتانە ئەوەیە کە ناکرێت ساکاری وەک دید و فۆرمێک بەکاربهێنرێت، یان بکرێتە ئامانجی پڕۆژەیەکی شانۆیی. بەڵکو ساکاری دەبێت لەخۆیەوە، لە تێگەیشتن و قوڵبوونەوەوە دروست ببێت. پیتەر بروک بەو ئاراستەیە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت. هزر و بۆچوونەکانی زۆر لایەن و بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری شانۆ، مرۆڤایەتی، مەشق و پەروەردەکردنی ئەکتەر دەگرێتەوە. لەلای پیتەر بروک شێوەش (فۆرم) تەنها هزر و کۆمەڵێ بیر و بۆچوون نییە بەزۆر خۆی بەسەر نەمایشەکەدا بسەپێنێت، بەڵکو شێوەکان لەدووتوێی وێنە شانۆییەکاندا دەبێتە ئەو توخمەی نەمایشەکە ڕووناکدەکاتەوە، ناواخن و نهێنییەکانی پیەسەکە ئاشکرادەکات. شانۆگەرییەکی ڕووناکیش لەکۆتایدا لە (فۆرم) زیاتر هیچی تر نییە!

«بەم شێوەیە سەرەتای پرۆڤەکانمان دەستپێدەکات، لەوانەیە بە ئاهەنگێک دەستپێبکەین، بە هەر شێوە و شێوازێک دەستپێبکەین گرنگ نییە، بەڵام هەرگیز بە هزر و بیروباوەڕ دەستپێناکەین.»<٩>

پیتەر بروک بەم فۆرمە ساکارە، قۆناغێکی نوێی پرۆژەکانی دەستپێدەکات. لەگەڵ هەر پرۆژە و کارێکی شانۆیی نوێشدا گەشتێکی پڕ لە پشکنینین بەئەنجام دەگەیەنێ. بەهەمان شێوە لەگەڵ هەر پرۆژەیەکیشدا، بە سنگێکی فراوان و دوو چاوی کراوەوە بارودۆخێکی ڕاست بۆ گفتوگۆ دەسازێنی لەپێناوی لەیەکتر حاڵیبوون و دۆزینەوەی شتی نوێدا.

«لەکاتی پرۆڤەکردندا پێویستە فۆرم و ناوەڕۆک پێکەوە شیبکرێنەوە، هەندێ جاریش هەریەک بەتەنها. هەندێ جار شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆرم، کتوپڕ، ئەو دیدەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە فۆرمەکەی خوڵقاندووە ـ هەندێ جار شیکردنەوەیەکی نزیک و هاودەمی ناوەڕۆک تێڕوانینێکی نوێمان سەبارەت بە ڕیتم پێدەبەخشێت.»‹١٠›

پیتەر بروک لە تێڕوانینێکی جیاوازەوە کێشەکانی فۆرم و ناوەڕۆک چارەسەر دەکات. هەندێ جاریش لە یەک دیدی یەکگرتووی سەراپاگیرەوە، پرۆسە و کێشە ئێستاتیکیەکان دەبەستێتەوە بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی فۆرم لە دیمەنە شانۆییەکاندا. دووبارە بنیاتنانەوەی فۆرمەکانیش، یەک لەدوای یەک، دەچێتە نەخشەکانی خوڵقاندن و شانۆیەکی پیرۆزەوە. بەلای پیتەر بروکەوە زۆر گرنگە فۆرمەکان سەرلەنوێ، لە شێواز و فۆرمی جیاوازدا، دروستبکرێتەوە:

«لە شانۆدا هەموو فۆرمێکی تازە لەدایکبوو مردووە؛ هەموو فۆرمێک پێویستە سەرلەنوێ بخوڵقێنرێتەوە، کە سەرلەنوێش خوڵقایەوە ئەوە لە هەموو ڕووەکانیەوە دەربڕینی جیاواز لەخۆدەگرێت.»‹١١›

Foto: Mario Del Curto

دیمەنێک لە شانۆی «کۆستیم»
ڕێژی: پیتەر بروک

## هەڵوێستەیەک لەتەک «کۆستیم»دا

لەنێو هەموو یادگارە تاڵەکانی سەردەمی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقادا، ماوەیەک بەدیدەکرێت، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر چڕ و کورتە، بەڵام ماوەیەکە پڕ لە هیوا و خۆشەویستییە. تەنها هەرئەوەندە بڵێیت و ناوی «سۆپیەتۆن» بێنیت یەکسەر تیشکی مۆمێک لە چاوەکانی مرۆڤدا دەبریسکێتەوە. هروژمێکی وێنە لە بیرەوەرییەکاندا دەووروژێت و سەرلەنوێ لەدایک دەبنەوە. وێنەکانی زەمەنێک کە بۆتە زەمەنێکی ئاڵتونی ڕۆژگارێکی ڕەش؛ کەشوهەوایەک بەتەواوەتی سۆپیەتۆنی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی تری ئەو سەردەمە جیادەکاتەوە.

لەو شارەدا، وەک هەموو شارەکانی تری خوارووی ئەفەریقا، خەڵکی لە بارودۆخێکی سەختدا ژیاون. هەژاری و دابڕان لە هەموو شتێک، لە هەموو دنیا. بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان، بەتایبەتیش لەو ناوچەیەدا هەموو ئەو بارودۆخە گران و نالەبارە ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری ئەوتۆی بەسەر ژیانی خەڵکەوە نەبووە.

لەم شارەدا بەپێچەوانەی هەموو شار و شارۆچکەکانی ترەوە، تواناکان گەشاونەتەوە و خەڵکی بەختیاربوون، توانیوویانە ئەوەی لە دەرونیاندا هەیە دەریبڕن. دانیشتوانی ئەو شارە لەگەڵ هەموو نالەباری ژیان و کلۆڵیەکیانەوە، ئامێرەکانی مۆسیقای «جاز»یان ژەندووە و ئاهەنگیان گێڕاوە، گۆرانیان ووتووە و شیعریان نووسیووە و گفتوگۆیان لەسەر چارەنووسی داهاتووی وڵاتەکەیان کردووە. توانیویانە گەر بۆ ساتێکی کەمیش بێت، ئەو ژان و ئازار و پەژارەیە لەبیری خۆیان ببەنەوە. بەڵام ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان بواری ئەو

تروسکە و هیوایەشی لێبڕیبوون. بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە ئەو بارودۆخە تێکوپێک بشکێنێ و شاری سۆپیەتۆنیش بەتەواوەتی لەسەر نەخشە بکوژێنێتەوە. هێزەکانی سیخوڕ و پۆلیس بە بلدۆزەر گەڕەکەکان و خانووبەرە ساکارەکانی ئەو خەڵکەیان ڕووخاندووە، هەزارەها هەژار و بێدەرەتانیان ناچاری ڕەوکردنکردووە، دەزگاکانی پۆلیسیش خەڵکەکەیان ڕاگوێزاوەتە نێو ئەو شارۆچکە زۆرەملێیانەی کە بەئاسانی توانیویانە کۆنترۆڵیان بکەن.‹١٢› شارۆچکە زۆرەملێکانیش هەمیشە دوور بووە لە پایتەخت و شارە گەورەکانەوە. لەو ناوچانەشدا کە شارۆچکە زۆرەملێکانی تیادا بنیاتنراوە، هەمیشە لەژێر فشار و چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ و توندوتیژی هێزەکانی پۆلیس و سەربازدا بوون، شارۆچکەکان هیچ ناوێکیان لێنانرێت، تا لە ئەنجامدا یەکێک لە گرنگترین ئەو شارۆچکانە دەبێتە شارێکی گەورە و بە سۆوێتۆ soweto دەناسرێت. زۆربەی ڕووداوەکانی سۆوێتۆ لەناو چایخانەی نهێنی و نایاسایی و کۆن و سەرەتاییەکاندا ڕوویانداوە. لەناو ئەو چایخانانەدا ڕەش و سپی پێکەوە کۆبوونەتەوە. ئیدی هەر لە نووسەر، مۆسیقاژەن، دز، سیاسەتمەدار، سۆزانی و حیز و هەتیوەکان، لەوێدا یەکیان بینیوە، یەکتریان دواندووە و خەونیان بینیوە.

ئەو خەڵکە پێکەوە نوقمی مەیخواردنەوە و بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی تلیاک بوون؛ هەمیشە مەست و بێئاگا تەسلیم بە خۆکوژی بوون. یەکێک لەو کەسانە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز چالاکیەکانی ئەو چایخانانەی بەڕێوەبردووە، نووسەرێکی بەهرەمەندی وەک «کان سیمبا» بووە. ئەم نووسەرە پادشای شەوانی ناو ئەو کۆبوونەوە نهێنیانە بووە. لە یەکێک لە شەوانی ئەو چالاکیانەدا، ئەو نووسەرە عاشقە چیرۆکی «پێلیمون» و «ماتیلدا» لە «کۆستیم»دا دەگێڕێتەوە. ئەویش سەرگوزشتەیەکە سەبارەت بە ئافرەتێک و پیاوێک و دەستێک چاکەت و پانتۆڵ. ئەو سەرگوزشتەیە بە گاڵتە و پێکەنین دەستپێدەکات و بە

تراژیدیایەکی سارد کۆتایی پێدێت. کۆمیدیا، دراما، فەنتازیا، وێنە بچووکەکانی ژیان، هەموو ئەمانە لە سەرگوزشتەی «کۆستیم»دا بەرجەستەدەبێت، «کۆستیم» نەمایشێکە کە شاری سۆوێتۆ بە مۆسیقایەک، خەندە و پێکەنین و گومانەکانی بەئاگادێنێتەوە و تێکەڵی ژیانی دەکاتەوە.

## کۆستیم باسی چی دەکات؟

یەکێک لە دژوارترین دژایەتیکردن و جۆرەکانی ململانێ و ئازاردانی مرۆڤ، جەنگی دەروونی و شێواندن و ئازاردانی ڕۆحی مرۆڤە. مرۆڤ لەم جۆرە جەنگانەدا هەموو بەها گرنگەکانی بوونی مرۆڤایەتی لەدەستدەدات و تووشی گێژاوێکی دەروونی گەورە دێت؛ بەرەنجامیش کەوتن و داڕمانی ئەو مرۆڤەیە. لەم دەروازەیەوە کۆستیم باسی جۆرە زۆرداری و سەرکوتکردنێکی ناوەکی دەکات. ئەو جۆرە سەرکوتکردنانەی ڕۆدەچێتە ناوەوەی خود و دەروونی مرۆڤەوە، لێرەوە پاڵپەستۆیەک ڕۆحی مرۆڤ دەخوات. «کۆستیم» دەبێتە سیمبولی هەڕەشەیەکی ئەبەدی. هەڕەشەیەک سیمای مرۆڤ تێکدەشکێنێ و دەروونی دەکرۆژێ. لەهەمانکاتدا دەبێتە بنەمایەکی چڕی نامۆیی و جیهان لەخۆدەگرێت.

کۆستیم درامایەکی ژن و مێردایەتیە، لەو شانۆیەدا ئەکتەری ڕەشپێستی ئەفەریقی و دەستێک چاکەت و پانتۆڵ «کۆستیمێک» کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەو گەمە پڕ لە ژان و ئازارەن. بەڵام پیتەر بروک بەهۆی ئەفسوونی ئەو فۆرمە ساکارەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەو زمانە مرۆڤایەتیەی جەستەی ئەکتەرەکان و زمانێکی شیعری بەرز نەمایشەکە پێکدێنن و هەناسەیەکی پاک دەبەخشنە ئەو بەسەرهاتە

تراژیدیە.

کۆستیم دەبێتە ئەندامێکی بینراو و هەستپێکراوی ئەو خێزانە. لەهامانکاتدا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی و ترسناکی پێودانگە درامیەکە. پێلیمۆن و ماتیلدا پێکەوە وەک ژن و مێردێکی بەختیار و ئاسایی دەژین. پێلیمون ڕۆژانە دەچێتە سەر کار، ئێواران بە پاسە کۆن و شڕە پڕ لە خەڵکە ماندووەکان دەگەڕێتەوە. تا ڕۆژێک دێت و هەموو شتەکان دەگۆڕدرێت. گۆڕانکارییەک چارەنووسی ئەو ژن و مێردە دەکاتە خاڵێکی پڕ لە کێشە و ململانێیەکی تراژیدی.

پێلیمون کاتێک کتوپڕ لە کار دەگەڕێتەوە، پیاوێکی نەناسراو لە جێگەکەیدا لەگەڵ ماتیلدای هاوسەری دەبینێت. پێلیمون بۆ یەکەمجار خۆی لەبەردەم ناپاکی و داوێنپیسی ماتیلدای ژنیدا دەبینێتەوە. دۆستی ژنەکەی لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە ڕادەکات، بەڵام لە شڵەژاویدا چاکەت و پانتۆڵەکەی لەسەر کورسیەکە لەبیردەچێت. ئەو جلوبەرگە «کوستیم» بەجێماوە دەبێتە بەندێکی دەستوپێ بەستراوی ناو ماڵەکە و ناوەندێکی گرنگی داهاتووی چارەنووسی ئەو ژن و مێردە. پێلیمون بە هیچ شێوەیەک ئازاری ماتیلدای هاوسەری نادات. لەسەر ئەو ڕووداوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بە هیچ شێوەیەک گفتوگۆ ناکات و ماتیلداش «هاوسەرەکەی» لە ماڵەکە ناکاتە دەرەوە. لەبری ئەوە ستراتیژێکی تر، بەڵام زۆر کوشندە بەکاردەهێنێ بۆ سزادانی ماتیلدا. پێلیمون بڕیاردەدات ئەو «کۆستیمە» بەجێماوە ببێتە ئەندامێکی فەخری و هەمیشەیی ناو خێزانەکەیان. ماتیلداش بەرپرسیار دەبێت لە هەموو بەدەنگەوە هاتنێکی بەردەوامی ئەو ئەندامە نوێیە. لەکاتی نانخواردندا دەبێت کۆستیمەکە لەگەڵیاندا دانیشێ و ماتیلداش خواردن بکات بەدەمییەوە. لەکاتی چوونە دەرەوە و پیاسەی ڕۆژانی یەکشەماندا، کۆستیمەکە قۆڵ لە قۆڵدا، لەنێوان هەردووکیانەوە دەڕوات. لەکاتی نووستندا کۆستیمەکەش لەنێوانیاندا ڕادەکشێ.

بوونی ئەم کۆستیمە بەم شێوە ئاشکرا و تراژیدییە، دۆزەخێکی ڕاستەقینە بۆ ژیانی ماتیلدا دەخوڵقێنێت؛ نەک هەر ئەوە بەڵکو ژیانی پێلیمۆنیش تاڵدەکات. کۆستیم دەبێتە جنۆکەیەکی ترسناک لە ماڵەکەدا، ماتیلدای بەختیار دەبێتە گوڵێکی سیس و هەڵدەوەرێت. ماتیلدا لەئەنجامدا ناتوانێت چیتر بەرگەی ئەو سزا دەروونیە بەردەوامە بگرێت، لەبەرئەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

## کۆستیم لەنێوان ڕیتواڵ و فۆرمێکی ساکاردا

وەرزی یەکەمی ساڵی دوو هەزاری شانۆی Bouffes du Nord لە پاریس، وەرزێکی ئەفەریقیە. پیتەر بروک درامایەکی ساکار و فۆرمێکی ئاسانی شیعری دەکاتە شانۆیەکی نزیک و هاودەم بە ژیان.

ئەفسوونێک دەخوڵقێنێ، لەو ئەفسوونەدا شیعر دەبێتە ڕیتواڵ و لە یەکەی نەمایش، ئەکتەر و بینەراندا نەمایشێکی پڕ لە وێنە و گۆرانی و سەما جۆشدەدات. پیتەر بروک هەروەک پرۆژە و نەمایشەکانی ڕابردووی، هەر لە سەرەتاوە، لەگەڵ هەر پیەس و تێکستێکی جیاوازی سەر بە کلتووری دیکەی ئەم گەردوونە مامەڵەبکات. هەموو بەرگ و سیما و کلێشە کلتووریەکەی لە ستركتوری پیەسەکەدا دادەماڵێت. مەبەستی لەم داماڵینەش هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی شانە مرۆڤایەتیەکان لە ناواخنی دراماکاندا. ئەو شانە مرۆڤایەتیانەی کە بۆ پیتەر بروک دەبێتە هزر و هەڵوێستەیەک لەبەردەم ستركتورێکی هاوبەشدا، لەو ستركتورەدا ڕیتواڵێکی نوێ، میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخ و داستانێکی گشتگری وا دەخوڵقێنێ پڕە لە هێما و ئاماژە مرۆڤایەتیەکان.

«سەرەتا دیمەنێکی شانۆیی دروستدەکەم، دوای ئەوە تێکیدەشکێنم، دروستیدەکەمەوە و سەرلەنوێ تێکیدەشکێنمەوە. لەهەمانکاتدا بیر لە چارەسەرکردنێک دەکەمەوە بۆی: چ جۆرە جلوبەرگ و کەرەسەیەک؟ چ جۆرە ڕەنگ و جوڵەیەک؟ ئەمانەش هەموویان کەرەسەی بەکارهێنانی (زمانێکی) تایبەتن و دەکرێت ئەو هەستە ناوەکیە تایبەتیەی کە من هەمە نزیکبێتەوە لە شێوازێکی دیاریکراو و بەهێزەوە. دوای ئەوە هێدی هێدی شێوەکەش دروستدەبێت، ئەو شێوەیەش پێویستە بخرێتە ژێر کارێکی ئەزموونگەری پڕ لە گۆڕانکارییەوە، بەڵام هەروەک شێوەیەک دەمێنێتەوە. ئەو شێوەیەش فۆرمێکی داخراو نییە، لەبەرئەوەی تەنها لە دیمەنێکی شانۆیی زیاتر هیچی تر نییە؛ دەڵێم تەنها دیمەنێکی شانۆیی، لەبەرئەوەی دیمەنیش لە بنەمایەکی سەرەتایی زیاتر هیچی تر نییە، دوای ئەوە خودی کارەکە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەستپێدەکات.»‹١٣›

بێگومان خودی ئەو دیمەنانە پێکەوە دەبێتە یەکەیەکی تەواوەتی شانە گشتیەکەی نەمایشەکە. چەمکی ڕیتواڵیش، وەک زمانێکی هێمادار، دەبێتە بنەمای ئەو شانۆ پیرۆزەی پیتەر بروک لە کتێبی «پانتایی بۆش»دا ئاماژەی بۆ دەکات. هێما، ئاماژە و زمانی جەستە هەموو پەیوەندیەکان سەقامگیردەکات. پەیوەندیەکانیش، سەرەتا: ئەکتەرەکان لەگەڵ یەکتریدا، ئەکتەرەکان لەگەڵ ستركتورە ئێستاتیکیەکەی نەمایش، ئەکتەرەکان لەگەڵ بینەراندا و لەبەرەنجامیشدا بینەران بە تێکڕای ئەو شانە گرنگانەوە: ئەکتەر، فۆرمی نەمایشەکە و دواجاریش یەکەی ڕیتواڵە گشتیەکەی نەمایشەکە.

گـرنگی ئـەم نەمـایشــەش (کـۆسـتـیم) لەوەدایە، لـە داڕشـتـنەکـانی فـۆرمـێکی سـاکـارەوە، زمـانێکی ئاشکرای نـەمـایش و بـەکـارهێنانی جەستەی ئـەکتـەرەکان، شـانۆیەکی پیرۆزی ڕیتـواڵی دەخوڵقێ. ڕیتـواڵی نەمـایشــەکـە وەک هـاوکـێـشــەیەکی دووفـاق پەیوەسـتــە بە یەکـە دینامـیکیـەکـانی فـۆرمـە سـاکـارەکـەوە. ئـەم سـاکـاریەش بەرەنجـامی پرۆسێسێکی چڕ، گران و بەردەوامی پیتەر بروکە.

## ڕیتواڵی نەمایشەکە

شـــانۆ بـوارێکی زۆر گـــرنگی شـــیکردنـەوەی شـــانـەکـــانی ژیـان و پەیوەندیکردن و لـەیەکـتـرگـەیشـتنە؛ ژیان لەبۆتـەی شـانۆدا دەبێـتـە پرۆسـەیەکی گرنگی مرۆڤـایەتی، پیشـەی ئـەکتـەریش دەبێتە تەواوکـەری ئەو هـاوکێشـە گرانە. ئەکتەرەکـانی پیتـەر بروک لەنێو ئەو ئەزمـوونەدا و لەڕێگای شـانۆوە لە ژیانی واقیعی مرۆڤ تێدەگەن. شانۆ لە ئـاستێکی بەرزدا، وەک هـونەرمـەندێکی قـووڵ و گـشـتگـیر، لە واقـیـعی مـرۆڤ گەیشتووە، بەشێوەیەک مرۆڤ خۆی زۆری ماوە تا لەو واقیعە بگات.

> «دەکـــرێت بـوونمـان لـە دوو بازنـەدا وێـنـەبکـەین: نـاوەکـی، ئەمــەش بـازنەی هۆکـار و ژیانـە نـهێنێکانمانە، ئـەو ژیانەی نابینرێت. بازنەیەکی دەرەکیش زیاتر ژیانی کۆمەڵایەتیمان دەگرێتـەوە، هـەروەها پەیوەندیەکانمان بە کەسانـی تر و کار و پیـــشـــەکـــانمان. بـەشـــێـــوەیەکی گـشـــتی شـــانۆش ڕەنگدانەوەیەکی ئـەو بازنە دەرەکـیـەیە. بەڵام لێکۆڵینەوەی شـــانۆیی بازنەیـەکی تایبـــەتی لەنێـوان ئـەو دوو بازنـەیەدا دروستـدەکات. هـەوڵی ئەوە دەدات ئـامـاژە و شـتی تایبـەتی

ئەو بازنە ناوەکـیـە ئاشکرابکات، دواتر ڕەنگدانەوەی ئەو ئامـاژانە، بۆ جیـهـانێکی ئاشکرا و بینراو بەرێت. بۆئەوەی شـتـە نادیار و شـاراوەکـانی بازنەی یەکـەم ئاشکرا و دیاریبکرێت. ئەمـەش پێویستی بە کارێکی قـووڵ و گـران هەیە. لەم کـارەشـدا ڕاستـیـەکی چڕ هەنگاو دوای هەنگاو دەردەکەوێت. تەنها ئەکتەریش دەتوانێت لەم کارەدا ببێتە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستـەوخۆی تەوژمـە نادیارەکـانی ژیانی مرۆڤایەتی.»‹١٤›

ئەو ڕیتـواڵەی پیـتـەر بروک دەیخـوڵقـێنێ دەروازەیەکی بەرین بۆ ئەکتـەرەکـان دەکاتەوە، تا لەو واقیعـەوە لە ڕاستـیـەکان و فـەلسـەفـەی مرۆڤ بگەن.

«پیـتـەر بروک هـەمـیـشـە بەم دیدە کـاریکردووە. هـەر لە نەمـایشـە ئەزموونگەریەکانیەوە کە لە شەستـەکـاندا بۆتە تەوژمێکی گرنگی شـانۆیی جیـهانی، پانتاییە بۆشەکەی لە شـانۆی Bouffes du Nord لە پاریس و تـا ئەم فـۆرمـە ساکارەی پڕۆژە و بەرهـەمەکانی ئێستاکەی.»‹١٥›

پیتـەر بروک هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ئەوەی پێویستە: «تەنها شـانۆیەک، تێکستـێک و چەند ئەکتـەرێکە.» نـەمـایشـە سـاکـارەکـانیش بەرجەستەیەکی ئەو ووتەیەیە.‹١٦›

پانتایی نەمـایشی (کۆستیم) داڕشتەیەکی زۆر سـاکارە. ژوورێکی بێ دیوار و بەڕەیەکی جوانی ئەفەریقی، جێگایەکی نووستن لە ناوەڕاستدا و مێزێکی بچووک و یەک دوو کورسی و چوارچێوەی پەنجـەرەیەکی بێ شـووشـە. تەکنیکی گێڕانەوە سـیمـای ڕاسـتـەوخـۆی نەمـایشـەکـەیە.

کـارەکـتــەرەکـان لـەســەر چـەندین ئـاست ڕووداوەکــان دەگـێــڕنەوە، لەهەمـانکـاتدا بەرجـەسـتـەی گـێـڕانەوەکـان دەکـەن. جـوڵە و چۆنیـەتی بەرجـەسـتــەکـردنی ڕووداوەکـان شـێـوازێکی قـوڵی دەربڕین ئـاسـای جـەسـتـەیە، نەک هونەری پانـتـۆمـایم. پانتـۆمـایم دەبێـتـە تەنهـا خـاڵێکی لاوەکی لەو فـۆرم و پرۆسـە جـیـاوازەدا. ئـەکـتـەرەکـان هـەمـوویان یەک لەدوای یـەک و بە شــێــوازی جــودا دەبنە حــیکایەتخــوان، لـەنێــوان ڕۆڵەکـانیـان و کـارەکـتـەری حیکایەتخـواندا گـەمـەدەکـەن. جـەسـتـەی ئەکتەرەکان فۆرمێکی سـەربەست و زمانێکی دەوڵەمـەندی پڕ لە هیـما و دەربڕین بەرجـەستەدەکەن. ڕیتمی مۆسیقای جاز، گۆرانی ئـەفەریقی و زمـانی جەسـتـە ئامێزی ئەکتـەرەکان، فۆرم و شـێـوازێکی پڕ لە سـەمـا و ڕیتواڵ دەبەخشێتە نەمایشەکە.

نەمـایشـەکە فـەزایـەکی شـیـعـرئـامـێز لەخـۆدەگرێت و وێنەکـان دەبنە گۆرانیـەکی خـەمگین. گوناهـەکەش وەک هێـزێکی تراژیدی و تارمـاییـەکی دڕندە، دووی ئەو دوو پاڵەوانە تراژیدییە دەکەوێت.

پیتـەر بـروک وەک هونەرمـەندێکی گەورە، لە چاوتروکانێکدا حـاڵەتەکان دەکاتە هـەناسـەی ڕاسـتیەکانی ئەو ڕووداوە دژوارە. لێرەوە گومان، سزا و خــەونەکــان دەبنە یەکــەیەکی تێکشکاوی بەرجــەســتــەکــراوی وێنە گشـتـیـیـەکە. گـومـانی تێـدا نیـیـە کە ئەکتـەرەکان لەڕێگای هـەوڵدانی بـەردەوام و هـاریکـاریکـردن و هـونـەری نـوانـدنـی ڕاگـــــوزارییـــــــەوە گەیشتـوونەتە گەلێ ئەنجامی گرنگ. پیتـەر بروکیش وەک بەرپرسـیـاری یەکەمی نەمـایشـەکە، ئەو بارودۆخە ڕیتواڵیـە گرنگەی بۆ خـوڵقاندوون تا ببنە ئەکتەرانێک کە پڕن لە وزەی داهێنان.

هونەری نواندن لـە (کۆسـتیم)دا، وەک ئەزمـوونێکی تایبـەتی، دەبێـتـە چەمکێکی گرنگی تێکرای بوونیادی نەمایشـەکە. ئەکتـەر لەو بوونیادەدا تەنهـا یـەک تووخـمـە، بەڵام تووخـمـێکی گـرنـگ. ئەفسـوونی ئەو ڕیـتـواڵە سـاکـارە لـە یەکێک لە دیمەنەکـاندا دەگـاتە ئـاسـتـێکی بەرز. پێلیـمـون و

ماتیلدا ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ هاوڕێکانیان دەسازێنن. ئەو دیمەنەش دەبێتە گەمەیەکی پڕ لە خەندە. ئەکتەرەکان هەر خۆیان ڕۆڵی چەندین کارەکتەری تر دەبینن، بەڕیز یەک لەدوای یەک، دێنە ژوورەوە و لەلایەن پێلیمون و ماتیلداوە پێشوازی دەکرێن، ئیدی لەپڕ ئەو پانتاییە دیاریکراوە دەبێتە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە خەڵک. ئەفسوونی دیمەنەکەش توانای ئەکتەرەکانە. هونەری نواندن دەبێتە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەرەکان، ژیانی ڕۆژانەشیان دەبێتە بەشێکی گرنگی کەرەستە بەکارهێنراوەکانی هونەری نواندنەکەیان.

> «ئەوەی جێگای سەرنجە لەلای ئەکتەر ئەو توانا تایبەتییەیە کە لەکاتی پرۆڤەکردندا، لەپڕ هەندێ لەلایەنە شاراوەکانی ژیانی تایبەتی خۆیان دەردەکەوێت.»<١٧>

نەمایشەکە فۆرمێکی نزیک و هاودەم لەخۆدەگرێت. لەو فۆرمەدا بەئاسانی گەمەی ئەکتەرەکان و بینەران پێکەوە گرێدەدرێت. بینەران لەدڵەوە هەست بە ئازاری ئەو تراژیدیایە دەکەن کە ماتیلدای تیا دەژی. ئەمەش یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی ئەم بەرهەمە. ئێستاتیکایەکی ساکار لەو پێوەدانگە درامیەدا دەبێتە فەلسەفە و فۆرمێکی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی پرۆژەکانی پیتەر بروک.

Foto: P. Victor/ Maxppp

هاملێت لە جەستەی خۆی دەڕوانێت
ڕێژی: پیتەر بروک، ٢٠٠١

Foto: P. Victor/ Maxppp

هاملێت لە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکەدا
ڕێژی: پیتەر بروک، ٢٠٠١

پیتەر بروک لە ساڵی دوو هەزار و هەزارەیەکی نوێدا، سەرلەنوێ ئاوڕ لە شەکسپیر دەداتەوە و بە نەمایشی «تراژیدیای هاملێت» مێژوویەکی تر بۆ ڕەووتی شانۆی هاوچەرخی جیهانی تۆماردەکات.‹١٨›

شانۆنامەکە لە دوو نەمایشی جیاوازدا: سەرەتا لە پاریس و لەسەر شانۆی Théatre des Bouffes du Nord، دوای ئەوە لە ڤیستیڤاڵی Wiener Festwochen لە ڤیێنا‹١٩›، بەر لە گەشتە فراوانەکەیان بەرەو زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەمایشکرا. لە هەفتاکاندا پیتەر بروک لەگەڵ گرۆ نێونەتەوییەکەیدا گەشتێکی سێ مانگی بە ئەفغانستان و ئەفەریقادا کردووە. بەڵام گەشتی ئەمجارەی لەنێو شانۆکەی خۆیدایە Bouffes du Nord لە پاریس و لەگەڵ یەکێک لە گرنگترین ئەکتەر و هاوکارەکانی Bruce Myers. ئەم ئەکتەرە لە سەرەتای هەفتاکانەوە لەگەڵیدا کاردەکات، جگە لە شەش ئەکتەری تری خەڵکی ڕۆژهەڵات. گەشتی ئەم جارەی پیتەر بروک لەگەڵ ئەم ئەکتەرانەدا بۆئەوەیە تا بتوانێت سەرلەنوێ پرۆسەیەکی هەڵکۆڵین لە کیشوەرە مەزن و چڕەکەی «هاملێت»دا بکات. تەقەلایەکی تر و ئەزموونێکی تر بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە دنیای ئەو پیەسە و فۆرمێک و دنیابینییەکی تری شانۆیی.

## کێ لەوێیە؟

«کێ لەوێیە؟» پرسیارێکە لەم پرۆژەیەی پیتەر بروکدا، دەبێتە تەوەرێکی گەورە و چوونە ژوورەوەیەکی فراوان لە دەروازەی یەکێک لە تراژیدیا گەورەکانی شەکسپیرەوە. ئەو پرسیارە لەسەر چەندین ئاستی جیاواز، کۆمەڵێ دیدی فەلسەفی قووڵ، ژانی مرۆڤایەتی و مەرگەساتێکی ئەندێشە ئاسا دەخولقێنێ. هەر لەم دەروازەیەوە پرسیاری: «کێ لەوێیە؟» Who´s there? دەبێتە دەروازەی دۆزەخێکی جیهانی بۆ منداڵێکی بێکەس و تەنها. ئەمجارە پیتەر بروک هاملێت وەک پاڵەوانێکی گشتگر و مرۆڤایەتی دەکاتە بنەمایەکی تری گەردوونی بۆ گەشتێکی مەزن لە ناسینی دەروونی مرۆڤ و ئەندێشەکانی. لەم تراژیدیایەدا سنوورەکانی «کات و شوێن» لە پێکداچوونێکی هونەریدا، لە خوێندنەوەیەکی فەلسەفی و لە ڕاڤەی ئەو جیهانە گەورەیەدا بەتەواوەتی ووندەبێت. هیچ سنوورێک، پێوانە و چوارچێوەیەک بوونی بۆ نامێنێ. بەو شێوەیە جیهانێک بنیاتنراوە بە هیچ شێوەیەک نەخزێنراوەتە ناو سنوورەکانی کات، وڵات یان ڕژێمێکی تایبەتمەندەوە. بەڵکو خودی تێکستەکە، بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی جیاواز، ڕیتم، جەستەی ئەکتەرەکان و ئەو پێگەیشتنە ڕاستەوخۆ و زیندووە لەگەڵ بینەراندا، پانتاییەکی دەوڵەمەند بۆ تێگەیشتنێکی جیاواز لەگەڵ بینەراندا دەخولقێنێ. ئەم تێگەیشتنە جیاوازەش دەبێتە بنەمای توخمێکی گرنگی بەردەوام بوون و جیهانێکی بزۆز لە پانتایی ئاراستە جیاوازەکاندا. تراژیدیای هاملێت مەرگەساتی مرۆی ئەم سەردەمەیە، سەدەی دابڕان، لەبیرکردن و پێشێلکردنی هەست و سۆزەکانی «خود» وەک تاکێکی سەربەست و سەربەخۆ.

هاملێت لەم گەشتەدا دەبێتە سمبولی ئەو مرۆڤە بینراوە، بریندار و تاک و تەنهایە. پەیامی هاملێت لەم نەمایشەدا، پەیامی مرۆڤە

نەسرەوتەکانە، ئەو مرۆڤانەی نوقمی تەنهایی، بێزاری و گێژاوی بیرچوونەوە و پرسیارە جیاواز و بێ وەڵامەکانن. پیتەر بروک سەبارەت بە هاملێت دەڵێت:

«دەکرێت تراژیدیای هاملێت هەمیشە وەک جیهانێکی شاراوە بدۆزرێتەوە و بژێنرێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرلەنوێ ئێمەش هەمیشە دەتوانین لە هاملێتدا بەدوای ڕاستیەکاندا بگەڕێین.»<٢٠>

ئەو ڕاستیانەی دەبنە وێنەیەکی ڕاستەوخۆی ڕاڤە و سترکتوری ڕژێم، دەسەڵات، پەیوەندییە ڕامیاری، کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەم بەشەش تەقەلایەکە بۆ کۆکردنەوە و خوێندنەوەی ئەو کۆد و هێما هونەری و فیکریانەی کە پیتەر بروک لە مەرگەساتی هاملێتدا بەرجەستەی کردوون.

## دەسەڵاتی تارمایی

«تارمایی» وەک بوونێکی مادی بینراو دەسەڵاتێکی گەورە دەبەخشێتە سترکتوری هاملێت و چەقی ڕووداوەکان. بە دەرکەوتنی تارماییەکە ڕووداوەکان لە پەراوێزێکی نادیارەوە دەگەیەنێتە ناوەندێکی نەسرەوت و بێئارام. لەم ڕووەوە کارەکتەری «تارماییەکە» بوونی ڕۆحێکی بریندار بەرجەستەدەکات. پرسیارە ئەزەلیەکانی بوون و نەبوون دەوروژێنێ.

بەڵام ئایا ئەو «تارماییە» بوونێکی ڕاستەقینەی ماتریالی و جەستەیەکی واقیعی بینراوە؟ یان تەنها ئەندێشە و فریشتەی تۆڵە سەندنەوەیە؟ منداڵێکی هەرزەکار نقومی تەنهایی و غەمێکی گەورە

بووە، تەنهـایەکی کـوشندە و ئـەندێشـە ئـاسـای تا مـردن. لەم گـەردوونە شێـواو و تونێلە تاریکیـە ترسناکەدا تارمـاییەک بە هـەمـوو مەوداکـانیەوە دەردەکەوێت.

«تارمــاییــەک لـەو بارودۆخــە نادیـارەدا، پەنجــەی دەســتی ڕاسـتی بەرزدەکـاتـەوە. هـەر بەو پەنجـەیەش ئـامـاژەیەک بۆ هـاملێت دەکـات. پیـتـەر بروک لە داڕشـتـەی ئەم وێنەیەوە بەرجـەسـتـەیەکی ئاشکرای تابلۆ بـەناوبانگـەکـەی مـایکل ئێنجیلۆ (ئادەم) دەکات.»<٢١>

لەم تابلۆیەدا خـواوەند بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەست بە ڕووی «ئادەم»<٢٢>دا بەرزدەکــاتـەوە، بەشــێــوەیەک پـەنجــەکــانی هـەروەک ئامــاژەکـردنێک لەیەک ترازاوە. خـواوەند لـە ڕوانگەی ئـەم ئامــاژەیەوە ووزەی خۆی دەبەخشـێ بە ئادەم و گیانی بەبەردا دەکات.

مــایکل ئـێنجــیلـۆ لەم تابلـۆیـەیدا وێنـەیەکی پیـرۆزی لـەدایکبــوون و خـوڵقـاندنمان بۆ دەکـێشـێ. هـاملێت بە چەشنـی «ئادەم» دەسـتـەکـانی تارمـاییـەکە دەگرێت و دەچێتە باوەشیـەوە. پەیوەندیەکی ڕاسـتـەوخۆی فـیـزیکی، ڕووبەڕووبوونـەوەیەکی خـێـرا، بەمـەش لە چاوتروکـاندنێکدا، هاملێت دەچێتـە باوەشی مەرگەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش گەشـتێکی تیژڕەوە بە جیهانی نهێنیەکاندا، بە جیهانی تارمایی و ترسی مـەرگدا. هـاملـێت هـەر لـەســەرەتاوە، وەک منداڵـێکی هـۆشــیــار ڕاســپــاردەی تۆڵـەســەندنـەوەی باوکی وەردەگــرێت. لەم ڕاســپــاردەیـەشــدا چەمکی تۆڵەسـەندنەوە دەبێتە بەشێک لە فەلسـەفەی «بوون» و کۆمەڵێ پرسیاری ئاڵۆز و گرنگ دەخـوڵقێنێ. یان بە واتایەکی تر هـاملێت، لەو گێژاوەدا، ئەو ڕاسـپـاردەیە ئاوێتـەی پرسـیـارەکـانی «بوون و نەبوون» دەکـات، لە خۆی و دەوروبـەرەکەی دەڕوانێ، هـەر لێرەشەوە پرۆسـە و پرسیارەکـانی

«دەبێت یان نابێت، ئەوە پرسیارەکەیە» دەستپێدەکات. ئەو پرسیارەش پێش هەموو شتێک هاملێت ڕووبەڕووی تەنهایی خۆی دەکاتەوە.

سەرەتا لە پەراوێزەوە، تارماییەک دێت، هاملێتیش وەک گەنجێکی هەرزەکار و تەنها لە دڵەڕاوکە و بیرەوەییەکی بەپەرۆشی باوکیدایە. لەم هەڵوێستە گرانەدا هاملێت ڕووبەڕووی ئەو تارماییە دەبێتەوە، هەر بۆیە پیتەر بروک ڕێگا بە هاملێت دەدات تا لەو هەڵوێستەدا باوەش بە تارماییەکەدا بکات و بچێتە ئامێزییەوە. لەم چرکەساتەدا تارماییەکە بە هێزێکی گەورە لە پەراوێزەوە دەگوێزرێتەوە بۆ چەق، لە ئەندێشەوە بۆ واقیعێکی بینراو. لەهەمانکاتدا دەسەڵات و وزەیەکی گەورەش بە هاملێت دەبەخشێت.

تارماییەکە لەو چرکەساتەدا، لە هالەیەکی بەهێزدا، هێدی هێدی و لە پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژدا دەردەکەوێت. «هەمان ئەکتەری ئەفەریقی، دواتر ڕۆڵی پادشاش دەبینێ» لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو تارماییە ڕەشەدا «هۆراشیۆ» لە بارێکی نائاسای ترس و شڵەژاویدا هاواردەکات: کێ لەوێیە؟ لێرەوە گەشتەکەی پیتەر بروک و هاملێت دەستپێدەکات. گەشتی گومان، لەدسدانی باوەڕ، بوون و نەبوون.

لەکۆتایی گەشتەکەشدا «نەمایشەکە» سەرلەنوێ بە هەمان شێوە هەر کارەکتەری «هۆراشیۆ» دووبارە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ترسناکەمان دەکاتەوە؛ لە دیمەنی کۆتایی شانۆنامەکەدا، هۆراشیۆ لەو بارە بێئارامیەدا، لەناو جەستە مردووەکانی هاملێت، شاژن، لایەرتس و پادشادا، ڕوودەکاتە بینەران و هاواردەکات: کێ لەوێیە؟

ئەم پرسیارە دەبێتە پرسیارێکی ئەفسوونی، زەمینەیەکی لەباری ستركتورە هونەریەکە و جیهانی نەمایشەکەش دەوروژێنێ. دوای ئەوە هەموو کارەکتەرە مردووەکان سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە، پرسیارەکانی بوونیش لەو جیهانە ئاڵۆز و پڕ لە خوێنەدا، هەرگیز وەڵامەکانیان نادرێتەوە.

«پیتــەر بروک تـەمــەنی تەنهـا پێنج ســاڵان دەبێت کـە بۆ یەکەمجار شانۆنامەی هاملێت بۆ شانۆ بووکەشووشـەکەی خـۆی پێشکەشـدەکات. ئـەوکات دایک و باوکی و خـوشک و براکـانی تەنهـا بینەری ئـەو گـەشــتـە بووکـەشـووشـەییـە خنجیلانەیە دەبن.»‹٢٣›

ئەمـڕۆ دوای حـەفـتـا سـاڵ، دوای ئەو نەمـایشـە بووکـە شـووشـەییـەی پیتــەر بروکـێکی منداڵ، دوای ئەزمـوونی چـەندین سـاڵە، لـەوە دەچێت بازنەی ئەو پرۆسێسە گەیشتبێتە تروپک. ئەمڕۆ هاملێتێکی نوێ، وەک باڵندەیەکی کـێوی و لـە بەرگێکی نوێدا، بەر لە گـەشـتـێکی فـراوان بە ئەوروپا و ئەمریکادا، لەسەر شانۆ دێرینەکەی خۆی، شانۆی Bouffes du Nord لە پاریس دەردەکەوێت.

پیتـەر بروک سـەرەتای ئەم گەشـتەی لەگەڵ ئەکتەرە نێونەتەوەییـەکانی بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

«لەبیرخۆتانی بەرنەوە کە ئەمە شـەکسـپیرە، لەبیریکە ئـەمە شـانۆنامـەیەکە و نووسـەرێک نووسـیویەتی. لە سـەرەتایەکی نوێوە دەسـتـپـێـبکەن، تەنها بیر لەوە بکـەنەوە کە ئێوە وەک ئەکـتـەر، بـەرپرسـیـاریتـان ئەوەیە هەسـتی مـرۆڤـایـەتی لە گـەردوون و ژیاندا زیندووبکەنەوە. وا هـەسـتـبکەن هاملێت لەڕاستیدا ژیاوە. وا هەستبکەن کەسێک بە نهێنی شوێن هاملێت کــەوتووە و وشــەکـانی، وتووێژ و هەڵســوکــەوتی تـۆمـــارکـــردووە. ئـەمـــەش ئەوە دەگـــەیـەنـێ کـــە دەبێت بەرجەستەی ئەو کارەکتەرە بەشێوەیەکی زیندوو بکرێت. وا بیرمـەکەنەوە هـاملێت کارەکتـەرێکی خـەیاڵیـە و لەدووتوێی

کتێبێکدا نووسراوەتەوە.»<٢٤>

هەروەها پیتەر بروک ئاماژەی ئەوەش دەکات کە هەموو وشە و ڕستەیەک لە هاملێتدا یارمەتی ئێمە دەدات و بەهایەکی گەورەی هەیە لە ڕاڤە، دارشتن و خوێندنەوەی ئەو مێشکە بەهێزەدا. بە هەمان شێوەش مێشکێکی ئەندێشە ئاسای پڕ لە وزەش بەرجەستەی ئەو کەسایەتیە دەکات، ڕووە جیاوازەکانی دەردەخات و نهێنیەکانی ئاشکرادەکات. هاملێتێکی کەللەڕەق، توندوتیژ، بەسۆز، شێت و بلیمەت. ئەکتەری هاملێت لەم ڕووەوە دەبێتە جەستە و کردار، وەک کەسێکی هەڵگەڕاوە و شۆڕشگێر، وەک منداڵێکی گیرۆدەی کۆمەڵێ گیروگرفتی ئاڵۆز. لەم پانتاییە نائاساییەدا ئەو منداڵە هەرزەکارە بەتەنها بەدوای ڕاستیەکاندا وێڵە. ڕووداو و هەڵوێستەکانیش ناچاریان دەکات ڕووبەرووی ئەو مەرگەساتە، ئەو ژان و ئازارە ببێتەوە.

لەم تەنهایی و بارە دەروونیە ئاڵۆزەدا، تارماییەکە دەبێتە تەنها داڵدە، هاوڕێ و دڵنەوایی ئەو دەروونە پڕ لە ژان و ئازار دەکات. پادشای تارمایی کۆرپە بێنازەکەی دەگرێتە ئامێز و دەیلاوێنێتەوە. ئەم پەیوەندیە فیزیکیەی تارماییەکە بە هاملێتەوە، دووپاتکردنەوەیەکی ڕۆحی ئەو دابڕان و مردن و پەیوەندییە ئەبەدییەیە.

پیتەر بروک بەم ئاماژەیە گەرەکیەتی بێلایەنی، هەست بە تەنهایکردن و دڵەڕاوکەی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ دەستەبەربکات. دەستەبەرکردنی ئەم چەمکە مرۆڤیانەش لەم ئەزموونەدا و بەم شێوەیە، دەبێتە دووپاتکردنەوەیەکی ئەو جەنگەڵستانەی مرۆڤی تیا دەژی.

هەروەها لەلایەکی دیکەوە تارماییەکە دەبێتە دوپاتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی پێناسی ئەو کەسایەتیەش، دەبێتە دەروازەیەکی گرنگی سەلماندنی ئەو خود و جەستە بریندارە.

هاملێت بۆ یەکەمجار لە بوونی تارماییەکەوە هەست بە بوونی خۆی،

کێشەکان و دەوروبەرەکەی دەکات. تارماییەکە وەک دەسەڵاتێکی بەهێز هاملێت دەوروژێنێ و ڕووبەرووی ڕاستییەکانی دەکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بەتەنها لەو دووڕیان و جەنگەڵستانەدا، بەبێ یارمەتی بەجێیدەهێڵێ.

## جەستەی هاملێت

لەم نەمایشە نوێیەی پیتەر بروکدا هاملێت لە جەستەی خۆیەوە دەستپێدەکات. جەستەی خۆی دەبێتە سەرەتای پرسیارەکان و ئامرازێکی گرنگی پەیوەندیکردن، لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە. پیتەر بروک بۆ ئەم مەبەستە هاملێت لە یەکێک لە دیمەنەکانی سەرەتادا ڕووبەرووی جەستەی خۆی دەکاتەوە، لەو دیمەنەدا لە جەستە ماندووەکەی وردەبێتەوە، لە دەستەکانی دەڕوانێ، قۆڵ و باڵی هێدی هێدی بەرزدەکاتەوە و سەیرێکی لەش و سنگە ڕووتەکەی دەکات، هەروەک نهێنییەکی گرنگی دۆزیبێتەوە. دوای ئەوە لە حاڵەتێکی تێڕامانی قووڵدا، زۆر بە هێمنی پرسیارەکان دەوروژێنێ. هەر لەم چرکەساتەشدا، تۆژینەوەی جەستە و ئەندامەکانی لەشی دەبێتە دیمەنێکی گرنگی ئەو گەشتە. چاوی بینەرانیش، وەک کامیرایەکی سینەمایی، لەگەڵ جوڵەی جەستە، قۆڵ و باڵ و چاوەکانی هاملێتدا دەڕوات.

ئەم دیمەنە دووپاتکردنەوەیەکی ئەو جەستە و ڕۆحە بێئارامەیە کە لەگەڵ خودی کەسایەتی هاملێتدا، لەگەڵ دڵێکی بریندار و گیانێکی نەسرەوتدا گەشەدەکات، هەڵدەچێت و لە بەرەنجامیشدا لە بێدەنگیەکی هەتاهەتاییدا سەقامگیردەبێت. تێکڕای دیمەنەکەش دەبێتە هەناسەیەکی بەرجەستەکراوی جەستەی ئەکتەرێکی بەتوانا.

ئەکتـەرێکی بلیـمـەتی وەک Adrian Lester لەو چرکـەسـاتـەدا، لە چاوتروکـانێکدا، کـەسـایـەتیـەکـە رووتدەکـاتـەوە، وەک خـۆی پێـمـان دەناسێنێ، لەم پێناسـەیەدا خودی /هاملێت/ و کێشە ئاڵۆزەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، خـستنەڕوویەک سـیـماکانی مرۆڤی هاوچەرخ، دەسـەڵات، ڕژێم، دەوروبـەر و دیدێکی گـشـتگری گـرفـتـە هەمـەلایەنـەکـانمـان بۆ ڕووندەکـاتـەوە. هـەر لـەم دەروازەیەشــەوە خــوێندنـەوە و چۆنیــەتی بەرجەسـتەکردنی کارەکتەری هاملێت لەلای ئەو ئەکتەرە ڕەشپێستە Adrian Lester دەبێـتـە بنیـاتنانێکی هۆشـمـەندانەی گـەڕان بەدوی شوناسنامە و کەسایەتی هاملێتدا.<٢٥>

ئەم هـونەرمـەندە لەم گـەمـەیەدا دەبێـتـە مـەلـەوانێکی بـەهێـزی ئەو ئۆقـیـانووسـە مـەزنەی کـە شـەکسـپـیـر خـوڵقـاندوویـەتی. لەنێـوان شـەپۆڵەکانی وشـە، چۆنیـەتی بەکارهـێنانی ئاسـتـەکانی دەنگ و زمـانی جـەسـتـەدا، بەدوی شـوناسنامـە و پێناسـەی هاملـێتـدا دەگـەڕێت؛ ئەو گـەڕانەش دەبێـتـە بەرجـەسـتـەکـردنی جـۆرێکی تایبـەت لـە شـوناسی هاملێت. گەڕانی ئەو هونەرمەندە تەنها گەڕانێکی شانۆیی نییە، بەڵکو گـەڕانی ژیانە، ژیانیش لـەو چەمکەدا دەبێـتـە گـەردوونێکی فـراوان و سـیـمایەکی ڕەسـەن دەبەخشێتە ئەو گەشـتە گرانە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسـایەتیە، بۆ پەردەهەڵمـاڵین و ئاشکراکردنی بنەما گشـتیـە شاراوە و نهـێنیـەکـانی ئەو کـارەسـاتە. بێگومـان ئـەم مـەسـەلەیەش پرۆسـە و هاوکێشەیەکی گرنگ و گرانی پیتەر بروکیشە وەک ڕێژیسۆر.

پیـتـەر بروک لە دەروازەی هاملێـتـەوە، لەگـەڵ ئەو ئەکتـەرەدا بەدوی گەوهەری مـەسـەلە نهێنیـەکـاندا دەگەڕێت. شـوناسنامـەی هاملێت بۆ پیتەر بروک وەک ڕێژیسـۆر دەبێتە مەسـەلەیەکی گرنگی ئەو هەڵکۆڵینە. ژیان بەهەمـوو چەمک و مـانا فیکری، فـەلسـەفی و ئێستـاتیکیـەکانیـەوە دەبێتە گەڕانێکی ئەبەدی و لە شـوناسنامـەی هاملێتدا ڕەنگئەداتەوە. مـەسـەلە ئابوری و ڕامیـاریەکـانیش دەبنە ئایدۆلۆژیەتێکی فـرەلایەن و

ڕووبەڕووی لایەنە سەختەکانی واقیعی ژیانی ڕۆژانەی دەکەنەوە. لەم خوێندنەوە تازەیەی پیتەر بروکدا، کەسایەتی هاملێت لە چەقی نەمایشەکەدایە، تێکڕای نەمایشەکە بریتیە لە «هاملێت» و کارەکتەر و ڕووداوەکانی تر دەکەونە پەراوێزەوە. هاملێت دەبێتە نووسەری شانۆنامەکە و بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە پیتەر بروک بەهای کارەکتەرەکانی تر و ڕووداوەکانی دەرەوەی سنووری کەسایەتی هاملێتی کەمکردۆتەوە.

ئامادەکردنەکەی پیتەر بروک دەچێتە بواری ئامادەکردنێکی شانۆیی، ئێستاتیکی و فەلسەفیەوە بۆ پیەسەکە. لەم دارشتنەوەیەدا هاملێت دەبێتە وێنەیەک بۆ پێشاندانی گرێ دەروونیەکانی مرۆڤ. ئەم بنەمایەش وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە جەستەوە، لە ڕواڵەتەوە دەستپێدەکات و لەناوەوەی دەروونی مرۆڤایەتیدا کۆتایی پێدێت. هەر لە دەروازەی ئەم ئامادەکردنەوە، گەمەی شانۆ دەبێتە توخمی ئێستاتیکایەکی باڵا و گەمەی ئەکتەر و تێگەیشتنی بینەران. لێرەدا ئەو بنەما گرنگانەی کە بەرجەستەی ئەم گەمە شانۆییە دەکات، دەبێتە هۆی لەدایکبوون و پیشاندانی حاڵەتە ڕاستەوخۆکانی ئەم نەمایشە. ئەم بنەما هەنەریە ئێستاتیکیەش سەرلەنوێ دووپاتکردنەوەیەکی فەلسەفیانەی قووڵی شێوازەکانی هونەری نواندن و ڕیژیە لەلای پیتەر بروک. نواندن وەک چەمکێکی گرنگی بەرجەستە و ڕاڤەکردن، دەبێتە ڕیشاڵێکی گرنگی میتودە بەکارهێنراوەکانی خوێندنەوەکەی پیتەر بروک.

پیتەر بروک بەم شێوەیە هۆکارە گرنگەکانی دیدی ئەم خوێندنەوە ساکار و قووڵەی هاملێتمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

> «لەگەڵ گروپێک ئەکتەری نێونەتەوەیی و سەر بە ڕەگەزی جیاواز هاملێتێکی نوێ ئامادە و پێشکەشدەکەین. کاری

ئێمە لەم پرۆژەیەدا ئەوە نییە ڕێگایەکی تازە بدۆزینەوە بۆ نەمایشکردنی پیەسێکی کۆن. هیچ ڕێگا و تەکنیکێک نەماوە تاکو ئێستا لە هاملێتدا تاقینەکرابێتەوە، ئێمە بەم ئامادەکردنەمان تەنها دەمانەوێت هەموو ئەو شتانەی کە لاوەکین و گرنگ نییە وەلاوەنێین و بگەڕێینەوە سەر شتە گەوهەریەکان. لەبەرئەوەی لەژێر هەموو ئەو شتانەدا ئەفسانەیەک خۆی شاردۆتەوە، ئێستاش دیارە ئەو نهێنیانەیە کە ئێمە وا لێدەکات بەدوایاندا بگەڕێن و لێیان بکۆڵینەوە.»‹٢٦›

پیتەر بروک ئەم بۆچوونەی خۆی بۆ ڕاڤەکردنێکی نوێی هاملێت، زۆر بەساکاری دەبەستێتەوە بە بوونی هونەری شانۆوە:

«شانۆ بوونی هەیە تا ئەوکاتەی شتێکی تیا پێشکەش دەکرێت.»‹٢٧›

نەمایشێکی شانۆیش پێداگرتن و دووپاتکردنەوە و بەردەوامیەکی ئەو ڕاستیە گەوهەریەی بوونی شانۆیە.
پرۆسێسەکەش ئەو بوارە بۆ کەسێکی وەک پیتەر بروک دەڕەخسێنێ تا لەو دەروازەیەوە لە شانۆییەکە بکۆڵێتەوە. لە سنووری زەمەن و کاتێکی دیاریکراودا گەوهەری شتەکان چڕبکاتەوە، لەهەمانکاتدا بیبەستێتەوە بە یاساکانی گەردوون و ژیانەوە. ئەمەش لەلای پیتەر بروک «وەک پرۆسە شانۆییەکە» دەبێتە جیهانێکی گەورەی دەربڕین ئاسای هەموو ئەو شتانەی کە هیچ یاسا و ڕێسایەک لەخۆناگرن. کارەکتەر و پاڵەوانەکانی شانۆنامەکەش بەپێی ئەم یاسایە، هەروەک هەموو یەکێ لە ئێمە دەژین و بەردەوامی دەبەخشن بە ژیان.

## هاملێت پاڵەوانێکی پۆست مۆدێرنیزمە

«هاملێت وەک پاڵەوانێکی پۆست مۆدێرنیزم، هێدی هێدی وێنەکانی کۆمەڵگا، سیستەمی دەسەڵات و دیدی ڕۆژگارمان بۆ دەنەخشێنێ. لە تێڕوانینی ئەم دیدە پۆست مۆدێرنیزمەوە پیتەر بروک هاملێت دەکاتە سمبولێکی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیایەکی فرەلایەن و بەشێوەیەکی ئاشکرا تێکەڵاوی ژیانی ڕۆژانەمانی دەکات. بەمەش پیتەر بروک هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ کۆدەکانی ژیانمان بۆ بکاتەوە.»〈٢٨〉

ئەم پاڵەوانە بۆتە پنتێکی گرنگ بۆ کۆمەڵێ ڕووداو، لەم ڕووداوانەدا کەسایەتی هاملێت لە دیدی کارەکتەر و زۆربەی کەسانی تری دەوروبەرەکەیەوە بە شێت ئاماژەی بۆ دەکرێت. چەمکەکانی «شێتی» دەبێتە تاکە پێناسەیەک بۆ بەپەراوێزکردن و دوورخستنەوەی هاملێت لە چەقی ڕووداوەکانەوە. هاملێت خۆشی لەم گێژاوەدا، لەنێوان دوو گروپ خەڵکی جیاوازدا مامەڵەدەکات، بەڵام هیچ کام لەم گروپانە لەیەکتری حاڵی نابن، گەمەی شێتیش دەبێتە میتودێکی هۆشیار و چەمکێکی فەلسەفی بەدەست هاملێتەوە. هاوکێشە و پرۆسەی هۆش و لەدەستدانی هۆش لەیەککاتدا، وەک گەمەیەکی هۆشیار، دەبێتە پێکداچوونێکی چڕ و بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی هاملێت.

هاملێت بە لۆژیکێکی فەلسەفی، بە گەمەیەکی دەروونی و بە هەڵسوکەوتێکی تایبەتی ئەم گەشتی پێکداچوونە بەنێو سیستەمەکانی

دەسەڵاتی کۆشکدا دەکات. دوو گروپەکەش بریتیە لە خەڵکە ئاساییەکە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسانەی کە ترسیان لە تێکچوونی تەرازووەکانی ژیانە ئاساییەکەیانە. ئەم گروپە زیاتر ملکەچی ڕێساکانی دەسەڵاتن و بەبێ هیچ بەرهەڵستیەک بەردەوامیان داوە بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان. لەلایەکی دیکەشەوە گروپێکی تر، وەک بزوێنەری شانەکانی دەسەڵات کاردەکەن، زیاتر ئەو کەسانە بە هۆکارەکانی داو و تەڵەی ڕامیاری، ویستی تاکەکەسی، بەرتیل و گەمە پیسەکانی تری پشت پەردەی داوە ڕامیارییەکانەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

هاملێت گەمەیەکی هۆشیار دەکات، ئاگاداری تەڵە و پیلانەکانیانە، بۆیە دەبێتە تارماییەکی ترسناک و تۆقێنەر بۆ هەردوو گروپەکە. هەردوو گروپەکەش ڕۆڵێکی گرنگ لە تای تەرازووی ئەو گەمەیەی هاملێتدا دەبینن. بەڵام هاملێت لە چەقی ئەم ڕووداوانەدا، نە کەسێکی ڕامیاریخوازە و نە هەڵگری هیچ پەیامێکیشە. نەک هەر ئەوە بەڵکو هاملێت هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی بیری یان ڕامیاری و ئاکاری ئاسان و ساکار بۆ ئەو بارە دەروونی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەی تیای دەژی ناخاتەڕوو.

بەڵکو لەبنەڕەتدا هاملێت لەپێش هەموو شتێکدا بەدوای پێناسە و ڕۆڵێکی ئاشکرای کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێت بۆ خودی خۆی. هەر لەم ڕووەوە هاملێت «وەک خودێکی تەنها» لە تەقەلایەکی مەزندایە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگا و جیهاندا بەرپابکات. گۆڕانکاریەکانیش هەموو ستركتورە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان بگرێتەوە.

## هاملێت و پرۆسەیەکی بەردەوام

له سالّی «١٩٦١»دا شانۆنامەی هاملێت، لەپاڵ چەند نەمایش و دیمەنی کورتی ئەزموونگەری تردا، وەک بەشێکی گرنگی تری بەرەنجامی تاقیکردنەوە ئارتۆییەکەی پیتەر بروک لە شانۆی پادشایەتی شەکسپیر لە لەندەن پێشکەش دەکرێ.‹٢٩› چەند بەش و دیمەنێک لە هاملێت دەبێتە بنەمای نەمایشێکی زۆر کورتی ئەزموونگەری. لەم ئەزموونەدا شانۆی توندوتیژی دەبێتە هەناسەیەکی قووڵی هاملێتێکی جیاواز. لەو چەند دیمەنە کورتەی هاملێتدا «ئارتۆ» وەک میتودێکی گرنگی ئێستاتیکی و کردەیی دەبێتە پرۆسەی هاوکێشەیەکی شانۆیی ناتەبا و جیاواز. ناتەبا لەڕووی خوێندنەوە، ڕاڤە و گەڕانێکی نوێ بۆ فەلسەفە و فۆرمێکی جیاوازتری شانۆییدا، هەروەها بۆ گەڕانێکی بەردوامی قووڵ بەدوای ڕاستی و بنەما گەوهەرییەکانی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام ئەو گەشت و هەڵکۆڵینە نابێتە فۆرمێکی جێگیر، وێستگەیەکی کۆتایی و بەرەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ هونەرمەندێکی گەورەی وەک پیتەر بروک. بەڵکو گەشتی هاملێت، وەک پیەس و لەهەمانکاتدا پرۆسەیەکی کردەیی شانۆیش، هەمیشە بوونێکی بەردەوامی هەبووە لە دید و دەروون و مێشکی هونەرمەندێکی داهێنەری وەک پیتەر بروکدا.

هاملێتی سالّی دوو هەزاریش، وەک پرۆژەیەکی نوێی پیتەر بروک و گرۆ نێونەتەوەییەکەی، دادەنرێت بە درێژەپێدان و تەواوکەرێکی ئاسایی تری پرۆژەیەکی تری هاملێت‹٣٠›. له سالّی «١٩٩٦»دا سەرلەنوێ هاملێت بۆ پیتەر بروک دەبێتەوە زەمینەی پرۆژەیەکی ئەزموونگەری گەورە لە مەڵبەندی شانۆی نێونەتەوەیی لە پاریس. پیتەر بروک لەگەڵ گروپە نێونەتەوەییەکەیدا کۆمەڵێ دیمەنی شانۆنامەی هاملێت دەکاتە سەرەتا و بنەمایەکی گرنگی نەمایشی Qui est lá ‹٣١›.

> «Qui est lá ناونیشـانی یەکەم دێڕی شـانۆنامەی هاملێتە، نەمـایشـەکەش کـۆمـەڵێ دیمەنی پیـەسـەکـەیە و بە مـەرگی ئۆڤێلیا کـۆتایی دێت. هەروەها نەمایشـەکە گـفـتـوگـۆیەکی تیـۆریش لەنێـوان ئـەکـتـەرەکـاندا، سـەبارەت چۆنیـەتی دەوربینین لەسەر شانۆ، لەخۆدەگرێت.»‹٣٢›

ئەم کارەش دادەنرێت بـە کۆلاژێکی تری شـانۆنامـەی هاملێت. پیتـەر بروک لەم ئـەزمـوونەدا و بەهاریکاری ئـەکـتـەرە بەنەژاد جـیـاوازەکـانی، کۆمەڵێ دیمـەن لە هاملێت پێشکەشـدەکەن. لەو دیمەنە جـۆراوجـۆرانەی هاملێـتدا پیتـەر بـروک هـەوڵیداوە لەیەککاتدا، بەشـێـوەیەکی کردەیی و ئێسـتـاتیکی تیـۆرییـە شـانۆییـەکانی: سـتـانیسـلاڤسکی، مـایەرهۆڵد، برێشت، گۆردن گریگ و ئەنتۆنین ئارتـۆ لە تەقەلایەکی ئەزموونگەرییەوە بەرجـەسـتـەبکات. یان بەواتـایەکی تر لە ڕوانگەی دیدی ئەو شـانۆکـارە گـرنگانە و تیـۆرییـە شـانۆییـەکانیـانەوە، هاملێت بکاتە وێسـتگـەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە و خوڵقاندنی کیشوەرێکی نوێی شانۆیی. پیتەر بروک و ئەکتـەرەکـانی مـەبەسـتیـان بووە لەڕێگای ئەو لابورە شـانۆییـەوە، وەک تەقـەلایەکی مـەزن کۆمـەڵێ نهێنی دید و بیری لەو تیـۆرییە شـانۆییـانەدا بدۆزنەوە و لەڕاستی گەوهەری مرۆڤیش نزیکببنەوە.

> «لە بارودۆخـێکی گـونجـاودا، ئەو حـەوت ئـەکـتـەرە بەسـەر پانتـاییـەکی چوارگـۆشـەیی سپی و بۆشـدا پیاسـەدەکەن، پانتـاییـەکـە چواردەوری گـیـراوە بە دیواری بەرزی کـۆن، هـەروەها بە دیوارە ڕەنگ سـوورەکانی شـانۆکـە. پیـەسـەکـە بەشێکە لە گفتوگۆیەک سەبارەت بە تەکتیکی شـێتی ـ (من شـێت نیم، بەڵام شـێتم لە ڕوانگەی گـەمـەیەکی هەستپێکراوەوە.)»‹٣٣›

ڕووداوەکانی شانۆییەکەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشەوە چوون و دامەزراندنی پیەسەکە، نەک بەپێچەوانەوە. پرسیارەکانی نەمایشەکە تەنها لەم سنوورەدا ناگیرسێتەوە، بەڵکو هەوڵدانێکیشە بۆ دۆزینەوە و وەڵامدانەوەی کۆمەڵێ پرسیاری گرنگی فەلسەفی و شانۆیی و ئێستاتیکی ئەو کەڵە ڕێژیسۆرە گەورانەی هەزارەی ڕابردوو.

«یەکێک لە کلیلی گفتوگۆکان سەبارەت بە هاملێت لەنێوان ستانیسلاڤسکی، وەک داهێنەرێکی گرنگی شانۆیەکی ڕیالیزم - سایکۆلۆژی و گۆردون گریگدا دەبێت. گۆردون گریگ زیاتر دیدێکی پێچەوانە و تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە سەبارەت بە شانۆ.»<٣٤>

تێکڕای پرۆژەکەش وەک لابورێکی شانۆیی «تیۆری و پراکتیک» شان بەشانی یەکتری لە پرۆسەیەکی پێکداچووی هاوکاردا پێکەوە ڕێدەکەن. بۆنمونە ئەکتەرەکان و تێکڕای گروپ و بەشدارانی ئەو ئەزموونە، لەسەر ئاستێکی بەرز، گفتوگۆیان لەسەر ئەو پرسیارانە کردووە کە لەدەوری هونەری شانۆدا دەخولێتەوە:

«شانۆ چۆن دەتوانێت بەرجەستەی شتە نەبینراو و ناتەباکان بکات، چۆن بتوانرێت بەشێوەیەکی فیزیکی حاڵەتێکی ڕۆحی بەرجەستەبکرێت؟ یان لەسەر ئاستێکی فراوانتر، شانۆ بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی ژیان و مەرگ دەبێتەوە؟»<٣٥>

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش لەم لابورە شانۆییەدا، هەموو

تیۆرییە جیاوازەکانی شانۆ، لەلای ئەو کەڵە ڕیژیسۆرانەی ئاماژەمان بۆکرد، بەشێوەیەکی کردەیی، ڕاستەوخۆ لەڕێگای هەڵبژاردن و کارکردنی بەشەکانی هاملێتەوە تاقیکراوەتەوە.

> «هاملێت باسی ڕاستیەکانی مەرگ دەکات، لەهەمانکاتدا پۆلۆنیۆس بە پەردەیەکی دەستیەوە دێتە ژوورەوە و لە ڕوانگەی چەمکەکانی شانۆی ژاپۆنی و چینیەوە، بەشێوەیەکی فیزیکی شێوازی جۆراوجۆری مەرگمان بۆ بەرجەستەدەکات. ئەم بە شانۆکردنەی مەرگیش، هەمان ئەکتەر لە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکەدا، وێنەیەکی تری مەرگمان، لە ڕوانگەی کەللەسەرەکەی «یوریک»ەوە پیشاندەدات.»‹٣٦›

لەکۆتایشدا، دوای چەندین مانگ لە مەشق و لێکۆڵینەوە و شەونخونی، کورتکراوەیەکی «هاملێت»یان بەناوی Qui est lá ەوە وەک بەرەنجامێکی ئەو گەشتە چڕە ئەزموونگەریە پێشکەشکردووە. «لەو پانتاییە بۆشەدا، تەنها سێ کورسی، هەندێ پەردە، مۆسیقاژەنێکی ئێرانی (محمود تەبریزی زادە) و حەوت ئەکتەری بیانی بەشداریانکردووە.»‹٣٧› پرۆژەی Qui est lá «کێ لەوێیە؟» بە بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگر و مێژوونووسانی شانۆ بۆتە هەنگاوێکی گرنگ و بناغەیەکی جیاواز بۆ ئایندەی شانۆ، بۆ خوێندنەوەی شەکسپیر و دید و پرۆژەکانی تری پیتەر بروکیش. هەروەها ڕەخنەگرە فەرەنسیەکان ڕەخنە و بێزاری خۆیان دەربڕیووە کە هیچ ئەکتەرێکی فەرەنسی لەو پرۆژەیەدا بەشداری نەکردووە.
بەم شێوەیە پیتەر بروک سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی تر مێژووی شانۆی هاوچەرخی تۆمارکردۆتەوە.

## کێ لەوێیە

پیتەر بروک و گرۆ نێونەتەوەییەکەی دوای پێنج ساڵ بەسەر پرۆژەی Qui est láدا، سەرلەنوێ لە ساڵی دووهەزاردا دەگەڕێتەوە سەر جەستەی هاملێت. بەڵام ئەمجارەیان سنووری پرۆژەکەیان تەنها چەند دیمەنێک لەو شانۆنامەیە لەخۆناگرێت، بەڵکو هەموو پیەسەکە دەگرێتەوە. پیتەر بروک هاملێتی ساڵی دوو هەزار ئامادەیەکی شانۆیی و فیکری قووڵ دەکات. لەو ئامادەکردنەوە هەندێ لە دیمەنەکانی لابردووە، سەرلەنوێ بەشێوەیەکی تر بنیاتی ناوەتەوە.

بۆ نمونە دیمەن و دیالۆگی «دەبێت یان نابێت»ی هێناوەتەوە پێشەوە، بەمەش تێڕامان و پرسیارەکانی هاملێت سەرەتایەکی تر و هێز و پانتاییەکی جیاوازتر دەبەخشێتە سەرتاپا و سەرەتای نمایشەکە. دیمەنی کۆتایش کە لەشکرێکی نەرویژی بەسەرکردایەتی «ڤۆرندن براس» هێرشدەکاتە سەر دانمارک بەتەواوەتی لابراوە. پیتەر بروک لەبری ئەوە، بەشێوەی خوێندنەوەیەکی سراپاگیرەوە، سەرەتا و کۆتایی شانۆییەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. لەکۆتایی چرکەساتەکانی نمایشەکەدا، هۆراشیۆ، بەتەنیشت لاشەکانی: هاملێت، لایەرتس، پادشا و شاژنەوە، بەشێوەیەکی بێئارام و دڵەڕاوکێ دەڕوانێتە هۆڵی بینەران و دەڵێ: کێ لەوێیە؟ نمایشەکەش لەسەرەتادا هەر بە هەمان پرسیار لەلایەن هۆراشیۆوە دەستپێدەکات. پیتەر بروک تێکڕای ستركتوری نمایشەکەی لەسەر ئەم پرسیارە «کێ لەوێیە» دادەڕێژێت. ئەم پرسیارەش کە «یەکەم دێڕی شانۆنامەی هاملێتە» دەبێتە دەروازەیەکی فیکری و فەلسەفی، بۆ وەڵامدانەوە و داڕشتنەوەیەکی سەرلەنوێی بونیادی پیەسەکە.

> «هاملێت کێیە؟ ئەو مرۆڤانە کێن کە ڕووبەڕووی کەسایەتی هاملێت دەبنەوە؟ لەهەمانکاتدا تەقەلادانی بەستنەوەی ئەم پرسیارانەش بە قەیرانە دەروونی، کۆمەڵایەتی و رامیاریەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەوە. گەر پیتەر بروک لە پرۆژەی Qui est lá لە پرسیارە هەمەلایەنەکانی شانۆی کۆڵیبێتەوە، بۆ نمونە: شانۆ چیە؟ هونەری شانۆ چ تایبەتمەندی و پێداویستیەکی دەربڕینی هەیە، بەتایبەتیش لە دیدە فەلسەفیەکەی هونەری شانۆدا، ئەوا پیتەر بروک لەم دوا پرۆژەیەیدا هەنگاوێک زیاتر بەرەوڕووی مرۆڤایەتیدا چۆتە پێشەوە.»<٣٨>

هاملێتی ساڵی دوو هەزار کۆششێکە بۆ لێکۆڵینەوەی پرسیارە ئەزەلیەکانی مرۆڤ: ئێمەی مرۆڤ لە ژیانماندا ڕووبەڕووی کێ دەبینەوە؟ چارەنووسمان بە چ ئاراستەیەکدا گوزەردەکات؟ ئەی لەسەر تەختەی شانۆ ئەکتەرەکان ڕووبەڕووی کێ دەبنەوە لە کارەکتەری هاملێتدا؟ چۆن بەرجەستەکردنی ڕۆڵێک، کارەکتەر و شێوازەکانی، فۆرمی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانیتردا وەردەگرێت؟

هەر لە بنەما سەرەتاییەکانی ئەم پرسیارانەوە، کارەکتەری هاملێت دەکەوێتە گێژاوێکی قووڵی ڕووبەڕووبوونەوەوە. هەروەها بەهەمان شێوەش، ئەو ئەکتەرەی گەمەی کارەکتەری هاملێت دەکات، جگە لە ئەکتەرەکانی تر، ڕووبەڕووی ئێمەش دەبێتەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێت:

> «ئەمە منم، شازادەی دانمارک، ڕووبەڕووی تارماییەک دەبمەوە. ئەو تارماییە وەک بوونێکی ڕاستەقینە پەیامێکم پێ ڕادەگەیەنێ؛ هەموو ئەو شتانەی لەم کۆشکەدا هەن بە ڕووپۆشێکی قێزەون داپۆشراون، هەموو ئەو ڕووداوانەی

> لەم کـۆشکەدا ڕوودەدەن مـۆرکـێکی دێوەزمـە ئـاسـا و دەسـتێکی ناپاکیـان پێوەیە. مامم باوکمی کوشـتوە تا بەو شـێوەیە دەست بەسـەر دەسـەڵاتی کۆشک و پادشـایەتیـدا بگرێت، لەهەمـانکاتدا شاژنـی دایکیشم بۆ خۆی زەوتبکات. بەمەش هەموو شـانەکانی ئەو تۆڕی ناپاکیە کۆتاییـانپێدێت. بەڵام لەم گـێژاوەدا پرسـیـارەکـە ئەوەیە کە من کـێم؟ لە کێ دڵنیابم؟»‹٣٩›

هەر لەم گـێـژاوەشـدا پیـتـەر بروک پرسـیـارە ئـەزەلیـەکـان و گـەلێ پرسیاری تری فـەلسەفی دەوروژێنێ. بەڵام هـاملێت هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نییە، جگە لەوەی بەشێوەیەکی زیرەکانە بەردەوامی ببەخشێتە گەمەکە. گەمەی «شێتێتی»، گەمەی مەرگ و ژیان، گەمەی بون و نەبوون!

لەم گەمەیەدا هـاملێت بۆ هەر دیمەنێک ستراتیژیەتێکی تـایبەتی خۆی هەیە تا بزانێت خـودی خۆی، لەسـەر هەموو ئاسـتەکان، چۆن چۆنی لەم قـەیرانەدا ڕەفـتـاردەکـات. چۆن بـتـوانێت ڕێگا چارەیەک بدۆزێتـەوە؟ تا لەهەمـانکاتدا بتـوانێت بەو شێوەیەش پەردە لەڕووی کـارەکـتەرەکـانی تر هەڵمـاڵێ، تا بزانێ ئەو کەسـایەتیـانەش کێن لەپشت دەمـامکەکانیـانەوە خۆیان حەشـارداوە. هاملێت لەم گەمە سـتـراتیژییەدا بـۆ هـەر یەکێک لەو کـەسـایەتیـانەی ڕووبەروویان دەبێـتـەوە، شـێـوازێکی تایبـەتـی لە هەڵسـوکـەوت و زمـانـی جـەسـتـە بەکـاردەهێنێ. بۆ نمونە لەگـەڵ «پۆلۆنیـۆس» بەتەواوەتی خـۆی وەک شێت پیشـاندەدات. لەگەڵ شـاژن «دایکی»، بـەرلەوەی ڕووبەرووی ببـێتـەوە مـەشـقی شـانۆیی «جـومگە و ئەندامـەکانی لەشی دەکات»، خۆئامادەکردنێک وەک هەر ئەکتـەرێک بەر لە چوونـە سـەر شـانـۆ، کە ڕووبەرووشـی دەبێـتـەوە، دەبێـتـە کـەسـێکی گـاڵتـەجـاڕ و بە گـیـانێکی پڕ لە گـاڵتـەوگـەپەوە لەگەڵ شـاژنـی دایکی دەدوێت. پلانی هاملێت لەم مـامـەڵەیـەی دایکی بەر لـە هـەر هەنگاوێک،

ئەوەیە بزانێت شاژن تا چەند لەگەڵ مامی «پادشا» دەستی تێکەڵە لە لەناوبردنی باوکیدا. ئەمە جگە لەوەی هاملێت دەیەوێت لەو هەڵوێستەدا دایکی تاقیبکاتەوە، دوور لە ڕۆڵی شاژنەوە، وەک ئافرەتێکی ئاسایی، سەبارەت بە هەست و سۆزی دایکایەتی. بۆ هاملێت زۆر گرنگە بزانێت شاژنی کۆشک، وەک دایکێک هەستی دایکایەتی، سۆز و خۆشەویستی بۆ کوڕەکەی لە چ ئاستێکدایە.

هاملێت لەو ستراتیژییەدا تەنها کارەکتەرەکانی تر تاقیناکاتەوە، بەڵکو خۆشی بەپێی لۆژیکێکی دیاریکراوەوە دەخاتە ژێر ئەو تاقیکردنەوەیەوە. هاملێت کە تەنها خۆی لەسەر شانۆیە، وشە و ڕستەکانی بەوردی هەڵدەسەنگێنێ و تاقیاندەکاتەوە، تا بزانێت لەلای خۆی چ جۆرە وشە و ڕستەیەک پەسەندە، لەدڵیەوە دێتە دەرەوە و هەڵسوکەوتەکانی لە چ ئاستێکی تەرازو ئاسادایە. لەم ڕووەوە هاملێت هۆشیارانە بەرجەستەی ڕۆڵی خۆی دەکات، هەر لەو دیدە هۆشیارەشەوە ڕووبەڕووی خودی خۆی دەبێتەوە.

گەمەی هاملێت گەمەی وروژانی /ئەوانیترە/ تا بەو هۆیەوە پێناسەی بوونی خۆشی تاقیبکاتەوە. وروژاندنی ئەوانیتریش و وروژانی کێشە خودی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەکانی ناو کۆشکیشە.

لەم نمایشەدا پیتەر بروک هاملێت دەخاتە خانەی بینەرانەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هاملێت پێکەوە لەگەڵ بینەراندا پەردە لەسەر ڕووی بۆگەنی «کۆشک» هەڵدەماڵێ.‹٤٠› هاملێت لەگەڵ بینەراندا باش دەزانێت پادشا، شاژن و پۆلۆنیۆس پێکەوە و بەتەنها لە تەقەلای ئەوەدان دەستکەوتەکانیان، دەسەڵات و پەیوەندیەکانیان بپارێزن. بەڵام هاملێت خۆشی وەک لەلای سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، لەم گێژاوە ڕامیاریەدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە. بەمەش قەیرانەکە لە سنوورێکی داخراودا دەمێنێتەوە و هاملێتیش ناتوانێ لە قاوخە تەسک و خودیەکەی خۆی بێتەدەرەوە.

بەڵام هاملێت دەتوانێ جیهانی شانۆ بۆ بینەران دووپاتبکاتەوە، کە بە چ شێوەیەک، شانۆ دەتوانێ سترکتوری دەسەڵات و هێزی پادشایەتی بلەقێنێ. یارمەتی خود و پێداویستیەکانی دەدات. هەروەها ئەوەش دووپاتدەکاتەوە کە بەر لە هەموو شتێک پێویستە مرۆڤ خۆی بتوانێت سەرپێچی لە هەموو یاسا و شتە دیار و نادیارەکان بکات، تەنانەت بتوانێ سەرپێچی لەو بنەمایانەش بکات کە خۆی لەسەری وەستاوە.

## هاملێت و چەمکی پانتایی بۆش

پیتەر بروک لەم نەمایشەدا برەو بە میتود و بیرۆکەی پانتایی بۆش دەدات و دەیگەیەنێتە ئاستێکی بەرز. نەک هەر ئەوە، بەڵکو خودی نەمایشەکە تەقەلایەکی تری گرنگی پیتەر بروکە بۆ بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنی «بیر و ئێستاتیکا» لە تێڕوانینە فەلسەفیەکەی پیتەر بروکەوە بۆ پانتایی بۆش، ئەم چەمکەش دەگەڕێتەوە بۆ تەقەلاکانی شەستەکانی پیتەر بروک و تا ئێستاش پرۆژەکانی دووپاتکردنەوە و گەشەکردنێکی ڕاستەوخۆی ئەو چەمکە گرنگەی شانۆیە.

لەم ئەزموونە نوێیەی هاملێتدا، تەنها فەرشێکی سوور لە ناوەڕاستی پانتاییەکی بۆشدا داخراوە. چەند گۆشە و سەرینێکی ڕەنگاوڕەنگ و بارستەیەکی چوارگۆشەی «مێز»ئاسای بچووکیش، هەموو سینۆگرافیا و کەرەسەی بەکارهێنان و ئامرازەکانی دەربڕینی نەمایش و ئەکتەرەکانە. لەم نەمایشەدا بەبێ پشوو، لەماوەی دوو کاژێر و نیودا، خەونێک بەڕێوەدەچێ. لەم خەونەدا تەنها جەستەی ئەکتەر و ئەو کەرەستە زۆر کەم و دیاریکراوانەی ئاماژەمان بۆ کرد، دەبێتە بنەمایەکی گرنگی خوێندنەوەی هاملێت. لەهەمانکاتدا ئەم دید و ڕاڤە نوێیە، پێداگرتنێکی تری هونەرمەندێکی گەورەی وەک پیتەر بروکە، بۆ

بەرەوپێشەوەبردنی چەمکەکانی «پانتاییە بۆشەکان».

ئەم چەمکەی شانۆش، لەپێش هەموو شتێکدا، لەلای پیتەر بروک هەڵگری دید و لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی ڕێژی و شێوەیە. ئەمەش جۆرێکە لە ئێستاتیکا و بەکارهێنانی پانتاییە بۆشەکان. جەستەی ئەکتەر، ئامادەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران سێکوچکەیەکی گرنگی پانتاییە بۆشەکان پێکدەهێنێ.

«پانتاییە بۆشەکان ئامادەکردنی جیهانێکی چڕ بۆ بینەران دەخوڵقێنێت کە هەموو توخمەکانی جیهانێکی ڕاستەقینە لەخۆدەگرێت. لەم جیهانەشدا هەموو چەشنە پەیوەندیەکان دەدۆزێتەوە: کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و میتافیزیکی و خودیەکان پێکدادەچن و پێکەوە دەژین، ئەم جیهانەش بە هەڵوێستە لەدوای هەڵوێستە، وشە لەدوای وشە، ئاماژە لەدوای ئاماژە، پەیوەندی لەدوای پەیوەندی و بابەت لەدوای بابەت بنیاتدەنرێت و بنیاتدەنرێتەوە. هەموو کارەکتەرێکیش لەدوای کارەکتەرێکی ترەوە لە هەڵچوون و پێکەیشتندایە. هەموو ئەمانە لەگەڵ ئاشکرابوونی هێدی هێدی شانۆنامەکەدا ڕوودەدات. شتێکی زۆر گەوهەری بۆ ئەکتەر و بینەران، لە هەر شانۆگەریەکی شەکسپیریشدا ئەوەیە کە هەست و هۆشی بینەران، هەمیشە لە بارێکی کراوە و ئامادەدا بێت، بەتایبەتی لە ڕوانگەی پێویستی بازنەی پەیوەندی و جوڵانەوەکانی ئەکتەر لەناو ئەم بارە چڕ و گرانەدا. بەمەش بەهای پانتاییە بۆشەکان دەگاتە ئاستە گرنگەکانی، بەتایبەتیش لە ڕوانگەی پێویستی بازنەی پەیوەندی و جوڵانەوەکانی ئەکتەر لەناو ئەم بارە چڕ و گرانەدا. بەم ئاراستەیەش بەهای پانتاییە بۆشەکان دەگاتە

ئاستە گرنگەکانی، بەتایبەتیش لە ڕوانگەی پێویستی بازنەی پەیوەندی و جوڵانەوەکانی ئەکتەر لەناو ئەم بارە چڕ و گرانەدا. لێرەوە بەهای پانتاییە بۆشەکان دەگاتە ئاستە گرنگەکانی، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە هەر لە دوو یان سێ چرکەدا، ئەو بارودۆخە بۆ بینەران دەرەخسێنێ کە توانا و وریایی هەست و هۆشیان لە بارێکی زیندووی بەردەوامدا بێت.»‹٤١›

لەم نەمایشەدا مۆسیقایەکی ڕۆژهەڵاتی کۆن، گیانێکی زیندوو دەبەخشێتە ئەو پانتاییە بۆشە.

هونەرمەنێکی مۆسیقی بەنەژاد «چینی» بە ئاواز و ئامێرە میللیە کۆنەکانیانەوە، ڕاستەوخۆ لە سووچێکی ئەو پانتاییە بۆشەدا، چاودێری ڕووداوەکان دەکات و بەرامبەر بە بینەران بە هێمنی دانیشتووە. ئەفسوونی مۆسیقاکەی، زایەڵە و مەودایەکی گەردوونی و ڕۆحی گەورە دەبەخشێتە نەمایشەکە و هەستی بینەران.

ئەو سەرین و بارستە چوارگۆشەییانەی ئاماژەمان بۆ کردن، گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و دەبنە هەموو شتێک. ئەو ساکاریەی لە پرۆژە و شانۆیی «کۆستیم»دا فۆرمێکی گرنگی هونەری ڕیژی لەلای پیتەر بروک بەرجەستەکردبوو، لە هاملێتدا دەگاتە ئاستی تروپک.

ساکارییەکی ئاشکرا، قووڵ و ڕاستەوخۆ دەبێتە گرنگترین بەرەنجامەکانی بیرۆکەی «پانتاییە بۆشەکان» لەهەمانکاتدا بەرجەستەکردن و خوێندنەوە و فۆرمێکی جیاوازیش بۆ هاملێت.

دیمەنی گەیشتنی لێبوک و گروپی ئەکتەرەکان بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگ و نەمایشەکەیان دەبێتە گەمەیەکی گرنگی سترکتور و گەمە گشتیەکەی هاملێت. گەمەی هەڵماڵینی نهێنی و تاوانەکان بەڕووی پادشادا.

فۆرمـە سـاکارەکـەی پیتـەر بروک و پانتـایی بۆش لە پێکداچوونێکی هونـەریدا، بەتایبـەتیش لەم دیمـەنەدا دەبێــتـە دیدێکی پێگەیشــتـوو، دەوڵەمـەند و سـەراپاگیری گووتاری نەمایشـە شانۆییەکە. لەسـەرەتاوە خـۆئامادەکـردنی ئەکتـەرەکان بـەسـەرپەرشـتی هاملێت بۆ نەمـایش و گەمەی ڕۆڵەکانیان، شێوە مێدیتاشونێکی پیرۆز لەخۆدەگرێت. هەموو ئەو دیمەنە «وەک ئاستێکی بەرزی تەکنیکی شانۆ لەناو شانۆدا» دەبێتە ڕیتـواڵێکی زیندوو. وزەی خـولْقـاندنـی ڕیتـواڵێکی زیندووش دەبێـتـە توخـمـێکی گـرنگی چەمکی شـانۆ پیـرۆزەکـەی پیتـەر بـروک. هەر لەم دیمەنەدا ئەکتەرەکان کۆمەڵێ زمـانی جیاوازی تری سـەر بە نەژادەکانی خـۆیان بـەکـاردەهێنن. بەکـارهێنانی ئـەو زمـانە جیـاوازانەش دەبێـتـە گۆرانیەکی پڕ لە ئاواز و ڕیتواڵەکە دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و پیرۆز.

هەر لەم دیمەنەدا هاملێت خۆشی دەبێتە یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئەو گـروپە مـێـوانـەی کـۆشـک و زۆر بەووریایی بـەشـداری پەردەهەڵمـاڵینی تاوانەکانی پادشا دەکات. هاملێت و گروپە شانۆییە گەڕۆکەکە دیمەنە شـانۆییـەکـەیان لە سنوورێکی زۆر تەسک و نزیک لە بینەرانی کـۆشک «پادشـا، شـاژن، پـۆلۆنیـۆس، ئۆفـیـلیـا و دەست و پێـوەندەکـانیـان» بەرجـەسـتـەدەکـەن. هەمـوو دیمەنەکـە دەبێـتـە گـەمـەیەکی هونەری، ئەفـسـوونێکی باڵا و حـاڵەتێکی پڕ لە ژان و خـەندە. بەشـداریکردن و بەئـەکـتــەربوونـی «هاملێت» خـۆشی لـەم دیمەنـەدا، وەک یەکـێـک لە ئەندامـەکانی گـروپە گەڕۆکـەکـە، دیدێکی قـووڵ و گـەمـەیەکی هونەری بەرزی پیتەر بروکە لە بەرجەستەکردنی نەمایشەکەدا. بەمەش دیمەنەکە دەبێـتە وێنەیەکی گشـتگری سـتـراتیـژیەتی گـەمـەکـەی هاملێت لـەگەڵ پادشا، شاژن و پۆلۆنیۆسدا.

پیتەر بروک لە هەندێ هەڵوێستەی تایبەتیدا کارەکتەرەکانی پیەسەکە بە زمانە جیاوازەکانی ڕەگەزی ئەکتەرەکان دەوڵەمـەند دەکات. بۆ نمونە کە هاملێت دەچێتە ئاستێکی بەرزی دێوانەیی و هەستێکی هەڵچووی

دڕنده ئاساوه، زمانی دایکی ئەو ئەکتەره ڕەشپێستە، وەک زمانێکی ناوخۆیی سووچێکی بچووکی کیشوەری ئەفەریقا، دەبێتە زمانێکی دەربڕین ئاسای جیهانی. یان ئەکتەرێکی تر لە حاڵەتێکی تردا بە زمانی یۆنانی دەدوێت.‹٤٢›

بەکارهێنانی ئەو زمانە جیاوازانەش شان بەشانی زمانی ئینگلیزی ئەفسوونێکی دەخوڵقاند، لەو ئەفسوونەدا لەیەکتری حاڵیبوون دەبووە شیعر و وێنەی شیعری و ڕیتواڵ و زمانێکی یەکگرتووی جیهانی بۆ بینەران.

ئەو هونەر و ڕۆحە مىللییەی لە جەستەی شانۆ و پیەسەکانی شەکسپیردایە، لایەنێکی گرنگی بەرجەستەکردنی نەمایشەکانی پیتەر بروکیشە. بەکارهێنانی ئەو زمانە جیاوازانەش لە هەندێ حاڵەتی زۆر تایبەتیدا سیمایەکی گرنگی ئەو ڕۆحیەتە میللیەی شەکسپیری دووپاتدەکردەوە. هەر لە تێڕوانینی چەمکەکانی ئەم بنەمایەوە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکە دەبێتە ئاهەنگێکی میللی بۆ تراژیدیای ژیانی هەریەکە لە ئێمە.

سەرەتا، دیمەنەکە بە مۆسیقایەکی زۆر تایبەتی و پڕ لە جۆشی میللی ئاهەنگسازی دەستپێدەکات. هاملێت لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقایەکی ڕەسەنی فۆلکلۆری کۆن، هەروەک لێبوکی ئاهەنگێکی پادشایانە، بەشێوەی سەمایەکی میللی، دەم بەپێکەنین سەرەتای دیمەنەکە، هەروەک دیمەنێکی کۆمیدی، دەکاتەوە. کارەکتەری گۆڕهەڵکەنەکەش بەسەرینەکان گۆڕەکەی ئۆفیلیا دروستدەکات، «ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی پۆلۆنیۆسی دەبینی، بەهەمان شێوە ڕۆڵی کارەکتەری گۆڕهەڵکەنەکەش دەبینێ»، هاملێت دیمەنی ڕووبەڕووبوونەوەی کەللەسەرەکە دەکاتە شانۆییەکی بووکەشووشە. کەللەسەرەکە دەکات بەدارەکەی دەستیەوە. سەرەتا بە پانتۆمایم پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ دروستدەکات. دواتر لە داڕشتەی دیمەنێکی کۆمیدیەوە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵی.

کەللەسەرەکەش دەبێتە ئەکتەرێکی بەتوانا، سەمازانێکی بەسەلیقە و قسەزانێکی بلیمەت.(٤٣)

سەمای کەللەسەرەکە و هاملێت لەو دیمەنە کۆمیدیە پڕ لە خەندەیەدا، بەرجەستەی شانۆیەکی میللی بەرزمان بۆ دەکات. نەک هەر ئەوە بەڵکو بەرجەستەی تراژیدیاترین لاپەڕەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەگیانێکی میللی ساکاری پڕ لە خەندەی بۆ وێنەکردین.

تراژیدیای هاملێت لەم دیمەنەدا دەگاتە ئاستی تروپک. دیمەنەکەش بە گەیشتنی تەرمەکەی ئۆڤیلیا کۆتایی پێدێت.

پادشا، شاژن و لایەرتس زۆر بەهێمنی لاشەکەی ئۆڤیلیایان هەڵگرتووە و لە قوولایی لای چەپی شانۆکەوە دێنەژوورەوە. تەنها پارچە قوماشێکی سووری درێژ بەرجەستەی لاشە و جەستە و تەرمی ئۆڤیلیا دەکات. بەئامادەبوونی پادشا، شاژن و لایەرتس، دیمەنەکەش شێوازێکی جیاوازتر لەخۆدەگرێت. لەو شێوازە جیاوازەدا هەموو کارەکتەرەکان لەو هەڵوێستە کارەساتاویەدا، زۆر «نزیک لەیەکترەوە» دەکاتە هاوکێشەیەکی چڕ، تووڕە، توندوتیژ، گاڵتەئامێز و لەهەمانکاتیشدا کۆمیدی.

دیمەنی کۆتایی، بەتایبەتیش کێشە و ململانێی هاملێت/ لایەرتس ڕیتواڵێکی ئەفسوونی لەخۆدەگرێت، جوڵەی جەستە، دەربڕینی دەموچاو، هەستی ناوەوە و گەڕان بەدوی «خۆدا» هاوکێشەیەکی گرنگی ئەو پرۆسێسە پێکدەهێنێ. ڕووبەڕووبوونەوەی هاملێت/ لایەرتس گەڕانێکە بەدووی پێناسێکی گەردوونیدا، لەو پێناسەدا بوونی «خود» وەک بوونەوەرێکی زیندوو لە چەقی ڕووداوەکاندایە.

هاملێت و لایەرتس تەنها بە دوو قامیشی زۆر باریکی «ڕەش و سوور» هێرشیان دەکردە سەریەکتری. قامیشەکان سمبولی هێزە ئەزەلیەکانی سروشت، هێزە دەرەکیەکان و دەوروبەرەکەیانی بەرجەستەدەکرد. ئەو گەمە خوێناوییەی ئەو دوو کارەکتەرە بەهۆی

ڕیتمی مۆسیقایەکی کۆنی چینیەوە بووبووە کۆنسێرتێکی ناتەبا. مۆسیقاژەنەکان «هاملێت/ لایەرتس» سەمای مەرگیان دەکرد، دەبوونە شەپۆلی دەریاچەیەکی گەورە و لە دڵی دەریاچەکەدا ونده‌بوون!

لەکۆتایدا هەموو کارەکتەرەکان دەمردن، ئۆفیلیا، پۆلۆنیۆس و کارەکتەرەکانی تریش کە لەوەوبەر مردوون، لە دیمەنی کۆتایدا، دێنەوە سەر شانۆ و لەناو مردووەکاندا سەرلەنوێ دەمرنەوە. کارەکتەرە مردووەکان هەموو لەو پانتاییە بۆشەدا کەوتوون. فەرشە سوورەکەش دەبێتە هێمای دەریاچەیەکی گەورەی خوێناوی، یان گەردوونێکی توندوتیژ، دڕندە ئاسا و پڕ لە تاوان.

تەنانەت بێگوناهەکانیش ڕزگاریان نابێت و لەو دەریاچەی خوێنەدا دەخنکێن. بەڵام لەو جیهانە دڕندەییەدا، تەنها هاملێت وەک سمبولی کۆرپەیەکی بەجێهێڵراو، هەرزەکارێکی غەمبار و ڕۆحێکی بریندار، بەدانیشتنەوە دەمرێت. مردنی هاملێت بەو شێوەیە دووپاتکردنەوەیەکی پێزانینی کارەساتەکان و بەرگریکردنە.

دوای ئەوە هۆراشیۆ وەک شایەتێکی ڕاستەوخۆی ئەو تراژیدیایە و هاوڕێیەکی نزیکی هاملێت دێت و هاملێت وەک کۆرپەیەکی بێتاوان دەگرێتە باوەش. هۆراشیۆ پەیامی گێڕانەوە و گەیاندنی ڕاستی و پەردەهەڵماڵینی تاوانەکانی کۆشکیش بۆ خەڵکی و نەوەکانی دوایی دەگرێتە ئەستۆ. هۆراشیۆ دوای ماڵئاوایکردن لە هاملێت، هێدی هێدی ئەو جەستەیەش لەناو هەموو جەستەکانی تردا، لەنێو دەریاچە خوێنیەکەدا پاڵدەخات، بێئارام ڕوودەکاتە بینەران، هەڵدەستێتە سەرپێ و بۆ دواجار چاوێک بە هۆڵی بینەرانەراندا دەگێڕێ و دەڵێت: کێ لەوێیە؟ ئەم پرسیارەش سەرلەنوێ دەبێتەوە هۆی وروژاندنی، دڵەڕاوکێ و ترسێکی بەردەوام. بەم شێوەیە نەمایشەکە، وەک جووڵەیەکی بازنەیی، کۆتایی دێت. بەڵام ڕووبەرێکی پڕ لە ترس و نائارامی لەدوای خۆیەوە بەجێدەهێڵێت.

Foto: P. Victor/ Maxppp

دیمەنی پێشکەشکردنی گرۆ شانۆییەکە لە کۆشکی پاشادا
لەلای ڕاستەوە: ئۆڤیلیا، پۆلۆنیۆس، پادشا، هاملێت، شاژن و
لەمسەریش هۆراشیۆ. هەروەها لەدەرەوەی پانتاییەکەدا. لەلای چەپی
وێنەکەوە تارمایی پادشا دەبینین. ئەم وێنەیە بەباشی بوونیادە
«بۆشە»کەی پیتەر بروک بۆ شانۆ دەردەخات.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

<1> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.128.

‹٢› نەمایشی L´Homme qui یەکێکە لە گرنگترین ئەزموونەکانی پیتەر بروک لەم بوارەدا. ئەم نەمایشە تا ئێستا لە سێ وەرزی جیاوازی چالاکیەکانی شانۆی Bouffes du Nordدا لە پاریس پێشکەشکراوە: سەرەتا لە ساڵی «١٩٩٣»دا، دوای ئەوە ساڵی «١٩٩٧» و بۆ دواجاریش لە ساڵی «٢٠٠١»دا. نەمایشەکەش لەسەر گێڕانەوەکانی ئۆلیڤەر ساک «Oliver Sack» بنیاتنراوە سەبارەت بە نەخۆشە دەمارگیریەکان لە کتێبی «ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێدەبێتە شەپقەیەک». ئەو کارەکتەرە نەخۆش و کەمئەندامانە لە کۆمەڵێ دیمەنی کورتدا دەردەکەون، چوار ئەکتەر بەردەوام کارەکتەرەکانیان لەنێوان ڕۆڵی پزیشک و نەخۆشە دەمارگیرەکاندا گۆڕیووەتەوە. بینەرانیش بەشداریەکی ڕاستەوخۆ دەکەن لەم گەمە شانۆییەدا، بەو شێوەیەی وەک قوتابی زانستەکانی «دەرمان» دادەنیشن و چاودێرییەکی ووردی ڕووداوەکان دەکەن و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو نهێنیانە بدۆزنەوە کەوا لەو نەخۆشە دەمارگیرانە دەکات بەو شێوە تراژیدی کۆمیدییە شتەکان تێکەڵاوبکەن. بڕوانە:

Benér, Theresa, Peter Brook låter felen öppna människan, Svenska Dagbladet, söndag 31 mars 2002.

‹٣› «کان سیمبا» لە پەنجاکانی ڕۆژگاری شاری «سۆپیەتۆن»دا ژیاوە، بەرلەوەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەو کۆمەڵگا فرە کلتووریانەی ناوچەکانی دەوروبەری شاری «جوهانێسبۆرگ»ی پایتەخت تێکوپێک بدات.
ئەم نووسەرە بە شێوەیەکی غەمبارانە و هەڵوێستەی چاوەڕواننەکراوە لە Reguiem över Sophiatownدا دەبێتە شایەتی ڕووداوەکانی خوارووی ئەفەریقا. کان سیمبا سەر بە کۆمەڵێ ڕۆژنامەنووسی ڕەشپێستەکان بووە کە زۆر بەپەرۆشەوە لە گۆڤاری Drumدا نووسیوویانە. لە نووسین و نۆڤێلەکانیدا هەوڵیداوە باس لە گێژاو، لەرز و دەنگدانەوە، توندوتیژی و ژیانە پڕ لە ئازارەکەی شاری سۆپیەتۆنی بکات. هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕژێمی خوارووی ئەفەریقا نووسینەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و توندوتیژ خستۆتە ژێر سانسۆرەوە. لەئەنجامدا ناچاردەبێت خوارووی ئەفەریقا بەجێبهێڵێ و ڕووبکاتە مەنفا و لە وڵاتی «سویسرا» وەک پەناهەندەیەک دەگیرسێتەوە. لەوێ زۆر بە هێمنی و بە شێوەیەکی بەردەوامی و خۆکوژانە ڕوودەکاتە خواردنەوەی مەی. تا لەئەنجامدا لە ساڵی «١٩٦٧»دا بەتەنهایی و هەژاری سەردەنێتەوە.
دواتر هەردوو هاوڕێ و شوێنپێهەڵگرەکانیشی Nat Nakasa و Ingrid Jonker کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. ئەمانیش وەک هەزارەها ڕەشپێستی تری ئەو وڵاتە ژیانیان لەژێر زەبری ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقادا تێکشابوو. دوا ڕێگا و چارەسەر بۆ ئەوان تەنها ئەوە دەبێت کۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن و خۆکوژی بکەن.
‹٤› «بارنی سیمۆن» یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شانۆی The Market Theatre لە شاری «جوهانسبۆرگ»ی پایتەختی خوارووی ئەفەریقا. بارنی سیمۆن ڕیژیسۆر و ڕۆژنامەنووس و نووسەر بووە. لە ساڵی «١٩٦١»دا لەگەڵ Athol Fugard بۆ شانۆی Dorkey House

Rehearsal Room دەکەوێتەکار. لەو شانۆیەدا لابورێکی شانۆیی بۆماوەی هەشت ساڵ دەبات بەڕێوە. هەروەها لەو ماوەیەدا چەندین پرۆژەی گرنگ بۆ شانۆ پێشکەشدەکات.
لە ساڵی «١٩٦٨» ەوە تا ساڵی «١٩٧٠» کۆمەڵێ شانۆنامە لە نیویۆرک و بۆستۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەشدەکات. هەروەها کۆمەڵێ وتاری گرنگ لە ڕۆژنامەی New American Review بلاودەکاتەوە. لەکاتی ڕاپەرینەکانی سۆپیەتۆندا، بۆ شانۆی Market Theatre کۆمەڵێ شانۆنامەی گرنگ نەمایشدەکات. لەوانە: کوشتنی مارا، ڕۆژە بەختیارەکان، ڤۆیسێک، ئۆدیپۆس، شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرێکدا وێڵن، دایکە ئازا و منداڵەکانی، میدیا، ئەنتیگۆنا و گەشتێک بەرەو کۆتایی شەو و دەیەها نەمایشی تر.
هەروەها بارنی سیمۆن بەشداری لە هەندێ مۆسیک دراما دا کردووە کە لە شانۆی نەتەوایەتی لەندەن پێشکەشکراوە. ئەمە جگە لەوەی چەندین تێکستی بۆ کۆمپۆسیتۆرەکان بەرهەمهێناوە.
ئەم هونەرمەندە چەند سیناریۆیەکیشی نووسیووە و کاری لە بەرهەمهێنانی فیلم و سینەماشدا کردووە. یەکێک لەو فیلمانەی کە بۆ سینەما کاری ڕیژی و بەرهەمهێنانی لە ئەستۆ بووە، فیلمی City Lovers کە لە ڤیلم ڤیستیڤاڵی نیویۆرکدا بەشداریکردووە. بارنی سیمۆن لە «٣٠»ی مانگی حوزەیرانی ساڵی «١٩٩٥»دا کۆچی دوایی کردووە.
<5> Skawonius, Betty, Det enkla ska börja i överflöd, Dagens Nyheter, 11 september 2000.
<6> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.143.
<7> Skawonius, Betty, Det enkla ska börja i överflöd,

Dagens Nyheter, 11 september 2000.

‹٨› هەمان سەرچاوە.

<9> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.3.

<10> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.125.

‹١١› هەمان سەرچاوە. ل ١٢.

‹١٢› ئەم ڕووداوانە کارەسات و ڕاودوونان و وێرانکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستانمان دێنێتەوە یاد لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشی، بەتایبەتی لە هەشتا و نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردوودا.

<13> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United kingdom in 1987 by Methune Drama. S.3.

‹١٤› هەمان سەرچاوە. ل. ٢٣٤.

<15> Zern, Leif, En vacker, öppen kostym, Dagens Nyheter, 12 September, 2000.

‹١٦› لە ساڵی «١٨٨٨»دا، ستریندبێری وەک پیتەر بروک بیریکردۆتەوە و لە پێشەکیە گرنگەکەی شانۆنامەی خاتو ژولیادا دەڵێت: «سەرەتا و کۆتایی تەختەیەکی بچووکی شانۆیی و هۆڵێکی نزیک و بچکۆلە پێویستە.»

<17> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S.103.

‹١٨› پیتەر بروک خوێندنەوەیەکی جیاواز و گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی و

ڕادیکاڵی لە پیەسەکانی شەکسپیر کردووە. شەکسپیر وەک کیشوەرێکی تازە دۆزراوە دەبێتە جیهانێکی بەرفراوانی هەڵکۆڵین، تازەکردنەوە و ئەزموونگەری بۆ ڕەووت و دیدی هونەری ڕیژی لەلای پیتەر بروک. بڕوانە: بەشی سێیەم، «پیتەر بروک و شەکسپیر» ل. ٤٥

‹١٩› هەندێ جیاوازی گەوهەری لە ڕووی بەرجەستکردنی ئەم دوو نەمایشەی هاملێت لە «پاریس و ڤییەنا»دا هەیە. لەم باسەدا بواری بەراوردکاری و قسە لەسەرکردنیمان نییە، بەڵام لە هەندێ شوێنی تایبەتیدا دەگەڕێمەوە سەر نەمایشەکەی پاریس و ئاماژەی هەندێ لەو جیاوازی و گۆڕانکاریانە دەکەم.

<20> Brook, Peter, Vergessen Sie Shakespeare, Wiener Festwochen 2001, William Shakespere, The tragedy of Hamlet. S.6.

<21> Kathrein, Karin, Rache in England und Südafrika, Kurier, Programm und Höhepunkte der Wiener Festwochen, 13 mai 2001.

‹٢٢› «ئادەم» یەکێکە لە تابلۆ هەرە بەناوبانگەکانی هونەرمەندی ئیتالی «مایکل ئەنجیلۆ» و داشدەنرێت بە کلتوورێکی گرنگی مرۆڤایەتی، مایکل ئەنجیلۆ لەو تابلۆیەدا وێنەی خواوەندی کێشاوە. خواش سمبولی «باوک»ە و منداڵێکی فریشتە ئاسای ڕووتی تازە لەدایکبوو بەرزدەکاتەوە. خواوەند لەو وێنەیەدا نەک تەنها پاڵپشتی خۆی بۆ ئەو منداڵە وەک بوونەوەرێکی زیندوو دووپاتدەکاتەوە، بەڵکو هەموو قورسایی جیهانی پێدەبەخشێت.

خواوەند لەم تابلۆیەدا دەستی ڕاستی درێژ و بەرزکردۆتەوە بۆ «ئادەم»، ئادەمیش بەشێوەیەکی زۆر قەشەنگ ڕووبەرووی بۆتەوە. فریشتەکانیش لەدەوری خواوەند کۆبوونەتەوە، هەروەک منداڵان لەدەوری باوکێکی بەسۆز و دڵسۆز، هەمووشیان دەموچاو و سیمایان گەش و پڕ لە خەندە

و هەست و نەستی خۆشەویستیە.
دەکرێت ئەم تابلۆیە بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە؛ خواوەند بەهۆی درێژکردنی پەنجەیەکیەوە ژیان دەکات بەبەری مرۆڤدا. بەم شێوەیەش ئەو تابلۆیە بۆتە بیرۆکەیەکی قووڵی خوڵقاندنی خواوەند و دروستکردنی ژیانی مرۆڤایەتی.

<23> Persson, Anna Lena, Galen och genial Hamlet i afrofrisyr, Svenska Dagbladet, 10 december 2000.

<24> Brook, Peter, Vergessen Sie Shakespeare, Wiener Festwochen 2001, William Shakespere, The tragedy of Hamlet. S.7.

‹٢٥› پیتەر بروک جیاوازییەکی کلتووریشی لە خێزان و بنەماڵەی هاملێتدا دروستکردووە. لەو ڕووەوەی تارمایی پادشا مردووەکە، پادشای مامی هاملێت و هاملێت خۆشی دوو ئەکتەری ڕەشپێستی ئەفەریقی گەمەی کارەکتەرەکان دەکەن. بەڵام شاژن ئافرەتێکی سپیە و سەر بە چین و کلتوورێکی جیاوازترە. ئەمەش دیدێکی تری پیتەر بروکە بۆ دووپاتکردنەوە و ئاماژەکردنی فرە کلتووری و تێکەڵاوبوونی نەژادە جیاوازەکان، بەتایبەتی لەمڕۆی کۆمەڵگای ئەورووپیدا.

<26> Brook, Peter, Vergessen Sie Shakespeare, Wiener Festwochen 2001, William Shakespere, The tragedy of Hamlet. S.7.

<27> Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, översättning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969.

<28> Benér, Theresa, Man måste våga bryta upp grunden man står på, Svenska Dagbladet, 3 april, 2001.

‹٢٩› بڕوانە بەشی چوارەم لاپەڕە: «٨٣».

‹٣٠› فەلسەفەی ئەم دواییەی پیتەر برووک لێکۆڵینەوەی بارە ـ جیاوازیەکانی ـ هونەری شانۆیە. بۆ ئەم مەبەستە ئێستە لەگەڵ گروپێکی تری شانۆ نێونەتەوەییەکەیدا هەمان نەمایشی «هاملێت»ی ساڵی دوو هەزار پێشکەش دەکەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە زمانی فەرەنسی. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دووبارەکردنەوەی ئەم پرۆژەیەش لەلای پیتەر بروک دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنی حاڵەتە جیاوازەکانی ڕیتم، بەکارهێنانی دەنگ، فۆنەتیک، چۆنیەتی ئامادەکردنی کۆئەندامی هەناسە، دەربڕینی وشە و ڕستەکان، بەتایبەتی بە زمانێکی تر، تا گۆڕین و چۆنیەتی ماناکان لەو زمانە نوێیەدا بدۆزێتەوە. ئەم نەمایشە فەرەنسیەی هاملێت بۆ یەکەمجار لە هاوینی ساڵی دوو هەزار و دوودا لە ڤیستیڤاڵی شانۆیی Aix-en-Provence نەمایشکراوە.

‹٣١› Qui est lá بە زمانی فەرەنسی مانای «کێ لەوێیە؟» دەگەیەنێت، ئەمەش یەکەم دێڕی شانۆنامەی هاملێتە. سەرلەنوێ ئەمەش بەردەوامیەکە بۆ پرۆژەی هاملێت لە ساڵی دوو هەزاردا. لە هەردوو پرۆژەکەدا «هاملێت» بنەما و زەمینەی هەڵکۆڵین و پشکنینە، بەڵام بە دوو ئاراستەی بیری و ئێستاتیکی جیاوازدا.

<32> Coveney, Mickael, Can´t make a Hamlet without breaking heads, the Observer Review, Sunday, 14 January, 1996.

‹٣٣› هەمان سەرچاوە.

‹٣٤› هەمان سەرچاوە.

<35> Benér, Theresa, Man måste våga bryta upp grunden man står på, Svenska Dagbladet, 3 april, 2001.

<36> Coveney, Mickael, Can´t make a Hamlet without breaking heads, the Observer Review, Sunday, 14 January,

1996.

<٣٧> هەمان سەرچاوە.

<38> Benér, Theresa, Man måste våga bryta upp grunden man står på, Svenska Dagbladet, 3 april, 2001.

<٣٩> هەمان سەرچاوە.

<٤٠> پیتەر بروک لە دیمەنی گەیشتنی تیپە شانۆییە گەڕۆکەکەدا بۆ کۆشکی پادشا، ڕاستەوخۆ دووپاتی ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە. هاتنی ئەو ئەکتەرە شانۆییانە، بۆ هاملێت دەبێتە ئامرازێکی گرنگی تاقیکردنەوە و ئاشکراکردنی تاوانەکانی پادشا.

پیتەر بروک ئەم دیمەنە لە پانتاییەکی تەسک و دیاریکراوی بۆشدا بەرجەستەدەکات. هاملێت لەهەمانکاتدا دەبێتە بینەر و یەکێک لە ئەندامانی گرۆ گەڕۆکە شانۆییەکە و خۆی پەردە لەڕووی دڕندەیی «مامی» هەڵدەماڵێ. (دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە.)

<41> Brook, Peter, The Shifting point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.191.

<٤٢> بەکارهێنانی زمانی جیاواز لە یەک نەمایشی شانۆیدا، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە ئەکتەرەکانی ئەو شانۆییە، وەک زمانێکی هاوبەش لەیەکتری بگەن، بیرۆکەیەکی قووڵی پیتەر بروکە لەگەڵ گروپە نێونەتەوەییەکەی. ئەم مەسەلەیەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی پڕۆژە ئەزموونگەریەکانی پیتەر بروک. بیرۆکەکەش چەمکێکی فەلسەفی، شانۆیی و ئێستاتیکای گرنگی هەیە لەلای ئەم هونەرمەندە و ئاوێتەی تێکڕای دارشتەی نەمایش و هەست و سۆزی ئەکتەرەکانی دەبێت لەکاتی نواندندا. بەکارهێنانی ئەو زمانە جیاوازانە و بەو شێوازەش بۆ پیتەر بروک دەبێتە پردێکی گرنگی لەیەک حالّیبوونێکی هەمەلایەن لەگەڵ بینەران و ئەکتەرەکان خۆشیاندا.

هەروەها خولْقاندنی زمانێکی فرەکلتووری جیاوازیش لەسەر شانۆ.
دواتر ئەم دیدە بووە تەکنیکێکی شانۆیی بڵاو و زۆر ڕیژیسۆر و هونەرمەندی تر لە تێکڕای ئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا لاساییان کردۆتەوە و بە هەمان شێوە بەکاریانهێناوە.
‹٤٣› ئەم دیمەنە لە نەمایشەکەی «پاریس»دا نییە، وەک هەڵکۆڵین و کارکردنێکی بەردەوام لە «نەمسا» نەمایشەکە پێدەنێتە قۆناغێکی تری داهێنان و دۆزینەوەی نهێنییەکاندا. ئەم دیمەنەش بەرەنجامێکی ئەو گەڕانە بەردەوامەیە.

## پاشکۆ

## کرۆنۆلۆگی بەرهەمەکانی پیتەر بروک

زۆر گـرانە ئەم کـرۆنۆلۆژییـە، لەبەر زۆری و جـۆراوجـۆریەتـی پڕۆژە و بەرهەمەکانی پیتەر بروک، هەر هەموو پڕۆژەکانی بگرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە کە شوێنپێی زۆربەی پڕۆژەکانی لە بواری شانۆ، ئۆپێرا و سـینەمـادا بکەوین. هەروەها، ئەم کـرۆنۆلۆژییـە، نووسین و کتێبەکانیشی دەگرێتەوە.

**١ـ بەرهەمە شانۆییەکانی:**

١٩٤٤ ـ دکتۆر فاوست: کریستۆفەر مارلۆ
١٩٤٥ ـ مرۆڤ و سۆپەرمان
١٩٤٥ ـ شا یوهان: شەکسپیر
١٩٤٥ ـ بووکی دەریا: هێنریک ئیبسن
١٩٤٦ ـ بازنەی شەڕ
١٩٤٦ ـ برایانی کارمازۆف: دەستەیڤسکی
١٩٤٦ ـ تەقەلای حەزێکی بێ ئەنجام
١٩٤٧ ـ ڕۆمیۆ و ژولێت: شەکسپیر
١٩٤٩ ـ مانگی تاریک
١٩٥٠ ـ بازنەی چواردەوری مانگ
١٩٥٠ ـ بەرابەری: شەکسپیر
١٩٥١ ـ خانووە بچووکەکە
١٩٥١ ـ چیرۆکێکی زستانە: شەکسپیر
١٩٥١ ـ پارە پەیداکردن ئاسانە
١٩٥١ ـ کۆلۆمبۆ
١٩٥٣ ـ ڤێنێدیکی پارێزراو
١٩٥٤ ـ تاریکی تا ئاستێک ڕووناکیە
١٩٥٥ ـ تیتیۆس ئەندرۆنیکۆس: شەکسپیر
١٩٥٥ ـ هاملێت: شەکسپیر
١٩٥٦ ـ دەسەڵات و جوانی

١٩٥٦ ـ پێگەیشتنەوەی خێزان
١٩٥٦ ـ دیدەنی: فریدریش دورنمات
١٩٥٦ ـ پشیلە لەسەر بانی چینکۆی داخ: تێنسی ویلیامز
١٩٥٧ ـ زریان: شەکسپیر
١٩٥٩ ـ زرێپۆشی جەنگ
١٩٦٠ ـ دیدەنی: فریدریش دورنمات
١٩٦٠ ـ باڵکۆن: ژان ژینیە
١٩٦٢ ـ شالیر: شەکسپیر
١٩٦٣ ـ زانای فیزیا، لە لەندەن
١٩٦٤ ـ زانای فیزیا، لە برۆدوەی
١٩٦٤ ـ مارا ـ ساد، لە لەندەن: پێتەر ڤایس
١٩٦٥ ـ مارا ـ ساد، لە برۆدوەی: پێتەر ڤایس
١٩٦٦ ـ یوئێس، ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا: کارێکی هەرەوەزی
١٩٦٨ ـ ئۆدێب: سنیکا
١٩٦٨ ـ زریان: شەکسپیر
١٩٧٠ ـ خەونی نیوەشەوێکی هاوین: شەکسپیر
١٩٧١ ـ ئۆرگاست، لە ئێران: نووسین و ئامادەکردنی Ted Hughes
١٩٧٢ ـ ئۆرگاست، لە پاریس: نووسین و ئامادەکردنی Ted Hughes
١٩٧٤ ـ تەیمونی ئەسینی: شەکسپیر
١٩٧٥ ـ ئیک: چیرۆکی خێڵە ئەفریقییەکان. ئامادەکردنی ژان ـ کلود کارییر
١٩٧٧ ـ ئۆپۆی پادشا: ئەلفرێد گاری
١٩٧٨ ـ ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا: شەکسپیر
١٩٧٨ ـ بەرابەری: شەکسپیر
١٩٧٩ ـ کۆنفرانسی باڵندەکان: نووسینی: فریدالدین عطار،

ئامادەکردنی ژان ـ کلود کارییر

١٩٨٩ ـ باخی گێلاس: ئەنتوان چیخۆڤ

١٩٨٥ ـ مەهابەهاراتا: داستانێکی سانسکریتی دێرینی هیندیە، لە ئامادەکردنی ژان ـ کلود کارییر

١٩٩٠ ـ زریان: شەکسپیر

١٩٩١ ـ ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێدەبێتە شەپقەیەک: ئۆلیڤەر ساک

١٩٩٣ ـ ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێدەبێتە شەپقەیەک: ئۆلیڤەر ساک

١٩٩٦ ـ کێ لەوێیە: ئامادەکردنێکی شانۆنامەی «هاملێت»ە.

١٩٩٧ ـ ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێدەبێتە شەپقەیەک: ئۆلیڤەر ساک

١٩٩٨ ـ من کەسێکی بلیمەتم (تایبەتیم): ئەلیکساندەر لیرییەس

٢٠٠٠ ـ هاملێت: شەکسپیر

٢٠٠٠ ـ کۆستیم: کان سێمبا

٢٠٠١ ـ ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێدەبێتە شەپقەیەک: ئۆلیڤەر ساک

٢٠٠٢ ـ هاملێت: شەکسپیر

٢٠٠٣ ـ مەرگی کریشنە: ژان ـ کلود کارییر و ماریا ـ هێێن ئێستیانا

**٢ ـ بەرهەمە ئۆپێراییەکانی:**

پیتەر بروک لەنێوان ساڵانی «١٩٤٨ ـ ١٩٥٧»دا ئەم نەمایشە ئۆپێراییانەی لە شانۆی Covent Garden پێشکەشکردووە:

١ ـ بۆریس گۆدۆنۆڤ: پوشکین

٢ ـ زەماوەندی ڤیگارۆ: مۆزارت

٣ ـ بۆهیمی: پۆچینی

٤ ـ سالومی: شتراوس

هەروەها ئەم نەمایشە ئۆپێراییانەی لە مێترۆپۆلیتان لە نیویۆرک پێشکەشکردووە:

١ ـ ڤاوست: شارڵس گۆڵینۆد

٢ ـ ئێڤگینی ئۆنیگین: چایکۆڤسکی
لە شـانۆکـەی خـۆشی Bouffes du Nord لە پاریس ئەم نـەمـایشـە ئۆپێرایيانەی پێشکەشکردووە:
١٩٨٣ ـ تراژیدیای کارمن: گوێرگی بیزێت
١٩٩٣ ـ کاریگەریی پیلیاس: دیبوسی
١٩٩٨ ـ دۆن ژیۆڤانی: مۆزارت

**٣ ـ فیلمە سینەماییەکانی:**
١٩٥٣ ـ سواڵکەری ئۆپێرا
١٩٥٥ ـ دیاری ڕۆژی لەدایکبوون
١٩٥٧ ـ ئاسمان و زەوی
١٩٥٩ ـ مۆدێراتۆ کانتابیلا
١٩٦٣ ـ ئاغای مێشەکان
١٩٦٩ ـ شالیر
١٩٦٨ ـ درۆ و دەلەسەم بۆ بگێڕەوە
١٩٦٧ ـ مارا ـ ساد
١٩٨٣ ـ تراژیدیای کارمن
١٩٨٩ ـ مەهاباهاراتا

**٤ ـ کتێبە بلاوکراوەکانی:**
١٩٦٨ ـ پانتایی بۆش
١٩٨٧ ـ خاڵی گۆڕانکاری
١٩٩١ ـ شەیتان بیزاربوونە. (بە زمانی فەرەنسی)
١٩٩٣ ـ هیچ نهێنییەک لەئارادا نییە
١٩٩٨ ـ دەزولکەی کات
١٩٩٨ ـ لەگەڵ شەکسپیردا. (بە زمانی فەرەنسی)

**لەبەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:**

* شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە، ١٩٨٨
* گووتاری ئەزموونگەری لە ڕەووتی شانۆی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ١٩٩٥
* ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١ ، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.
* ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١ ، چاپی سوید.
* پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣ ، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.
* پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوید.

**وەرگێڕان:**

* دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی: هیوا قادر، وەرگێڕانە لە کوردییەوە بۆ سویدی بە هاوکاری خاتو: بێریل کۆرنهیل.

**ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن:**

* شانۆی سویدی، لێکۆڵینەوە
* شانۆی کوردی لەنێوان پرۆژە و دامەزراندندا، لێکۆڵینەوە
* مۆسیقای بێدەنگ، شانۆنامە، وەرگێڕانە لە سویدیەوە.

## سوپاسنامە

سەرەتا دەمەوێت سوپاسی دەزگای لێکۆڵینەوە و ئەرشیف بکەم لە ستۆکهۆلم، بۆ ئەو یارمەتی و بەدەنگەوە هاتنەیان. یارمەتیەکانیان ڕێگاخۆشکەرێکی گرنگ بوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کتێبە.

هەروەها لە دڵەوە سوپاسی خاتوو «گونیلا پاڵمستێرنە ڤایس» دەکەم کە بەوپەڕی دڵفراوانییەوە بەشێکی گرنگی ئەرشیفی تایبەتی خۆیی و پێتەر ڤایسی خستە بەردەستم.

خاتوو «بێریل کۆرنهێل، ڕاڵف مارتین، ئێڤا میکایلسۆن، ئولە لوندبێری و یەڕۆ کلایڤس» یارمەتیەکی زۆریان داوم لە وەرگێڕانی کۆمەڵێ سەرچاوەی پێویستدا لە ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانیەوە بۆ سەر زمانی سویدی. لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم.

سوپاسێکی بێپایانیش بۆ خاتوو «ئێلیسابێت ئۆلین» لە ماڵی کلتووری و خاتوو «هێلدەگراد هۆلبێری» لە ئۆپێرای پادشایەتی لە ستۆکهۆلم.

سوپاسێکی تایبەتیش بۆ خاتوو «ئاڤان عبداللە»ی هونەرمەند کە دیکۆمێنتێکی گرنگی لە ئەڵمانیاوە بەتایبەتی بۆ ناردم.

سوپاسێکی تایبەتیش لە دڵەوە ئاراستەی هاوڕێی ئازیزم کاک عەبدولا قادر دانساز دەکەم کە ئەرکی تایپ و مۆنتاژی کتێبەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.